

قورئان وەك خۆی

وەرگێڕان و شرۆڤە و هۆكاری دابەزین

نوسین: دكتۆر پشتیوان عەبدوڵا

بەشی ٢٣



"مەسەلەكە عوسەیلە بوو و عەسەل نەبوو"

قورئان وەك خۆی

وەرگێڕان و شرۆڤە و هۆكاری دابەزین

بەشی ٢٣

سوورەتەكانی

الحج و المنافقون و المجادلة و الحجرات و
التحريم و التغابن و الصف و الجمعة و الفتح

نووسینی

دكتۆر پشتیوان عەبدوڵا

پیاچوونەوەی نووسین

جەبار حەمەد

لە بڵاوكراوەكانی دەزگای ڕێنسانسی
كوردی

ژماره (١٠٣)

سوورەتی الحج (حەج)

١-يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ إِنَّ زَلْزَلَةَ السَّاعَةِ شَيْءٌ عَظِيمٌ

ئەی خەڵکینە لە خوداکەتان بترسن، بوومەلەرزەی ساتەکە شتێکی مەزنە.

٢-يَوْمَ تَرَوْنَهَا تَذْهَلُ كُلُّ مُرْضِعَةٍ عَمَّا أَرْضَعَتْ وَتَضَعُ كُلُّ ذَاتِ حَمْلٍ حَمْلَهَا وَتَرَى النَّاسَ سُكَارَى وَمَا هُم بِسُكَارَى وَلَكِنَّ عَذَابَ اللَّهِ شَدِيدٌ

ڕۆژێ کە دەیبینن، هەموو شیرەخۆرێك دەستبەرداری شیرخواردنەکەی دەبێت، وە هەموو دووگیانبووێك سکەکەی دەکەوێت، وە خەڵك دەبینیت سەرخۆشن لەکاتێکدا سەرخۆشیش نین، بەڵام سزای الله دژوارە.

٣-وَمِنَ النَّاسِ مَن يُجَادِلُ فِي اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَيَتَّبِعُ كُلَّ شَيْطَانٍ مَّرِيدٍ

وە خەڵك هەیە کە مشتومڕ سەبارەت بە الله دەکات، بێ ئەوەی زانیاری هەبێت و شوێن هەموو شەیتانێکی یاخیبوو دەکەوێت.

٤-كُتِبَ عَلَيْهِ أَنَّهُ مَن تَوَلَّاهُ فَأَنَّهُ يُضِلُّهُ وَيَهْدِيهِ إِلَى عَذَابِ السَّعِيرِ

لەسەری نووسراوە کە هەر کەسێك بە دوای کەوێت، ئەوە گومڕای دەکات و ڕێنمایی دەکات بۆ سزای ئاگر.

٥-يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّنَ الْبَعْثِ فَإِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ ثُمَّ مِن مُّضْغَةٍ مُّخَلَّقَةٍ وَغَيْرِ مُخَلَّقَةٍ لِّنُبَيِّنَ لَكُمْ وَنُقِرُّ فِي الأَرْحَامِ مَا نَشَاء إِلَى أَجَلٍ مُّسَمًّى ثُمَّ نُخْرِجُكُمْ طِفْلا ثُمَّ لِتَبْلُغُوا أَشُدَّكُمْ وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّى وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَى أَرْذَلِ الْعُمُرِ لِكَيْلا يَعْلَمَ مِن بَعْدِ عِلْمٍ شَيْئًا وَتَرَى الأَرْضَ هَامِدَةً فَإِذَا أَنزَلْنَا عَلَيْهَا الْمَاء اهْتَزَّتْ وَرَبَتْ وَأَنبَتَتْ مِن كُلِّ زَوْجٍ بَهِيجٍ

ئەی خەڵکینە ئەگەر لە زیندووبوونەوە بە گومانن، ئەوە ئێمە ئێوەمان لە خۆڵ دروستکردووە، ئینجا لە برێك ئاو، ئینجا لە کڵۆیەك خوێن، ئینجا لە
پارچەگۆشتێکی سیما پێدراو یان سیما پێنەدراو، بۆ ئەوەی بۆتان ڕوونبکەینەوە و

ئەوەی بمانەوێت لە منداڵدانەکان جێگیری دەکەین بۆ کاتێکی دیاریکراو، ئینجا بە منداڵی دەرتاندەهێنین، ئینجا بۆ ئەوەی بگەن بە ئەوپەڕ هەرەتتان، وە هەتانە کە دەمرێت، وە هەتانە کە دەگێڕدرێتەوە بۆ ڕیسواترین تەمەن بۆ ئەوەی لەمەودوا هیچ شتێك نەزانێت، وە دەبینیت زەوی وشکە، جا کاتێك ئاوێکمان بەسەریدا باراند، دەهەژێت و چەکەرە دەکات و لە هەموو جووتێکی نایاب دەڕوێت.

٦-ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَقُّ وَأَنَّهُ يُحْيِي الْمَوْتَى وَأَنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ

ئەوە بەڵگەیە کە هەر الله ڕاستە، وە هەر ئەو مردوو زیندوو دەکاتەوە، وە هەر ئەو توانایی بەسەر هەموو شتێکدا دەڕوات.

٧-وَأَنَّ السَّاعَةَ آتِيَةٌ لَّا رَيْبَ فِيهَا وَأَنَّ اللَّهَ يَبْعَثُ مَن فِي الْقُبُورِ

وە ساتەکە بەڕێوەیە، گومانی تێدا نییە، وە الله ئەوانە زیندوو دەکاتەوە کە لە گۆڕەکانن.

٨-وَمِنَ النَّاسِ مَن يُجَادِلُ فِي اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَلا هُدًى وَلا كِتَابٍ مُّنِيرٍ

وە خەڵك هەیە کە مشتومڕ سەبارەت بە الله دەکات، بێ ئەوەی زانیاری و هیدایەت و پەرتووکێکی ڕۆشنکەرەوەی هەبێت.

٩-ثَانِيَ عِطْفِهِ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ اللَّهِ لَهُ فِي الدُّنْيَا خِزْيٌ وَنُذِيقُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَذَابَ الْحَرِيقِ

خۆی هەڵدەکێشێت بۆ ئەوەی خەڵك لە ڕێبازی الله گومڕا بکات، بۆ ئەو لە دونیا ڕیسوایی دەبێت، وە لە قیامەت سزای ئاگری پێ دەچێژین.

١٠-ذَلِكَ بِمَا قَدَّمَتْ يَدَاكَ وَأَنَّ اللَّهَ لَيْسَ بِظَلاَّمٍ لِّلْعَبِيدِ

ئەوە بە هۆی ئەو دەستپێشکەریانەن بە دەستەکانت بەدەستت هێناون، وە الله ستەم ناکات لە بەندەکانی.

١١-وَمِنَ النَّاسِ مَن يَعْبُدُ اللَّهَ عَلَى حَرْفٍ فَإِنْ أَصَابَهُ خَيْرٌ اطْمَأَنَّ بِهِ وَإِنْ أَصَابَتْهُ فِتْنَةٌ انقَلَبَ عَلَى وَجْهِهِ خَسِرَ الدُّنْيَا وَالآخِرَةَ ذَلِكَ هُوَ الْخُسْرَانُ الْمُبِينُ

وە لە خەڵك هەیە کە لەسەر بنەمای شکوگومان الله دەپەرستێت، جا ئەگەر چاکەیەك تووشی بوو ئەوە دڵنەوا دەبێت، وە ئەگەر بەڵایەك تووشی بوو،

لەسەر سیماکەی هەڵدەگەڕاوەتەوە، دونیا و ئاخیرەتی دۆڕاندووە، جا ئەوەیە دۆڕانی ئاشکرا و ڕوون.

١٢-**يَدْعُو مِن دُونِ اللَّهِ مَا لا يَضُرُّهُ وَمَا لا يَنفَعُهُ ذَلِكَ هُوَ الضَّلالُ الْبَعِيدُ**

جگە لە اللە، هانا بۆ شتێك دەبات کە نە زیان، وە نە سوودی پێی دەگەیەنێت، ئەوەیە گومڕاییە دوورەکە.

١٣-**يَدْعُو لَمَن ضَرُّهُ أَقْرَبُ مِن نَّفْعِهِ لَبِئْسَ الْمَوْلَى وَلَبِئْسَ الْعَشِيرُ**

هانا بۆ کەسێك دەبات کە زیانەکەی نزیکترە لە سوودەکەی بۆی، چەند یاوەرێکی خراپە، وە چەند هاودۆستێکی خراپە.

١٤-**إِنَّ اللَّهَ يُدْخِلُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ إِنَّ اللَّهَ يَفْعَلُ مَا يُرِيدُ**

اللە ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و کاری چاکیان کردووە دەخاتە باخاتێکەوە، لە ژێریانەوە ڕووبارەکان دەڕۆن، وە اللە کارێك دەکات کە خۆی دەیەوێت.

١٥-**مَن كَانَ يَظُنُّ أَن لَّن يَنصُرَهُ اللَّهُ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ فَلْيَمْدُدْ بِسَبَبٍ إِلَى السَّمَاء ثُمَّ لِيَقْطَعْ فَلْيَنظُرْ هَلْ يُذْهِبَنَّ كَيْدُهُ مَا يَغِيظُ**

هەر کەسێك پێی وابێت کە اللە هەرگیز لە دونیا و قیامەت ئەو سەر ناخات، دەبا خۆی بە پەتێك لە ئاسمانەوە شۆڕ بکاتەوە و بیبڕێت، ئینجا با سەیربکات، ئایا فێڵەکەی ڕق و کینەی ناهێڵێت؟

١٦-**وَكَذَلِكَ أَنزَلْنَاهُ آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ وَأَنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَن يُرِيدُ**

وە بەم جۆرە ئایەتی ڕوونمان دابەزاند، وە اللە هەر کەسێکی بوێت هیدایەتی دەدات.

١٧-**إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَادُوا وَالصَّابِئِينَ وَالنَّصَارَى وَالْمَجُوسَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُوا إِنَّ اللَّهَ يَفْصِلُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ**

ئەوانەی ئیمانیان هێناوە و ئەوانەی بوون بە یەهوودی و سابئی و نەسارا و ئاگرپەرستەکان و ئەوانەی شرکیان کردووە، اللە لە ڕۆژی قیامەت نێوانیان دەکات، لە ڕاستیدا اللە بە سەر هەموو شتێکدا شایەتە.

١٨-أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يَسْجُدُ لَهُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَمَن فِي الْأَرْضِ وَالشَّمْسُ وَالْقَمَرُ وَالنُّجُومُ وَالْجِبَالُ وَالشَّجَرُ وَالدَّوَابُّ وَكَثِيرٌ مِّنَ النَّاسِ وَكَثِيرٌ حَقَّ عَلَيْهِ الْعَذَابُ وَمَن يُهِنِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِن مُّكْرِمٍ إِنَّ اللَّهَ يَفْعَلُ مَا يَشَاء

ئەی نەتبینیوە کە بۆ الله کڕنۆش دەبەن هەر کێیەك لە ئاسمانەکان و هەر کێیەك لە زەویدایە، وە خۆر و مانگ و ئەستێرەکان و چیاکان و درەختەکان و گیاندارەکان و زۆرێك لە خەڵك، وە زۆرێك شایستەن بە سزا، وە هەر کەسێك الله ڕیسوای بکات، ئەوە کەسێك نابێت ڕێزداری بکات، وە الله کارێك دەکات کە خۆی بیەوێت.

١٩-هَذَانِ خَصْمَانِ اخْتَصَمُوا فِي رَبِّهِمْ فَالَّذِينَ كَفَرُوا قُطِّعَتْ لَهُمْ ثِيَابٌ مِّن نَّارٍ يُصَبُّ مِن فَوْقِ رُؤُوسِهِمُ الْحَمِيمُ

ئەمانە دوو نەیارن، مشتومڕیانە سەبارەت بە خوداکەیان، جا ئەوانەی کافر بوون، کراسێکیان لە ئاگر بۆ بڕدراوە، وە ئاوی کوڵاو بەسەر سەریان دادەکرێت.

٢٠-يُصْهَرُ بِهِ مَا فِي بُطُونِهِمْ وَالْجُلُودُ

ئەوەی لە ناو سکیانە و پێستیان پێی دەتووێنرێتەوە.

٢١-وَلَهُم مَّقَامِعُ مِنْ حَدِيدٍ

وە چەندەها خوتورمەیان لە ئاسن بۆ دەبێت.

٢٢-كُلَّمَا أَرَادُوا أَن يَخْرُجُوا مِنْهَا مِنْ غَمٍّ أُعِيدُوا فِيهَا وَذُوقُوا عَذَابَ الْحَرِيقِ

هەرچەند جارێك ویستیان لەم تەنگەژەیە دەربچن، بۆ ناوی دەگێڕدرێنەوە و (پێیان دەگوترێت) بچێژن سزای ئاگر.

٢٣-إِنَّ اللَّهَ يُدْخِلُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ يُحَلَّوْنَ فِيهَا مِنْ أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٍ وَلُؤْلُؤًا وَلِبَاسُهُمْ فِيهَا حَرِيرٌ

الله ئەوانەی ئیمانیان و کاری چاکیان کردووە دەخاتە باخاتێکەوە کە ڕووبارەکان لە ژێریەوە دەڕۆن، تیایدا خۆیان بە بازنە لە زێڕ و مرواری دەڕازێننەوە و تیایدا جلەکانیان ئاوریشمە.

٢٤-وَهُدُوا إِلَى الطَّيِّبِ مِنَ الْقَوْلِ وَهُدُوا إِلَى صِرَاطِ الْحَمِيدِ

وە ڕێنمایی بکرێن بۆ وتەی نایاب و ڕێنمایی بکرێن بۆ ڕێگای سوپاسکردن.

٢٥-إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ وَالْمَسْجِدِ الْحَرَامِ الَّذِي جَعَلْنَاهُ لِلنَّاسِ سَوَاءً الْعَاكِفُ فِيهِ وَالْبَادِ وَمَن يُرِدْ فِيهِ بِإِلْحَادٍ بِظُلْمٍ نُّذِقْهُ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ

ئەوانەی کوفریان کرد و بەرپەرچی ڕێبازی اللە و مزگەوتی حەرام دەدەنەوە کە بۆ خەڵك وەك یەکمان لێ کردووە، ئەوەی لەوێ نیشتەجێیە و ئەوەی لە بیابانە، وە هەر کەسێك لەوێ بگەڕێتەوە بە لادان و ستەم، ئەوە سزایەکی ئازاربەخشی پێ دەچێژین.

٢٦-وَإِذْ بَوَّأْنَا لِإِبْرَاهِيمَ مَكَانَ الْبَيْتِ أَن لَّا تُشْرِكْ بِي شَيْئًا وَطَهِّرْ بَيْتِيَ لِلطَّائِفِينَ وَالْقَائِمِينَ وَالرُّكَّعِ السُّجُودِ

وە کە بۆ ئیبراهیم شوێنی ماڵەکەمان دیاری کرد، کە بە هیچ شتێك شرکم پێ نەکرێت، وە ماڵەکەم پاك بکەوە بۆ خولاوەکان و وەستاوەکان و ملکەچکەر و سوژدەبەران.

٢٧-وَأَذِّن فِي النَّاسِ بِالْحَجِّ يَأْتُوكَ رِجَالًا وَعَلَى كُلِّ ضَامِرٍ يَأْتِينَ مِن كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ

وە بانگ بدە لە ناو خەڵك بۆ حەجکردن، بە پیادە دێن، وە لەسەر هەموو وڵاخێك دێن لە هەموو کونجێك و ڕێگایەکی دوور.

٢٨-لِيَشْهَدُوا مَنَافِعَ لَهُمْ وَيَذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ فِي أَيَّامٍ مَّعْلُومَاتٍ عَلَى مَا رَزَقَهُم مِّن بَهِيمَةِ الْأَنْعَامِ فَكُلُوا مِنْهَا وَأَطْعِمُوا الْبَائِسَ الْفَقِيرَ

بۆ ئەوەی سوودەکانی بۆ خۆیان ببینن و یادی ناوی اللە بکەنەوە لە ڕۆژانێکی دیاریکراو، لەو گیاندارانەی کە وەك ڕزق بە ئێوەی داوە، بخۆن و دەرخواردی دەستکورتی هەژار بدەن.

٢٩-ثُمَّ لْيَقْضُوا تَفَثَهُمْ وَلْيُوفُوا نُذُورَهُمْ وَلْيَطَّوَّفُوا بِالْبَيْتِ الْعَتِيقِ

ئینجا با خۆیان لە پیس و چڵکنی داماڵن و با پابەندی نەزرەکەیان بن و با بە ماڵە کۆنەکەدا بسوورێنەوە.

٣٠-ذَلِكَ وَمَن يُعَظِّمْ حُرُمَاتِ اللَّهِ فَهُوَ خَيْرٌ لَّهُ عِندَ رَبِّهِ وَأُحِلَّتْ لَكُمُ الْأَنْعَامُ إِلاَّ مَا يُتْلَى عَلَيْكُمْ فَاجْتَنِبُوا الرِّجْسَ مِنَ الْأَوْثَانِ وَاجْتَنِبُوا قَوْلَ الزُّورِ

ئەوە، وە هەر کەسێك کە قەدەغەکراوەکانی اللە مەزن بکات، چاکترە بۆی لای خوداکەی، بۆ ئێوە هەموو ئاژەڵێك حەڵاڵە، تەنها ئەوەیان نەبێت کە بەسەرتاندا خوێندراوەتەوە، وە خۆتان لە گڵاوی بتەکان بە دوور بگرن، وە لە گوفتاری درۆ خۆتان بە دوور بگرن.

٣١-حُنَفَاء لِلَّهِ غَيْرَ مُشْرِكِينَ بِهِ وَمَن يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ السَّمَاء فَتَخْطَفُهُ الطَّيْرُ أَوْ تَهْوِي بِهِ الرِّيحُ فِي مَكَانٍ سَحِيقٍ

لادەرن بۆ اللە، شرکی پێ مەکەن، وە هەر کەسێك شرك بە اللە بکات، وەك ئەوە وایە کە لە ئاسمان بەربووبێتەوە، جا یان باڵندەیەك دەیڕفێنێت، یان بایەك بیبات بۆ شوێنێکی دوور.

٣٢-ذَلِكَ وَمَن يُعَظِّمْ شَعَائِرَ اللَّهِ فَإِنَّهَا مِن تَقْوَى الْقُلُوبِ

بەم جۆرە، وە هەر کەسێك دروشمەکانی اللە بەرز ڕابگرێت ئەوە لە دڵە خواپەرستەکانە.

٣٣-لَكُمْ فِيهَا مَنَافِعُ إِلَى أَجَلٍ مُّسَمًّى ثُمَّ مَحِلُّهَا إِلَى الْبَيْتِ الْعَتِيقِ

چەندەها سوودی بۆ ئێوە تێدایە تاوەکو کاتێکی بڕیار لەسەردراو، ئینجا شوێنەکەیان بۆ لای ماڵە کۆنەکەیە.

٣٤-وَلِكُلِّ أُمَّةٍ جَعَلْنَا مَنسَكًا لِيَذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ عَلَى مَا رَزَقَهُم مِّن بَهِيمَةِ الْأَنْعَامِ فَإِلَهُكُمْ إِلَهٌ وَاحِدٌ فَلَهُ أَسْلِمُوا وَبَشِّرِ الْمُخْبِتِينَ

وە بۆ هەموو ئاینێك ڕێتواڵێکمان هێناوەتە ئاراوە بۆ ئەوەی ئاماژە بە ناوی اللە بکەن لەسەر ئاژەڵە ماڵاتەکان کە وەك ڕزق پێمان داون، جا خوداکەتان یەك خودایە، و تەسلیم بە ئەو بن و مژدە بەوانە بدە بەوانەی ملکەچن.

٣٥-الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَالصَّابِرِينَ عَلَى مَا أَصَابَهُمْ وَالْمُقِيمِي الصَّلاةِ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ

ئەوانەی کاتێك ئاماژە بە الله کرا دڵیان ترسی لێ دەنیشێت، وە خۆڕاگرەکان لەسەر ئەوەی تووشیان بووە و نوێژکەرەکان، وە لەوەی پێیانمان داوە دەبەخشن.

٣٦-وَالْبُدْنَ جَعَلْنَاهَا لَكُم مِّن شَعَائِرِ اللَّهِ لَكُمْ فِيهَا خَيْرٌ فَاذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ عَلَيْهَا صَوَافَّ فَإِذَا وَجَبَتْ جُنُوبُهَا فَكُلُوا مِنْهَا وَأَطْعِمُوا الْقَانِعَ وَالْمُعْتَرَّ كَذَلِكَ سَخَّرْنَاهَا لَكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ

دابەستیمان بۆ ئێوە کردووە بە یەکێك لە داب و نەریتەکانی الله، کە چاکەی بۆ ئێوە تێدایە، جا کاتێك لەسەر تەنیشتیان دانراون و قاچەکانی بەستراوەتەوە ناوی اللهی لەسەر بێنن، جا لێیان بخۆن و خۆراکی هەژاران و سواڵکەرانی لێ بدەن، بەم شێوە بۆ ئێوەمان دەستەمۆ کردوون بۆ ئەوەی سوپاس بکەن.

٣٧-لَن يَنَالَ اللَّهَ لُحُومُهَا وَلا دِمَاؤُهَا وَلَكِن يَنَالُهُ التَّقْوَى مِنكُمْ كَذَلِكَ سَخَّرَهَا لَكُمْ لِتُكَبِّرُوا اللَّهَ عَلَى مَا هَدَاكُمْ وَبَشِّرِ الْمُحْسِنِينَ

هەرگیز نە گۆشتیان، وە نە خوێنیان بە الله ناگات، بەڵام ترستان لە الله بە ئەو دەگات، بەم جۆرە بۆ ئێوەی دەستەمۆ کردووە، بۆ ئەوەی الله مەزن بکەنەوە بە هۆی ئەوەی هیدایەتی داون، وە مژدە بدە بە چاکەکاران.

٣٨-إِنَّ اللَّهَ يُدَافِعُ عَنِ الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ اللَّهَ لا يُحِبُّ كُلَّ خَوَّانٍ كَفُورٍ

الله بەرگری دەکات لەوانەی ئیمانیان هێناوە، وە الله هەموو خیانەتکارێکی کافری خۆش ناوێت.

٣٩-أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ

مۆڵەت درا بەوانەی شەڕ دەکەن، چونکە ئەوانە ستەمیان لێکراوە، وە الله لە پشتیوانیکردنیان بە توانایە.

٤٠-الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِن دِيَارِهِمْ بِغَيْرِ حَقٍّ إِلاَّ أَن يَقُولُوا رَبُّنَا اللَّهُ وَلَوْلا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا اسْمُ اللَّهِ كَثِيرًا وَلَيَنصُرَنَّ اللَّهُ مَن يَنصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ

ئەوانەی بەناهەق لە ماڵەکانیان دەرکران تەنها لەبەر ئەوەی دەیانگوت الله خوداکەمانە، جا ئەگەر الله خەڵکی هان نەدابایە کە دژ بە یەك بوەستن، ئەوە دێرەکان و پەرستگاکان و کڵێساکان و مزگەوتەکان کە تیایدا ئاماژە بە ناوی الله دەکرێت وێران دەکران، وە بە دڵنیاییەوە الله کەسانێك سەردەخات کە پشتیوانی دەکەن، بە دڵنیاییەوە الله بەهێز و بەزەبروزەنگە.

٤١-الَّذِينَ إِن مَّكَّنَّاهُمْ فِي الأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الأُمُورِ

ئەوانەی کە ئەگەر لە خاکەکە توانایمان پێیاندا نوێژ دەکەن و زەکات دەدەن و فەرمان بە چاکە دەکەن و ڕێگری دەکەن لە ناپەسەندی، وە ئاکامی کارەکان بۆ اللهیە.

٤٢-وَإِن يُكَذِّبُوكَ فَقَدْ كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ وَعَادٌ وَثَمُودُ

وە ئەگەر بە درۆزنت بزانن، ئەوە بێگومان بەر لەوان، قەومی نوح و عاد و سەمود نکۆڵیان کردووە.

٤٣-وَقَوْمُ إِبْرَاهِيمَ وَقَوْمُ لُوطٍ

وە هەروەها قەومی ئیبراهیم و قەومی لوط.

٤٤-وَأَصْحَابُ مَدْيَنَ وَكُذِّبَ مُوسَى فَأَمْلَيْتُ لِلْكَافِرِينَ ثُمَّ أَخَذْتُهُمْ فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ

و خەڵکی مەدیەن، وە نکۆڵی لە موسا کرا، جا خۆم بۆ کافرەکان مت کرد، ئینجا ئەوانم گرت، جا چۆن بوو زەبروزەنگ و سزاکەم؟

٤٥-فَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَاهَا وَهِيَ ظَالِمَةٌ فَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَى عُرُوشِهَا وَبِئْرٍ مُّعَطَّلَةٍ وَقَصْرٍ مَّشِيدٍ

جا چەندەها لە گوندەکانمان وێران کرد کە ستەمکار بوون، جا چۆڵن و بەسەریەکدا تەپیون و بیرەکانیان و کۆشکە بتەوەکانیان لەکارخراوە.

٤٦-أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُونَ بِهَا أَوْ آذَانٌ يَسْمَعُونَ بِهَا فَإِنَّهَا لا تَعْمَى الأَبْصَارُ وَلَكِن تَعْمَى الْقُلُوبُ الَّتِي فِي الصُّدُورِ

ئایا بە خاکەکەدا نەڕۆیشتوون، جا دڵێکیان هەبێت کە پێیەوە تێبگەن، یان گوێچکەیەك پێیەوە ببیستن، جا ئەوە چاوەکان کوێر ناکات بەڵکو ئەو دڵانە کوێر دەکات کە لە سینەکانن.

٤٧-وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِالْعَذَابِ وَلَن يُخْلِفَ اللَّهُ وَعْدَهُ وَإِنَّ يَوْمًا عِندَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ

وە پەلەت لێ دەکەن بۆ سزا، وە هەرگیز الله لە بەڵێنەکەی پاشگەز نابێتەوە، بەڵام ڕۆژێك لای خوداکەت وەك هەزار ساڵە کە ئێوە دەیژمێرن.

٤٨-وَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ أَمْلَيْتُ لَهَا وَهِيَ ظَالِمَةٌ ثُمَّ أَخَذْتُهَا وَإِلَيَّ الْمَصِيرُ

وە خۆم لە چەندەها گوند خۆش کرد لە کاتێکدا ستەمکار بوو، ئینجا ئەوانم گرت، وە گەڕانەوە بۆ لای منە.

٤٩-قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّمَا أَنَا لَكُمْ نَذِيرٌ مُّبِينٌ

بڵێ ئەی خەڵکینە لە ڕاستیدا من بۆ ئێوە ترسێنەرێکی ئاشکرام.

٥٠-فَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ

جا ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و کاری چاکیان کردووە، لێبووردەیی و ڕزقێکی نایاب و ڕێزداریان دەبێت.

٥١-وَالَّذِينَ سَعَوْا فِي آيَاتِنَا مُعَاجِزِينَ أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ الْجَحِيمِ

وە ئەوانەی هەوڵیاندا تەگەرە دروست بکەن بۆ ئایەتەکانمان، ئەوانە یاوەرانی دۆزەخن.

٥٢-وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ وَلا نَبِيٍّ إِلاَّ إِذَا تَمَنَّى أَلْقَى الشَّيْطَانُ فِي أُمْنِيَّتِهِ فَيَنسَخُ اللَّهُ مَا يُلْقِي الشَّيْطَانُ ثُمَّ يُحْكِمُ اللَّهُ آيَاتِهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ

وە هیچ پێغەمبەرێك و نێردراوێك نەبووە كە بەر لە تۆ ناردوومانە، كاتێك ئاواتێكی خواستووە شەیتان شتێكی نەخستبێتە ناو ئاواتەكەی، جا الله ئەوە لە كاردەخات و دەسڕێتەوە كە شەیتان هێناویەتیە ناوەوە، ئینجا الله حوكم بە ئایەتەكەی دەكات، وە الله زانا و دانایە.

٥٣-لِيَجْعَلَ مَا يُلْقِي الشَّيْطَانُ فِتْنَةً لِّلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَالْقَاسِيَةِ قُلُوبُهُمْ وَإِنَّ الظَّالِمِينَ لَفِي شِقَاقٍ بَعِيدٍ

تاوەكو ئەوەی شەیتان هاویشتوویەتیە ناویەوە بیكات بە تاقیكردنەوەیەك بۆ ئەوانەی نەخۆشی لە دڵەكانیانە و دڵەكانیان ڕەقە، وە لە ڕاستیدا ستەمكاران لە دژایەتیەكی قووڵن.

٥٤-وَلِيَعْلَمَ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ أَنَّهُ الْحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَيُؤْمِنُوا بِهِ فَتُخْبِتَ لَهُ قُلُوبُهُمْ وَإِنَّ اللَّهَ لَهَادِ الَّذِينَ آمَنُوا إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ

وە تاوەكو ئەوانەی زانیاریان بۆ هاتووە بزانن كە ئەوە هەقە لە لایەن خوداكەتەوە و ئیمانی پێ بێنن و دڵەكانیان بۆی دابمركێتەوە، وە الله بە دڵنیاییەوە هیدایەتی ئەوانە دەدات بۆ ڕێگای ڕاست كە ئیمانیان هێناوە.

٥٥-وَلا يَزَالُ الَّذِينَ كَفَرُوا فِي مِرْيَةٍ مِّنْهُ حَتَّى تَأْتِيَهُمُ السَّاعَةُ بَغْتَةً أَوْ يَأْتِيَهُمْ عَذَابُ يَوْمٍ عَقِيمٍ

وە ئەوانەی باوەڕیان نەهێناوە تا ئێستاش لێی دوودڵن، تاوەكو لە كوتوپڕێكدا قیامەت بۆیان سەرهەڵدەدات، یان لە ڕۆژێكی تۆواوبڕ سزایان بۆ دێت.

٥٦-الْمُلْكُ يَوْمَئِذٍ لِّلَّهِ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فِي جَنَّاتِ النَّعِيمِ

ئەوڕۆژە ڕۆژی دەسەڵات بۆ الله دەبێت و حوكم لە نێوانیان دەكات، جا ئەوانەی ئیمانیان هێناوە و كاری چاكیان كردووە لە باخاتی خۆشیدا دەبن.

٥٧-وَالَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا فَأُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ

وە ئەوانەی باوەڕیان نەهێنا و نکۆڵیان لە ئایەتەکانمان کرد، ئەوە ئەوانە سزایەکی ڕیسواکەریان بۆ دەبێت.

٥٨-وَالَّذِينَ هَاجَرُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ ثُمَّ قُتِلُوا أَوْ مَاتُوا لَيَرْزُقَنَّهُمُ اللَّهُ رِزْقًا حَسَنًا وَإِنَّ اللَّهَ لَهُوَ خَيْرُ الرَّازِقِينَ

وە ئەوانەی کۆچیان کردووە لە پێناو الله، ئینجا کوژران، یان مردن، سوێند بێت الله ڕزقێکی چاکیان پێ دەدات، وە لە ڕاستیدا الله چاکترینی ڕزقدەرەکانە.

٥٩-لَيُدْخِلَنَّهُم مُّدْخَلا يَرْضَوْنَهُ وَإِنَّ اللَّهَ لَعَلِيمٌ حَلِيمٌ

سوێند بێت دەیانخەینە شوێنێکەوە پێی ڕازی دەبن، وە بە دڵنیاییەوە الله زانا و مەندە.

٦٠-ذَلِكَ وَمَنْ عَاقَبَ بِمِثْلِ مَا عُوقِبَ بِهِ ثُمَّ بُغِيَ عَلَيْهِ لَيَنصُرَنَّهُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ

ئەوە، وە هەر کەسێك بەوەی سزادراوە سزا بدات، ئینجا دەستدرێژی بکاتە سەری، بە دڵنیاییەوە الله ئەو سەردەخات، لەڕاستیدا الله دەبوورێت و لێبووردەیە.

٦١-ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ يُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ وَيُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ وَأَنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ

ئەوە بە هۆی ئەوەوەیە، الله شەو دەبڕێتە ڕۆژەوە، وە ڕۆژ دەبڕێتەوە شەوەوە، وە الله بیستەر و بینادیدەیە.

٦٢-ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِ هُوَ الْبَاطِلُ وَأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْعَلِيُّ الْكَبِيرُ

ئەوە بە هۆی ئەوەوەیە، چونکە الله هەر خۆی هەقەکەیە، وە جگە لە الله ئەوەی ئێوە هانای بۆ دەبەن پووچەڵە، وە لە ڕاستیدا الله هەر خۆی مەزنە گەورەکەیە.

٦٣-أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ أَنزَلَ مِنَ السَّمَاء مَاء فَتُصْبِحُ الأَرْضُ مُخْضَرَّةً إِنَّ اللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ

ئایا نەتبینیوە کە اللە ئاوێکی لە ئاسمان دابەزندووە، جا زەوت سەوز دەبێت، لە ڕاستیدا اللە نیان و شارەزایە.

٦٤-لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ وَإِنَّ اللَّهَ لَهُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ

هەرچیەك لە ئاسمانەکان و هەرچیەك لە زەویدایە بۆ اللەیە، وە لە ڕاستیدا اللە هەر خۆی دەوڵەمەندە شایستە بە پیاهەڵدانە.

٦٥-أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي الأَرْضِ وَالْفُلْكَ تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِأَمْرِهِ وَيُمْسِكُ السَّمَاء أَن تَقَعَ عَلَى الأَرْضِ إِلاَّ بِإِذْنِهِ إِنَّ اللَّهَ بِالنَّاسِ لَرَؤُوفٌ رَّحِيمٌ

ئایا نەتبینیوە کە هەرچییەك لە زەویدایە اللە بۆ ئێوەی دەستەمۆ کردووە، وە کەشتیەکان لە دەریادا بە فەرمانی ئەو دەڕۆن، وە ئاسمانی گرتووە کە بەرنەبێتەوە سەر زەوی تەنها بە مۆڵەتی خۆی نەبێت، لە ڕاستیدا اللە بۆ خەڵك نیان و بە بەزەییە.

٦٦-وَهُوَ الَّذِي أَحْيَاكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يُحْيِيكُمْ إِنَّ الإِنسَانَ لَكَفُورٌ

وە ئەوە کە ژیانی بە ئێوە داوە، ئینجا دەتانمرێنێت، ئینجا زیندووتان دەکاتەوە، سوێند بێت مرۆڤ ناسوپاسگوزارە.

٦٧-لِكُلِّ أُمَّةٍ جَعَلْنَا مَنسَكًا هُمْ نَاسِكُوهُ فَلا يُنَازِعُنَّكَ فِي الأَمْرِ وَادْعُ إِلَى رَبِّكَ إِنَّكَ لَعَلَى هُدًى مُّسْتَقِيمٍ

بۆ هەر ئاینێك ڕێوڕەسمێکمان هێناوەتە ئاراوە کە ئەوان پەیڕەوی دەکەن، جا نابێت لەسەر ئەم بابەتە ئەوان مشتومڕت لەگەڵدا بکەن، وە بانگەواز بۆ خوداکەت بکە، لە ڕاستیدا تۆ لەسەر ڕێگای هیدایەتی ڕاستیت.

٦٨-وَإِن جَادَلُوكَ فَقُلِ اللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا تَعْمَلُونَ

وە ئەگەر مشتومڕیان لەگەڵدا کردیت، ئەوە بڵێ اللە دەزانێت بەو کارانەی دەیکەن.

٦٩-اللَّهُ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِيمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ

الله له ڕۆژی قیامەت حوکم دەکات لە نێوانتان سەبارەت بەوەی تیایدا ناکۆك بوون.

٧٠-أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ إِنَّ ذَٰلِكَ فِي كِتَابٍ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ

ئایا نازانیت کە الله بە هەرچیەك لە ئاسمان و زەوییە دەزانێت، ئەوە لە تۆماردایە، وە ئەوە لای الله کارێکی ئاسانە.

٧١-وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا وَمَا لَيْسَ لَهُم بِهِ عِلْمٌ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِن نَّصِيرٍ

جگە لە الله شتانێك دەپەرستن کە الله بەڵگەیەکی بۆی دانەبەزاندووە و هیچ زانیاریەکیان لەسەر نییە، وە بۆ ستەمکاران پشتیوانیەك نییە.

٧٢-وَإِذَا تُتْلَى عَلَيْهِمْ آيَاتُنَا بَيِّنَاتٍ تَعْرِفُ فِي وُجُوهِ الَّذِينَ كَفَرُوا الْمُنكَرَ يَكَادُونَ يَسْطُونَ بِالَّذِينَ يَتْلُونَ عَلَيْهِمْ آيَاتِنَا قُلْ أَفَأُنَبِّئُكُم بِشَرٍّ مِّن ذَٰلِكُمُ النَّارُ وَعَدَهَا اللَّهُ الَّذِينَ كَفَرُوا وَبِئْسَ الْمَصِيرُ

وە کاتێك ئایەتەکانی ئێمە دەخوێندرێتەوە، لە سیمای کافرەکان مرومۆچی دەبینرێت، خەریکە پەلاماری ئەوانە بدەن کە ئایەتەکانی ئێمەیان بۆ دەخوێننەوە، بڵێ: پێتان ڕابگەیەنم کە چی لە خراپترە؟ ئاگرە، کە الله بەڵێنی داوە بە کافرەکان، وە چارەنووسێکی گەلەك خراپە.

٧٣-يَا أَيُّهَا النَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٌ فَاسْتَمِعُوا لَهُ إِنَّ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ لَن يَخْلُقُوا ذُبَابًا وَلَوِ اجْتَمَعُوا لَهُ وَإِن يَسْلُبْهُمُ الذُّبَابُ شَيْئًا لَّا يَسْتَنقِذُوهُ مِنْهُ ضَعُفَ الطَّالِبُ وَالْمَطْلُوبُ

ئەی خەڵکینە نموونەیەك هێنراوەتەوە، جا گوێی لێ بگرن: ئەوانەی هانا بۆ جگە لە الله دەبەن، ئەگەر بەیەکەوە کۆببنەوە، هەرگیز ناتوانن مێشێك دروست بکەن، وە تەنانەت ئەگەر مێشێك شتێکیان لێ ببات، ئەوە ناتوانن لێی بسێننەوە، ئەوەی داوای هەیە و ئەوەی داوای لەسەرە بێ دەسەڵاتن.

٧٤-مَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ

وه به ئەندازەی شایسته اللهیان به هەند وەرنەگرتووه، له ڕاستیدا الله بەهێز و باڵادەسته.

٧٥-اللَّهُ يَصْطَفِي مِنَ الْمَلائِكَةِ رُسُلا وَمِنَ النَّاسِ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ

الله له فریشتەكان و خەڵك پەیامنێرەكان هەڵدەبژێرێت، له ڕاستیدا الله بیستەر و بینادیدەیه.

٧٦-يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَإِلَى اللَّهِ تُرْجَعُ الأُمُورُ

دەزانێت چی له پێشیانه و چی له دوواوەیانه، وه كار و بڕیارەكان بۆ الله دەگەڕێنەوه.

٧٧-يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ارْكَعُوا وَاسْجُدُوا وَاعْبُدُوا رَبَّكُمْ وَافْعَلُوا الْخَيْرَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوه، مل كەچ بكەن و كڕنۆش ببەن و خوداكەتان بپەرستن و كاری چاكه بكەن بۆ ئەوەی فریادتان بێت.

٧٨-وَجَاهِدُوا فِي اللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِ هُوَ اجْتَبَاكُمْ وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ مِّلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَاهِيمَ هُوَ سَمَّاكُمُ الْمُسْلِمِينَ مِن قَبْلُ وَفِي هَذَا لِيَكُونَ الرَّسُولُ شَهِيدًا عَلَيْكُمْ وَتَكُونُوا شُهَدَاء عَلَى النَّاسِ فَأَقِيمُوا الصَّلاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَاعْتَصِمُوا بِاللَّهِ هُوَ مَوْلاكُمْ فَنِعْمَ الْمَوْلَى وَنِعْمَ النَّصِيرُ

وه بەوپەڕ تواناییتان جیهاد بكەن له پێناو الله، هەر ئەو ئێوەی هەڵبژاردووه، وه له ئاییندا، ئایینی باوكتان ئیبراهیم كه ئەو پێشوو و لەمەدا ناوی لێتان ناوه موسڵمانان، تەنگەژەیەكی بۆتان نەهێناوەته ئاراوه، با پێغەمبەر بەسەرتاندا ببێت به شایەت، وه ئێوه ببن به شایەت بەسەر خەڵكدا، جا نوێژ بكەن و زەكات بدەن و پشت به الله ببەستن، هەر ئەو پشتیوانتانه، چاكترین پشتیوان و چاكترین یارمەتیدەر.

شرۆڤە و تێبینی

ئەم ئایەتە ناونراوە سوورەتی الحج، چونکە لە ئایەتی ٢٧ ئاماژە بە وشەی حەج کراوە کە دەڵێت:

وَأَذِّن فِي النَّاسِ بِالْحَجِّ

وە هەروەها بەشێکی بەرچاو لە ئایەتەکانی تایبەتن بە ریتوالی حەج.

ابن کثیر دەڵێت، ئەم سوورەتە مەککیە. وە القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت مەککیە، تەنها ٣ ئایەت نەبێت کە لە مەدینە دابەزیوون (ئایەتی ١٩-٢١).

القرطبی دەڵێت، الغزنوي گوتوویەتی:

یەکێکە لە سەیرو سەمەرەترین سوورەت، چونکە ئایەتی فرەچەشنی تێدایە: بە شەو و بە ڕۆژ ، لە مەککە و لە مەدینە، لە کاتی ئاشتی و لە کاتی جەنگ دابەزیووە، وە ناسخ و مەنسوخ، وە موحکەم و لەیەکچووی تێدایە.

ئایەتی ١

يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ إِنَّ زَلْزَلَةَ السَّاعَةِ شَيْءٌ عَظِيمٌ

دەڵێت:

ئەی خەڵکینە لە خوداکەتان بترسن، بوومەلەرزەی ساتەکە شتێکی مەزنە.

واتە:

{السَّاعَةِ}، واتە قیامەت. {زَلْزَلَةَ}، لەم ئایەتە بە مانای تۆقاندن دێت. کەواتە ئەم ئایەتە دەڵێت:

ئەی خەڵکی عەرەب لە خوداکەتان، الله اکبر بترسن، چونکە تۆقاندنی ڕۆژی قیامەت، تۆقاندنێکی مەزنە.

وەك لە ئایەتی ١-٢ سوورەتی الزلزلة هاتووە دەڵێت:

إِذَا زُلْزِلَتِ الْأَرْضُ زِلْزَالَهَا، وَأَخْرَجَتِ الْأَرْضُ أَثْقَالَهَا

کاتێك زەوی بە هەژان هەژی، وە زەوی بار و قورساییەکەی کردە دەرەوە.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم، ئاماژە بە چەند ڕیوایەتێك دەکات:

یەکەم: ابن جریر الطبری بە سەنەدەوە، ئاماژەی بە ڕیوایەتێك کردووە محمد صلعم گوتوویەتی:

إِنَّ اللَّهَ لَمَّا فَرَغَ مِنْ خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ خَلَقَ الصُّورَ ، فَأَعْطَاهُ إِسْرَافِيلَ ، فَهُوَ وَاضِعُهُ عَلَى فِيهِ ، شَاخِصٌ بِبَصَرِهِ إِلَى الْعَرْشِ ، يَنْتَظِرُ مَتَى يُؤْمَرُ " . قَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ : يَا رَسُولَ اللَّهِ ، وَمَا الصُّورُ؟ قَالَ : " قَرْنٌ " قَالَ : فَكَيْفَ هُوَ؟ قَالَ : " قَرْنٌ عَظِيمٌ يُنْفَخُ فِيهِ ثَلَاثُ نَفَخَاتٍ ، الْأُولَى نَفْخَةُ الْفَزَعِ ، وَالثَّانِيَةُ نَفْخَةُ الصَّعْقِ ، وَالثَّالِثَةُ نَفْخَةُ الْقِيَامِ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ

کاتێك الله لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی دەستی بەتاڵ بوو، قۆچێکی {الصُّورُ} دروستکرد و دای بە ئیسرافیل. وە ئیسرافیل قۆچەکەی خستۆتە سەر دەمی و چاوێکی لەسەر عەرشە، سەیردەکات بۆ ئەوەی بزانێت کەی فەرمانی پێ دەکرێت فوو بکاتە قۆچەکەوە، ابو هریرە لە پێغەمبەری پرسی {الصُّورُ} چییە؟ گوتی قۆچە. ابو هریرە گوتی قۆچێکی چۆنە؟ گوتی قۆچێکی مەزنە کە سێ فووی پیا دەکرێت، فووی یەکەم فووی تۆقاندنە، فووی دووەم تیاچوونە، فووی سێهەم زیندووبوونەوەیە بۆ لای خودای جیهانەکان.

دووەم: لە مسند احمد و جامع الترمذی و سنن النسائی، ڕیوایەتێك هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی:

مِنْ كُلِّ أَلْفٍ تِسْعُمِائَةٍ وَتِسْعَةٌ وَتِسْعُونَ فِي النَّارِ ، وَوَاحِدٌ فِي الْجَنَّةِ

لە هەر هەزار کەس، نۆسەد و نەوەت و نۆ بۆ ئاگرە، وە دانەیەك بۆ بەهەشتە.

ئایەتی ٢

يَوْمَ تَرَوْنَهَا تَذْهَلُ كُلُّ مُرْضِعَةٍ عَمَّا أَرْضَعَتْ وَتَضَعُ كُلُّ ذَاتِ حَمْلٍ حَمْلَهَا وَتَرَى النَّاسَ سُكَارَىٰ وَمَا هُم بِسُكَارَىٰ وَلَٰكِنَّ عَذَابَ اللَّهِ شَدِيدٌ

دەڵێت:

ڕۆژێ کە دەیبینن، هەموو شیرەخۆرێك دەستبەرداری شیرخواردنەکەی دەبێت، وە هەموو دووگیانبووێك سکەکەی دەکەوێت، وە خەڵك دەبینیت سەرخۆشن لەکاتێکدا سەرخۆشیش نین، بەڵام سزای الله دژوارە.

واتە:

{يَوْمَ تَرَوْنَهَا}، ڕۆژێ قیامەت دەبینن، {تَذْهَلُ كُلُّ مُرْضِعَةٍ عَمَّا أَرْضَعَتْ}، هەموو شیرەخۆرێك دەستبەرداری شیرخوادنەکەی دەبێت، {وَتَضَعُ كُلُّ ذَاتِ حَمْلٍ حَمْلَهَا}، وە هەموو دووگیانبووێك بەرداوێت، {وَتَرَى النَّاسَ سُكَارَىٰ وَمَا هُم بِسُكَارَىٰ}، وە خەڵك دەبینیت سەرخۆشن لەکاتێکدا سەرخۆش نین، {وَلَٰكِنَّ عَذَابَ اللَّهِ شَدِيدٌ}، بەڵام سزای الله دژوارە.

واتە: بە هۆی ترس و تۆقاندنی ڕۆژی قیامەت:

یەکەم: یەکەم هەموو منداڵێکی شیرەخۆر دەستبەرداری شیرخواردن دەبێت.

تَذْهَلُ كُلُّ مُرْضِعَةٍ عَمَّا أَرْضَعَتْ

پرسیار: ئایا لە ڕۆژی قیامەت منداڵی شیرەخۆر شیر دەخوات تاوەکو دەستبەرداری شیرخواردن بێت؟

دووەم: ژنان و ئاژەڵانی دووگیان، بە هۆی ترس و تۆقاندنی قیامەت بەرداوێن و کۆرپەلەکەی سکیان دەکەوێت.

وَتَضَعُ كُلُّ ذَاتِ حَمْلٍ حَمْلَهَا

سێیەم: وە خەڵك لە ترساندا وەك سەرخۆش وان.

وَتَرَى النَّاسَ سُكَارَىٰ وَمَا هُم بِسُكَارَىٰ

وە خەڵك دەبینیت سەرخۆشن، بەڵام بە هۆی عەرەقخواردنەوە سەرخۆش نین.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

أبِي زُرْعة بن عمرو بن جرير، لە جیاتی {وَتَرَى النَّاسَ}، دەیخوێندەوە: {وَتُرَى النَّاسَ}، وە خەڵك دەبینرێن لە جیاتی خەڵك دەبینن.

ئینجا دەڵێت: {وَلَـٰكِنَّ عَذَابَ اللَّهِ شَدِيدٌ}، بەڵام سزای الله دژوارە، واتە بە هۆی دژواری سزای الله خەڵك لەو ڕۆژەدا وایان لێدێت.

ئایەتی ٣

وَمِنَ النَّاسِ مَن يُجَادِلُ فِي اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَيَتَّبِعُ كُلَّ شَيْطَانٍ مَّرِيدٍ

دەڵێت:

وە خەڵك هەیە کە مشتومڕ سەبارەت بە الله دەکات، بێ ئەوەی زانیاری هەبێت و شوێن هەموو شەیتانێکی یاخیبوو دەکەوێت.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران و الطبری لە جامع البیان، دەڵێن مەبەست لە النضر بن الحارثە.

ئایەتی ٤

كُتِبَ عَلَيْهِ أَنَّهُ مَن تَوَلَّاهُ فَأَنَّهُ يُضِلُّهُ وَيَهْدِيهِ إِلَىٰ عَذَابِ السَّعِيرِ

دەڵێت:

لەسەری نووسراوە کە هەر کەسێك بە دوای کەوێت، ئەوە گومڕای دەکات و ڕێنمایی دەکات بۆ سزای ئاگر.

واتە:

{كُتِبَ عَلَيْهِ}، لەسەر شەیتان نووسراوە، {أَنَّهُ مَن تَوَلَّاهُ}، هەر کەسێك بە دوای کەوێت، {فَأَنَّهُ يُضِلُّهُ وَيَهْدِيهِ إِلَىٰ عَذَابِ السَّعِيرِ}، ئەوە شەیتان گومڕای دەکات و ڕێنمایی دەکات بۆ سزای ئاگر، واتە دۆزەخ.

{كُتِبَ عَلَيْهِ}، واتە: لەسەر شەیتان نووسراوە، واتە ئەوەی لەسەر شەیتان نووسیویەتی دیار نییە، بەڵام مەبەست اللهیە.

الطبری لە جامع البیان و ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێن:

{كُتِبَ عَلَيْهِ} واتە لەسەر شەیتان نووسراوە و بڕیاردراوە.

ئایەتی ٥

يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّنَ الْبَعْثِ فَإِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ ثُمَّ مِن مُّضْغَةٍ مُّخَلَّقَةٍ وَغَيْرِ مُخَلَّقَةٍ لِّنُبَيِّنَ لَكُمْ وَنُقِرُّ فِي الْأَرْحَامِ مَا نَشَاءُ إِلَىٰ أَجَلٍ مُّسَمًّى ثُمَّ نُخْرِجُكُمْ طِفْلًا ثُمَّ لِتَبْلُغُوا أَشُدَّكُمْ وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّىٰ وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَىٰ أَرْذَلِ الْعُمُرِ لِكَيْلَا يَعْلَمَ مِن بَعْدِ عِلْمٍ شَيْئًا وَتَرَى الْأَرْضَ هَامِدَةً فَإِذَا أَنزَلْنَا عَلَيْهَا الْمَاءَ اهْتَزَّتْ وَرَبَتْ وَأَنبَتَتْ مِن كُلِّ زَوْجٍ بَهِيجٍ

دەڵێت:

ئەی خەڵکینە ئەگەر لە زیندووبوونەوە بە گومانن، ئەوە ئێمە ئێوەمان لە خۆڵ دروستکردووە، ئینجا لە بڕێك ئاو، ئینجا لە کلۆیەك خوێن، ئینجا لە پارچەگۆشتێکی سیما پێدراو یان سیما پێنەدراو، بۆ ئەوەی بۆتان ڕوونبکەینەوە و ئەوەی بمانەوێت لە منداڵدانەکان جێگیری دەکەین بۆ کاتێکی دیاریکراو، ئینجا بە منداڵی دەرتاندەهێنین، ئینجا بۆ ئەوەی بگەن بە ئەوپەڕ هەرەتتان، وە هەتانە کە دەمرێت، وە هەتانە کە دەگێڕدرێتەوە بۆ ڕیسواترین تەمەن بۆ ئەوەی لەمەودوا هیچ شتێك نەزانێت، وە دەبینیت زەوی وشکە، جا کاتێك ئاوێکمان بەسەریدا باراند، دەهەژێت و چەکەرە دەکات و لە هەموو جووتێکی نایاب دەڕوێت.

واتە:

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، ئەم ئایەتە ئاڕاستەی خەڵکی عەرەب دەکات و دەڵێت:

يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّنَ الْبَعْثِ

ئەی خەڵکینە ئەگەر گومانتان لە زیندووبوونەوە هەیە.

ئینجا خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، چەند بەڵگەیەك دەخاتە ڕوو بۆ سەلماندنی ئەوەی زیندووبوونەوە هەیە و دەڵێت:

فَإِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ ثُمَّ مِن مُّضْغَةٍ مُّخَلَّقَةٍ وَغَيْرِ مُخَلَّقَةٍ لِّنُبَيِّنَ لَكُمْ

{خَلَقْنَاكُم مِّن تُرَابٍ}، ئێمە ئێوەمان لە خۆڵ دروستکرد، واتە ئادەم، { ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ}، ئینجا لە تۆواوی پیاو، {ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ}، ئینجا لە کڵۆیەك خوێن، کاتێك تۆواوی پیاو تێکەڵ بە خوێنی سووری مانگانەی ژن دەبێت، {ثُمَّ مِن مُّضْغَةٍ مُّخَلَّقَةٍ وَغَيْرِ مُخَلَّقَةٍ}، ئینجا لە پارچە گۆشتێك کە سەروسیمادارە و سەروسیمادار نییە، واتە شێوەی گرتووە و نەگرتووە.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

{مِنْ نُطْفَةٍ} وَهُوَ الْمَنِيُّ ، سُمِّيَ نُطْفَةً لِقِلَّتِهِ ، وَهُوَ الْقَلِيلُ مِنَ الْمَاءِ {ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ} وَهُوَ الدَّمُ الْجَامِدُ . وَالْعَلَقُ الدَّمُ الْعَبِيطُ ، أَيِ الطَّرِيُّ . وَقِيلَ : الشَّدِيدُ الْحُمْرَةِ { ثُمَّ مِنْ مُضْغَةٍ } وَهِيَ لَحْمَةٌ قَلِيلَةٌ قَدْرَ مَا يُمْضَغُ

{مِنْ نُطْفَةٍ}، واتە لە تۆواو، وە پێی دەگوترێت نوتفە بە هۆی کەمیەوە، کە بریتیە لە ئاوێکی کەم، {ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ}، واتە خوێنێکی مەیو، {العلق}، خوێنێکی مەیوە کە ڕەنگەکەی زۆر سوورە، {ثُمَّ مِنْ مُضْغَةٍ}، گۆشتێکی کەمە بە قەد لوقمەیەك.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

{ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ ثُمَّ مِنْ مُضْغَةٍ} ذَلِكَ أَنَّهُ إِذَا اسْتَقَرَّتِ النُّطْفَةُ فِي رَحِمِ الْمَرْأَةِ ، مَكَثَتْ أَرْبَعِينَ يَوْمًا كَذَلِكَ ، يُضَافُ إِلَيْهِ مَا يَجْتَمِعُ إِلَيْهَا ، ثُمَّ تَنْقَلِبُ عَلَقَةً حَمْرَاءَ بِإِذْنِ اللَّهِ ، فَتَمْكُثُ كَذَلِكَ أَرْبَعِينَ يَوْمًا ، ثُمَّ تَسْتَحِيلُ فَتَصِيرُ مُضْغَةً - قِطْعَةً مِنْ لَحْمٍ لَا شَكْلَ فِيهَا

واتە: کاتێك تۆواو لە منداڵدانی ژن جێگیر بوو، وە بۆ ماوەی چل ڕۆژ مایەوە، ئەوەی بۆ زیاد دەکرێت کە لەگەڵیدا کۆدەبێتەوە، ئینجا بە مۆڵەتی الله دەبێت بە کڵۆیەك خوێنی سوور، جا بەم شێوەیە دەمێنێتەوە بۆ چل ڕۆژ، ئینجا دەبێت بە {مُضْغَةً}، پارچە گۆشتێك کە شێوازی نییە.

ئینجا دەڵێت: {لِّنُبَيِّنَ لَكُمْ}، بۆ ئەوەی بۆتان ڕوونکەینەوە و بۆتان بسەلمێنین کە زیندووبوونەوە هەیە.

جا نازانم ئەم گاڵتەجاریە چ پەیوەندی بە زیندووبوونەوە هەیە!

ئینجا دەڵێت:

وَنُقِرُّ فِي الْأَرْحَامِ مَا نَشَاءُ إِلَىٰ أَجَلٍ مُّسَمًّى ثُمَّ نُخْرِجُكُمْ طِفْلًا

{ثُمَّ مِن مُّضْغَةٍ مُّخَلَّقَةٍ وَغَيْرِ مُخَلَّقَةٍ}، ئینجا پارچە گۆشتەکە کە سەروسیمای گرتووە و نەگرتووە، {وَنُقِرُّ فِي الْأَرْحَامِ مَا نَشَاءُ إِلَىٰ أَجَلٍ مُّسَمًّى}، ئەوەی بمانەوێت و ئارەزوو بکەین لە منداڵدان بۆ کاتێکی دیاریکراو جێگیری دەکەین، واتە هەندێك لەباردەبەین، وە هەندێك جێگیر دەکەین تاوەکو کاتی لە دایکبوون، {ثُمَّ نُخْرِجُكُمْ طِفْلًا}، ئینجا بە منداڵی لە منداڵدان دەرتان دەهێنین.

وە ئەم دوو بڕگەیەی سەرەوە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دووبارە بوونەوەی ئایەتی ١٢-١٤ سوورەتی المؤمنونە:

وَلَقَدْ خَلَقْنَا الإِنسَانَ مِن سُلالَةٍ مِّن طِينٍ

ثُمَّ جَعَلْنَاهُ نُطْفَةً فِي قَرَارٍ مَّكِينٍ

ثُمَّ خَلَقْنَا النُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا الْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا الْمُضْغَةَ عِظَامًا فَكَسَوْنَا الْعِظَامَ لَحْمًا ثُمَّ أَنشَأْنَاهُ خَلْقًا آخَرَ

وە سوێند بێت مرۆڤمان لە دەرکێشێك لە قوڕ دروستکرد، (واتە ئادەم)،

ئینجا تۆوامان کردووە شوێنێکی ئۆقرەگرتنی پتەو، (واتە منداڵدان).

ئینجا کلۆیەك خوێنمان لە تۆواو دروستکرد جا پارچە گۆشتێکمان لەو کلۆیەکە دروستکرد، جا ئێسکانمان لە گۆشتەکە دروستکرد، ئینجا ئێسکانەکانمان بە گۆشت دەورەدا، ئینجا مرۆڤێکی نوێمان هێنایە ئاراوە.

ئینجا دەڵێت:

وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّىٰ وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَىٰ أَرْذَلِ الْعُمُرِ لِكَيْلَا يَعْلَمَ مِن بَعْدِ عِلْمٍ شَيْئًا

وە هەتانە کە دەمرێت، وە {وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَىٰ أَرْذَلِ الْعُمُرِ}، وە هەتانە کە تەمەنی دەگاتە ڕیسواترین تەمەن، واتە زۆر پیر دەبێت، {لِكَيْلَا يَعْلَمَ مِن بَعْدِ عِلْمٍ شَيْئًا}، بۆ ئەوەی لەمەودوا فێرە هیچ زانیاریەك نەبێت، واتە تووشی زەهایمەر (لەبیرچوونەوە بێت).

{أَرْذَلِ}، واتە ڕیسواترین و هیچوپووچترین. وە بە داخەوە ئەم چەمکە بە کوردی کراوە، کاتێك کەسێك زۆر پیر دەبێت، خەڵك دەڵێن ڕەزیل بووە.

وە ئەم برگەیە: {وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَىٰ أَرْذَلِ الْعُمُرِ لِكَيْ لَا يَعْلَمَ بَعْدَ عِلْمٍ شَيْئًا} دووبارەی ئایەتی ٧٠ سوورەتی النحله.

ئینجا اللّٰه بەڵگەیەكی دیكە دەهێنێتەوە بۆ سەلماندنی بوونی زیندووبوونەوە و دەڵێت:

وَتَرَى الْأَرْضَ هَامِدَةً فَإِذَا أَنزَلْنَا عَلَيْهَا الْمَاءَ اهْتَزَّتْ وَرَبَتْ وَأَنبَتَتْ مِن كُلِّ زَوْجٍ بَهِيجٍ

وە دەبینیت زەوی وشك و بریشكە، جا كاتێك ئاوێكمان بەسەریدا باراند (باران)، خاكەكە دەهەژێت و چەكەرە دەكات، وە لە هەموو جووتێكی نایاب و بۆندار دەڕوێت.

وە ئەم برگەیە: {مِن كُلِّ زَوْجٍ بَهِيجٍ} لە سوورەتی ق ئایەتی ٧ هاتووە:

وَأَنبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوْجٍ بَهِيجٍ

واتە: زیندووبوونەوەی ئێوە وەك زیندووبوونەوەی زەویەكی وشكە. وەك ئایەتی ٩ سوورەتی فاطر دەڵێت:

وَٱللَّهُ ٱلَّذِىٓ أَرْسَلَ ٱلرِّيَـٰحَ فَتُثِيرُ سَحَابًا فَسُقْنَـٰهُ إِلَىٰ بَلَدٍ مَّيِّتٍ فَأَحْيَيْنَا بِهِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا كَذَٰلِكَ ٱلنُّشُورُ

وە اللّٰهیە كە (با)ی ناردووە و هەور كەڵەكە دەكات، جا ڕاپێچی دەكات بۆ زێدێكی مردوو و خاكەكەی پێی زیندوو دەكەینەوە دوای ئەوەی مردوو بوو، وە زیندووبوونەوەش بە هەمان شێوەیە.

واتە چۆن اللّٰه زەویەكی وشك و بریشك بە باران زیندوو دەكاتەوە، ئەوە مرۆڤیش لە گۆڕ بە ئاوێك زیندوو دەكاتەوە.

الحاكم النیسابوری لە المستدرك (وە دەڵێت ئەم ڕیوایەتەكە صحیحە) و القرطبی لە شرۆڤەی ئایەتی ١٠٤ سوورەتی الانبیاء و السیوطی لە الدر المثور و ابن الجوزی لە زاد المسیر و الطبری لە جامع البیان لە شرۆڤەی ئەم ئایەتەی سوورەتی فاطر، ئاماژە بە ڕیوایەتێك دەكەن لە ابن مسعودەوە كە گوتوویەتی:

فَيُرْسِلُ اللَّهُ مَاءً مِنْ تَحْتِ الْعَرْشِ كَمَنِيِّ الرِّجَالِ ، فَتَنْبُتُ لُحْمَانُهُمْ وَجُثْمَانُهُمْ مِنْ ذَلِكَ الْمَاءِ ، كَمَا يُنْبِتُ الْأَرْضُ

الله ئاوێك لە ژێر عرش دەنێرێت، وەك تۆواوی پیاوە، جا مردووەکان بەو ئاوە گۆشت و لەشیان گەشە دەكاتەوە، هەروەك چۆن زەوی دەبووژێتەوە.

وە البغوی له معالم التنزیل، لە شرۆڤەی ئایەتی ٥٧ سوورەتی الاعراف دەڵێت:

قَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ وَابْنُ عَبَّاسٍ : إِذَا مَاتَ النَّاسُ كُلُّهُمْ فِي النَّفْخَةِ الْأُولَى أَرْسَلَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ مَطَرًا كَمَنِيِّ الرِّجَالِ مِنْ مَاءٍ تَحْتَ الْعَرْشِ يُدْعَى مَاءَ الْحَيَوَانِ ، فَيُنْبَتُونَ فِي قُبُورِهِمْ نَبَاتَ الزَّرْعِ حَتَّى إِذَا اسْتُكْمِلَتْ أَجْسَادُهُمْ نَفَخَ فِيهِمُ الرُّوحَ ، ثُمَّ يُلْقِي عَلَيْهِمُ النُّوَّمَ فَيَنَامُونَ فِي قُبُورِهِمْ ، ثُمَّ يُحْشَرُونَ بِالنَّفْخَةِ الثَّانِيَةِ وَهُمْ يَجِدُونَ طَعْمَ النَّوْمِ فِي رُءُوسِهِمْ وَأَعْيُنِهِمْ ، فَعِنْدَ ذَلِكَ يَقُولُونَ : (يَا وَيْلَنَا مَنْ بَعَثَنَا مِنْ مَرْقَدِنَا)

ابوهريرة و ابن عباس گوتوویانە: کاتێك گشت خەڵك بە فووکردنی یەکەم مرد، ئەوە الله ئاوێك لە ژێر عەرش دەنێرێت وەك تۆواوی پیاوە، پێی دەگوترێت ئاوی حەیوان، جا مردووەکان لە ناو گۆڕەکانیان وەك ڕووەك دەڕژێنەوە، تاوەکو کاتێك لەشیان تەواو دەبێت و ڕۆحیان لە ناو دەکرێتەوە ، ئینجا لە ناو گۆڕەکانیان دەخەون، ئینجا بە فووکردنی دووەم کۆدەکرێنەوە، وە هەست بە خۆشی خەوتن لە سیما و چاوەکانیان دەبینرێت، جا ئەوکاتە دەڵێن: {قورمان بەسەر کێ ئێمەی لە گۆڕەکانمان زیندوو کردەوە}، (ئایەتی ٥٢ سوورەتی یس).

وە زۆرێك لە بڕگەکانی ئەم ئایەتە دووبارەی ئایەتی ٦٧ سوورەتی غافرە کە دەڵێت:

هُوَ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ ثُمَّ يُخْرِجُكُمْ طِفْلًا ثُمَّ لِتَبْلُغُوا أَشُدَّكُمْ ثُمَّ لِتَكُونُوا شُيُوخًا وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّىٰ مِن قَبْلُ وَلِتَبْلُغُوا أَجَلًا مُّسَمًّى

واتە:

ئەوە، کە ئێوەی لە خۆڵ دروستکردووە ئینجا لە تۆواوێك، ئینجا لە کڵۆیەك خوێن، ئینجا وەك منداڵ دەرتاندەهێنێت، ئینجا بۆ ئەوەی بگەن بە ئەوپەڕی هەرەتتان، ئینجا بۆ ئەوەی پیر بن، وە هەتانە بەر لەو کاتە دەمرێت، وە بۆ ئەوەی بگەن بەو کاتەی بۆتان نووسراوە.

ئایەتی ٦

ذَٰلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَقُّ وَأَنَّهُ يُحْيِي الْمَوْتَىٰ وَأَنَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ

دەڵێت:

ئەوە بەڵگەیە کە هەر الله ڕاستە، وە هەر ئەو مردوو زیندوو دەکاتەوە، وە هەر ئەو توانایی بەسەر هەموو شتێکدا دەڕوات.

واتە:

ئەو ئایەتەی پێشوو دەیسەلمێنێت کە هەر الله ڕاست و هەقە. وە هەر اللەیە کە مردوو زیندوو دەکاتەوە، وە هەر اللەیە کە توانایی بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێت.

بەڵام ئایا تەنها اللەیە کە دەتوانێت مردوو زیندوو بکاتەوە؟ نەخێر، لە ئایەتی ٤٩ سوورەتی ال عمران هاتووە عیسا دەڵێت:

وَأُحْيِي الْمَوْتَىٰ بِإِذْنِ اللَّهِ

وە مردوو زیندوو دەکەمەوە بە مۆڵەتی الله.

جا بە مۆڵەتی الله بێت، یان بە بێ مۆڵەت بێت، گرنگ نییە، گرنگ ئەوەی لەم سیفاتە هاوبەشە لەگەڵ خودا.

ئایەتی ٧

وَأَنَّ السَّاعَةَ آتِيَةٌ لَّا رَيْبَ فِيهَا وَأَنَّ اللَّهَ يَبْعَثُ مَن فِي الْقُبُورِ

دەڵێت:

وە ساتەکە بەڕێوەیە، گومانی تێدا نییە، وە الله ئەوانە زیندوو دەکاتەوە کە لە گۆڕەکانن.

واتە:

{وَأَنَّ السَّاعَةَ آتِيَةٌ}، واتە قیامەت بەڕێوەیە و نزیکە.

{وَأَنَّ اللَّهَ يَبْعَثُ مَن فِي الْقُبُورِ}، وە الله ئەوانە زیندوو دەکاتەوە کە لە گۆڕەکانن.

پرسیار: ئەی ئەوانەی مردوون و نەنێژراون؟ بۆ نموونە وەك هیدنۆسیەکان کە مردووەکانی خۆیان دەسووتێنن؟ زیندووناکرێنەوە!

ئایەتی ٨

وَمِنَ النَّاسِ مَن يُجَادِلُ فِي اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَلَا هُدًى وَلَا كِتَابٍ مُّنِيرٍ

دەڵێت:

وە خەڵك هەیە کە مشتومڕ سەبارەت بە الله دەکات، بێ ئەوەی زانیاری و هیدایەت و پەرتووکێکی ڕۆشنکەرەوەی هەبێت.

ئەم برگەیە: {وَمِنَ النَّاسِ مَن يُجَادِلُ فِي اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ}، دووبارەی ئایەتەی ٣ ئەم سووڕەتەیە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

{وَلا هُدًى}، بێ بەڵگە.

{وَلا كِتَابٍ مُنِيرٍ}، دەڵێت، بێ ئەوەی پەرتووکێکی لە لایەن اللهوە بۆ دابەزیبێت.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت، مەبەست النضر بن الحارثة.

ئایەتی ٩

ثَانِيَ عِطْفِهِ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ اللَّهِ لَهُ فِي الدُّنْيَا خِزْيٌ وَنُذِيقُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَذَابَ الْحَرِيقِ

دەڵێت:

خۆی هەڵدەکێشێت بۆ ئەوەی خەڵك لە ڕێبازی الله گومڕا بکات، بۆ ئەو لە دونیا ڕیسوایی دەبێت، وە لە قیامەت سزای ئاگری پێ دەچێژین.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

{ثَانِيَ عِطْفِهِ}، واتە: خۆبەزلزانە و خۆی هەڵدەکێشێت.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت، ابن عباس گوتوویەتی: ئەوە النضر بن الحارث بوو کە ملی خۆی بادەدا وەك لە خۆبایی بوونێك و خۆ بەزلزانیك.

جا دەڵێت النضر بن الحارث لە دوانیا ڕیسوایی بۆ دەبێت، وە لە قیامەت بە ئاگری دۆزەخ سزا دەدرێت.

محمد پێغەمبەری ئیسلام، النضر بن الحارث بە دیلی دەکوژێت.

ئایەتی ١٠

ذَٰلِكَ بِمَا قَدَّمَتْ يَدَاكَ وَأَنَّ اللَّهَ لَيْسَ بِظَلَّامٍ لِّلْعَبِيدِ

دەڵێت:

ئەوە بە هۆی ئەو دەستپێشکەریانەن بە دەستەکانت بەدەستت هێناون، وە الله ستەم ناکات لە بەندەکانی.

واتە: الله بە النضر بن الحارث دەڵێت:

ڕیسوات دەکەین لە دونیا و سزات دەدەین لە دۆزەخ بە هۆی کاروکردەوەکانت.

خودایەکی سەیرە، النضر بن الحارثی لێ بووە بە گرێکۆڵەیەکی دەروونی، خودات بینیوە دەم لە دەمی مرۆڤ بنێت! یان باوکێکی ئاقڵت بینیوە دەم لە دەمی منداڵە بچووکەکەی بنێت! ئاخر خودا لە چاو مرۆڤ وەك باوك وایە.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت

هەرکەسێکیان لە ڕۆژێکدا ٧٠ هەزار جار لە دۆزەخدا دەسووتێنرێن.

دۆزەخ سەرتاپای ئاگرە، جا نازانم ٧٠ هەزار جار سووتان مانای چییە؟!

دەیەها ئایەتی قورئان لەسەر النضر دابەزیوە، هەروەك لە سوورەتەکانی مەککە ئاماژەمان پێیان کرد.

ئایەتی ١١

وَمِنَ النَّاسِ مَن يَعْبُدُ اللَّهَ عَلَىٰ حَرْفٍ فَإِنْ أَصَابَهُ خَيْرٌ اطْمَأَنَّ بِهِ وَإِنْ أَصَابَتْهُ فِتْنَةٌ انقَلَبَ عَلَىٰ وَجْهِهِ خَسِرَ الدُّنْيَا وَالْآخِرَةَ ذَٰلِكَ هُوَ الْخُسْرَانُ الْمُبِينُ

دەڵێت:

وە لە خەڵك هەیە کە لەسەر بنەمای شکوگومان الله دەپەرستێت، جا ئەگەر چاکەیەك تووشی بوو ئەوە دڵنەوا دەبێت، وە ئەگەر بەڵایەك تووشی بوو، لەسەر سیماکەی هەڵدەگەڕاوەتەوە، دونیا و ئاخیرەتی دۆراندووە، جا ئەوەیە دۆڕانی ئاشکرا و ڕوون.

واتە:

هەندێك کەس هەیە لەسەر بنەمای گومان الله پەرستی دەکات، ئەگەر لە دونیا باشی بۆ هات ئەوە دڵنەوا دەبێت و ئیماندار دەبێت، ئەگەر خراپ و بەڵای تووش بوو ئەوە لە اللەپەرستی هەڵدەگەڕێتەوە و کافر دەبێتەوە، ئەو کەسانە دونیا و ئاخیرەتیان دۆڕاندووە، وە ئەوەیە دۆڕانی ئاشکرا.

الطبری لە جامع البیان و ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێن:

{وَمِنَ النَّاسِ مَن يَعْبُدُ اللَّهَ عَلَىٰ حَرْفٍ}، واتە لەسەر بنەمای شك.

وە ابن کثیر دەڵێت، البخاری ئاماژەی بە ڕیوایەتێك کردووە کە ابن عباس گوتوویەتی:

كَانَ الرَّجُلُ يَقْدَمُ الْمَدِينَةَ ، فَإِنْ وَلَدَتِ امْرَأَتُهُ غُلَامًا ، وَنُتِجَتْ خَيْلُهُ ، قَالَ : هَذَا دِينٌ صَالِحٌ . وَإِنْ لَمْ تَلِدِ امْرَأَتُهُ ، وَلَمْ تُنْتَجْ خَيْلُهُ قَالَ : هَذَا دِينُ سُوءٌ

پیاوێك دەهات بۆ مەدینە، جا ئەگەر ژنەکەی کوڕی ببوایە و وڵاخەکەی زاوزێی بکردایە، دەیگوت: ئەمە دینێکی چاکە، وە ئەگەر ژنەکەی کوڕی نەبووایە و وڵاخەکەی زاوزێی نەکردایە، دەیگوت ئەم دینە دینێکی خراپە.

ئایەتی ١٢

يَدْعُو مِن دُونِ اللَّهِ مَا لا يَضُرُّهُ وَمَا لا يَنفَعُهُ ذَلِكَ هُوَ الضَّلالُ الْبَعِيدُ

دەڵێت:

جگە لە الله، هانا بۆ شتێك دەبات کە نە زیان، وە نە سوودی پێی دەگەیەنێت، ئەوەیە گومڕاییە دوورەکە.

واتە:

{مَا لا يَضُرُّهُ وَمَا لا يَنفَعُهُ- ئەوەی نە زیان، وە نە سوودی پێی دەگەیەنێت)، واتە بت.

واتە کاتێك هەڵدەگەڕێتەوە و کافر دەبێت دەست دەکات بە هانابردن بۆ بت کە نە سوود، وە نە زیانی پێی دەگەیەنێت. وە ئەوەیە گومڕایی دوور.

ئایەتی ١٣

یَدْعُو لَمَن ضَرُّهُ أَقْرَبُ مِن نَّفْعِهِ لَبِئْسَ الْمَوْلَى وَلَبِئْسَ الْعَشِيرُ

دەڵێت:

هانا بۆ کەسێك دەبات کە زیانەکەی نزیکترە لە سوودەکەی بۆی، چەند یاوەرێکی خراپە، وە چەند هاودۆستێکی خراپە.

واتە:

جا کاتێك ئەو کەسە لە ئیسلام هەڵدەگەڕێتەوە و کافر دەبێت و بت دەپەرستێت، ئەوە پەنا دەباتە بەر کەسانێکی کافر کە زیاتر زیانی پێ دەگەیەنن لەوەی سوودی پێ بگەیەنن، جا ئەو کافرانە هاوڕێی چەند خراپن، وە کەسانێکی چەند خراپن کە سەروسەودا و مامەڵە و هەڵسان و دانیشتنیان لەگەڵدا بکەیت.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

ابن مسعود، دەیخوێندەوە: {يَدْعُو مَنْ ضَرَّهُ أَقْرَبُ مِنْ نَفْعِهِ}.

پرسیار: کاتێك موسڵمانان لە وڵاتەکەیان ڕادەکەن و دەچن بۆ ڕۆژئاوا ئەی پانا نابەنە بەر کافرەکان بۆ ئەوەی بیانپارێزن؟

بۆ پابەندی ئەم ئایەتە نابن؟

ئایەتی ١٤

إِنَّ اللَّهَ يُدْخِلُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ إِنَّ اللَّهَ يَفْعَلُ مَا يُرِيدُ

دەڵێت:

الله ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و کاری چاکیان کردووە دەخاتە باخاتێکەوە، لە ژێریانەوە ڕووبارەکان دەڕۆن، وە الله کارێك دەکات کە خۆی دەیەوێت.

ئەم برگەیە دەڵێت:

إِنَّ اللَّهَ يَفْعَلُ مَا يُرِيدُ

الله کارێك دەکات کە خۆی دەیەوێت.

واتە الله بە کەیفی خۆی دەکات.

ئایەتی ١٥

مَن كَانَ يَظُنُّ أَن لَّن يَنصُرَهُ اللَّهُ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ فَلْيَمْدُدْ بِسَبَبٍ إِلَى السَّمَاء ثُمَّ لِيَقْطَعْ فَلْيَنظُرْ هَلْ يُذْهِبَنَّ كَيْدُهُ مَا يَغِيظُ

دەڵێت:

هەر کەسێك پێی وابێت کە الله هەرگیز لە دونیا و قیامەت ئەو سەر ناخات، دەبا خۆی بە پەتێك لە ئاسمانەوە شۆڕ بکاتەوە و بیبڕێت، ئینجا با سەیربکات، ئایا فێڵەکەی ڕق و کینەی ناهێڵێت؟

ئەم ئایەتە دەڵێت:

هەر کەسێك پێێ وابێت الله لە دونیا و قیامەت محمد سەرناخات، ئەوە با بە پەتێك لە ئاسمانەوە خۆی شۆڕبکاتەوە و خۆی بخنکێنێت، ئینجا سەیر بکات: ئایا ڕقوقینی فرتوفێڵەکەی ڕۆیشتووە؟

الطبری لە جامع البیان، دەڵێت واتە:

هەر کەسێك لە خەڵك پێی وابێت کە الله لە دونیا و قیامەت محمد سەرناخات و پشتیوانی ناکات، ئەوە با خۆی بە پەتێکەوە بە بنمیچی خانووەکەیەوە هەڵواسێت، ئینجا دوای ئەوەی خنکا پەتەکە ببڕێت و سەیرێك بکات کە ئایا دوای خنکانی ڕقوقینی ڕۆیشتووە؟

الرازی لە مفاتیح الغیب دەڵێت: ئەمە وتەی زۆربەی شرۆڤەکەرانە.

پرسیار:

ئەگەر کەسێك خۆی لە سێدارەدا و خنکاو مرد چۆن دەتوانێت سەیربکات بۆ ئەوەی بزانێت ڕقوقینی دڵی ماوە، یان نەماوە؟

بەڵام من پێم وایە ئەم ئایەتە دەڵێت:

{مَن كَانَ يَظُنُّ}، هەرکەسێك پێی وابێت، {أَن لَّن يَنصُرَهُ اللَّهُ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ} الله هەرگیز نە لە دونیا، وە نە لە قیامەت پشتیوانی ئەو ناکات، {فَلْيَمْدُدْ بِسَبَبٍ إِلَى السَّمَاءِ}، با بە پلیکانێك بەرەو ئاسمان سەرکەوێت، {ثُمَّ لِيَقْطَعْ}، ئینجا با ببڕێت، واتە پشتیوانی الله ببڕێت، {فَلْيَنظُرْ هَلْ يُذْهِبَنَّ كَيْدُهُ مَا يَغِيظُ}، ئینجا سەیربکات کە ئایا ڕقوقینی لە دڵدا ڕۆیشتووە؟

واتە:

هەرکەسێك پێی وابێت کە الله هەرگیز نە لە دونیا، وە نە لە قیامەت پشتیوانی محمد ناکات ئەوە با بە پلیکانێك بۆ ئاسمان سەرکەوێت و پشتیوانیکەی الله بۆ محمد ببڕێت، ئینجا سەیربکات کە ئایا ئەم فرتوفێڵەی ڕقوقینی بردووە؟

{سبب}، بە تاك و {اسباب} بە کۆ، لە قورئاندا بە مانای پلیکان هاتووە، وەك ئایەتی ١٠ ص دەڵێت:

أَمْ لَهُم مُّلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا فَلْيَرْتَقُوا فِي الْأَسْبَابِ

یان ئەوان خاوەندارێتی ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی نێوانیان دەکەن، جا ئەگەر وایە، ئەوە با بە پلیکانەکان سەرکەون بۆ ئسمانەکان.

یان {سبب و اسباب} بە مانای ڕێگا و ڕێچکە هاتووە، وەك لە ئایەتی ٣٦-٣٧ سوورەتی غافر فیرعەون دەڵێت:

يَا هَامَانُ ابْنِ لِي صَرْحًا لَّعَلِّي أَبْلُغُ الْأَسْبَابَ، أَسْبَابَ السَّمَاوَاتِ فَأَطَّلِعَ إِلَىٰ إِلَـٰهِ مُوسَىٰ

ئەی هامان بورجێکم بۆ دروست بکە بەڵکو دەگەمە ڕێڕەوەکان، ڕێڕەوی ئاسمانەکان و سەیرێکی خوداکەی موسا بکەم.

ئایەتی ١٦

وَكَذَٰلِكَ أَنزَلْنَاهُ آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ وَأَنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَن يُرِيدُ

دەڵێت:

وە بەم جۆرە ئایەتی ڕوونمان دابەزاند، وە الله هەر کەسێکی بوێت هیدایەتی دەدات.

واتە:

بەم جۆرە چەندەها ئایەتی ڕوونمان لە قورئان دابەزاند، وە الله بە کەیفی خۆی دەکات، هەر کەسێکی بوێت ئەوە هیدایەتی دەدات.

ئایەتی ١٧

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَادُوا وَالصَّابِئِينَ وَالنَّصَارَىٰ وَالْمَجُوسَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُوا إِنَّ اللَّهَ يَفْصِلُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ

دەڵێت:

ئەوانەی ئیمانیان هێناوە و ئەوانەی بوون بە یەهوودی و سابئی و نەسارا و ئاگرپەرستەکان و ئەوانەی شرکیان کردووە، الله لە ڕۆژی قیامەت نێوانیان دەکات، لە ڕاستیدا الله بە سەر هەموو شتێکدا شایەتە.

ئەم بڕگەیە: {إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَادُوا وَالنَّصَارَى وَالصَّابِئِينَ}، لە ئایەتی ٦٢ البقرة و ٦٩ المائدة دووبارە بۆتەوە.

وە وشەی {الْمَجُوسَ- ئاگرپەرست}، یەك جار لە قورئاندا هاتووە کە ئەویش ئەم ئایەتەیە.

الطبری لە جامع البیان، دەڵێت {الْمَجُوسَ}، ئەوانەن کە ئاگریان بەلاوە مەزنە و خزمەتی دەکەن. وە دەڵێت قتادة گوتوویەتی شەش ئاین هەن، پێنجیان شەیتانین، (یەهوودی و مەسیحی و سابئی و مەجووسی و بتپەرستی)، وە دانەیەکیان ئاینی ڕەحمانە (ئیسلام).

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

{الْمَجُوسَ}، ئەوانەن ئاگر دەپەرستن و بڕوایان بە دوو هێز هەیە: هێزی ڕووناکی و هێزی تاریکی. وە قتادة گوتوویەتی شەش ئاین هەن، پێنج دانەیان ئاینی شەیتانن و دانەیەکیان ئاینی ڕەحمانە. وە گوتوویانە: ئەسڵی وشەی {الْمَجُوسَ}، لە

{النجوس- پیسایيەكان} هاتووە، چونكە خوداپەرستی دەكەن لە ڕێگای بەكارهێنانی پیسایی و میز، چونكە لە زمانی عەرەبی دەشێت پیتی {م} و {ن} لە وشەكان ئاڵوگۆڕ پێ بكرێن.

ئینجا ئەم ئایەتە دەڵێت:

الله لە قیامەت نێوانیان دەكات، وە الله شایەتە بەسەر هەموو شتێكدا.

ئایەتی ١٨

أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يَسْجُدُ لَهُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَمَن فِي الْأَرْضِ وَالشَّمْسُ وَالْقَمَرُ وَالنُّجُومُ وَالْجِبَالُ وَالشَّجَرُ وَالدَّوَابُّ وَكَثِيرٌ مِّنَ النَّاسِ وَكَثِيرٌ حَقَّ عَلَيْهِ الْعَذَابُ وَمَن يُهِنِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِن مُّكْرِمٍ إِنَّ اللَّهَ يَفْعَلُ مَا يَشَاءُ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

ئەی نەتبینیوە كە بۆ الله كڕنۆش دەبەن هەر كێیەك لە ئاسمانەكان و هەر كێیەك لە زەویدایە، وە خۆر و مانگ و ئەستێرەكان و چیاكان و درەختەكان و گیاندارەكان و زۆرێك لە خەڵك، وە زۆرێك شایستەن بە سزا، وە هەر كەسێك الله ڕیسوای بكات، ئەوە كەسێك نابێت ڕێزداری بكات، وە الله كارێك دەكات كە خۆی بیەوێت.

ئەم ئایەتە دەڵێت، گشت ئەوانە كڕنۆش بۆ الله دەبەن:

یەكەم: هەر كێیەك لە ئاسمانەكانە، واتە فریشتەكان.

دووەم: هەر كێیەك لە زەوییە، واتە مرۆڤ و جنۆكە.

سەبارەت بە جنۆكە نازانم، بەڵام هەموو كەسێك باش دەزانێت كە هەموو مرۆڤێك كڕنۆش بۆ الله نابات.

كەواتە ئەم ئیدعایە ڕاست نییە.

سێهەم: خۆر و مانگ و ئەستێرەكان و چیاكان و درەختەكان و ئاژەڵەكان.

لە صحیح البخاری، ڕیوایەتێك هاتووە، ابو ذر گوتوویەتی:

كُنْت مَعَ النَّبِيّ صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي الْمَسْجِد عِنْد غُرُوب الشَّمْس فَقَالَ صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ " يَا أَبَا ذَرّ أَتَدْرِي أَيْنَ تَغْرُب الشَّمْس؟" قُلْت اللَّه وَرَسُوله أَعْلَم قَالَ صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: "فَإِنَّهَا تَذْهَب حَتَّى تَسْجُد تَحْت الْعَرْش فَذَلِكَ قَوْله تَعَالَى: "وَالشَّمْس تَجْرِي لِمُسْتَقَرٍّ لَهَا ذَلِكَ تَقْدِير الْعَزِيز الْعَلِيم

له مزگەوت لەگەڵ پێغەمبەر بووم لە کاتی خۆرئاوابوون، پێغەمبەر گوتی: ئەی باوکی زەر دەزانیت خۆر لە کوێ ئاوا دەبێت؟ دەڵێت گوتم: الله و پێغەمبەرەکەی دەزانن، گوتی: لە ڕاستیدا خۆر دەڕوات تاوەکو لە ژێر عەرش کڕنۆش دەبات، وەك قورئان دەڵێت: {خۆر دەڕوات بۆ شوێنی سرەوتنی، ئەوە دیاریکردنی باڵادەستە زاناکەیە}.

سێهەم: لەگەڵ ئەوەش کە لە سەرەتای ئایەتەکە هاتووە دەڵێت:

أَنَّ اللَّهَ يَسْجُدُ لَهُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَمَن فِي الْأَرْضِ

واتە: ئەوەی لە زەویيە کڕنۆش بۆ الله دەبات.

بەلام نووسەری قورئان دواتر خۆی بە درۆ دەخاتەوە و دەڵێت هەمووش نا، بەڵکو زۆربەی:

وَكَثِيرٌ مِّنَ النَّاسِ

وە زۆرێك لە خەڵك.

پرسیار: هەرکێیەك لە زەویدایە کڕنۆش بۆ الله دەبات؟ یان زۆربەی خەڵك؟

ئینجا ئایەکە ئاماژە بە شتێکی سەیرتر دەکات و دەڵێت:

وَكَثِيرٌ حَقَّ عَلَيْهِ الْعَذَابُ

وە زۆرێك شایستەن بە سزا و سزایان بەسەردا جێبەجێ دەبێت.

پرسیار: ئەگەر زۆرێك لە خەڵك کڕنۆش ببات (کەواتە خوداپەرستن)، دە کەواتە بۆچی زۆرێك لە خەڵك شایستەن بە سزا، وە سزایان بەسەردا جێبەجێ دەبێت؟

ئایەتەکە وەڵام دەداتەوە و دەڵێت:

إِنَّ اللَّهَ يَفْعَلُ مَا يَشَاءُ

لە ڕاستیدا الله كارێك دەكات كە خۆی دەیەوێت، واتە بە كەیفی خۆی دەكات.

وە ئایەتەكە دەڵێت:

وَمَن يُهِنِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِن مُّكْرِمٍ

وە هەر كەسێك الله ڕیسوای بكات، ئەوە كەسێكی نابێت ڕێزداری بكات.

ئایەتی ١٩-٢٠

هَـٰذَانِ خَصْمَانِ اخْتَصَمُوا فِي رَبِّهِمْ فَالَّذِينَ كَفَرُوا قُطِّعَتْ لَهُمْ ثِيَابٌ مِّن نَّارٍ يُصَبُّ مِن فَوْقِ رُءُوسِهِمُ الْحَمِيمُ

يُصْهَرُ بِهِ مَا فِي بُطُونِهِمْ وَالْجُلُودُ

دەڵێت:

ئەمانە دوو نەیارن، مشتومڕیانە سەبارەت بە خوداكەیان، جا ئەوانەی كافر بوون، كراسێكیان لە ئاگر بۆ بڕدراوە، وە ئاوی كوڵاو بەسەر سەریان دادەكرێت.

ئەوەی لە ناو سكیانە و پێستیان پێی دەتووێنرێتەوە.

هەڵەی زمانەوانی:

هَـٰذَانِ خَصْمَانِ اخْتَصَمُوا فِي رَبِّهِمْ

{هَـٰذَانِ}، واتە ئەم دوو دانە، یان دوو دەستەیە، یان دوو كۆمەڵە، {خَصْمَانِ} بۆ دوو كەس، یان دوو دەستە یان دوو كۆمەڵ بەكاردێت كە نەیاری یەكن.

بەڵام { اخْتَصَمُوا فِي رَبِّهِمْ} بە كۆ هاتووە، واتە بۆ كۆمەڵێك، وە ئەوە هەڵەیە و دەبووایە بڵێت:

اخْتَصَما فِي رَبِّهِمْا

واتە: دووكەسن یان دوو دەستەن یان دوو كۆمەڵ ناكۆیانە سەبارەت بە خوداكەیان، جا ئەم ئایەتە و ئایەتەكانی دواتر پێمان دەڵێت: كە دەستەیەكیان كافرە و دەستەیەكیان ئیماندارە:

فَالَّذِينَ كَفَرُوا قُطِّعَتْ لَهُمْ ثِيَابٌ مِّن نَّارٍ يُصَبُّ مِن فَوْقِ رُءُوسِهِمُ الْحَمِيمُ

جا ئەوانەی کافرن کراسێکیان لە ئاگر بۆ بڕدراوەتەوە، ئاوی گەرمیش بە سەر تەپڵی سەریانەوە دەڕێژرێت.

ئینجا ئایەتی ٢٠ دەڵێت:

يُصْهَرُ بِهِ مَا فِي بُطُونِهِمْ وَالْجُلُودُ

ئەو ئاوەی کە بێسنوور گەرمە و بەسەر تەپڵی سەریاندا دەڕێژرێت، ئەوەی لە سکیانە و پێستەکانیان دەتووێنێتەوە.

ئایەتی ٢١-٢٢

وَلَهُم مَّقَامِعُ مِنْ حَدِيدٍ

كُلَّمَا أَرَادُوا أَن يَخْرُجُوا مِنْهَا مِنْ غَمٍّ أُعِيدُوا فِيهَا وَذُوقُوا عَذَابَ الْحَرِيقِ

دەڵێت:

وە چەندەها خوتورمەیان لە ئاسن بۆ دەبێت.

هەرچەند جارێك ویستیان لەم تەنگەژەیە دەربچن، بۆ ناوی دەگێڕدرێنەوە و (پێیان دەگوترێت) بچێژن سزای ئاگر.

{مَّقَامِعُ}، کۆیە و تاکەکەی {مقمعة}یە.

واتە:

جا بۆ ئەو کافرانە چەندەها گورز و خوتورمەیان لە ئاسن دەبێت، هەرچەند جارێك ویستیان لە دۆزەخ دەربچن، ئەوە بەم گورزە و خوتورمەیە لێیان دەدرێن و دەگێڕدرێنەوە بۆ ناو دۆزەخ، وە فریشتەکان پێیان دەڵێن: بچێژن سزای ئاگر.

الطبری لە جامع البیان، دەڵێت:

ئەو فریشتانەی پاسەوانی دۆزەخن چەندەها گورزی ئاسنینیان بەدەستەوە دەبێت، هەرچەند جارێك دۆزەخیەکان ویستیان لە دۆزەخ ڕابکەن، بەو گورزە لێیان دەدرێت و دەگێڕدرێنەوە بۆ ناو دۆزەخ.

السیوطی لە الدر المنثور، دەڵێت:

وَأَخْرَجَ أَحْمَدُ ، وَأَبُو يَعْلَى ، وَابْنُ أَبِي حَاتِمٍ ، وَالْحَاكِمُ وَصَحَّحَهُ، وَابْنُ مَرْدُوَيْهِ ، وَالْبَيْهَقِيُّ فِي " الْبَعْثِ " عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ، عَنْ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ : لَوْ أَنَّ مِقْمَعًا مِنْ حَدِيدٍ وُضِعَ فِي الْأَرْضِ فَاجْتَمَعَ الثَّقَلَانِ مَا أَقَلُّوهُ مِنَ الْأَرْضِ، وَلَوْ ضُرِبَ الْجَبَلُ بِمِقْمَعٍ مِنْ حَدِيدٍ لَتَفَتَّتَ ثُمَّ عَادَ كَمَا كَانَ

ئیمام احمد و ابویعلی و ابن ابي حاتم و الحاكم، (به صحیحی داناوه) و ابن مردویة و البیهقی له البعث، ڕیوایەتێکی ئاماژە پێکردووە کە ابي سعيد الخدری دەڵێت، پێغەمبەری گوتی:

ئەگەر گورزەیەك لە ئاسن بکەوێتە سەر زەوی، وە هەموو مرۆڤ و جنۆکە کۆببنەوە، ئەوە ناتوانن لە زەوی بەرزی بکەنەوە، وە ئەگەر لە چیایەك بدات ئەوە پارچە پارچەی دەکات، ئینجا وەك خۆی لێ دێتەوە.

وە القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت، لە ڕیوایەتێك هاتووە، کە دەڵێت:

بِيَدِ كُلِّ مَلَكٍ مِنْ خَزَنَةِ جَهَنَّمَ مِرْزَبَةٌ لَهَا شُعْبَتَانِ ، فَيَضْرِبُ الضَّرْبَةَ فَيَهْوِي بِهَا سَبْعِينَ أَلْفًا

بە دەستی هەر فریشتەیەکی پاسەوانی دۆزەخ چەکوشێك هەیە کە دوو سەرەیە، بە یەك لێدان ٧٠ هەزار کەس فڕێدەدات.

ئایەتی ٢٢ زۆر گاڵتەجاریە، چونکە دەڵێت:

كُلَّمَا أَرَادُوا أَن يَخْرُجُوا مِنْهَا مِنْ غَمٍّ أُعِيدُوا فِيهَا وَذُوقُوا عَذَابَ الْحَرِيقِ

هەرچەند جارێك دۆزەخیەکان ویستیان لە تەنگەژە و ئازاری دۆزەخ دەربچن، ئەوە بۆ ناو دۆزەخ دەگێردرێنەوە (بە چەکوشەکە)، وە پێیان دەگوترێت: چێژی سزای ئاگر بکەن.

دیارە ڕاکردن لە دۆزەخ هەیە، دۆزەخێك کە ٧٠ هەزار قوڵپی هەیە، و هەر قوڵپێك ٧٠ هەزار فریشتە دەیگرێت:

يُؤْتَى بِجَهَنَّمَ يَوْمَئِذٍ لَهَا سَبْعُونَ أَلْفَ زِمَامٍ مَعَ كُلِّ زِمَامٍ سَبْعُونَ أَلْفَ مَلَكٍ يَجُرُّونَهَا

لە ڕۆژی قیامەت دۆزەخ دەهێنرێت کە ٧٠ هەزار قوڵپی هەیە، وە هەر قوڵپێك ٧٠ هەزار فریشتە ڕایدەکێشێت.

چۆن کافر دەتوانێت لە دۆزەخێکی بەم شێوەیە ڕابکات.

ئایەتی ٢٣

إِنَّ اللَّهَ يُدْخِلُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ يُحَلَّوْنَ فِيهَا مِنْ أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٍ وَلُؤْلُؤًا وَلِبَاسُهُمْ فِيهَا حَرِيرٌ

دەڵێت:

الله ئەوانەی ئیمانیان و کاری چاکیان کردووە دەخاتە باخاتێکەوە کە ڕووبارەکان لە ژێریەوە دەڕۆن، تیایدا خۆیان بە بازنە لە زێڕ و مرواری دەڕازێننەوە و تیایدا جلەکانیان ئاوریشمە.

واتە:

دەستەی دووەم کە ئیماندارەکانن کە ئیمانیان بە الله و محمد هێناوە و کاری چاکیان کردووە، دەیانخاتە باخاتێکەوە کە چەندەها ڕووبار لە ژێریەوە دەڕۆن، وە تیایدا پیاوانی ئیماندار بازنە لە ئاڵتون و مرواری لە دەست دەکەن و خۆیان دەڕازێننەوە، وە جلی ئاوریشم لەبەر دەکەن.

الطبری دەڵێت، گشت قورئانخوێنانی عیراق و میسر، لە جیاتی {لُؤْلُؤًا}، دەیانخوێندەوە: {وَلُؤْلُؤٍ}.

ئایەتی ٢٤

وَهُدُوا إِلَى الطَّيِّبِ مِنَ الْقَوْلِ وَهُدُوا إِلَى صِرَاطِ الْحَمِيدِ

دەڵێت:

وە ڕێنمایی بکرێن بۆ وتەی نایاب و ڕێنمایی بکرێن بۆ ڕێگای سوپاسکردن.

الطبری لە جامع البيان دەڵێت:

{وَهُدُوا إِلَى الطَّيِّبِ مِنَ الْقَوْلِ}، واتە: وە خوداکەیان لە دونیا هیدایەتی کردوون، بۆ شایەتی هیچ خودایەك نییە تەنها الله نەبێت، {وَهُدُوا إِلَى صِرَاطِ الْحَمِيدِ}، واتە: وە خوداکەیان لە دونیا هیدایەتی داون بۆ ڕێگای خودا پاکەکەیان.

القرطبی لە الجامع لاحكام القران دەڵێت:

ابن عباس گوتوویەتی: {وَهُدُوا إِلَى الطَّيِّبِ مِنَ الْقَوْلِ}، واتە: هیچ خودایەك نییە تەنها الله نەبێت.

{وَهُدُوا إِلَى صِرَاطِ الْحَمِيدِ}، واتە: ڕێگای الله، واتە ئیسلام.

ئایەتی ٢٥

إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ وَالْمَسْجِدِ الْحَرَامِ الَّذِي جَعَلْنَاهُ لِلنَّاسِ سَوَاء الْعَاكِفُ فِيهِ وَالْبَادِ وَمَن يُرِدْ فِيهِ بِإِلْحَادٍ بِظُلْمٍ نُذِقْهُ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ

دەڵێت:

ئەوانەی کوفریان کرد و بەرپەرچی ڕێبازی الله و مزگەوتی حەرام دەدەنەوە کە بۆ خەڵك وەك یەکمان لێ کردووە، ئەوەی لەوێ نیشتەجێیە و ئەوەی لە بیابانە، وە هەر کەسێك لەوێ بگەڕێتەوە بە لادان و ستەم، ئەوە سزایەکی ئازاربەخشی پێ دەچێژین.

{الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ- مزگەوتی حەرام}، مزگەوتی حەرام وەك یەکمان لێ کردووە، بۆ{الْعَاكِفُ فِيهِ}، ئەوانەی لە مزگەوتی حەرام دەژین، {وَالْبَادِ}، وە ئەوانەی لە بیابان دەژین و کۆچەرن.

{وَمَن يُرِدْ فِيهِ بِإِلْحَادٍ بِظُلْمٍ}، وە هەر کەسێك لەوێ، {لە مزگەوتی حرام}بگەڕێتەوە، لابدات و ستەم بکات، {نُذِقْهُ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ}، سزایەکی ئازاربەخشی پێ دەچێژن.

واتە: کەعبە، بۆ ئەوانەی لە مەککە دەژین و لە بیابان دەژین وەك یەکە.

ئایەتی ٢٦

وَإِذْ بَوَّأْنَا لِإِبْرَاهِيمَ مَكَانَ الْبَيْتِ أَن لَّا تُشْرِكْ بِي شَيْئًا وَطَهِّرْ بَيْتِيَ لِلطَّائِفِينَ وَالْقَائِمِينَ وَالرُّكَّعِ السُّجُودِ

دەڵێت:

وە کە بۆ ئیبراهیم شوێنی ماڵەکەمان دیاری کرد، کە بە هیچ شتێك شرکم پێ نەکرێت، وە ماڵەکەم پاك بکەوە بۆ خولاوەکان و وەستاوەکان و ملکەچکەر و سوژدەبەران.

الطبری لە جامع البیان، دەڵێت:

وە ئەی محمد، ئاماژە بکە، کە چۆن دەستمان دروستکردنی بەم ماڵە کرد، کە قەومەکەت تیایدا شتگەلیك دەپەرستن جگە لە من، کە بۆ ئیبراهیم شوێنەکەیمان دیاری کرد.

وە دەڵێت مەبەست لە {الْبَيْتِ- ماڵەکە}، واتە کەعبە، {أَنْ لَا تُشْرِكْ بِي شَيْئًا}، بە هیچ جۆرێك نابێت شیرکم پێ بکرێت، {وَطَهِّرْ بَيْتِيَ}، وە ماڵەکەم پاك بکەوە لە بتپەرستی.

پرسیار:

ئەگەر ئیبراهیم کەعبەی دروست کردبێت، کەواتە چۆن دەکرێت بە ئیبراهیم بڵێت پاکی بکەوە لە بت، چونکە لە بنەڕەتەوە بوونی نەبووە تاوەکو بتی لێ بێت. وە هەروەها ئایەتی ١٢٧ سوورەتی البقرة دەڵێت:

وَإِذْ يَرْفَعُ إِبْرَاهِيمُ الْقَوَاعِدَ مِنَ الْبَيْتِ وَإِسْمَاعِيلُ رَبَّنَا تَقَبَّلْ مِنَّا إِنَّكَ أَنتَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ

کاتێك ئیبراهیم و ئیسماعیل بناغەی ماڵەکەیان بەرزدەکردەوە، دەیانگوت: خوداکەمان لێمان قبووڵ بکە، وە هەر خۆت بیستەریت و دەزانیت.

{الْقَوَاعِدَ مِنَ الْبَيْتِ}، واتە بناغەی مزگەوتی حەرام.

کەواتە: ئەگەر کەعبە لەلایەن ئیبراهیم و ئیسماعیل دوستکرابیت،کەواتە چۆن دەکرێت خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە ئیبراهیم بڵیت، ماڵەکەم پاک بکەنەوە لە بتەکان، چونکە ئیبراهیم و ئیسماعیل دوستیانکردووە، بەر لە ئیبراهیم ئیسماعیل کەعبە بوونی نەبووە.

وە ئایەتی ١٢٥ سوورەتی البقرة دەڵێت:

وَعَهِدْنَا إِلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ أَنْ طَهِّرَا بَيْتِيَ لِلطَّائِفِينَ وَالْعَاكِفِينَ وَالرُّكَّعِ السُّجُودِ

وە بەڵێنمان لە ئیبراهیم و ئیسماعیل وەرگرت کە ماڵەکەم پاك بکەنەوە (لە بت)، بۆ خولاوەکان و وەستاوەکان و ملکەچکەر و سوژدەبەران.

واتە: هەمان هەڵە دووبارە بۆتەوە.

لەبەر ئەوە، وەك پێشوو سەلماندمان، {المسجد الحرام}، بە هیچ جۆرێك نابێت کەعبەکەی مەککە بێت. بەڵکو مەبەست کێوی مۆریایە لە ئۆرشەلیم (بگەڕێوە بۆ ئایەتی ٣٧ سوورەتی ئیبراهیم).

ئایەتی ٢٧

وَأَذِّن فِي النَّاسِ بِالْحَجِّ يَأْتُوكَ رِجَالا وَعَلَى كُلِّ ضَامِرٍ يَأْتِينَ مِن كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ

دەڵێت:

وە بانگ بدە لە ناو خەڵك بۆ حەجکردن، بە پیادە دێن، وە لەسەر هەموو وڵاخێك دێن لە هەموو کونجێك و ڕێگایەکی دوور.

واتە:

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

جەماوەر، دەیانخوێندەوە: {أَذِّن} واتە: بانگ بدە، بەڵام الْحَسَنُ بْنُ أَبِي الْحَسَنِ وَابْنُ مُحَيْصِنٍ، دەیانخوێندەوە: {آذِنْ}، واتە: مۆڵەت بدە، بەڵام ابْنُ عَطِيَّةَ وَ ابْنِ جِنِّي، دەیانخوێندەوە: {آذَنَ}، بانگدرا.

وە دەڵێت: کاتێك ئیبراهیم ماڵەکەی تەواو کرد، بانگی دا لە ناو خەڵك کە حەج بۆ ماڵەکە بکەن.

وە دەڵێت: {يَأْتُوكَ رِجَالًا وَعَلَى كُلِّ ضَامِرٍ}، واتە خەڵك دێن بۆ لات بە پیادە و لەسەر هەموو جۆرە وڵاخێك.

وە دەڵێت، دەکرێت {الضَّامِرُ}، بە مانای وشترێك بێت کە بە هۆی سەفەرەوە ماندوو بووە.

وە دەڵێت:

ابْنُ أَبِي إِسْحَاقَ وَعِكْرِمَةُ، له جیاتی {رِجَالا}، دەیانخوێندەوە: {رُجَالًا}، بەڵام مجاهد، دەیخوێندەوە: {رُجَالَى}.

ابْنِ مَسْعُودٍ و ابْنِ أَبِي عَبْلَةَ وَالضَّحَّاكِ، له جیاتی {يَأْتِينَ}، دەیانخوێندەوە: {يَأْتُونَ}.

ئایەتی ٢٨

لِيَشْهَدُوا مَنَافِعَ لَهُمْ وَيَذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ فِي أَيَّامٍ مَّعْلُومَاتٍ عَلَى مَا رَزَقَهُم مِّن بَهِيمَةِ الْأَنْعَامِ فَكُلُوا مِنْهَا وَأَطْعِمُوا الْبَائِسَ الْفَقِيرَ

دەڵێت:

بۆ ئەوەی سوودەکانی بۆ خۆیان ببینن و یادی ناوی الله بکەنەوە له ڕۆژانێکی دیاریکراو، لەو گیاندارانەی که وەك ڕزق به ئێوەی داوە، بخۆن و دەرخواردی دەستکورتی هەژار بدەن.

الطبری له جامع البیان دەڵێت، سەبارەت به {لِيَشْهَدُوا مَنَافِعَ لَهُمْ- بۆ ئەوەی ئەو سوودانه ببینن که پێیان دەگات}، دوو وتەوت هەیە:

یەکەم: بازرگانی و بازاڕ، (ابن عباس و أبي رزين و سعيد بن جبير).

دووەم: بازرگانی له دونیا و پاداشت له ئاخیرەت، (مجاهيد و ابن ابي نجيح و ابي جعفر و محمد بن على).

الطبری دەڵێت، هەم بازرگانی و بازار، وە هەم لێبووردەیی و لیخۆشبوون له گوناه دەگرێتەوە.

وە دەڵێت: {وَيَذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ فِي أَيَّامٍ مَّعْلُومَاتٍ عَلَى مَا رَزَقَهُم مِّن بَهِيمَةِ الْأَنْعَامِ} واته:

ئەو ئاژەڵانەی له وشتر و مانگا و مەڕ،{فِي أَيَّامٍ مَعْلُومَاتٍ- له ڕۆژانێکی دیاریکراو}، که ڕۆژەکانی تەشریقە، {التَّشْرِيقِ}، به وتەی هەندێك له شرۆڤەکەران، وە به وتەی هەندێکیان، (دە) ڕۆژەکەیە، وە به وتەی هەندێکیان، {يَوْمُ النَّحْرِ}، ڕۆژی سەربڕین و {وَأَيَّامُ التَّشْرِيقِ}، ڕۆژەکانی تەشریقە.

ئینجا دەڵێت:

فَكُلُوا مِنْهَا وَأَطْعِمُوا الْبَائِسَ الْفَقِيرَ

خۆتان لە گۆشتی ئەو ئاژەڵەی لە حەجدا سەری دەبڕن بخۆن و بیدەن بە هەژاران.

ئایەتی ٢٩

ثُمَّ لْيَقْضُوا تَفَثَهُمْ وَلْيُوفُوا نُذُورَهُمْ وَلْيَطَّوَّفُوا بِالْبَيْتِ الْعَتِيقِ

دەڵێت:

ئینجا با خۆیان لە پیس و چڵکنی داماڵن و با پابەندی نەزرەکەیان بن و با بە ماڵە کۆنەکەدا بسووڕێنەوە.

واتە:

دوای ئەوەی ئاژەڵیان سەربڕی ئەوە با خۆیان بشۆن و لە پیس و چڵکنی پاك کەنەوە و ئەگەر نەزرێکیان کردووە با بیکەن ئینجا بە دەورەی ماڵەکە بسوڕێنەوە.

ابن منظور لە لسان العرب، سەبارەت بە وشەی {تفث}، دەڵێت الزَّجَّاج گوتوویەتی:

لَا يَعْرِفُ أَهْلُ اللُّغَةِ التَّفَثَ إِلَّا مِنَ التَّفْسِيرِ. وَرُوِيَ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ : التَّفَثُ الْحَلْقُ وَالتَّقْصِيرُ، وَالْأَخْذُ مِنَ اللِّحْيَةِ وَالشَّارِبِ وَالْإِبِطِ ، وَالذَّبْحُ وَالرَّمْيُ

شارەزایانی زمانی عەرەبی نازانن {تفث}، مانای چییە؟ تەنها لە شرۆڤەی ابن عباس نەبێت کە گوتوویەتی: واتە: سەرتاشین و کورتکردنەوە، ڕیش و سمێڵ کورتکردنەوە و لابردنی تووکی ژێر باڵ و قوربانیکردن و ڕەجمکردنی شەیتان.

الطبری سەبارەت بە {وَلْيُوفُوا نُذُورَهُمْ – وە با پابەندی نەزرەکەیان بن}، دەڵێت، واتە: پابەندی ئەو نەزرە بن کە بە اللهیان داوە، لە ئاژەڵسەربڕین.

ئینجا {وَلْيَطَّوَّفُوا بِالْبَيْتِ الْعَتِيقِ}، با بە ماڵە کۆنەکە بسووڕێنەوە.

ئایەتی ٣٠

ذَلِكَ وَمَن يُعَظِّمْ حُرُمَاتِ اللَّهِ فَهُوَ خَيْرٌ لَّهُ عِندَ رَبِّهِ وَأُحِلَّتْ لَكُمُ الأَنْعَامُ إِلاَّ مَا يُتْلَى عَلَيْكُمْ فَاجْتَنِبُوا الرِّجْسَ مِنَ الأَوْثَانِ وَاجْتَنِبُوا قَوْلَ الزُّورِ

دەڵێت:

ئەوە، وە هەر کەسێك کە قەدەغەکراوەکانی الله مەزن بکات، چاکترە بۆی لای خوداکەی، بۆ ئێوە هەموو ئاژەڵێك حەڵاڵە، تەنها ئەوەیان نەبێت کە بەسەرتاندا خوێندراوەتەوە، وە خۆتان لە گڵاوی بتەکان بە دوور بگرن، وە لە گوفتاری درۆ خۆتان بە دوور بگرن.

الطبری لە جامع البیان، سەبارەت بە {وَمَنْ يُعَظِّمْ حُرُمَاتِ اللَّهِ فَهُوَ خَيْرٌ لَهُ عِنْدَ رَبِّهِ}، دەڵێت:

وە هەر کەسێك خۆی لەوە بە دوور بگرێت کە الله فەرمانی کردووە، کاتێك لە حاڵەتی ئیحرامە، وە سنوورەکانی الله مەزن ڕابگرێت و پێشێلی حڵاڵ و حەرام نەکات، ئەوە چاکترە بۆ ئەو کەسە لە ئاخیرەت لای خوداکەی.

{وَأُحِلَّتْ لَكُمُ الأَنْعَامُ إِلاَّ مَا يُتْلَى عَلَيْكُمْ- وە هەموو ئاژەڵێك بۆ ئێوە حەڵاڵە، تەنها ئەوەیان نەبێت کە بەسەرتاندا خوێندراوەتەوە}، واتە تەنها مرداربوو و خوێن و بەراز نەبێت، وەك ئایەتی ٣ سوورەتی المائدة دەڵێت:

حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالدَّمُ وَلَحْمُ الْخِنزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ وَالْمُنْخَنِقَةُ وَالْمَوْقُوذَةُ وَالْمُتَرَدِّيَةُ وَالنَّطِيحَةُ وَمَا أَكَلَ السَّبُعُ إِلاَّ مَا ذَكَّيْتُمْ وَمَا ذُبِحَ عَلَى النُّصُبِ

لێتان حەرام کراوە ئاژەڵی مرداربوو و خوێن و گۆشتی بەراز، وە هەر ئاژەڵێك بۆ غەیری الله سەربڕابێت و ئاژەڵی خنکێندراو و ئاژەڵێك کە بە لێدان دەمرێت و ئەوەی لە بەرزایی کەوتۆتە خوارەوە و مردووە و ئەوەی لە سەری دراوە و مردووە، وە ئەو ئاژەڵەی دڕندە پەلاماری داوە تەنها ئەوەیان نەبێت سەرتان بڕیووە، وە ئەو ئاژەڵەی بۆ بتەکان سەربڕاوە.

واتە: تەنها بەراز و ئاژەڵی مرداربوو حەرامە.

ئینجا دەڵێت:

فَاجْتَنِبُوا الرِّجْسَ مِنَ الأَوْثَانِ وَاجْتَنِبُوا قَوْلَ الزُّورِ

لە کاتی حەجدا خۆتان بە دوور بگرن لە گڵاوی بتەکان، وە خۆتان بە دوور بگرن لە گوفتاری درۆ.

واتە: کاتێك محمد و یاوەرەکانی حەجیان کردووە بت هەبووە، لەبەر ئەوە دەڵێت خۆتان بە دوور بگرن لە گڵاوی بتەکان.

ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت، سەبارەت بە {وَاجْتَنِبُوا قَوْلَ الزُّورِ- خۆتان لە گوفتاری درۆ بە دووربگرن}، چوار وتەوت هەیە:

یەکەم: شایەتی بە درۆ، (ابن مسعود).

دووەم: درۆکردن، (مجاهد).

سێهەم: شرککردن، (ابو مالك).

چوارەم: ئەوە وتەی موشریکەکانە سەبارەت بە ئاژەڵ، کە دەیانگوت ئەمە حەڵاڵە و ئەمە حەرامە.

جا هەر کامێك لەو شرۆڤانە ڕاست بێت، ئەوە ئەم دەقە کارەساتە، چونکە خوداوەندی عەرەب و ئیسلام فەرمانیان پێ دەکات کە تەنها لە کاتی حەجدا خۆیان لە گوفتاری {الزُّورِ} بپارێزن. جا گرنگ نییە {الزور} درۆکردنە، یان شایەتی بەدرۆیە، یان شرکە.

ئایەتی ٣١

حُنَفَاء لِلَّهِ غَيْرَ مُشْرِكِينَ بِهِ وَمَن يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ السَّمَاء فَتَخْطَفُهُ الطَّيْرُ أَوْ تَهْوِي بِهِ الرِّيحُ فِي مَكَانٍ سَحِيقٍ

دەڵێت:

لادەرن بۆ الله، شرکی پێ مەکەن، وە هەر کەسێك شرك بە الله بکات، وەك ئەوە وایە کە لە ئاسمان بەربووبێتەوە، جا یان باڵندیەك دەیرفێنێت، یان بایەك بیبات بۆ شوێنێکی دوور.

واتە:

خۆتان له گڵاوی بته‌كان بپارێزن و خۆتان له گوفتاری درۆ به‌دووربگرن، چونكه ئێوه لاتان داوه بۆ لای الله و یه‌كتاپه‌رستی، وه نه‌كه‌ن شرك به الله بكه‌ن، هه‌ر كه‌سێك شرك به الله بكات، ئه‌وه وه‌ك ئه‌وه وایه له ئاسمان به‌ربوویێته‌وه و باڵنده‌یه‌ك بیرفێنێت، یان بایه‌ك هه‌ڵیبگرێت بۆ شوێنێكی دوور.

الطبری له جامع البیان، ده‌ڵێت: {مَكَانٍ سَحِيقٍ}، واته شوێنێكی دوور.

ئایه‌تی ٣٢

ذَلِكَ وَمَن يُعَظِّمْ شَعَائِرَ اللَّهِ فَإِنَّهَا مِن تَقْوَى الْقُلُوبِ

ده‌ڵێت:

به‌م جۆره، وه هه‌ر كه‌سێك دروشمه‌كانی الله به‌رز ڕابگرێت ئه‌وه له دڵه خواپه‌رسته‌كانه.

واته:

پابه‌ندبوونتان به‌وه‌ی ئاماژه‌م پێكرد، وه هه‌ر كه‌سێك كه له كاتی حه‌ج پابه‌ندی داب و نه‌ریته‌كانی حه‌ج ده‌بێت و سنووره‌كانی الله پێشێڵ ناكات، ئه‌وه مانای وایه كه دڵه‌كه‌ی پابه‌ندی الله په‌رستییه.

وه‌ك الطبری له جامع البیان ده‌ڵێت:

ئه‌ی خه‌ڵكینه ئه‌وه‌ی بۆ ئێوه ئاماژه‌م پێكرد و فه‌رمانم پێتان كرد كه خۆتانی لێ به‌دوور بگرن، وه‌ك گڵاوی بته‌كان و گوفتاری درۆ، وه پابه‌ندی حه‌نه‌فیه‌ت و مه‌زنكردنی دروشمه‌كانی الله و داب و نه‌ریته‌كانی حه‌ج بن، ئه‌وه له الله په‌رستی دڵه‌كانه.

ئایه‌تی ٣٣

لَكُمْ فِيهَا مَنَافِعُ إِلَى أَجَلٍ مُّسَمًّى ثُمَّ مَحِلُّهَا إِلَى الْبَيْتِ الْعَتِيقِ

ده‌ڵێت:

چه‌نده‌ها سوودی بۆ ئێوه تێدایه تاوه‌كو كاتێكی بڕیار له‌سه‌ردراو، ئینجا شوێنه‌كه‌یان بۆ لای ماڵه كۆنه‌كه‌یه.

سەرنج و تێبینی:

ئەم ئایەتە وەك زۆریك لە ئایەتەكانی تری قورئان نارۆشنە:

{لَكُمْ فِيهَا مَنَافِعُ إِلَى أَجَلٍ مُّسَمًّى}، چەندەها سوودی بۆ ئێوە تێدایە تاوەكو كاتێكی دیاریكراو، {ثُمَّ مَحِلُّهَا إِلَى الْبَيْتِ الْعَتِيقِ}، ئینجا شوێنەكەی بۆ ماڵە كۆنەكە.

{فِيهَا}، تیایدایە، لە چی دایە؟ {مَنَافِعُ} چەندەها سوود، كام سود؟ مەبەست لە {أَجَلٍ مُّسَمًّى}، كاتێكی بڕیارلەسەردراو چییە؟ {مَحِلُّهَا}، كام شوێن؟

بەڵام الطبرى لە جامع البيان، دوای چەندەها وتەوت دەڵێت:

{لَكُمْ فِيهَا مَنَافِعُ إِلَى أَجَلٍ مُسَمًّى}، بۆ ئێوە لەو ئاژەڵانە دەیانكەن بە قوربانی، بەر لەوەی بیانبەن بۆ حەج و بیانكەن بە قوربانی چەندەها سوود هەیە، وەك شیر و سواربوون و زاوزێ و تووك، هتد.

ئینجا دەڵێت، دەتوانن گشت ئەو سوودانە لەو ئاژەڵانە وەربگرن، {إِلَى أَجَلٍ مُّسَمًّى}، بۆ ماوەیەكی دیاریكراو، واتە تاوەكو لەگەڵ خۆتان دەیانبەن بۆ حەج بۆ سەربڕین، {ثُمَّ مَحِلُّهَا إِلَى الْبَيْتِ الْعَتِيقِ}، ئینجا شوێنی ئەو ئاژەڵانە ماڵە كۆنەكە دەبێت، واتە كەعبە.

كەواتە دەبێت شوێنی سەربڕینی ئاژەڵ لە كاتی حەج لە كەعبە بووبێت. ئەی بۆ ئێستا لە كەعبە ئاژەڵ سەرنابڕن ؟ چونكە ناكرێت و قەرەباڵغ بووە؟

گەر ئەوە هۆكار بێت، كەواتە كار بەم ئایەتەی قورئان ناكەن، وە هەر موسڵمانێك پێشێلی یەك وشەی قورئان بكات كافرە.

ئایەتی ٣٤

وَلِكُلِّ أُمَّةٍ جَعَلْنَا مَنسَكًا لِيَذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ عَلَى مَا رَزَقَهُم مِّن بَهِيمَةِ الْأَنْعَامِ فَإِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ فَلَهُ أَسْلِمُوا وَبَشِّرِ الْمُخْبِتِينَ

دەڵێت:

وە بۆ هەموو ئاینێك ڕیتواڵێكمان هێناوەتە ئاراوە بۆ ئەوەی ئاماژە بە ناوی الله بكەن لەسەر ئاژەڵە ماڵاتەكان كە وەك ڕزق پێمان داون، جا خوداكەتان یەك خودایە، و تەسلیم بە ئەو بن و مژدە بەوانە بدە بەوانەی ملكەچن.

واته:

{وَلِكُلِّ أُمَّةٍ جَعَلْنَا مَنسَكًا}، وه بۆ هەموو ئاینێك تقووساتمان هێناوەتە ئاراوە، {لِيَذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ عَلَى مَا رَزَقَهُم مِّن بَهِيمَةِ الأَنْعَامِ}، کە ئاماژە بە ناوی الله لەسەر ئەو ئاژەڵانەی پێیانمان داوەن، واتە کاتێك سەری ئاژەڵەکە دەبڕن، {فَإِلَهُكُمْ إِلَهٌ وَاحِدٌ فَلَهُ أَسْلِمُوا وَبَشِّرِ الْمُخْبِتِينَ}، جا خوداکەتان یەك خودایە و خۆتان بدەنە دەست ئەو، وە مژدە بەوانە بدە کە ملکەچبوون بۆ الله.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

{وَلِكُلِّ أُمَّةٍ}، ئەی خەڵکینە، بۆ هەموو خەڵکانێکی پێشووی ئیماندار، تقووساتی سەربڕینی ئاژەڵ و خوێنڕشتنمان هێناوەتە ئاراوە، {لِيَذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ عَلَى مَا رَزَقَهُمْ مِنْ بَهِيمَةِ الْأَنْعَامِ- بۆ ئەوەی ئاماژە بە ناوی الله بکەن لەسەر ئاژەڵانێك کە ماڵاتن}، چونکە هەموو ئاژەڵێك ماڵات نین، وەك ئەسپ و هێستر و کەر.

ئینجا دەڵێت:

خوداکەتان یەك خودایە کە اللهیە، خۆتان تەسلیم بە الله بکەن، {وَبَشِّرِ الْمُخْبِتِينَ}، وە ئەی محمد، مژدە بدە بەوانەی ملکەچی اللهن.

ئایەتی ٣٥

الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَالصَّابِرِينَ عَلَى مَا أَصَابَهُمْ وَالْمُقِيمِي الصَّلاةِ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ

دەڵێت:

ئەوانەی کاتێك ئاماژە بە الله کرا دڵیان ترسی لێ دەنیشێت، وە خۆڕاگرەکان لەسەر ئەوەی تووشیان بووە و نوێژکەرەکان، وە لەوەی پێیانمان داوە دەبەخشن.

واتە:

{الْمُخْبِتِينَ}، کە لە کۆتایی ئایەتی پێشوو هاتووە، ئەوانەن کە { إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ}، کاتێك ئاماژە بە ناوی الله کرا:

یەکەم: {وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ}، دڵیان لە ترسی الله دەلەرزێت.

دووەم: {وَالصَّابِرِينَ عَلَى مَا أَصَابَهُمْ}، خۆڕاگرن لەسەر ئەو ناخۆشیانەی تووشیان هاتووە.

سێهەم: {وَالْمُقِيمِي الصَّلاةِ}، نوێژ دەکەن.

چوارەم: {مِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ}، وە لەو سامانە دەبەخشن کە پێیانمان داوە.

واتە: زەکات دەدەن و سەدەقە دەکەن و بۆ جیاد دەبەخشن.

ئایەتی ٣٦

وَالْبُدْنَ جَعَلْنَاهَا لَكُم مِّن شَعَائِرِ اللَّهِ لَكُمْ فِيهَا خَيْرٌ فَاذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ عَلَيْهَا صَوَافَّ فَإِذَا وَجَبَتْ جُنُوبُهَا فَكُلُوا مِنْهَا وَأَطْعِمُوا الْقَانِعَ وَالْمُعْتَرَّ كَذَٰلِكَ سَخَّرْنَاهَا لَكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ

دەڵێت:

دابەستیمان بۆ ئێوە کردووە بە یەکێك لە داب و نەریتەکانی الله، کە چاکەی بۆ ئێوە تێدایە، جا کاتێك لەسەر تەنیشتیان دانراون و قاچەکانی بەستراوەتەوە ناوی اللەی لەسەر بێنن، جا لێیان بخۆن و خۆراکی هەژاران و سواڵکەرانی لێ بدەن، بەم شێوە بۆ ئێوەمان دەستەمۆ کردوون بۆ ئەوەی سوپاس بکەن.

واتە:

{الْبُدْنَ}، واتە دابەستیەك کە قەڵەو و ورگنە، وەك لە ڕیوایەتێك، لە صحیح ابن ماجة (للالبانی) و سنن ابوداود و مسند احمد هاتووە، محمد صلعم بە یاوەرەکانی دەڵێت:

لَا تُبَادِرُونِي بِالرُّكُوعِ وَلَا بِالسُّجُودِ ، فَإِنَّهُ مَهْمَا أَسْبِقْكُمْ بِهِ إِذَا رَكَعْتُ تُدْرِكُونِي إِذَا رَفَعْتُ ، وَمَهْمَا أَسْبِقْكُمْ إِذَا سَجَدْتُ تُدْرِكُونِي إِذَا رَفَعْتُ ، إِنِّي قَدْ بَدُنْتُ

لە ڕکوع و سوجدەبردن پێشم مەکەون، هەر کاتێك من ملم کەچ کرد، ئەوە ئێوەش ملکەچ بکەن، بەرزم کردەوە ئێوەش بیکەن، وە کاتێك کڕنۆشم برد، ئێوەش بیبەن، کاتێك هەڵسامەوە ئێوەش هەڵسنەوە، لە ڕاستیدا من قەڵەو و ورگن بووم.

وە القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

{الْبُدْنَ}، ماناکەی: زۆر گۆشت، {بَدُنَ الرَّجُلُ}، واتە پیاوەکە قەڵەو بوو.

وە {الْقَانِعَ}، واتە هەژارێك کە هەرچیەکی وەك خێر پێ بدەیت، قەناعەتی دێت.
{الْمُعْتَرَّ}، ڕووت و ڕەجاڵ و سواڵکەر.

القرطبی دەڵێت:

{صَوَافَّ}، واتە قاچەکانی بەستراوەتەوە.

وە دەڵێت الْحَسَنُ ، الْأَعْرَجُ ، مُجَاهِدٌ ، زَيْدُ بْنُ أَسْلَمَ و أَبُو مُوسَى الْأَشْعَرِيُّ، دەیانخوێندەوە: {صَوَافِيَ}، واتە تایبەت بۆ اللە. وە خەڵکانێك دەیانخوێندەوە: {صَوَافَّ}، بە مانای ڕیز. واتە: یەك لە دوای یەك و ڕیز لە دوای ڕیز سەریان ببڕن. بەڵام وَابْنُ مَسْعُودٍ ، ابْنُ عَبَّاسٍ ، ابْنُ عُمَرَ و أَبُو جَعْفَرٍ مُحَمَّدُ بْنُ عَلِيٍّ، دەیانخوێندەوە: {صَوَافِنُ}، پەلەکانیان ببەستنەوە.

وە القرطبی دەڵێت:

وَكُلُّ الْعُلَمَاءِ يَسْتَحِبُّ أَنْ يَأْكُلَ الْإِنْسَانُ مِنْ هَدْيِهِ وَفِيهِ أَجْرٌ وَامْتِثَالٌ ؛ إِذْ كَانَ أَهْلُ الْجَاهِلِيَّةِ لَا يَأْكُلُونَ مِنْ هَدْيِهِمْ

وە گشت زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی کە دەبێت حاجی لە گۆشتی قوربانیەکەی بخوات، وە پاداشتی تێدایە، بەڵام خەڵکی جاهیلی لەو ئاژەڵەیان نەدەخوارد کە دەیانکرد بە قوربانی.

تێبینی:

حاجیەکان لە ئێستادا لە گۆشتی ئەو ئاژەڵە ناخۆن کە کردوویانە بە قوربانی، واتە بۆ عادات و تەقالیدی جاهیلیەکان گەڕاونەتەوە.

ئەم ئایاتە دەڵێت:

{وَالْبُدْنَ جَعَلْنَاهَا لَكُم مِّن شَعَائِرِ اللَّهِ لَكُمْ فِيهَا خَيْرٌ}، دابەستەی قەڵەو و گۆشتنمان بۆ ئێوە کردووە بە یەکێك لە دروشم و تقووساتەکانی اللە کە چاکەی بۆ ئێوە تێدایە، {فَاذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ عَلَيْهَا صَوَافَّ فَإِذَا وَجَبَتْ جُنُوبُهَا}، جا کاتێك لەسەر تەنیشت ڕیز کران، ناوی اللەی لەسەر بێنن، {فَكُلُوا مِنْهَا وَأَطْعِمُوا الْقَانِعَ وَالْمُعْتَرَّ}، جا خۆتان لە گۆشتەکەی بخۆن، وە بەشی هەژار و سواڵکەری لێ

بدەن، {كَذَٰلِكَ سَخَّرْنَاهَا لَكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ}، بەم جۆرە ئەو ئاژەڵانەمان بۆ ئێوە دەستەمۆ کردووە بۆ سەربڕین بۆ ئەوەی سوپاس بکەن.

پوختە: ئەم ئایەتە دەڵێت:

سەربڕینی ئاژەڵێکی دابەستەی قەڵەو و ورگن یەکێکە لە تقووساتی الله لە کاتی حەج، وە ئەوە بۆ ئێوە چاکە و پاداشتی تێدایە، جا کاتێك پەلی ئاژەڵەکانتان بەستەوە و کەوتنە سەر تەنیشت و سەرتان بڕین، ناوی اللهی لێ بێنن، جا خۆتان لێی بخۆن، وە بەشی هەژاران و سوڵکەرانی لێ بدەن، وە ئێمە ئەو ئاژەڵانەمان بۆ ئێوە دەستەمۆ کردووە بۆ سەربڕین بۆ ئەوەی سوپاسمان بکەن.

وە ئەم ئایەتە فەرمان بە حاجیەکان دەکات و دەڵێت: {فَكُلُوا مِنْهَا}، لێیان بخۆن. واتە خواردنی گۆشتی قوربانی حەج لە لایەن خاوەنەکەیەوە فەرمانێکە لە فەرمانەکانی الله. بەڵام لە ئێستادا حاجیەکان وەك خەڵکانی بتپەرستی جاهیلی لەو قوربانیانە ناخۆن.

ئایەتی ٣٧

لَن يَنَالَ اللَّهَ لُحُومُهَا وَلا دِمَاؤُهَا وَلَكِن يَنَالُهُ التَّقْوَى مِنكُمْ كَذَلِكَ سَخَّرَهَا لَكُمْ لِتُكَبِّرُوا اللَّهَ عَلَى مَا هَدَاكُمْ وَبَشِّرِ الْمُحْسِنِينَ

دەڵێت:

هەرگیز نە گۆشتیان، وە نە خوێنیان بە الله ناگات، بەڵام ترستان لە الله بە ئەو دەگات، بەم جۆرە بۆ ئێوەی دەستەمۆ کردووە، بۆ ئەوەی الله مەزن بکەنەوە بە هۆی ئەوەی هیدایەتی داون، وە مژدە بدە بە چاکەکەران.

واتە:

نە گۆشت، وە نە خوێنی ئەو ئاژەڵانەی کە الله بۆ ئێوەی دەستەمۆ کردووە و لە کاتی حەجدا سەریان دەبڕن بە الله دەگات، بەڵکو الله تەنها خوداپەرستی ئێوەی پێ دەگات، وە کاتێك سەریان دەبڕن، ئەوە الله مەزن بکەنەوە و بڵێن (الله اکبر)، بە هۆی ئەوەی الله ئێوەی هیدایەت داوە، وە ئەی محمد مژدە بدە بە چاکەکەران.

ئایەتی ٣٨

إِنَّ اللَّهَ يُدَافِعُ عَنِ الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ اللَّهَ لا يُحِبُّ كُلَّ خَوَّانٍ كَفُورٍ

دەڵێت:

اللە بەرگری دەکات لەوانەی ئیمانیان هێناوە، وە اللە هەموو خیانەتکارێکی کافری خۆش ناوێت.

{كَفُورٍ}، هەم بە مانای کافر، وە هەم بە مانای کەسێك دێت کە سوپاسگوزار نییە بۆ نیعمەتەکانی اللە.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

أَبُو عَمْرٍو و ابْنُ كَثِيرٍ، لە جیاتی {يُدَافِعُ}، دەیانخوێندەوە: {يَدْفَعُ}.

ئایەتی ٣٩

أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ

دەڵێت:

مۆڵەت درا بەوانەی شەڕ دەکەن، چونکە ئەوانە ستەمیان لێکراوە، وە اللە لە پشتیوانیکردنیان بە توانایە.

واتە:

الواحدی لە اسباب النزول، دەڵێت:

شرۆڤەکەران گوتوویانە: موشریکەکانی مەککە ئازاری یاوەرەکانی پێغەمبەریان دەدا، وە دەهاتن بۆ لای پێغەمبەر بە لێدراوی و بە برینداری، پێغەمبەر پێیانی دەگوت: دان بە خۆتاندا بگرن، هێشتا فەرمانم بە شەڕکردن پێ نەکراوە. تاوەکو پێغەمبەر کۆچی کرد، ئینجا ئەم ئایەتە دابەزی.

وە ابن عباس گوتوویەتی:

کاتێك پێغەمبەر لە مەككە دەرچوو، ابوبكر گوتی: (إنا لله وإنا إليه راجعون) سوێند بێت تیادەچن، ئەوە بوو الله ئەم ئایەتەی دابەزاند. ابو بكر دەڵێت: زانیم كە كوشتار دەست پێ دەكات.

الطبری لە جامع البيان دەڵێت:

هەندێك لە كوفیەكان و گشت قورئانخوێنانی بەسرە، لە جیاتی {أُذِنَ}، دەیانخوێندەوە: {أَذِنَ}.

واتە ئەم ئایەتە دەڵێت:

مۆڵەت بە وانە دراكە ستەمیان لێكراوە، واتە ئیمانداران، كە شەڕ بكەن دژ بە موشریكەكان. وە الله توانایی هەیە بۆ پشتیوانیكردن لە ئیمانداران.

القرطبی لە الجامع لاحكام القران دەڵێت:

وَهَذَا نَاسِخٌ لِكُلِّ مَا فِي الْقُرْآنِ مِنْ إِعْرَاضٍ وَتَرْكِ صَفْحٍ . وَهِيَ أَوَّلُ آيَةٍ نَزَلَتْ فِي الْقِتَالِ

ئەم ئایەتە یەكەم ئایەتە سەبارەت بە كوشتوكوشتار دابەزیووە، وە گشت ئایەتەكانی لێبووردەیی نەسخ كردووە.

وە دەڵێت، ابن عباس و ابن جبير گوتوویانە، ئەم ئایەتە دابەزیووە لە كاتی كۆچكردنی پێغەمبەر لە مەككە بۆ مەدینە. وە لە سنن النسائی و جامع الترمذی، ڕیوایەتێك هاتووە، كە ابن عباس گوتوویەتی:

لَمَّا أُخْرِجَ النَّبِيُّ مِنْ مَكَّةَ قَالَ أَبُو بَكْرٍ: أَخْرَجُوا نَبِيَّهُمْ لَيَهْلِكُنَّ ؛ فَأَنْزَلَ اللَّهُ تَعَالَى : أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ فَقَالَ أَبُو بَكْرٍ : لَقَدْ عَلِمْتُ أَنَّهُ سَيَكُونُ قِتَالٌ

کاتێك پێغەمبەر لە مەككە دەرچوو، ابوبكر گوتی: بە هۆی ئەوەی پێغەمبەرەكەیان لە مەككە دەركرد، ئەوە تیادەچن، ئەوەبوو الله ئەم ئایەتەی دابەزاند. ئەوەبوو ابوبكر گوتی: سوێند بە الله زانیم كە شەڕ و كوشتار دەست پێ دەكات.

ئایەتی ٤٠

الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِن دِيَارِهِمْ بِغَيْرِ حَقٍّ إِلاَّ أَن يَقُولُوا رَبُّنَا اللَّهُ وَلَوْلا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا اسْمُ اللَّهِ كَثِيرًا وَلَيَنصُرَنَّ اللَّهُ مَن يَنصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ

دەڵێت:

ئەوانەی بەناهەق لەماڵەکانیان دەرکران تەنها لەبەر ئەوەی دەیانگوت الله خوداکەمانە، جا ئەگەر الله خەڵکی هان نەدابایە کە دژ بە یەك بوەستن، ئەوە دێرەکان و پەرستگاکان و کڵێساکان و مزگەوتەکان کە تیایدا ئاماژە بە ناوی الله دەکرێت وێران دەکران، وە بە دڵنیاییەوە الله کەسانێك سەردەخات کە پشتیوانی دەکەن، بە دڵنیاییەوە الله بەهێز و بەزەبروزەنگە.

واتە: ئەم ئایەتە تەواوکەری ئایی پێشووە.

{أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ}، مۆڵەت درا شەڕ بکەن، {الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِن دِيَارِهِمْ بِغَيْرِ حَقٍّ إِلاَّ أَن يَقُولُوا رَبُّنَا اللَّهُ}، ئەوانەی بە ناهەق لە ماڵەکانیان دەرکران، وە دەرکران تەنها لەبەر ئەوەی دەیانگوت خوداکەمان اللهیە.

ئینجا دەڵێت، الله خەڵك دەکات بە گژی یەکدا:

وَلَوْلا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ

وە ئەگەر الله هەندێك خەڵکی نەکردایە دژ بە هەندێکی دیکە.

ئەم بڕگەیە پێمان دەڵێت، خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، ڕۆڵی ئاژاوەگێڕ دەبینێت.

وە ئایەتی ١٤ سوورەتی المائدة تەئکید لەم ڕاستیە دەکاتەوە و دەڵێت:

فَأَغْرَيْنَا بَيْنَهُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ

دوژمنایەتی و ڕقوقینمان خستە نێوان جووەکان و مەسیحیەکان، تاوەکو ڕۆژی قیامەت.

الطبری له جامع البیان، سەبارەت بە {وَلَوْلا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ- ئەگەر اللّٰه هەندێکی نەکردایە دژ بە هەندێکی دیکە} دەڵێت، دوو وتەوت هەیە:

یەکەم: واتە موسڵمانان دژ بە موشریکەکان.

دووەم: واتە کوشتار و جیهاد لە پێناو اللّٰه.

ئینجا دەڵێت:

لَّهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ

{صَوَامِعُ}، واتە دێرەکان، بەڵام قتادة گوتوویەتی، واتە پەرستگای سابیئەکان.

وە الطبری سەبارەت بە {بِيَعٌ} ناکۆکی هەیە، هەندێك دەڵێن، واتە کڵێسا، وە هەندێك دەڵێن پەرستگای جووەکان.

{صَلَوَاتٌ}، واتە کڵێسای مەسیحیەکان.

{مَسَاجِدُ}، واتە شوێنی کڕنۆشبردن،

کەواتە ئەم بڕگەیە دەڵێت: ئەگەر اللّٰه هەندێکی نەکردایە دژ بە هەندێکی دیکە ئەوە دێرەکان و پەرستگاکان و کڵێساکان و مزگەوتەکان وێران دەبوون.

ئینجا لە کۆتاییدا دەڵێت

وَلَيَنصُرَنَّ اللَّهُ مَن يَنصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ

لەو خەڵك و ئاینانەی اللّٰه دەیانکات بە دژ بەیەك، اللّٰه کەسانێك سەردەخات کە پشتیوانی لە اللّٰه دەکەن، چونکە اللّٰه بەهێز و بە زەبروزەنگە.

ئایەتی ٤١

الَّذِينَ إِن مَّكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ

دەڵێت:

ئەوانەی کە ئەگەر لە خاکەکە توانایمان پێیاندا نوێژ دەکەن و زەکات دەدەن و فەرمان بە چاکە دەکەن و ڕێگری دەکەن لە ناپەسەندی، وە ئاکامی کارەکان بۆ اللەیە.

واتە: ئەم ئایەتە تەواوکەری ئایەتی پێشووە.

{وَلَيَنصُرَنَّ اللَّهُ مَن يَنصُرُهُ}، وە بە دڵنیاییەوە الله پشتیوانی لە کەسانێك دەکات کە پشتیوانی دەکەن، ئینجا دەڵێت: {الَّذِينَ إِن مَّكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ}، ئەوانە کە ئەگەر لە خاکەکە توانایمان پێیاندا:

یەکەم: نوێژ دەکەن.

دووەم: زەکات دەدەن.

سێهەم: فەرمان بە چاکە دەکەن.

چوارەم: ڕێگری لە کاری ناپەسەند دەکەن.

ئایەتی ٤٢ -٤٤

وَإِن يُكَذِّبُوكَ فَقَدْ كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ وَعَادٌ وَثَمُودُ

وَقَوْمُ إِبْرَاهِيمَ وَقَوْمُ لُوطٍ

وَأَصْحَابُ مَدْيَنَ وَكُذِّبَ مُوسَى فَأَمْلَيْتُ لِلْكَافِرِينَ ثُمَّ أَخَذْتُهُمْ فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

وە ئەگەر بە درۆزنت بزانن، ئەوە بێگومان بەر لەوان، قەومی نوح و عاد و سەمود نکۆڵیان کردووە.

وە هەروەها قەومی ئیبراهیم و قەومی لوط.

و خەڵکی مەدیەن، وە نکۆڵی لە موسا کرا، جا خۆم بۆ کافرەکان مت کرد، ئینجا ئەوانم گرت، جا چۆن بوو زەبروزەنگ و سزاکەم؟

واتە:

ئەی محمد ئەگەر باوەڕت پێ ناکەن و بە درۆزنت دەزانن ئەوە بەر لە قورەیش، خەڵکانی دیکە پێغەمبەرانی خۆیان بە درۆزن زانیوە، وەك قەومی نوح، بڕوایان بە نوح نەکرد، وە عاد بڕوایان بە هود نەکرد، وە سەمود بڕوایان بە ساڵح نەکرد، وە قەومی ئیبراهیم بڕوایان بە ئیبراهیم نەکرد، وە قەومی لوط بڕوایان بە لوط نەکرد، وە خەڵکی گوندی مەدیەن بڕوایان بە شوعەیب نەکرد، وە جووەکان نکۆڵیان لە موسا کرد و بڕوایان پێی نەکرد، جا منیش مۆڵەتێکم پێیان دا و خۆم بۆیان مت کرد تاوەکو لە کتوپڕێکدا سزام دان، جا توخوا ئەی محمد سزا و زەبروزەنگەکەم چۆن بووە بەرامبەر بەو میللەتانە؟

ئایەتی ٤٥

فَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَاهَا وَهِيَ ظَالِمَةٌ فَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا وَبِئْرٍ مُّعَطَّلَةٍ وَقَصْرٍ مَّشِيدٍ

دەڵێت:

جا چەندەها لە گوندەکانمان وێران کرد کە ستەمکار بوون، جا چۆڵن و بەسەریەکدا تەپیون و بیرەکانیان و کۆشکە پتەوەکانیان لەکارخراوە.

واتە:

چەندەها گوندمان لە ڕابردوو وێران کردووە بە هۆی ئەوەی خەڵکەکەی باوەڕی نەهێنا بە پێغەمبەرەکەیان و دەبینیت کە ئەو گوندانە چۆڵ و وێرانن، وە بیرەکانیان لە کارخراوە و کۆشکە پتەوەکانیان بەتاڵن و وێرانن.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

ابن عباس، لە جیاتی {مَّشِيدٍ}، دەیخوێندەوە: {مَشِيدٌ}.

ئایەتی ٤٦

أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُونَ بِهَا أَوْ آذَانٌ يَسْمَعُونَ بِهَا فَإِنَّهَا لَا تَعْمَى الْأَبْصَارُ وَلَٰكِن تَعْمَى الْقُلُوبُ الَّتِي فِي الصُّدُورِ

دەڵێت:

ئایا بە خاکەکەدا نەڕۆیشتوون، جا دڵێکیان هەبێت کە پێیەوە تێبگەن، یان گوێچکەیەك پێیەوە ببیستن، جا ئەوە چاوەکان کوێر ناکات بەڵکو ئەو دڵانە کوێر دەکات کە لە سینەکانن.

واتە:

ئایا قورەیش بە خاکەکە سەفەریان نەکردووە، کە ببینن چیمان لەو قەومانە کردووە؟ بۆ ئەوەی بە دڵەکانیان تێبگەن و بە گوێچکەکانیان هەواڵەکانیان ببیستن، چونکە چاوەکانیان دەبینن و کوێر نین، بەڵکو ئەو دڵانەیان کوێرە کە لە سینەکانیاندایە.

ئەم ئایەتە وەك دەیەها ئایەتی قورئان تەئکید دەکاتەوە کە دڵ بەرپرسە لە بیرکردنەوە، وەك دەڵێت:

فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُونَ بِهَا

دڵێکیان هەبێت کە بە هۆیەوە تێبگەن.

واتە دڵ بیردەکاتەوە، وە ئەوەش هەڵەیەکی زانستییە، چونکە مێشك بەرپرسە لە بیرکردنەوە.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران، بەم هەڵەیەی قورئانی زانیوە، وەك دەڵێت:

أَضَافَ الْعَقْلَ إِلَى الْقَلْبِ لِأَنَّهُ مَحَلُّهُ كَمَا أَنَّ السَّمْعَ مَحَلُّهُ الْأُذُنُ . وَقَدْ قِيلَ : إِنَّ الْعَقْلَ مَحَلُّهُ الدِّمَاغُ ؛ وَرُوِيَ عَنْ أَبِي حَنِيفَةَ

ئەقڵی پەیوەست کردووە بە دڵ، چونکە ئەقڵ لە دڵدایە هەروەك چۆن شوێنی بیستن گوێچکەیە، وە دەڵێن: شوێنی ئەقڵ مێشکە، وە ئەوە لە ابو حنیفة دەگێڕنەوە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت، ابن مسعود، لە جیاتی {فَإِنَّهَا لَا تَعْمَى الْأَبْصَارُ} دەیخوێندەوە: {فإنَّهُ لا تَعْمَى الأبْصَارُ}، واتە: لە ڕاستیدا الله چاوەکان کوێر ناکات.

ئایەتی ٤٧

وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِالْعَذَابِ وَلَن يُخْلِفَ اللَّهُ وَعْدَهُ وَإِنَّ يَوْمًا عِندَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

وە پەلەت لێ دەکەن بۆ سزا، وە هەرگیز الله لە بەڵێنەکەی پاشگەز نابێتەوە، بەڵام ڕۆژێك لای خوداکەت وەك هەزار ساڵە کە ئێوە دەیژمێرن.

واتە:

ئەی محمد موشریك و کافرەکانی قورەیش پەلەت لێ دەکەن کە سزایەکیان بەسەردا بهێنیت، هەڵبەتە الله سزا بەسەریاندا دادەبەزێنێت، چونکە الله لە بەڵێنەکەی پاشگەز نابێتەوە، بەڵام ڕۆژێك لای الله بە ئەندازەی هەزار ساڵی ئێوەی مرۆڤە.

وە ئایەتی ٥٣ سوورەتی العنکبوت دەڵێت:

وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِالْعَذَابِ وَلَوْلَا أَجَلٌ مُّسَمًّى لَّجَاءَهُمُ الْعَذَابُ وَلَيَأْتِيَنَّهُم بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ

وە ئەی محمد پەلەت لێ دەکەن بۆ سزا، جا ئەگەر کاتمان بۆ سزاکە دیاری نەکردایە، ئەوە بە دڵنیاییەوە هەر ئێستا سزامان بەسەریاندا دەهێنا، بەڵام لە کتوپڕێکدا سزایان دەدەین لە کاتێکدا هەست ناکەن.

واتە: خوداوەندی عەرەب و ئیسلام دەڵێت، سزا بەسەر موشریك و کافرەکانی مەککە دادەبەزێنم، بەڵام لە کتوپڕێکدا ئەم کارە دەکەم.

بەڵام کاتێك مێژووی ئیسلام دەخوێنیتەوە دەبینیت کە موشریك و کافرەکانی قورەیش هیچ سزایەك نەدراون، بە پێچەوانەوە زۆربەیان بوون بە کاربەدەست و فەرماندە و ئەمیر و دەسەڵاتدار.

ئەم بڕگەیە دەڵێت:

وَإِنَّ يَوْمًا عِندَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ

وە ڕۆژێك لای الله بە ئەندازەی هەزار ساڵی ئێوە كە دەیژمێرن.

واتە: كات لای الله بوونی هەیە، واتە الله لە زەماندا دەژیێت، وە زەمان و كات دروستكراون، كەواتە الله دروستكراوە و دروستكەر نییە.

نووسەری قورئان ئەم بڕگەیەی لە پەرتووكی پیرۆز (زەبوورەكان، اصحاحی ٩٠ دەقی ٤) وەرگرتووە كە دەڵێت:

لە لای تۆ هەزار ساڵ وەك دوێنێ وایە كە تێپەڕیوە، وەك بەشێكی شەو وایە.

وە لە دووەم نامەی پەترۆس (اصحاحی ٣) هاتووە:

بەلام ئەی خۆشەویستان ئەم شتەتان لە یاد نەچێت كە ڕۆژێك لای خودا وەك هەزار ساڵە، وە هەزار ساڵ وەك ڕۆژێك وایە.

ئایەتی ٤٨

وَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ أَمْلَيْتُ لَهَا وَهِيَ ظَالِمَةٌ ثُمَّ أَخَذْتُهَا وَإِلَيَّ الْمَصِيرُ

دەڵێت:

وە خۆم لە چەندەها گوند خۆش كرد لە كاتێكدا ستەمكار بوو، ئینجا ئەوانم گرت، وە گەڕانەوە بۆ لای منە.

واتە:

خۆم مت و خۆش كرد لە چەندەها گوند كە ستەمكار بوون، واتە ئیمانیان نەهێنا، ئەوەبوو سزام دان، وە لە قیامەت بۆ لای خۆم دەگەڕێنەوە.

ئایەتی ٤٩

قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّمَا أَنَا لَكُمْ نَذِيرٌ مُّبِينٌ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

بڵێ ئەی خەڵكینە لە ڕاستیدا من بۆ ئێوە ترسێنەرێكی ئاشكرام.

واتە:

ئەی محمد بە خەڵکی مەککە بڵێ من تەنها هاتووم لە زەبروزەنگی الله ئاگادارتان بکەمەوە و بتانترسێم.

ئایەتی ٥٠

فَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ

دەڵێت:

جا ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و کاری چاکیان کردووە، لێبووردەیی و ڕزقێکی نایاب و ڕێزداریان دەبێت.

واتە:

ئەوانەی ئیمانیان بە محمد هێناوە و پابەندی ئەوکارانە بوون کە الله و محمد فەرمانی پێیان کردووە، الله لە گوناهەکانیان دەبوورێت و لە قیامەت بەهەشتیان پێ دەدات.

ئایەتی ٥١

وَالَّذِينَ سَعَوْا فِي آيَاتِنَا مُعَاجِزِينَ أُولَـٰئِكَ أَصْحَابُ الْجَحِيمِ

دەڵێت:

وە ئەوانەی هەوڵیاندا تەگەرە دروست بکەن بۆ ئایەتەکانمان، ئەوانە یاوەرانی دۆزەخن.

واتە:

کافر و موشریکەکانی قورەیش و عەرەب کە هەوڵیان دا تەگەرە بۆ ئیسلام دروست بکەن، ئەوە ئەوانە دۆزەخین.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

هەندێك لە قورئانخوێنانی کوفە و بەسرە، لە جیاتی {مُعَاجِزِينَ}، دەیانخوێندەوە: {مُعَجِّزِينَ}.

ئایەتی ٥٢-٥٣

باس لەو ئایەتە شەیتانیانە دەکات کە شەیتان بۆ محمدی دابەزاند لە سوورەتی النجم.

الواحدی لە اسباب النزول دەڵێت:

شرۆڤەکەران گوتوویانە: کاتێك پێغەمبەر بینی قەومەکەی لێی دوور دەکەنەوە و پشتی لێ دەکەن، نیگەران بوو، وە هیوای ئەوەی خواست کە ئایەتەێکی لە لایەن اللّٰەوە بۆ دابەزێت کە بە هۆیەوە نێوانی و نێوان قەومەکەی نزیك بکاتەوە، بە هۆی ئەوەی کە حەزی دەکرد قەومەکەی ئیمان بێنن. جا ڕۆژێکیان پێغەمبەر لە یەکێك لە دانیشتەکانی قورەیش ئامادە بوو، وە خەڵکێکی زۆری لێ بوو، وە ئەو ڕۆژە ئاواتەخواز بوو شتێکی لە لایەن اللّٰەوە بۆ دانەبەزێت کە ببێتە هۆی دوورەپەرێزیان و دوورکەوتنەوەیان، ئەوەبوو اللّٰە سوورەتی {النجم}ی دابەزاند:

{وَٱلنَّجْمِ إِذَا هَوَىٰ}، جا پێغەمبەر خوێندیەوە تاوەکو گەیشتە ئەو شوێنەی کە دەڵێت {أَفَرَأَيْتُمُ ٱللاَّتَ وَٱلْعُزَّىٰ ، وَمَنَاةَ ٱلثَّالِثَةَ ٱلأُخْرَىٰ}، واتە {ئایا اللات و العزی، وە ئەوەی سێهەمیان منات و ئەوانیتر دەبینن}، ئەوکات شەیتان دوو دەقی خستە سەر زمانی پێغەمبەرەوە کە دەڵێت:

تِلْكَ الْغَرَانِق الْعُلَى ، وَإِنَّ شَفَاعَتَهُنَّ لَتُرَجَى

واتە: ئەو بتانە شتانێکی باڵان، وە شەفاعەتیان لە لایەن اللّٰەوە وەردەگیرێت.

کاتێك قورەیشەکان گوێیان لەمە بوو دڵیان خۆش بوو. وە پێغەمبەر بەردەوام بوو لە خوێندنەوەی سوورەتەکە تاوەکو کۆتایی. کاتێك خوێندنەوەی سوورەتەکەی تەواو کرد، پێغەمبەر کڕنۆشی برد، وە لەگەڵیدا موسڵمانان و موشریکەکان کڕنۆشیان برد، وە هیچ کەسێك لە موسڵمانان و موشریکەکان نەما کە کڕنۆش نەبات تەنها الولید کوڕی المغیرة و ابو ئەحەیحە سعید کوڕی العاص (ابو أُحَيْحَة سعيد بن العاص)، ئەم دووانە تۆزێك خۆڵیان هەڵگرتەوە و بەرزکردەوە بۆ نێوچەوانیان و کڕنۆشیان برد، چونکە بە تەمەن بوون، نەیانتوانی سوجدە ببەن، وە نێوچەوانیان خستە سەر خۆڵەکە. جا خەڵکەکە پەرشوبڵاوەیان لێکرد و قورەیشەکان گوتیان: محمد بە باشترین شێوە ئاماژەی بە

بتەکانمان کرد، وە گوتیان: خۆ ئێمە دەزانین الله دەژێنێت و دەمرێنێت، وە دروست دەکات و بژێوی دەدات، بەڵام ئەو بتانەمان شەفاعەتمان بۆ دەکەن لای الله، جا ئەگەر محمد ئەوەی قبووڵ بێت، ئەوە ئێمە لەگەڵ محمد دەبین. کاتێك شەو هات، جبرایل هات بۆ لای پێغەمبەر و گوتی: "ئەی محمد چیت کرد؟ شتێکت بۆ خەڵك خوێندەوە کە لە لایەن اللّٰەوە نەبوو، وە شتێکت گوت کە من بە تۆم نەگوت بیڵێیت". پێغەمبەر زۆر دڵتەنگ و غەمگین بوو، وە زۆر لە الله ترسا، ئەوەبوو الله ئەم دوو ئایەتەی دابەزاند (٥٢-٥٣ سوورەتی الحج) و ئەو دوو ئایەتەی کە شەیتان دایبەزاند سڕیەوە. قورەیشەکان گوتیان: محمد پەشیمان بۆوە لەو ئاماژەیەی بە بتەکانمانی کرد .

ئەو شرۆڤەکەرانەی ئاماژەیان بەم ڕووداوە کردووە ئەمانەن:

یەک: الطبری لە جامع البیان.

دوو: القرطبی لە الجامع لاحکام القران.

سێ: ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم، وە دەڵێت:

زۆربەی شرۆڤەکەران ئاماژەیان بە چیرۆکی غەرانیق کردووە.

چوار: البغوی لە معالم التنزیل.

پێنج: الزمخشری لە الکشاف.

شەش: الرازی لە مفاتیح الغیب، وە دەڵێت:

هَذَا رِوَايَةُ عَامَّةِ الْمُفَسِّرِينَ الظَّاهِرِيِّينَ

ئەمە ڕیوایەتی گشت شرۆڤەکەرە ظاهیریەکانە.

ظاهریەکان، مەزهەبێکی فیکری ئیسلامی بوون سەر بە ئەهلی سونە و جماعة، کە لە سەدەی سێهەم لە بەغدا سەرهەڵدەدات.

حەوت: البیضاوی لە انوار التنزیل.

هەشت: الجلالین لە تفسیر الجلالین.

نۆ: الشوکانی لە فتح القدیر.

ده: السمرقندى له بحر العلوم.

يانزه: الماوردى له النكت و العيون.

دوانزه: ابن عطية له المحرر الوجيز.

سێنزه: ابن الجوزى له زاد المسير.

چوارده: ابن عبدالسلام له تفسير القران.

پانزه: النسفى له مدارك التنزيل.

شانزه: الثعالبى له الجواهر الحسان

حەڤدە: ابن عادل له اللباب في علوم الكتاب.

هەژده: ابو سعود له ارشاد العقل السليم.

نۆزده: الثعلبى له الكشف و البيان.

بيست: مقاتل بن سليمان له تفسير القران.

بيست و يەک: اسماعيل حقى له روح البيان.

بيست و دوو: ابن عجيبة له البحر المديد.

بيست و سێ: الشنقيطى له اضواء البيان، وه دەڵێت:

ئەوە وتەی زۆربەی شرۆڤەکەرانە.

بيست و چوار: الشعراوى له خواطر الشعراوى.

ئينجا دەڵێت: لكن هذا القول يُشكِّك في قضية القرآن

واتە: بەڵام ئەمە شكوگومان دەخاتە سەر قورئان.

بيست پێنج: الطنطاوى له تفسير الوسيط، وه دەڵێت:

زۆريك له شرۆڤەکەران ئاماژەيان به چيرۆكی غەرانيق كردووە، وه ئەوە هۆكار بووە بۆ گەڕانەوەی زۆرێك لەوانەی كۆچيان كردبوو بۆ حەبەشە.

بيست و شەش: الواحدى له الوجيز.

بیست و حەوت: ابوبكر الجزايرى لە أيسر التفاسير.

بیست و هەشت: دكتۆر أسعد حومد لە أيسر التفاسير، وە دەڵێت:

أَوْرَدَتْ بَعْضُ كُتُبِ التَّفْسِيرِ فِي أَسْبَاب نُزُولِ هَذِهِ الآيَةِ قِصَّةً غَرِيبَةً تُعْرَفُ بِقِصَّةِ الغَرَانِيق. والغُرْنُوقُ طَائِرٌ أَبْيَضُ

زۆرێك لە پەرتووكەكانی شرۆڤە ئاماژەیان بە چیرۆكێكی سەیر كردووە كە بە چیرۆكی غەرانیق ناسراوە، وەك هۆكاری دابەزینی ئەم ئایەتە، {الغرانيق}، واتە: باڵندەی سپی.

بیست و نۆ: ابن جزي الغرناطي لە التسهيل لعلوم التنزيل.

سی: الطبرانى لە التفسير الكبير.

سی و یەک: مكى بن ابي طالب لە الهدايه إلى بلوغ النهايه.

سی و دوو: الماتريدى لە تأويلات اهل السنة.

سی و سێ: الجيلانى لە تفسير الجيلانى.

سی و چوار: الجلالين لە حاشية الصاوى.

سی و پێنج: عبد الرحمن بن ناصر بن السعدي لە تيسير الكريم الرحمن.

سی و شەش: عبدالرزاق الصنعانى لە تفسير عبدالرزاق.

سی و حەوت: ابن ابي زمنيين لە تفسير القرآن العزيز.

سی و هەشت: ابي بكر السجستانى لە كتاب نزهة القلوب، وە دەڵێت:

كاتێك پێغەمبەر خوێندیەوە ئەوە شەیتان دەق دەخاتە خوێندنەوەكەی.

سی و نۆی: الامام أبي فرج ابن الجوزى لە تذكرة الاريب في تفسير الغريب.

چل : عزالدين الحنبلى لە رموز الكنوز في تفسير الكتاب العزيز.

چل ویەک: الجصاص لە احكام القران.

چل و دوو: الامام محمد ابو زهرة لە زهرة التفاسير.

چل و سێ: السيوطى لە الدر المنثور دەڵێت:

١- ابْنُ جَرِيرٍ و ابْنُ الْمُنْذِرِ و ابْنُ أَبِي حَاتِمٍ، به سەنەدێکی صَحِيح لە أَبِي الْعَالِيَةِ، ئاماژەیان بەو ڕیوایەتەی سەرەوە کردووە.

٢- الْبَزَّار و الطَّبَرَانِيُّ و ابْنُ مَرْدُوَيْه و الضِّيَاءُ لە الْمُخْتَارَة، به سەنەدێك کە پیاوەکانی جێگای متمانەن، لە ڕێگای سعید بن جبیر، لە ابن عباسەوە ئەم ڕیوایەتەیان گێڕاوەتەوە.

٣- ابْنُ جَرِيرٍ، ابْنُ الْمُنْذِرِ و ابْنُ أَبِي حَاتِمٍ، به سەنەدێکی صحیح، ئەم ڕیوایەتەیان لە سَعِيدِ بْنِ جُبَيْر گێڕاوەتەوە.

وە ئاماژە بە ناوی ئەو یاوەرانە دەکات کە ئەم ڕووداوەیان گێڕاوەتەوە:

ابو العالية و ابن عباس و ابو صالح و سعيد بن جبير و الضحاك و قتادة و ابن شهاب و عبدالرحمان بن الحارث و مُحَمَّدِ بْنِ كَعْبٍ الْقُرَظِي و محمد بن قيس و مجاهد و عكرمة و السدي، ئامەژەیان بەم ڕیوایەتە کردووە.

وە هەروەها زۆربەی شرۆڤەکەرانی شیعەی دوانزە ئیمامی ئاماژەیان بە هەمان ڕووداوە کردووە، وەك الطبرسى لە مجمع البيان و على بن ابراهيم القمى لە تفسير القران و الطوسى لە التبيان الجامع و الجنابذى لە تفسير بيان السعادة و هاشم الحسيني البحراني لە تفسير البرهان.

وە هەروەها شیعەی زەیدی، وەك الأعقم، لە تفسير الأعقم.

وە هەروەها مەزهەبی ئەبازیە (الأباضية)، وەك الهواري لە تفسير كتاب الله العزيز.

جگە لە پەرتووکەکانی سونە و مێژوو.

وە بگەڕێوە بۆ شرۆڤەی ئایەتی ١٩-٢٠ سوورەتی النجم کە بە بەڵگەوە ئاماژەمان کرد کە هۆکاری گەڕانەوەی ئیمانداران لە حەبەشە، ئایەتی شەیتانی بووە.

وە مەتنی ئەم دوو ئایەتە پێمان دەڵێن کە شەیتان دەقی بۆ محمد دابەزاندووە.

ئایەتی ٥٢

وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ وَلَا نَبِيٍّ إِلَّا إِذَا تَمَنَّىٰ أَلْقَى الشَّيْطَانُ فِي أُمْنِيَّتِهِ فَيَنسَخُ اللَّهُ مَا يُلْقِي الشَّيْطَانُ ثُمَّ يُحْكِمُ اللَّهُ آيَاتِهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

وە هیچ پێغەمبەرێك و نێردراوێك نەبووە کە بەر لە تۆ ناردوومانە، کاتێك ئاواتێکی خواستووە شەیتان شتێکی نەخستبێتە ناو ئاواتەکەی، جا اللە ئەوە لە کاردەخات و دەسڕێتەوە کە شەیتان هێناویەتیە ناوەوە، ئینجا اللە حوکم بە ئایەتەکەی دەکات، وە اللە زانا و دانایە.

واتە:

ئەی محمد هەروەك چۆن شەیتان دەقی خستە ناو وەحیەکەی تۆ، وە خۆزگەکەی بەدیهێنایت، ئەوە هیچ پێغەمبەر بەر لە تۆ نەبووە کە کاتێك خۆزگەیەکی کردووە، شەیتان وتەی خۆی نەخستبێتە ناو خۆزگەکەیەوە، بەڵام خەمت نەبێت، ئێمە دەقەکەی شەیتان کە خستیە ناو وەحیەکەوە دەسڕینەوە و کار بە ئایەتەکانی خۆمان دەکەین.

{فَيَنسَخُ اللَّهُ مَا يُلْقِي الشَّيْطَانُ}، واتە: اللە ئەو دەقانە لە کاردەخات و دەسڕێتەوە کە شەیتان خستوویەتیە وەحیەکەوە. نووسەری قورئان (خوداوەندی عەرەب و ئیسلام)، ئەم دوو ئایەتەی شەیتان:

تِلْكَ الْغَرَانِقَةُ الْعُلَى ، وَإِنَّ شَفَاعَتَهُنَّ لَتُرَجَى

دەسڕێتەوە و لە شوێنیان ئەم دوو دەقەکە (ئایەتی ٢١-٢٢ سوورەتی النجم) دادەنێت:

أَلَكُمُ الذَّكَرُ وَلَهُ الأُنثَى

تِلْكَ إِذًا قِسْمَةٌ ضِيزَى

ئایەتی ٥٣

لِّيَجْعَلَ مَا يُلْقِي الشَّيْطَانُ فِتْنَةً لِّلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَالْقَاسِيَةِ قُلُوبُهُمْ وَإِنَّ الظَّالِمِينَ لَفِي شِقَاقٍ بَعِيدٍ

دەڵێت:

تاوەکو ئەوەی شەیتان هاویشتوویەتیە ناویەوە بیکات بە تاقیکردنەوەیەك بۆ ئەوانەی نەخۆشی لە دڵەکانیانە و دڵەکانیان ڕەقە، وە لە ڕاستیدا ستەمکاران لە دژایەتیەکی قووڵن.

واتە:

الله ڕێگایدا شەیتان وەحی بۆ محمد دابەزنێت تاوەکو ئەم وەحیەی شەیتان بکات بە تاقیکردنەوەیەك بۆ ئەوانەی دڵەکانیان نەخۆشە و دڵەکانیان ڕەقە، وە ستەمکاران لە گومڕاییەکی قوڵدان.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

الله ئەوە دەسڕێتەوە و لایدەبات کە شەیتان هاویشتوویەتیە ناو وەحیەکە، ئینجا حوکم بە ئایەتەکانی خۆی دەکات، تاوەکو ئەوەی شەیتان هاویشتوویەتیە خۆزگەی پێغەمبەرەکەی پووچەڵ بکاتەوە، وەك وتەی پێغەمبەر کە گوتی تِلْكَ الْغَرَانِقَ الْعُلَى ، وَإِنَّ شَفَاعَتَهُنَّ لَتُرَجَى

تاوەکو ئەمە بکات بە تاقیکردنەوەیەك بۆ ئەوانەی دڵەکانیان نەخۆشە، واتە دووڕوون، و شکوگومانیان هەیە لە ڕاستگۆیی پێغەمبەر.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت، وە ابن عباس گوتوویەتی:

إِنَّ شَيْطَانًا يُقَالُ لَهُ الْأَبْيَضُ كَانَ قَدْ أَتَى رَسُولَ اللَّهِ فِي صُورَةِ جِبْرِيلَ وَأَلْقَى فِي قِرَاءَةِ النَّبِيِّ:

تِلْكَ الْغَرَانِيقُ الْعُلَا ، وَأَنَّ شَفَاعَتَهُنَّ لَتُرْتَجَى

شەیتانێك پێی دەگوترا شەیتانی سپی لەسەر شێوەی جبرایل هات بۆ لای پێغەمبەر و ئەم دوو ئایەتەی بۆ پێغەمبەر دابەزاند:

ئەوانە بتگەلێکی مەزنن، وە شەفاعەتیان لای الله وەردەگیرێت.

مەتنی ئایەتی ٥٢-٥٣ زۆر ڕوونن کە شەیتان ئایەتی بۆ محمد دابەزاندووە.

ئایەتی ٥٤

وَلِيَعْلَمَ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ أَنَّهُ الْحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَيُؤْمِنُوا بِهِ فَتُخْبِتَ لَهُ قُلُوبُهُمْ وَإِنَّ اللَّهَ لَهَادِ الَّذِينَ آمَنُوا إِلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

وە تاوەکو ئەوانەی زانیاریان بۆ هاتووە بزانن کە ئەوە هەقە لە لایەن خوداکەتەوە و ئیمانی پێ بێنن و دڵەکانیان بۆی دابمرکێتەوە، وە الله بە دڵنیاییەوە هیدایەتی ئەوانە دەدات بۆ ڕێگای ڕاست کە ئیمانیان هێناوە.

{أَنَّهُ}، واتە {ئەوە}، واتە سڕینەوە و لابردنی ئایەتەکانی شەیتان.

کەواتە ئەم ئایەتە دەڵێت:

وە تاوەکو ئەوانەی زانیاریان هەیە سەبارەت بە پەرتووکە ئاسمانەیەکان بزانن کە لابردنی ئەو دوو ئایەتەی شەیتان هەقە لە لایەن خوداکەتەوە، وە ئیمان بەم قورئانە بێنن، وە بۆ ئەوەی دڵەکانیان پێیەوە دابمرکێتەوە.

الطبری لە جامع البیان، دەڵێت واتە:

وە تاوەکو ئەوانەی شارەزاییان لەسەر الله هەیە، بزانن کە ئەوەی الله لە ئایەتەکانی خۆی دایبەزاندووە و ئەوەی کە شەیتان خستوویەتیە ناو قورئانەوە، الله لایبردووە، جا لەبەر ئەوە ئەم پەرتووکە کە قورئانە هەقە و لە لایەن خوداکەتەوەیە ئەی محمد. جا دەڵێت: بۆ ئەوەی بڕوا بەم پەرتووکە بهێنن و دڵەکانیان ملکەچی بێت و پابەندی بن. جا لەبەر ئەوە نەکەن فرتوفێڵی شەیتان زیانتان پێ بگەیەنێت، وە الله ئەوەی پووچەڵ کردەوە کە شەیتان خستیە سەر زمانی پێغەمبەرەکەیەوە.

ئایەتی ٥٥

وَلَا يَزَالُ الَّذِينَ كَفَرُوا فِي مِرْيَةٍ مِّنْهُ حَتَّىٰ تَأْتِيَهُمُ السَّاعَةُ بَغْتَةً أَوْ يَأْتِيَهُمْ عَذَابُ يَوْمٍ عَقِيمٍ

دەڵێت:

وە ئەوانەی باوەڕیان نەهێناوە تا ئێستاش لێی دوودڵن، تاوەکو لە کوتوپڕێکدا قیامەت بۆیان سەرهەڵدەدات، یان لە ڕۆژێکی تۆواوبڕ سزایان بۆ دێت.

واتە:

تا ئێستاش کافرەکان سەبارەت بە محمد لە شکوگومانن، واتە محمد بە باشترین شێوە بە خوداوەندەکانی قورەیشی هەڵدا، ئینجا پەشیمان بۆوە بە بیانووی ئەوەی لە لایەن شەیتانەوە ئەم دوو دەقەی بۆ دابەزیوە. لەبەر ئەوە شکوگومانیان هەیە کە محمد پێغەمبەری الله بێت و قورئان لە لایەن اللهوە بێت. ئینجا خوداوەندی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

حَتَّىٰ تَأْتِيَهُمُ السَّاعَةُ بَغْتَةً أَوْ يَأْتِيَهُمْ عَذَابُ يَوْمٍ عَقِيمٍ

لە شکوگوماندا دەبن تاوەکو لە کوتوپڕێکدا قیامەت هەڵدەستێت، یان سزایەکیان بەسەردا دێت تۆواویان دەبڕێتەوە.

{عَقِيمٍ}، واتە نەزۆك، واتە دوایان دەبڕێت.

هەڵبەتە ئەم ئایەتەش ڕاست دەرنەچوو. قورەیشەکان هیچیان بەسەر نەهات، بەڵکو بە پێچەوانەوە بوون بە خەلیفە و سەرکردە و ئەمیر.

ئایەتی ٥٦

الْمُلْكُ يَوْمَئِذٍ لِّلَّهِ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فِي جَنَّاتِ النَّعِيمِ

دەڵێت:

ئەوێ ڕۆژێ دەسەڵات بۆ الله دەبێت و حوکم لە نێوانیان دەکات، جا ئەوانەی ئیمانیان هێناوە و کاری چاکیان کردووە لە باخاتی خۆشیدا دەبن.

واتە:

لە ڕۆژی قیامەت دەسەڵات بۆ الله دەبێت و حوکم دەکات لە نێوان بێباوەڕان و باوەڕداران. جا باوەڕداران لە باخاتە خۆشەکانی بەهەشت دەبن.

ئایەتی ٥٧

وَالَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا فَأُولَـٰئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ

دەڵێت:

وە ئەوانەی باوەڕیان نەهێنا و نکوڵیان لە ئایەتەکانمان کرد، ئەوە ئەوانە سزایەکی ڕیسواکەریان بۆ دەبێت.

واتە:

بەڵام ئەوانەی باوەڕیان بە محمد و ئایەتەکانی الله نەهێنا، دەخرێنە دۆزەخەوە و سزا دەدرێن سزایەکی ڕیسواکەر.

ئایەتی ٥٨-٥٩

وَالَّذِينَ هَاجَرُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ ثُمَّ قُتِلُوا أَوْ مَاتُوا لَيَرْزُقَنَّهُمُ اللَّهُ رِزْقًا حَسَنًا وَإِنَّ اللَّهَ لَهُوَ خَيْرُ الرَّازِقِينَ

لَيُدْخِلَنَّهُم مُّدْخَلًا يَرْضَوْنَهُ وَإِنَّ اللَّهَ لَعَلِيمٌ حَلِيمٌ

دەڵێت:

وە ئەوانەی کۆچیان کردووە لە پێناو الله، ئینجا کوژران، یان مردن، سوێند بێت الله ڕزقێکی چاکیان پێ دەدات، وە لە ڕاستیدا الله چاکترینی ڕزقدەرەکانە.

سوێند بێت دەیانخەینە شوێنێکەوە پێی ڕازی دەبن، وە بە دڵنیاییەوە الله زانا و مەندە.

واتە:

وە ئەو ئیماندارانەی لە پێناو الله کۆچیان کرد لە مەککەوە بۆ مەدینە، ئینجا مردن، یان لە جیهاد کوژران، سوێند بێت الله ڕزقیان پێ دەدات ڕزقێکی چاک، وە سوێند بێت الله چاکترینی ئەوانەیە کە ڕزق دەدەن و دەبەخشن.

وە سوێند بێت ئەوانەی کۆچیان کردووە، جا مردوون، یان کوژراون، دەخاتە شوێنێکەوە کە پێی ڕازی دەبن.

{لَيُدْخِلَنَّهُم مُّدْخَلًا يَرْضَوْنَهُ}، دەیانخاتە شوێنێکەوە کە پێی ڕازی دەبن، واتە بەهەشت.

ئایەتی ٦٠

ذَٰلِكَ وَمَنْ عَاقَبَ بِمِثْلِ مَا عُوقِبَ بِهِ ثُمَّ بُغِيَ عَلَيْهِ لَيَنصُرَنَّهُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ

دەڵێت:

ئەوە، وە هەر کەسێك بەوەی سزادراوە سزا بدات، ئینجا دەستدرێژی بکاتە سەری، بە دڵنیاییەوە الله ئەو سەردەخات، لەڕاستیدا الله دەبوورێت و لێبووردەیە.

واتە:

{ذَٰلِكَ}، واتە ئایەتەکانی پێشوو بەم شێوەیەن.

{وَمَنْ عَاقَبَ بِمِثْلِ مَا عُوقِبَ بِهِ ثُمَّ بُغِيَ عَلَيْهِ}، وە هەر کەسێك بەوەی سزا دراوە سزای ئەو کەسە بداتەوە کە سزای داوە، ئینجا دەستدرێژی بکاتە سەر، {لَيَنصُرَنَّهُ اللَّهُ}، ئەوە الله پشتیوانی ئەو کەسە دەکات کە دەستدرێژی کراوەتە سەر.

واتە: خوداوەندی عەرەب و ئیسلام دەڵێت، بە هەمان شێوە تۆڵە لە کەسێك بکەوە کە سزا و ئازاری داویت، بەڵام نەکەیت زیاتر لەوەی ئازاری داویت ئازاری بدەیت. وەك ئایەتی ٤٥ سوورەتی المائدة دەڵێت:

وَٱلْعَيْنَ بِٱلْعَيْنِ وَٱلْأَنفَ بِٱلْأَنفِ وَٱلْأُذُنَ بِٱلْأُذُنِ وَٱلسِّنَّ بِٱلسِّنِّ وَٱلْجُرُوحَ قِصَاصٌ

چاو لەبەرامبەر بە چاو و لووت لەبەرامبەر بە لووت و گوێچکە لە بەرامبەر بە گوێچکە و ددان لەبەرامبەر بە ددان و برینەکان دەبێت تۆڵەبکرێنەوە.

بەڵام ئەگەر زیاتر لەوەی ئازار دراویت تۆڵەت کردووە {لَيَنصُرَنَّهُ اللَّهُ}، ئەوە الله بە دڵنیاییەوە کەسەکە سەردەخات و پشتیوانی دەکات.

ئایەتی ٦١

ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ يُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ وَيُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ وَأَنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ

دەڵێت:

ئەوە بە هۆی ئەوەوەیە، اللە شەو دەبڕێتە ڕۆژەوە، وە ڕۆژ دەبڕێتەوە شەوەوە، وە اللە بیستەر و بینادیدەیە.

واتە:

{وَمَنْ عَاقَبَ بِمِثْلِ مَا عُوقِبَ بِهِ- وە هەر کەسێك بەوەی سزادراوە سزا بدات}، ئەوە بە هۆی ئەوەیە کە اللە {يُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ وَيُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ}، شەو دەبڕێتە ڕۆژەوە، وە ڕۆژ دەبڕێتە شەوەوە.

جا نازانم تۆڵەی کەسێك لە کەسێك چ پەیوەندی بە تێبڕینی شەو لە ڕۆژ و تێبڕینی ڕۆژ لە شەو هەیە؟! اللە اعلم.

وەك الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

{ذَلِكَ}، ئەم پشتوانیەم بۆ کەسێك دژ بە کەسێك کە دەستدرێژی کردۆتە سەری، چونکە من توانایم هەیە هەر شتێك بکەم کە خۆم دەمەوێت، وەك چۆن شەو دەبڕمە ڕۆژ و ڕۆژ دەبڕمە شەو.

ئایەتی ٦٢

ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِ هُوَ الْبَاطِلُ وَأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْعَلِيُّ الْكَبِيرُ

دەڵێت:

ئەوە بە هۆی ئەوەوەیە، چونکە اللە هەر خۆی هەقەکەیە، وە جگە لە اللە ئەوەی ئێوە هانای بۆ دەبەن پووچەڵە، وە لە ڕاستیدا اللە هەر خۆی مەزنە گەورەکەیە.

واتە:

{ذَلِكَ}، الله شەو دەبڕیتە ڕۆژەوە، وە ڕۆژ دەبڕێتە شەوەوە، چونکە {أَنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَقُّ} الله هەر خۆی هەقەکەیە، ڕاستیەکەیە، واتە هەق و ڕاستی ڕەهایە، {وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِ هُوَ الْبَاطِلُ}، وە ئەو بتانەی کە جگە لە الله هانایان بۆ دەبەن پووچەڵن، {وَأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْعَلِيُّ الْكَبِيرُ}، وە الله هەر خۆی بەرزەکە گەورەکەیە.

{الْعَلِيُّ الْكَبِيرُ}، دوو ناون لە ناوە جوانەکانی الله.

الطبری لە جامع البيان دەڵێت:

{الْعَلِيُّ}، واتە بەرزترە لە هەموو شتێك، وە هەموو شتێك لە ژێریەوەیەتی {الْكَبِيرُ}، واتە مەزن، کە هەموو شتێك لە ئەو بچووکترە، وە هیچ شتێك لە ئەو گەورەتر نییە.

ئایەتی ٦٣

أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ أَنزَلَ مِنَ السَّمَاء مَاء فَتُصْبِحُ الأَرْضُ مُخْضَرَّةً إِنَّ اللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

ئایا نەتبینیوە کە الله ئاوێکی لە ئاسمان دابەزندووە، جا زەوت سەوز دەبێت، لە ڕاستیدا الله نیان و شارەزایە.

واتە:

ئەی محمد نەتبینیوە کە الله ئاوێکی لە ئاسمان دابەزاندووە (واتە باران)، جا زەوی سەوز بووە، لە ڕاستیدا الله نیان و شارەزایە لە کارەکانی.

بیابان چۆن سەوز هەڵگەڕاوە؟

ئەمە یەکێکە لەو ئایەتانەی قورئان کە دەیسەلمێنێت جوگرافیای دابەزینی قورئان مەککە نەبووە.

ئایەتی ٦٤

لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ وَإِنَّ اللَّهَ لَهُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ

دەڵێت:

هەرچیەك لە ئاسمانەكان و هەرچیەك لە زەویدایە بۆ اللهیە، وە لە ڕاستیدا الله هەر خۆی دەوڵەمەندە شایستە بە پیاهەڵدانە.

{الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ}، دوو ناون لە ناوە جوانەكانی الله.

{الْغَنِيُّ}، واتە الله هەموو شتێكی هەیە و لە هیچی كەم نییە، پێویستی بە ئێوە نییە، بەڵكو ئێوە پێویستیتان بە اللهیە.

{الْحَمِيدُ}، شایستەیە بە حەمدكردن.

ئایەتی ٦٥

أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي الأَرْضِ وَالْفُلْكَ تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِأَمْرِهِ وَيُمْسِكُ السَّمَاء أَن تَقَعَ عَلَى الأَرْضِ إِلاَّ بِإِذْنِهِ إِنَّ اللَّهَ بِالنَّاسِ لَرَؤُوفٌ رَّحِيمٌ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

ئایا نەتبینیوە كە هەرچییەك لە زەویدایە الله بۆ ئێوەی دەستەمۆ كردووە، وە كەشتیەكان لە دەریادا بە فەرمانی ئەو دەڕۆن، وە ئاسمانی گرتووە كە بەرنەبێتەوە سەر زەوی تەنها بە مۆڵەتی خۆی نەبێت، لە ڕاستیدا الله بۆ خەڵك نیان و بە بەزەییە.

واتە: خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت: ئەی محمد ئایا نەتبینیوە:

یەكەم: هەرچییەك لە زەویدایە الله بۆ ئێوەی دەستەمۆ كردووە.

دووەم: كەشتی لە دەریادا بە فەرمانی الله دەڕوات.

واتە دەبێت محمد كەشتی و دەریای بینیبێت، چونكە ئەم ئایەتە دەڵێت: {أَلَمْ تَرَ} ئەی محمد ئایا نەتبینیوە؟ واتە دڵنیام بینیوتە.

سێهەم: الله ئاسمانی گرتووە كە بەرنەبێتەوە سەر زەوی تەنها بە مۆڵەتی خۆی نەبێت. وەك دەڵێت:

وَيُمْسِكُ السَّمَاء أَن تَقَعَ عَلَى الأَرْضِ إِلاَّ بِإِذْنِهِ

محمد چۆن و له كویٚ بینیبیتی كه الله ئاسمانی گرتووه بەرنەبێتەوە سەر زەوی؟!

وە ئەم بڕگەیە وەك دەیەها ئایەتی دیكەی قورئان دەیسەلمێنێت كە ئاسمان سەقفە، وە الله دەڵێت، بنمیچی زەویم (واتە ئاسمان) گرتووە بۆ ئەوەی بەرنەبێتەوە سەر زەوی. (بگەڕێوە بۆ ئایەتی ٩-١٢ سوورەتی الصافات، بە دریژی قسەوباسمان كردووە سەبارەت بە گەردوون لە ڕوانگەی قورئان).

الرازی له مفاتیح الغیب دەڵێت:

أَنَّ السَّمَاءَ مَسْكَنُ الْمَلَائِكَةِ فَوَجَبَ أَنْ يَكُونَ صُلْبًا ، وَوَجَبَ أَنْ يَكُونَ ثَقِيلًا

چونكە ئاسمان شوێنی ژیانی فریشتەكانە، لەبەر ئەوە دەبێت ڕەق و پتەو بێت، وە دەبێت قورس بێت.

ابن كثیر له تفسیر القران العظیم دەڵێت:

لَوْ شَاءَ لَأَذِنَ لِلسَّمَاءِ فَسَقَطَتْ عَلَى الْأَرْضِ ، فَهَلَكَ مَنْ فِيهَا ، وَلَكِنْ مِنْ لُطْفِهِ وَرَحْمَتِهِ وَقُدْرَتِهِ يُمْسِكُ السَّمَاءَ أَنْ تَقَعَ عَلَى الْأَرْضِ إِلَّا بِإِذْنِهِ

ئەگەر الله بیەوێت، ئەوە بە دڵنیاییەوە مۆڵەت بە ئاسمان دەدات بكەوێتە سەر زەوی، جا هەرچیەك لەسەر زەوییە تیادەچێت، بەڵام بەهۆی نیانی و ڕەحمەت و تواناییەوە ئاسمانی گرتووە كە بەرنەبێتەوە سەر زەوی تەنها بە مۆڵەتی خۆی نەبێت.

الجلالین له تفسیر الجلالین دەڵێن:

ئاسمانی گرتووە كە نەكەوێتە سەر زەوی و تیابچن.

ئایەتی ٦٦

وَهُوَ الَّذِي أَحْيَاكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يُحْيِيكُمْ إِنَّ الإِنسَانَ لَكَفُورٌ

دەڵێت:

وە ئەوە كە ژیانی بە ئێوە داوە، ئینجا دەتانمرێنێت، ئینجا زیندووتان دەكاتەوە، سوێند بێت مرۆڤ ناسوپاسگوزارە.

واتە:

اللّٰەیە کە ئێوەی هێناوەتە ژیان، ئینجا دەتانمرێنێت و ئینجا لە قیامەت زیندووتان دەکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش مرۆڤ ناسوپاسگوزارە.

ئایەتی ٦٧

لِكُلِّ أُمَّةٍ جَعَلْنَا مَنسَكًا هُمْ نَاسِكُوهُ فَلا يُنَازِعُنَّكَ فِي الأَمْرِ وَادْعُ إِلَى رَبِّكَ إِنَّكَ لَعَلَى هُدًى مُّسْتَقِيمٍ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

بۆ هەر ئاینێك ڕێورەسمێکمان هێناوەتە ئاراوە کە ئەوان پەیڕەوی دەکەن، جا نابێت لەسەر ئەم بابەتە ئەوان مشتومڕت لەگەڵدا بکەن، وە بانگەواز بۆ خوداکەت بکە، لە ڕاستیدا تۆ لەسەر ڕێگای هیدایەتی ڕاستیت.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت، سەبارەت بە {مَنسَكًا}، ناکۆکی هەیە:

یەکەم: جەژن.

دووەم قوربانی و ڕشتنی خوێنی ئاژەڵ.

{فَلَا يُنَازِعُنَّكَ فِي الْأَمْرِ}، جا با موشریکەکان مشتومڕت لەگەڵدا نەکەن سەبارەت بە قوربانی و ئاژەڵ سەربڕین.

ئینجا دەڵێت:

وَادْعُ إِلَى رَبِّكَ إِنَّكَ لَعَلَى هُدًى مُّسْتَقِيمٍ

ئەی محمد بانگێشە بکە بۆ ڕێبازی خوداکەت، وە تۆ لەسەر ڕێگای هیدایەتی ڕاستیت.

ئایەتی ٦٨

وَإِن جَادَلُوكَ فَقُلِ اللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا تَعْمَلُونَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

وە ئەگەر مشتومڕیان لەگەڵدا کردیت، ئەوە بڵێ الله دەزانێت بەو کارانەی دەیکەن.

واتە:

ئەگەر موشریکەکانی قورەیش مشتومڕیان لەگەڵتدا کرد، ئەوە پێیان بڵێ کە الله خۆی بەو کارانەتان دەزانێت کە ئێوە دەیکەن.

وەك الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

ئەی محمد ئەگەر ئەو موشریکانە مشتومڕیان لەگەڵتدا کرد سەبارەت بە قوربانی، ئەوە پێیان بڵێ: الله چاکتر دەزانێت بە کارەکانی ئێوە و کارەکانی ئێمە.

ئایەتی ٦٩

اللَّهُ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِيمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ

دەڵێت:

الله لە ڕۆژی قیامەت حوکم دەکات لە نێوانتان سەبارەت بەوەی تیایدا ناکۆك بوون.

واتە:

الله لە ڕۆژی قیامەت حوکم دەکات لە نیوان ئێوەی ئیماندار و موشریکەکان سەبارەت بە ناکۆکیەکانتان.

ئایەتی ٧٠

أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاءِ وَالأَرْضِ إِنَّ ذَلِكَ فِي كِتَابٍ إِنَّ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ

دەڵێت:

ئایا نازانیت کە الله بە هەرچیەك لە ئاسمان و زەویە دەزانێت، ئەوە لە تۆماردایە، وە ئەوە لای الله کارێکی ئاسانە.

واتە:

هەرچییەك لە ئاسمان و زەویدا ڕوودەدات الله پێی دەزانێت، چونکە بەر لە دروستکردنی گەردوون و ژیان، هەموو شتێکی تۆمار کردووە کە چی دەبێت و دەبێت و شتەکان چۆن بن. وەك الطبری لە جامع البيان دەڵێت:

{إِنَّ ذَٰلِكَ فِي كِتَابٍ}، دەڵێت: الله دەزانێت، چونکە لە پەرتووك تۆماری کردووە، پەرتووك، واتە دایکی پەرتووکەکان کە هەموو شتێکی تیادا نووسیوە بەر لەوەی دەست بکات بە دروستکردن، هەموو شتێك لەوەی دەبێت تاوەکو ڕۆژی قیامەت.

ئایەتی ٧١

وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا وَمَا لَيْسَ لَهُم بِهِ عِلْمٌ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِن نَّصِيرٍ

دەڵێت:

جگە لە الله شتانێك دەپەرستن کە الله بەڵگەیەکی بۆی دانەبەزاندووە و هیچ زانیاریەکیان لەسەر نییە، وە بۆ ستەمکاران پشتیوانیەك نییە.

واتە:

موشریکەکان جگە لە الله، خوداوەند و بتەکان دەپەرستن کە الله هیچ بەڵگەیەکی بۆیان دانەبەزاندووە کە بیانپەرستن، وە هیچ زانیاریەکیان لەسەر نییە، وە ئەو موشریکانە هیچ پشتیوانێکیان نابێت لە قیامەت.

الطبری لە جامع البيان دەڵێت:

ئەو موشریکانە شتانێك دەپەرستن کە الله هیچ بەڵگەیەکی دانەبەزاندووە بۆ ئەوەی ئەو بتانە بپەرسترێن و شایستە بن بە پەرستن، وە ئەو موشریکانە لە قیامەت کەسێکیان نابێت کە پشتیوانیان بکات لە سزای الله بیانپارێزێت.

ئایەتی ٧٢

وَإِذَا تُتْلَى عَلَيْهِمْ آيَاتُنَا بَيِّنَاتٍ تَعْرِفُ فِي وُجُوهِ الَّذِينَ كَفَرُوا الْمُنكَرَ يَكَادُونَ يَسْطُونَ بِالَّذِينَ يَتْلُونَ عَلَيْهِمْ آيَاتِنَا قُلْ أَفَأُنَبِّئُكُم بِشَرٍّ مِّن ذَٰلِكُمُ النَّارُ وَعَدَهَا اللَّهُ الَّذِينَ كَفَرُوا وَبِئْسَ الْمَصِيرُ

دەڵێت:

وە کاتێك ئایەتەکانی ئێمە دەخوێندرێتەوە، لە سیمای کافرەکان مڕومۆچی دەبینرێت، خەریکە پەلاماری ئەوانە بدەن کە ئایەتەکانی ئێمەیان بۆ دەخوێننەوە، بڵێ: پێتان ڕابگەیەنم کە چی لە خراپترە؟ ئاگرە، کە الله بەڵێنی داوە بە کافرەکان، وە چارەنووسێکی گەلەك خراپە.

واتە:

کاتێك ئایەتەکانی ئێمە بەسەر خەڵکدا دەخوێندرێتەوە، کافرەکان بە سیماکانیان دەناسرێنەوە، چونکە سیمایان مڕومۆچ و گرژ دەبێت، وە خەریك دەبێت پەلاماری ئەو کەسە بدەن کە قورئان دەخوێنێتەوە، ئەی محمد پێیان بڵێ: ئایا پێتان ڕابگەیەنم چی لەوە خراپترە؟ ئاگرەکە، ئەو ئاگرەی الله بەڵێنی بە کافرەکان داوە کە چارەنووسێکی گەلەك خراپە.

ئایەتی ٧٣

يَا أَيُّهَا النَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٌ فَاسْتَمِعُوا لَهُ إِنَّ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ لَن يَخْلُقُوا ذُبَابًا وَلَوِ اجْتَمَعُوا لَهُ وَإِن يَسْلُبْهُمُ الذُّبَابُ شَيْئًا لَّا يَسْتَنقِذُوهُ مِنْهُ ضَعُفَ الطَّالِبُ وَالْمَطْلُوبُ

دەڵێت:

ئەی خەڵکینە نموونەیەك هێنراوەتەوە، جا گوێی لێ بگرن: ئەوانەی هانا بۆ جگە لە الله دەبەن، ئەگەر بەیەکەوە کۆببنەوە، هەرگیز ناتوانن مێشێك دروست بکەن، وە تەنانەت ئەگەر مێشێك شتێکیان لێ ببات، ئەوە ناتوانن لێی بسێننەوە، ئەوەی داوای هەیە و ئەوەی داوای لەسەرە بێ دەسەڵاتن.

واتە:

بتەکان و خوداوەندەکان کە موشریکەکان دەیانپەرستن هەموویان بە یەکەوە نەك ناتوانن مێشێك دروست بکەن ، بەڵکو تەنانەت ئەگەر مێشێك شتێکیان لێ ببات ناتوانن لە مێشەکە بسێننەوە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

گشت ئەوانەی جگە لە الله دەیانپەرستن لە خوداوەند و بتەکان، ئەگەر کۆببنەوە ناتوانن مێشێك دروست بکەن، وە ئەگەر مێشێك شتیك لە خوداوەند و بتەکان ببات، ئەوە ناتوانن وەریبگرنەوە. {الطَّالِبُ}، واتە داواکەر کە خوداوەند و بتەکانن، {الْمَطْلُوبُ}، واتە مێشەکە، هەردووکیان لاواز و بێ دەسەڵاتن.

ئایەتی ٧٤

مَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ

دەڵێت:

وە بە ئەندازەی شایستە اللهیان بە هەند وەرنەگرتووە، لە ڕاستیدا الله بەهێز و باڵادەستە.

الطبری لە جامع البیان، دەڵێت واتە:

ئەو موشریکانەی جگە لە الله خوداوەند و بت دەپەرستن، بە ئەندازەی پێویست اللهیان بە هەند وەرنەگرتووە، وە بە ئەندازەی پێویست الله ناناسن.

ئایەتی ٧٥

اللَّهُ يَصْطَفِي مِنَ الْمَلائِكَةِ رُسُلا وَمِنَ النَّاسِ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ

دەڵێت:

الله لە فریشتەکان و خەڵك پەیامنێرەکان هەڵدەبژێرێت، لە ڕاستیدا الله بیستەر و بینادیدەیە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت واتە:

الله لە فریشتەکان پەیامنێرەکان هەڵدەبژێرێت، وەك جبرایل و میکائیل، دەیاننێرێت بۆ لای پێغەمبەرەکانی، وە هەروەها لە مرۆڤ و خەڵك، کەسانێك هەڵدەبژێرێت و دەیانکات بە پێغەمبەر کە خۆی بیەوێت.

ئایەتی ٧٦

يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَإِلَى اللَّهِ تُرْجَعُ الأُمُورُ

دەڵێت:

دەزانێت چی لە پێشیانە و چی لە دوواوەیانە، وە کار و بڕیارەکان بۆ اللە دەگەڕێنەوە.

{مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ}، واتە ئەو کاروکردەوانەی دەیکەن، {وَمَا خَلْفَهُمْ}، وە ئەو کاروکردەوانەی لە ڕابردوو کردوویانە.

ئایەتی ٧٧

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ارْكَعُوا وَاسْجُدُوا وَاعْبُدُوا رَبَّكُمْ وَافْعَلُوا الْخَيْرَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ

دەڵێت:

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، مل کەچ بکەن و کڕنۆش ببەن و خوداکەتان بپەرستن و کاری چاکە بکەن بۆ ئەوەی فریادتان بێت.

واتە:

ئەی ئیمانداران لە کاتی نوێژەکانتان، {ارْكَعُوا وَاسْجُدُوا}، مل کەچ بکەن و کڕنۆش بۆ اللە ببەن، {وَاعْبُدُوا رَبَّكُمْ}، وە خوداکەتان بپەرستن، {وَافْعَلُوا الْخَيْرَ}، وە کاری چاکە بکەن، {لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ}، بۆ ئەوەی لە قیامەت فریادتان بێت.

ئایەتی ٧٨

وَجَاهِدُوا فِي اللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِ هُوَ اجْتَبَاكُمْ وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ مِّلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَاهِيمَ هُوَ سَمَّاكُمُ الْمُسْلِمِينَ مِن قَبْلُ وَفِي هَذَا لِيَكُونَ الرَّسُولُ شَهِيدًا عَلَيْكُمْ وَتَكُونُوا شُهَدَاء عَلَى النَّاسِ فَأَقِيمُوا الصَّلاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَاعْتَصِمُوا بِاللَّهِ هُوَ مَوْلاكُمْ فَنِعْمَ الْمَوْلَى وَنِعْمَ النَّصِيرُ

دەڵێت:

وە بەوپەڕ توانایتان جیهاد بکەن لە پێناو اللە، هەر ئەو ئێوەی هەڵبژاردووە، وە لە ئایندا، ئاینی باوکتان ئیبراهیم کە ئەو پێشوو و لەمەدا ناوی لێتان ناوە موسڵمانان، تەنگەژەیەکی بۆتان نەهێناوەتە ئاراوە، با پێغەمبەر بەسەرتاندا ببێت بە شایەت، وە ئێوە ببن بە شایەت بەسەر خەڵکدا، جا نوێژ بکەن و زەکات بدەن و پشت بە اللە ببەستن، هەر ئەو پشتیوانتانە، چاکترین پشتیوان و چاکترین یارمەتیدەر.

واتە:

{وَجَاهِدُوا فِي اللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِ}، بەوپەڕ توانیتان جیهاد بکەن لە پێناو اللە، {هُوَ اجْتَبَاكُمْ}، ئەو، اللە، ئێوەی هەڵبژاردووە، {وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ}، وە لە ئایندا سەختییەکی بەسەرتاندا نەهێناوەتە ئاراوە، {مِّلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَاهِيمَ}، ئاینی باوکتان ئیبراهیم، {هُوَ سَمَّاكُمُ الْمُسْلِمِينَ مِن قَبْلُ وَفِي هَٰذَا}، ئەو پێشوو، وە لە مەدا ناوی لێتان ناوە موسڵمان، {لِيَكُونَ الرَّسُولُ شَهِيدًا عَلَيْكُمْ وَتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ}، بۆ ئەوەی پێغەمبەر بە سەر ئێوەدا ببێت بە شایەت، وە ئێوەش بەسەر خەڵکدا ببن بە شایەت، {فَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَاعْتَصِمُوا بِاللَّهِ}، جا نوێژ بکەن و زەکات بدەن و دەست بە اللەوە بگرن، {هُوَ مَوْلَاكُمْ فَنِعْمَ الْمَوْلَىٰ وَنِعْمَ النَّصِيرُ}، ئەو، اللە، پشتیوانتانە کە چاکترین پشتیوانە، وە چاکترین یارمەتیدەرە.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

{وَفِي هَٰذَا- وە لەمەدا}، واتە: وە لە حوکمەکەی ئەوەیە کە هەر کەسێك شوێنکەوتەی محمد بێت، پێی دەگوترێت موسڵمان.

کۆتایی سوورەتەکە

ژماره (١٠٤)

سوورەتی المنافقون (دووڕووەکان)

١-إِذَا جَاءَكَ الْمُنَافِقُونَ قَالُوا نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ اللَّهِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُ وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَكَاذِبُونَ

ئەگەر دووڕووەکان هاتن بۆ لات و گوتیان شایەتی دەدەین تۆ پێغەمبەری اللەیت، وە اللە دەزانێت کە تۆ پێغەمبەری ئەویت، وە اللە شایەتی دەدات کە دووڕووەکان درۆزنن.

٢-اتَّخَذُوا أَيْمَانَهُمْ جُنَّةً فَصَدُّوا عَن سَبِيلِ اللَّهِ إِنَّهُمْ سَاءَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ

سوێندەکانیان وەك قەڵغان وەرگرتووە بۆ پەرچدانەوەی ڕێبازی اللە، لە ڕاستیدا خراپە ئەو کارانەی دەیکەن.

٣-ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ آمَنُوا ثُمَّ كَفَرُوا فَطُبِعَ عَلَى قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لا يَفْقَهُونَ

ئەوە بە هۆی ئەوەوەیە چونکە ئیمانیان هێنا، ئینجا کوفریان کرد، جا لە سەر دڵەکانیان دراوە کە نابێت تێبگەن.

٤-وَإِذَا رَأَيْتَهُمْ تُعْجِبُكَ أَجْسَامُهُمْ وَإِن يَقُولُوا تَسْمَعْ لِقَوْلِهِمْ كَأَنَّهُمْ خُشُبٌ مُّسَنَّدَةٌ يَحْسَبُونَ كُلَّ صَيْحَةٍ عَلَيْهِمْ هُمُ الْعَدُوُّ فَاحْذَرْهُمْ قَاتَلَهُمُ اللَّهُ أَنَّى يُؤْفَكُونَ

وە کاتێك دەیانبینیت سەرسام دەبیت بە لاشەیان، وە ئەگەر قسە بکەن و گوێ لە وتەکانیان بگریت، وەك داری بە دیوار هەڵپەسێردراون، پێیان وایە هەموو هاوارێك دژ بەوانە، ئەوانە دوژمنن جا ئاگاداریان بە، اللە لەناویان بەرێت، چۆن درۆیەك دەکەن.

٥-وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا يَسْتَغْفِرْ لَكُمْ رَسُولُ اللَّهِ لَوَّوْا رُؤُوسَهُمْ وَرَأَيْتَهُمْ يَصُدُّونَ وَهُم مُّسْتَكْبِرُونَ

وە کاتیك پێیان دەگوترێت وەرن، پێغەمبەری اللە داوای لێبووردەیتان بۆ دەکات، سەریان بادەدەن و دەیانبینیت ڕەت دەکەنەوە و لووتبەرزن.

٦-سَوَاء عَلَيْهِمْ أَسْتَغْفَرْتَ لَهُمْ أَمْ لَمْ تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ لَن يَغْفِرَ اللَّهُ لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ لا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ

بۆ ئەوان وەك یەکە داوای لێبووردەییان بۆ بکەیت، یان داوای لێبووردەییان بۆ نەکەیت، هەرگیز اللە لێیان نابوورێت، لە ڕاستیدا اللە هیدایەتی خەڵکانێکی خراپەکار نادات.

٧-هُمُ الَّذِينَ يَقُولُونَ لا تُنفِقُوا عَلَى مَنْ عِندَ رَسُولِ اللَّهِ حَتَّى يَنفَضُّوا وَلِلَّهِ خَزَائِنُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَلَكِنَّ الْمُنَافِقِينَ لا يَفْقَهُونَ

ئەوانە دەیانگوت نەکەن ببەخشن بەوانەی لای پێغەمبەری اللەن تاوەکو بڵاوەی لێ دەکەن، وە کۆگای ئاسمانەکان و زەوی بۆ اللەیە، بەڵام دووڕووەکان تێناگەن.

٨-يَقُولُونَ لَئِن رَّجَعْنَا إِلَى الْمَدِينَةِ لَيُخْرِجَنَّ الأَعَزُّ مِنْهَا الأَذَلَّ وَلِلَّهِ الْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَلَكِنَّ الْمُنَافِقِينَ لا يَعْلَمُونَ

دەڵێن: سوێند بێت کاتێك گەڕاینەوە بۆ مەدینە، دەبێت ئەوەی ڕێزدار و دەسەڵاتدارە بە ڕیسوایی لێیەوەی دەربکەین، ڕێز و دەسەڵات بۆ اللە و پێغەمبەرەکەی و ئیماندارانە، بەڵام دووڕووەکان نازانن.

٩-يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تُلْهِكُمْ أَمْوَالُكُمْ وَلا أَوْلادُكُمْ عَن ذِكْرِ اللَّهِ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ فَأُولَئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، سامانەکانتان و منداڵەکانتان یادکردنەوەی اللەتان لە بیر نەبەنەوە، وە هەر کەسێك ئەوە بکات، ئەوە لە دۆڕاوەکانە.

١٠-وَأَنفِقُوا مِن مَّا رَزَقْنَاكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ فَيَقُولَ رَبِّ لَوْلا أَخَّرْتَنِي إِلَى أَجَلٍ قَرِيبٍ فَأَصَّدَّقَ وَأَكُن مِّنَ الصَّالِحِينَ

وە لەو ڕزقەی پێمان داون ببەخشن بەر لەوەی مەرگ تووشتان بێت، جا دەڵێت خوداکەم ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەم ئەجەلت دوا خستبام، ئەوە خێر و سەدەقەم دەکرد و لە ئاکارچاکان دەبووم.

١١-وَلَن يُؤَخِّرَ اللَّهُ نَفْسًا إِذَا جَاءَ أَجَلُهَا وَاللَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ

وە هەرگیز اللە وادەی مردن دوا ناخات کاتێك ساتەکەی گەیشت، وە اللە شارەزایە بەوەی دەیکەن.

شرۆڤە و تێبینی

ئەم سوورەتە ناو نراوە {المنافقون}، چونکە سەرتاپای سوورەتەکە لەسەر مونافیقەکان (دووڕووەکان) قسە دەکات، وە لە ئایەتی ١ هاتووە دەڵێت:

إِذَا جَاءَكَ الْمُنَافِقُونَ

القرطبی لە الجامع لاحكام القران دەڵێت، بە کۆدەنگی ئەم سوورەتە لە مەدینە دابەزیووە

ئایەتی ١

إِذَا جَاءَكَ الْمُنَافِقُونَ قَالُوا نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ اللَّهِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُ وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَكَاذِبُونَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

ئەگەر دووڕووەکان هاتن بۆ لات و گوتیان شایەتی دەدەین تۆ پێغەمبەری اللەیت، وە اللە دەزانێت کە تۆ پێغەمبەری ئەویت، وە اللە شایەتی دەدات کە دووڕووەکان درۆزنن.

لە صحیح البخاری و صحیح مسلم، ڕیوایەتێك هاتووە، زید بن أرقم گوتوویەتی:

كُنْتُ فِي غَزَاةٍ فَسَمِعْتُ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ أُبَيٍّ، يَقُولُ لاَ تُنْفِقُوا عَلَى مَنْ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ حَتَّى يَنْفَضُّوا مِنْ حَوْلِهِ وَلَوْ رَجَعْنَا مِنْ عِنْدِهِ لَيُخْرِجَنَّ الأَعَزُّ مِنْهَا الأَذَلَّ. فَذَكَرْتُ ذَلِكَ لِعَمِّي أَوْ لِعُمَرَ فَذَكَرَهُ لِلنَّبِيِّ صلى الله عليه وسلم فَدَعَانِي فَحَدَّثْتُهُ فَأَرْسَلَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم إِلَى عَبْدِ اللَّهِ بْنِ أُبَيٍّ وَأَصْحَابِهِ فَحَلَفُوا مَا قَالُوا

فَكَذَّبَنِي رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم وَصَدَّقَهُ فَأَصَابَنِي هَمٌّ لَمْ يُصِبْنِي مِثْلُهُ قَطُّ، فَجَلَسْتُ فِي الْبَيْتِ فَقَالَ لِي عَمِّي مَا أَرَدْتَ إِلَى أَنْ كَذَّبَكَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم وَمَقَتَكَ. فَأَنْزَلَ اللَّهُ تَعَالَى {إِذَا جَاءَكَ الْمُنَافِقُونَ} فَبَعَثَ إِلَيَّ النَّبِيُّ صلى الله عليه وسلم فَقَرَأَ فَقَالَ " إِنَّ اللَّهَ قَدْ صَدَّقَكَ يَا زَيْدُ

واتە: لە غەزوویەك بووم، گوێم لە عبداللە بن ابي بن سلول بوو دەیگوت: نەكەن خواردن بدەن بەوانەی لە دەوروبەری محمدن، تاوەكو خواردنیان تەواو بێت و لێی دووركەونەوە، وە ئەگەر گەڕاینەوە بۆ مەدینە، سوێند بێت، ئەوەی ڕێزدارترینە دەبێت وەك ڕیسواترین كەس لێی دەربچێت. ئاماژەم بۆئەو كرد بۆ مامم، یان عومەر، ئەویش هەواڵەكەی گەیاند بە پێغەمبەر، ئەوەبوو بانگی كردم و پێغەمبەر بە دوای عبداللە بن ابي بن سلولی و هاوڕێكانی نارد، ئەوەبوو سوێندیان خوارد كە قسەی وایان نەكردووە، وە پێغەمبەر بڕوای پێیان كرد، ئەوەبوو تووشی دڵتەنگیەك بووم هەرگیز تووشی دڵتەنگی لەم چەشنە نەبووم و لە ماڵەوە دانیشتم، مامم پێی گوتم تۆ بەم كارە وات كرد كە پێغەمبەر بە درۆزنت بزانێت و ڕقی لێت بێتەوە، ئەوەبوو اللە ئەم ئایەتەی دابەزاند: {ئەگەر دووڕووەكان هاتن بۆ لات}، پێغەمبەر بە دوایدا ناردم و بۆی خوێندمەوە و گوتی: ئەی زەید اللە پشتڕاستی قسەكەی تۆی كردەوە.

وە ئەم ئایەتە دەڵێت:

ئەی محمد، ئەگەر دووڕووەكان هاتن بۆ لات و گوتیان: شایەتی دەدەین كە تۆ پێغەمبەر اللەیت، ئەوە {وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُ وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَكَاذِبُونَ}، اللە دەزانێت كە تۆ پێغەمبەری ئەویت، بەڵام ئەو مونافیقانە درۆ دەكەن.

واتە نەكەیت بڕوایان پێ بكەیت.

وەك الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

اللە بە پێغەمبەرەكەی دەڵێت: ئەی محمد ئەگەر دووڕووەكان هاتن بۆ لات و بە زمانیان گوتیان: شایەتی دەدەین كە تۆ پێغەمبەری اللەیت، جا ئەگەر دووڕووەكان شایەتی بدەن یان نەدەن، ئەوە تۆ پێغەمبەری ئەویت، بەڵام دووڕووەكان درۆ دەكەن، جا بروایان پێ مەكە.

ئایەتی ٢

اتَّخَذُوا أَيْمَانَهُمْ جُنَّةً فَصَدُّوا عَن سَبِيلِ اللَّهِ إِنَّهُمْ سَاء مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ

دەڵێت:

سوێندەکانیان وەك قەڵغان وەرگرتووە بۆ پەرچدانەوەی ڕێبازی اللە، لە ڕاستیدا خراپە ئەو کارانەی دەیکەن.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

{جُنَّةً}، واتە قەڵغان و بەربەستێك كە خۆیان پێی دەپارێزن، هەروەك چۆن جەنگاوەرێك لە کاتی جەنگ خۆی بە قەڵغان دەپارێزێت.

واتە: ئەو مونافیقانە سوێندەکانیان کردووە بە قەڵغانێك بۆ ئەوەی خۆیانی پێ بپارێزن و بەرپەرچی ڕێبازی اللە بدەنەوە، وە ئەو کارەی دیکەن گەلەك خراپە.

ئایەتی ٣

ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ آمَنُوا ثُمَّ كَفَرُوا فَطُبِعَ عَلَى قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لا يَفْقَهُونَ

دەڵێت:

ئەوە بە هۆی ئەوەوەیە چونکە ئیمانیان هێنا، ئینجا کوفریان کرد، جا لە سەر دڵەکانیان دراوە کە نابێت تێبگەن.

واتە:

کاروکردەوەی ئەوانە بە هۆی ئەوەوە خراپە چونکە ئیمانیان هێنا، ئینجا کافر بوون، جا مۆر لە سەر دڵەکانیان دراوە کە نابێت تێبگەن.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم، دەڵێت واتە:

دووڕوویی لەسەریان نووسراوە بە هۆی پاشگەزبوونەوەیان لە ئیمان بۆ کوفر، وە بەهۆی ئەوەی هیدایەتیان گۆڕیوەتەوە بە گومڕایی، جا اللە مۆری داوە لەسەر دڵەکانیان کە تێنەگەن، واتە: نە هیدایەت، وە نە چاکە نەگات بە دڵەکانیان.

ئایەتی ٤

وَإِذَا رَأَيْتَهُمْ تُعْجِبُكَ أَجْسَامُهُمْ وَإِن يَقُولُوا تَسْمَعْ لِقَوْلِهِمْ كَأَنَّهُمْ خُشُبٌ مُّسَنَّدَةٌ يَحْسَبُونَ كُلَّ صَيْحَةٍ عَلَيْهِمْ هُمُ الْعَدُوُّ فَاحْذَرْهُمْ قَاتَلَهُمُ اللَّهُ أَنَّى يُؤْفَكُونَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

وە کاتێك دەیانبینیت سەرسام دەبیت بە لاشەیان، وە ئەگەر قسە بکەن و گوێ لە وتەکانیان بگریت، وەك داری بە دیوار هەڵپەسێردراون، پێیان وایە هەموو هاوارێك دژ بەوانە، ئەوانە دوژمنن جا ئاگاداریان بە، الله لەناویان بەرێت، چۆن درۆیەك دەکەن.

واتە:

{وَإِذَا رَأَيْتَهُمْ تُعْجِبُكَ أَجْسَامُهُمْ}، ئەی محمد کاتێك ئەو دووڕووانە دەبینیت سەرسام دەبیت بە لاشەیان، {وَإِن يَقُولُوا تَسْمَعْ لِقَوْلِهِمْ كَأَنَّهُمْ خُشُبٌ مُّسَنَّدَةٌ}، وە کاتێ قسە دەکەن و گوێ لە قسەکانیان دەگریت، وەك تەختە داری بە دیوار هەڵپەسێردراون، {يَحْسَبُونَ كُلَّ صَيْحَةٍ عَلَيْهِمْ}، پێیان وایە هەموو هاوارێك دژ بەوانە، {هُمُ الْعَدُوُّ فَاحْذَرْهُمْ}، ئەوان دوژمنن، جا ئاگاداریان بە، {قَاتَلَهُمُ اللَّهُ أَنَّى يُؤْفَكُونَ}، جا ئاگاداریان بە، الله لە ناویان بەرێت چ درۆیەك دەکەن.

ئەم ئایەتە پێمان دەڵێت، عبدالله بن ابي بن سلول لاشەی جوان بووە، وە محمد سەرسامی لاشەی عبدالله بن ابي بن سلول بووە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

الله بە پێغەمبەرەکەی دەڵێت: ئەی محمد کاتێك ئەو دووڕووانە دەبینیت سەرسامی لاشەیان دەبیت، بە هۆی ئەوەی شێوە و لاشەیان جوانە.

{وَإِنْ يَقُولُوا تَسْمَعْ لِقَوْلِهِمْ}، دەڵێت: کاتێك قسە دەکەن دەبینیت کە قسەکانیان لە قسەی خەڵك دەکات، {كَأَنَّهُمْ خُشُبٌ مُسَنَّدَةٌ}، دەڵێت: وەك ئەوەی ئەو دووڕووانە تەختە دار بن و بە دیوار هەڵپەسێردرابن کە هیچ خێرێکیان تێدا نییە، وە نە تێدەگەن، وە نە زانیاریان لایە، {يَحْسَبُونَ كُلَّ صَيْحَةٍ عَلَيْهِمْ}، دەڵێت: ئەو دووڕووانە بە هۆی پیسیان و خراپی تێگەیشتنیان و کەم یەقاینیان، پێیان وایە کە هەموو هاوارێك دژ بە وانە. واتە: پێیان وایە کە کاتیك وەحیەك دادەبەزێت

ئەوە دژ بەوان دەبێت. ئینجا الله بە محمد صلعم دەڵێت: ئەوانە دوژمنن، جا ئاگاداریان بە، چونکە بە زمان لەگەڵ ئێوەن، بەڵام لە دڵدا دژ بە ئێوەن. جا الله دەڵێت: الله بیانکوژێت، چ درۆیەك دەکەن کاتێك دەڵێن ئیمانداریین.

ئایەتی ٥

وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا يَسْتَغْفِرْ لَكُمْ رَسُولُ اللَّهِ لَوَّوْا رُؤُوسَهُمْ وَرَأَيْتَهُمْ يَصُدُّونَ وَهُم مُّسْتَكْبِرُونَ

دەڵێت:

وە کاتیك پێیان دەگوترێت وەرن، پێغەمبەری الله داوای لێبووردەیتان بۆ دەکات، سەریان بادەدەن و دەیانبینیت ڕەت دەکەنەوە و لووتبەرزن.

واتە:

کاتێك بەو دووڕووانە دەگوترێت وەرن بۆ لای پێغەمبەری الله بۆ ئەوەی داوای لێبووردەیتان لە الله بۆ بکات، ئەوە سەر بادەدەن و ڕەت دەکەنەوە و لووتبەرزی دەنوێنن.

ئایەتی ٦

سَوَاء عَلَيْهِمْ أَسْتَغْفَرْتَ لَهُمْ أَمْ لَمْ تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ لَن يَغْفِرَ اللَّهُ لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ لا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

بۆ ئەوان وەك یەکە داوای لێبووردەییان بۆ بکەیت، یان داوای لێبووردەییان بۆ نەکەیت، هەرگیز الله لێیان نابوورێت، لە ڕاستیدا الله هیدایەتی خەڵکانێکی خراپەکار نادات.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

الله بە پێغەمبەرەکەی دەڵێت: ئەی محمد لای ئەو دووڕووانە وەك یەکە، ئەگەر داوای لێبووردەیی بۆ گوناهەکانیان بکەیت، یان داوای لێبووردەییان بۆ

نەکەیت، چونکە الله لە گوناهەکانیان نابووڕێت، وە الله هیدایەتی خەڵکانێکی خراپەکار نادات.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

{سَوَآءٌ عَلَيْهِمْ أَسْتَغْفَرْتَ لَهُمْ أَمْ لَمْ تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ}، ئەی محمد، ئەگەر داوای لێبوودنیان بۆ بکەیت یان نەکەیت، ئەوە وەك یەکە، چونکە الله لێیان نابووڕێت.

ئایەتی ٧

هُمُ الَّذِينَ يَقُولُونَ لا تُنفِقُوا عَلَى مَنْ عِندَ رَسُولِ اللَّهِ حَتَّى يَنفَضُّوا وَلِلَّهِ خَزَائِنُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَلَكِنَّ الْمُنَافِقِينَ لا يَفْقَهُونَ

دەڵێت:

ئەوانە دەیانگوت نەکەن ببەخشن بەوانەی لای پێغەمبەری اللهن تاوەکو بڵاوەی لێ دەکەن، وە کۆگای ئاسمانەکان و زەوی بۆ اللهیە، بەڵام دووڕووەکان تێناگەن.

واتە:

دووڕووەکان بوون دەیانگوت، نەکەن خۆراك بدەن بەوانەی لای پێغەمبەرن بۆ ئەوەی خۆراکیان تەواو بێت تاوەکو بڵاوەی لی بکەن و دەوری جێبهێڵن، لە کاتێکدا کۆگای ڕزقی ئاسمانەکان و زەوی بۆ اللهیە، بەڵام ئەو دووڕووانە تێناگەن.

ئەوکەسەی ئەم قسەیەی کردووە، وەك لە ئایەتی ١ ئاماژەمان پێکرد، بە گوێرەی ڕیوایەتێکی صحیح البخاری و صحیح مسلم، عبدالله بن ابي بن سلول بووە. لە غەزووی بنی مصطلق بە پیاوەکانی دەڵێت، نەکەن خۆراك بەوکەسانە بدەن کە لە دەورەی محمدن بۆ ئەوەی کاتێك خۆراکیان تەواو بوو، دەوری محمد جێبهێڵن.

الواحدی لە اسباب النزول دەڵێت: عبدالله بن ابي بن سلول لە غەزووی بنی مصطلق ئەم قسەیەی کردووە.

ئایەتی ٨

يَقُولُونَ لَئِن رَّجَعْنَا إِلَى الْمَدِينَةِ لَيُخْرِجَنَّ الأَعَزُّ مِنْهَا الأَذَلَّ وَلِلَّهِ الْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَلَكِنَّ الْمُنَافِقِينَ لا يَعْلَمُونَ

دەڵێت:

دەڵێن: سوێند بێت کاتێك گەڕاینەوە بۆ مەدینە، دەبێت ئەوەی ڕێزدار و دەسەڵاتدارە بە ڕیسوایی لێیەوەی دەربکەین، ڕێز و دەسەڵات بۆ الله و پێغەمبەرەکەی و ئیماندارانە، بەڵام دووڕووەکان نازانن.

واتە:

عبدالله بن ابي بن سلول، لە غەزووی بنی مصطلق گوتی: سوێند بێت هەرکە گەڕاینەوە مەدینە دەبێت ئەو کەسەی ڕێزدارترینە، کە محمدە، وەك ڕیسواترین کەس لە مەدینە دەربکرێت.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

عبدالله بن ابي سلول گوتی: {لَيُخْرِجَنَّ الْأَعَزُّ مِنْهَا الْأَذَلَّ- سوێند بێت دەبێت ئەوەی ڕێزدارترینە وەك ڕیسواترین کەس لە مەدینە بچێتە دەرەوە}، وە گەڕایەوە مەدینە، زۆری نەخایاند و مرد، وە پێغەمبەر چووە بۆ ناشتنی تەرمەکەی و داوای لێبووردەیی بۆی کرد، وە کراسەکەی خۆی بۆی کرد بە کفن.

ئایەتی ٩

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تُلْهِكُمْ أَمْوَالُكُمْ وَلا أَوْلادُكُمْ عَن ذِكْرِ اللَّهِ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ فَأُولَئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ

دەڵێت:

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، سامانەکانتان و منداڵەکانتان یادکردنەوەی اللەتان لە بیر نەبەنەوە، وە هەر کەسێك ئەوە بکات، ئەوە لە دۆڕاوەکانە.

واتە:

ئەی ئیمانداران، نەکەن ڕێگا بدەن کە سامانەکانتان و منداڵەکانتان سەرقاڵتان بکەن و یادی اللهتان لە بیربەنەوە، هەر کەسێك وابکات، ئەوە لە قیامەت لە دۆڕاوەکان دەبێت.

ئایەتی ١٠

وَأَنفِقُوا مِن مَّا رَزَقْنَاكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ فَيَقُولَ رَبِّ لَوْلا أَخَّرْتَنِي إِلَى أَجَلٍ قَرِيبٍ فَأَصَّدَّقَ وَأَكُن مِّنَ الصَّالِحِينَ

دەڵێت:

وە لەو ڕزقەی پێمان داون ببەخشن بەر لەوەی مەرگ تووشتان بێت، جا دەڵێت خوداکەم ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەم ئەجەلت دوا خستبام، ئەوە خێر و سەدەقەم دەکرد و لە ئاکارچاکان دەبووم.

واتە:

لەو سامانەی بە ئێوەمان داوە بۆ سەدەقە و خێر و زەکات ببەخشن، بەر لەوەی مەرگ تووشتان بێت، جا ئەوکات کاتێك مردیت دەڵێت: خوداکەم ئەگەر تۆزێك ئەجەلت دوا خستبام ئەوە سەدەقە و خێرم دەکرد و لە ئاکارچاکان دەبووم.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

ئەم ئایەتە بەڵگەیە کە دەبێت زەکات بە پەلە بدرێت و نابێت دوا بخرێت.

ئایەتی ١١

وَلَن يُؤَخِّرَ اللَّهُ نَفْسًا إِذَا جَاءَ أَجَلُهَا وَاللَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ

دەڵێت:

وە هەرگیز الله وادەی مردن دوا ناخات کاتێك ساتەکەی گەیشت، وە الله شارەزایە بەوەی دەیکەن.

واتە: الله ئەجەلی هیچ کەسێك دوا ناخات.

کۆتایی سوورەتەکە.

ژماره (١٠٥)

سوورەتی المجادلة (مشتومڕ)

١-قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِي إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَا إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ

بێگومان اللە گوێی لە وتەی ئەو ژنە بوو کە سەبارەت بە مێردەکەی مشتومڕت لەگەڵدا دەکات و سکاڵای هەیە لای اللە، وە اللە گوێی لە ئاخاوتنەکانتانە، لە ڕاستیدا اللە بیستەر و بینادیدەیە.

٢-الَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِنكُم مِّن نِّسَائِهِم مَّا هُنَّ أُمَّهَاتِهِمْ إِنْ أُمَّهَاتُهُمْ إِلاَّ اللَّائِي وَلَدْنَهُمْ وَإِنَّهُمْ لَيَقُولُونَ مُنكَرًا مِّنَ الْقَوْلِ وَزُورًا وَإِنَّ اللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ

ئەو پیاوانەتان کە ژنەکانیان لە جێگای دایکیان دادەنێن لە کاتێکدا دایکانیان نین، وە دایکانیان تەنها ئەوانەن کە ئەوانیان لێ بووە، وە بە دڵنیاییەوە قسەیەکی ناپەسەند و نالەبار دەکەن، لە ڕاستیدا اللە دەبوورێت و خۆش دەبێت.

٣-وَالَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِن نِّسَائِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِّن قَبْلِ أَن يَتَمَاسَّا ذَلِكُمْ تُوعَظُونَ بِهِ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ

وە ئەو پیاوانەی بە ژنەکانیان دەڵێن ئێوە وەك پشتی دایکانمانن، ئینجا لەوەی گوتوویانە پاشگەز دەبنەوە، ئەوە دەبێت کۆیلەیەك ئازاد بکەن بەر لەوەی لەگەڵیاندا جووت بن، بەوە ئامۆژگاری دەکرێن، وە اللە ئاگادارە بەوەی دەیکەن.

٤-فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ مِن قَبْلِ أَن يَتَمَاسَّا فَمَن لَّمْ يَسْتَطِعْ فَإِطْعَامُ سِتِّينَ مِسْكِينًا ذَلِكَ لِتُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ

جا ئەگەر کەسێك نەیبوو ئەوە دوو مانگ لەسەر یەك بەڕۆژووبوون بەر لەوەی بتوانێت لەگەڵ ژنەکەی جووت بێت، جا ئەگەر کەسێك نەیتوانی، ئەوە دەبێت خواردن بە شەشت هەژار بدات، ئەوە بۆ ئەوەیە کە ئیمان بە اللە و

پێغەمبەرەکەی بهێنن، وە ئەوە سنوورەکانی اللهیە، وە بۆ کافرەکان سزایەکی ئازاربەخش هەیە.

٥-إِنَّ الَّذِينَ يُحَادُّونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ كُبِتُوا كَمَا كُبِتَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَقَدْ أَنزَلْنَا آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ مُّهِينٌ

ئەوانەی دژایەتی الله و پێغەمبەرەکەی دەکەن، ڕیسوا بوون وەك چۆن ئەوانەی بەر لەوان ڕیسوا بوون، وە بێگومان چەندەها ئایەتی ڕوونمان دابەزاند، وە بۆ کافرەکان سزایەکی ڕیسواکەر هەیە.

٦-يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ اللَّهُ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوا أَحْصَاهُ اللَّهُ وَنَسُوهُ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ

ڕۆژێ الله گشتیان زیندوودەکاتەوە و ئەو کارانەیان پێ ڕادەگەیەنێت کە کردوویانە، الله کارەکانیانی تۆمارکردووە و ژماردووە، بەڵام ئەوان لەبیریان کردووە، وە الله بەسەر هەموو شتێکدا شایەتە.

٧-أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ مَا يَكُونُ مِن نَّجْوَى ثَلاثَةٍ إِلاَّ هُوَ رَابِعُهُمْ وَلا خَمْسَةٍ إِلاَّ هُوَ سَادِسُهُمْ وَلا أَدْنَى مِن ذَلِكَ وَلا أَكْثَرَ إِلاَّ هُوَ مَعَهُمْ أَيْنَ مَا كَانُوا ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ

ئایا نەتبینیوە کە الله بە هەرچیەك لە ئاسمانەکان و هەرچیەك لە زەویدایە دەزانێت؟ سێ کەس بەیەکەوە چپەچپ ناکەن مەگەر ئەو چوارەمیان نەبێت، وە نە پێنج کەس مەگەر ئەو شەشەمیان نەبێت، وە نە کەمتر، وە نە زیاتر لەو ژمارەیە مەگەر ئەویان لەگەڵدا بێت، لە هەر کوێیەك بن، ئینجا ئەو کارانەیان پێ ڕادەگەیەنێت کە کردوویانە لە ڕۆژی قیامەت، لە ڕاستیدا الله بە هەموو شتێك دەزانێت.

٨-أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ نُهُوا عَنِ النَّجْوَى ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا نُهُوا عَنْهُ وَيَتَنَاجَوْنَ بِالإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَمَعْصِيَتِ الرَّسُولِ وَإِذَا جَاؤُوكَ حَيَّوْكَ بِمَا لَمْ يُحَيِّكَ بِهِ اللَّهُ وَيَقُولُونَ فِي أَنفُسِهِمْ لَوْلا يُعَذِّبُنَا اللَّهُ بِمَا نَقُولُ حَسْبُهُمْ جَهَنَّمُ يَصْلَوْنَهَا فَبِئْسَ الْمَصِيرُ

ئایا سەرنجی ئەوانەت نەداوە لەگەڵ ئەوەش چپەیان لێ قەدەغە کراوە، بەڵام دواتر گەڕاونەتەوە سەر چپەکردن؟ لە چپەکانیان گوناه و دوژمنایەتی و سەرپێچیکردنی پێغەمبەرە، وە کاتێك دێن بۆ لات، سڵاوێکت لێ دەکەن کە جیایە لەو سڵاوەی الله لە تۆی کردووە، وە لە ناخیاندا دەڵێن: چۆنە الله بە هۆی ئەوەی دەیڵێین سزامان نادات؟ بۆ ئەوانە چوونە ناو دۆزەخ بەسە کە جێگایەکی گەلەك خراپە.

٩-يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا تَنَاجَيْتُمْ فَلا تَتَنَاجَوْا بِالإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَمَعْصِيَتِ الرَّسُولِ وَتَنَاجَوْا بِالْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە کاتێك ئێوە چرپەتان لە نێوان خۆتاندا کرد، نەکەن بە گوناه و دوژمنایەتی و سەرپێچیکردنی پێغەمبەر چپە بکەن، وە بە چاکە و خوداپەرستی چپە بکەن و لەو اللهیە بترسن کە بۆ لای کۆدەکرێنەوە.

١٠-إِنَّمَا النَّجْوَى مِنَ الشَّيْطَانِ لِيَحْزُنَ الَّذِينَ آمَنُوا وَلَيْسَ بِضَارِّهِمْ شَيْئًا إِلاَّ بِإِذْنِ اللَّهِ وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ

لە ڕاستیدا چپەکردن لە شەیتانەوەیە تاوەکو ئەوانە خەمۆك بکات کە باوەڕیان هێناوە، وە ناتوانێت زیانیان بە هیچ شتێك پێ بگەیەنێت مەگەر بە مۆڵەتی الله نەبێت، وە با ئیمانداران پشت بە الله ببەستن.

١١-يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا قِيلَ لَكُمْ تَفَسَّحُوا فِي الْمَجَالِسِ فَافْسَحُوا يَفْسَحِ اللَّهُ لَكُمْ وَإِذَا قِيلَ انشُزُوا فَانشُزُوا يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە کاتێك لە دانیشتەکانتان پێتان دەگوترێت جێگە بکەنەوە، ئەوە جێگە بکەنەوە، اللهش بۆ ئێوە فراوان دەکات، وە کاتێك پێتان دەگوترێت بڵاوەی لێ بکەن، ئەوە بڵاوەی لێ بکەن، الله ئەوانەتان کە ئیمانی هێناوە و زانیاری بۆ هاتووە چەندەها پلە بەرزدەکاتەوە، وە الله بەو کارانەی دەیکەن ئاگادارە.

١٢-يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نَاجَيْتُمُ الرَّسُولَ فَقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيْ نَجْوَاكُمْ صَدَقَةً ذَلِكَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَأَطْهَرُ فَإِن لَّمْ تَجِدُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە کاتێك ویستتان چپەچپ لەگەڵ پێغەمبەر بکەن ئەوە کاتێك دەچن بۆ چپەکە دیاریەك لەگەڵ دەستەکانتان ببەن، ئەوە چاکتر و پاکترە بۆ ئێوە، جا ئەگەر نەتانبوو ئەوە الله لێبووردە و بە بەزەییە.

١٣-أَأَشْفَقْتُمْ أَن تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيْ نَجْوَاكُمْ صَدَقَاتٍ فَإِذْ لَمْ تَفْعَلُوا وَتَابَ اللَّهُ عَلَيْكُمْ فَأَقِيمُوا الصَّلاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَاللَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ

ئایا لە دڵتان گران بوو کە دیاری لەگەڵ دەستەکانتان بێنن بۆ چپەچپ؟ جا ئەگەر ئەم کارە نەکەن و الله تۆبەتان وەربگرێت، ئەوە نوێژ بکەن و زەکات بدەن و ملکەچی الله و پێغەمبەرەکەی بن، وە الله بەو کارانەی دەیکەن ئاگادارە.

١٤-أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ تَوَلَّوْا قَوْمًا غَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِم مَّا هُم مِّنكُمْ وَلا مِنْهُمْ وَيَحْلِفُونَ عَلَى الْكَذِبِ وَهُمْ يَعْلَمُونَ

ئایا سەرنجی ئەوانەت نەداوە کە شوێن خەڵکانێك کەوتوون کە الله لێیان تووڕە بووە؟ جا ئەوانە نە لە ئێوەن، وە نە لەوانن، وە سوێند بە درۆوە دەخۆن، وە خۆیان دەزانن.

١٥-أَعَدَّ اللَّهُ لَهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا إِنَّهُمْ سَاء مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ

الله سزایەکی دژواری بۆیان ئامادە کردووە، چونکە ئەو کارانەی دەیانکرد گەلەك خراپ بوو.

١٦-اتَّخَذُوا أَيْمَانَهُمْ جُنَّةً فَصَدُّوا عَن سَبِيلِ اللَّهِ فَلَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ

سوێندەکانیان بە قەڵغان وەرگرتووە، جا بەرپەرچی ڕێبازی اللهیان داوەتەوە، جا بۆ ئەوانە سزایەکی ڕیسواکەر دەبێت.

١٧-لَن تُغْنِيَ عَنْهُمْ أَمْوَالُهُمْ وَلا أَوْلادُهُم مِّنَ اللَّهِ شَيْئًا أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ

نە سامانیان، وە نە منداڵەکانیان هەرگیز لای الله هیچ سوودێکی بۆیان نابێت، ئەوانە یاوەرانی ئاگرن، وە تیایدا بۆ هەمیشە دەمێننەوە.

١٨-يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ اللَّهُ جَمِيعًا فَيَحْلِفُونَ لَهُ كَمَا يَحْلِفُونَ لَكُمْ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ عَلَى شَيْءٍ أَلَا إِنَّهُمْ هُمُ الْكَاذِبُونَ

ڕۆژێ كه الله گشتیان زیندووده‌كاته‌وه‌، جا سوێند بۆ الله ده‌خۆن هه‌روه‌ك چۆن سوێند بۆ ئێوه ده‌خۆن، وه پێیان وایه كه له‌سه‌ر شتێكن، له ڕاستیدا ئه‌ی ئه‌وانه درۆزن نین؟

١٩-اسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ الشَّيْطَانُ فَأَنسَاهُمْ ذِكْرَ اللَّهِ أُوْلَئِكَ حِزْبُ الشَّيْطَانِ أَلا إِنَّ حِزْبَ الشَّيْطَانِ هُمُ الْخَاسِرُونَ

شه‌یتان به‌سه‌ریاندا زاڵ بووه‌، جا یادی اللّه‌ی له بیربردوونه‌ته‌وه‌، ئه‌وانه هاوده‌سته‌ی شه‌یتانن ئه‌ی هاوده‌سته‌ی شه‌یتان دۆڕاو نین؟

٢٠-إِنَّ الَّذِينَ يُحَادُّونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُوْلَئِكَ فِي الأَذَلِّينَ

ئه‌وانه‌ی دژایه‌تی الله و پێغه‌مبه‌ره‌كه‌ی ده‌كه‌ن، ئه‌وانه له ڕیسواترینن.

٢١-كَتَبَ اللَّهُ لَأَغْلِبَنَّ أَنَا وَرُسُلِي إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ

الله نووسیویه‌تی: سوێند بێت من و پێغه‌مبه‌ره‌كانم سه‌رده‌كه‌وین، له ڕاستیدا الله به‌هێز و باڵاده‌سته‌.

٢٢-لا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ أُوْلَئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الإِيمَانَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ أُوْلَئِكَ حِزْبُ اللَّهِ أَلا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ

خه‌ڵكانێك نابینیت كه باوه‌ڕیان به الله و ڕۆژی دوایی هه‌بێت، هاوسۆزیان هه‌بێت بۆ كه‌سانێك كه دژایه‌تی الله و پێغه‌مبه‌ره‌كه‌ی ده‌كه‌ن، وه ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر باوكانیان، یان منداڵه‌كانیان، یان براكانیان، یان هۆزه‌كانیان بێت، ئه‌وانه‌ن كه ئیمان له دڵه‌كانیان نووسراوه‌، وه به ڕۆحێك له خۆیه‌وه پشتوانی كردوون، وه ده‌یانخاته باخاتێكه‌وه كه ڕووباره‌كان له ژێریه‌وه ده‌ڕۆن كه هه‌میشه تیایدا ده‌مێننه‌وه‌، الله لێیان ڕازیه و ئه‌وانیش له الله ڕازین، ئه‌وانه هاوده‌سته‌ی اللّه‌ن، ئه‌ی هاوده‌سته‌ی الله سه‌ركه‌وتوو نین؟

شرۆڤە و تێبینی

ئەم سوورەتە ناو نراوە سوورەتی المجادلة، لە ئایەتی ١ هاتووە، ژنێك بە ناوی خَوْلَةَ بِنْتِ ثَعْلَبَةَ، دێت بۆ لای محمد صلعم و مشتومڕی لەگەڵدا دەکات سەبارەت بە مێردەکەی کە ناوی أَوْسُ بْنُ الصَّامِتِ، وە ئەو ژنە سکاڵایەکیش لەسەر مێردەکەی بۆ الله بەرزدەکاتەوە.

قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِي إِلَى اللَّهِ

ژنێك هاتۆتە لای محمد ناڕازی بووە لە مێردەکەی و سکاڵای لای الله هەبووە، وە کراوە بە سوورەتێکی قورئان.

وەك القرطبي و ابن کثیر دەڵێن، بە کۆدەنگی ئەم سوورەتە لە مەدینە دابەزیوە.

ئایەتی ١ تا ٤

بەر لە ئیسلام لە دوورگەی عەرەب ئەگەر پیاوێك بە ژنەکەی بگوتبایە: تۆ بۆ من وەك دایکمیت، ئەوە ژنەکە بۆ سەرجێیکردن لە پیاوەکە حەرام دەبوو، بەڵام وەك ژنی دەمایەوە، ئەوە پێی دەگوترێت (ظهار) زیهار{ظهار}. خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، نەك ئەم گاڵتەجاریەی ڕەت نەکردۆتەوە، بەڵکو بە جدی وەریگرتووە و کەفارەتی بۆ دیاری کردووە.

ئایەتی ١

قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِي إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَا إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

بێگومان الله گوێی لە وتەی ئەو ژنە بوو کە سەبارەت بە مێردەکەی مشتومڕت لەگەڵدا دەکات و سکاڵای هەیە لای الله، وە الله گوێی لە ئاخاوتنەکانتانە، لە ڕاستیدا الله بیستەر و بینادیدەیە.

واتە:

ئەی محمد، بێگومان الله گوێی لە قسەی ئەو ژنە بوو کە سەبارەت بە مێردەکەی مشتومڕت لەگەڵدا دەکات، وە لای الله سکاڵای لە مێردەکەی هەیە، وە الله ئاخاوتنەکەتان دەبیستێت، چونکە الله دەبیستێت و دەبینێت.

ابن کثیر، ئاماژە بە چەند ڕیوایەتێك دەکات:

یەکەم: لە مسند احمد و صحیح البخاری، ڕیوایەتێك هاتووە،عائیشة گوتوویەتی:

الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي وَسِعَ سَمْعُهُ الْأَصْوَاتَ ، لَقَدْ جَاءَتِ الْمُجَادِلَةُ إِلَى النَّبِيِّ تُكَلِّمُهُ وَأَنَا فِي نَاحِيَةِ الْبَيْتِ ، مَا أَسْمَعُ مَا تَقُولُ ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ ، عَزَّ وَجَلَّ : (قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا) إِلَى آخَرِ الْآيَةِ

سوپاس بۆ ئەو اللەیەی کە توانایی فراوان بۆتەوە بۆ بیستنی دەنگەکان، ژنێك هات بۆ لای پێغەمبەر و لە کونجێکی ماڵەکە مشتومڕی لەگەڵدا دەکرد، من گوێم لێ نەبوو کە چی دەگوت کەچی الله گوێی لێ بوو، وە ئەم ئایەتەی دابەزاند.

دووەم: لە ڕیوایەتێکی ابن ابي حاتم هاتووە:

ژنێك بە ناوی خَوْلَةَ بِنْتِ ثَعْلَبَةَ، دێت بۆ لای پێغەمبەر و گازەندەی لە مێردەکەی هەبوو و دەیگوت: مێردەکەم گەنجێتی منی فەوتاند و ئەوەی هەمبوو لێیم خەرج کرد تاوەکو تەمەنم گەورە بوو ئێستا پشتم لێ دەکات، ئەی الله من لای تۆ گازاندە دەکەم، زۆری نەخایاند جبرایل هات و ئەم ئایەتەی دابەزاند: {بێگومان الله گوێی لە وتەی ئەو ژنە بوو کە مشتومڕت لەگەڵدا دەکات سەبارەت بە مێردەکەی}، وە مێردەکەی ناوی أوس بن الصامته.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

وَكَانَتْ خَوْلَةَ بِنْتِ ثَعْلَبَةَ حَسَنَةَ الْجِسْمِ ، فَرَآهَا زَوْجُهَا سَاجِدَةً فَنَظَرَ عَجِيزَتَهَا فَأَعْجَبَهُ أَمْرُهَا ، فَلَمَّا انْصَرَفَتْ أَرَادَهَا فَأَبَتْ فَغَضِبَ عَلَيْهَا ، فَقَالَ لَهَا : أَنْتِ عَلَيَّ كَظَهْرِ أُمِّي . وَكَانَ الْإِيلَاءُ وَالظِّهَارُ مِنَ الطَّلَاقِ فِي الْجَاهِلِيَّةِ

خَوْلَةَ کچی ثَعْلَبَةَ، لەشی جوان بوو، مێردەکەی، (أوس کوڕی صامت)، بینی لە حاڵەتی کڕنۆشبردن، سەیرێکی سمتی کرد و سەرسام بوو پێی، جا کاتێك خولة لە نوێژەکەی تەواو بوو، أوس بانگی کرد بۆ گانکردن، خولة ڕەتی کردەوە و أوس لێی

تورە بوو و پێی گوت: تۆ بۆ من وەك دایكمیت، وە ئیلاء و زیهار لە سەردەمی جاهیلی بە تەڵاق دادەنران.

ئەوەبوو هات بۆ لای پێغەمبەر و گوتی مێردەكەم پێی گوتم تۆ بۆ من وەك دایكمیت. پێغەمبەر گوتی لێت حەرام بووە. وە الحسن گوتوویەتی:

أَنَّهَا قَالَتْ : يَا رَسُولَ اللَّهِ ! قَدْ نَسَخَ اللَّهُ سُنَنَ الْجَاهِلِيَّةِ ، وَإِنَّ زَوْجِي ظَاهَرَ مِنِّي ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : مَا أُوحِيَ إِلَيَّ فِي هَذَا شَيْءٌ فَقَالَتْ : يَا رَسُولَ اللَّهِ ، أُوحِيَ إِلَيْكَ فِي كُلِّ شَيْءٍ وَطُوِيَ عَنْكَ هَذَا ؟ ! فَقَالَ : هُوَ مَا قُلْتُ لَكِ فَقَالَتْ : إِلَى اللَّهِ أَشْكُو لَا إِلَى رَسُولِهِ . فَأَنْزَلَ اللَّهُ : قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِي إِلَى اللَّهِ الْآيَةَ

خولة گوتی: ئەی پێغەمبەری الله، الله هەموو شتێكی جاهیلیەتی لە كار خستووە، وە مێردەكەم مظاهرەی كردووم كە هی سەردەمی جاهیلییە. پێغەمبەر گوتی: هیچ شتێكم سەبارەت بەوە بۆ دانەبەزیوە، خولة گوتی: ئەی پێغەمبەری الله سەبارەت بە هەموو شتێك وەحیت بۆ دابەزیوە تەنها ئەوە نەبێت؟ گوتی: هیچم بۆ دانەبەزیوە، وەك پێم گوتیت، خولة گوتی: دەكەواتە سكاڵاكە بۆ الله بەرز دەكەمەوە، ئەوەبوو الله ئەم ئایەتەی دابەزاند: {بێگومان الله گوێی لە وتەی ئەو ژنە بوو كە مشتومڕت لەگەڵدا دەكات سەبارەت بە مێردەكەی، هتد}.

وە دەڵێت الدارقطنی، ئاماژەی بە ڕیوایەتیك كردووە، كە خولة كچی ثعلبە هات بۆ لای پێغەمبەر و گوتی:

ظَاهَرَ حِينَ كَبِرَتْ سِنِّي وَرَقَّ عَظْمِي . فَأَنْزَلَ اللَّهُ تَعَالَى آيَةَ الظِّهَارِ

مێردەكەم، أوس كوڕی الصامت، بە منی گوتووە تۆ وەك دایكمیت كاتێك تەمەنم گەورە بوو و ئێسقانەكانم نەرم بوون، ئەوەبوو الله ئایەتەكانی ظیهاری دابەزاند.

وە القرطبی دەڵێت:

هەندێك لە جیاتی {تُجَادِلُكَ}، دەیانخوێندەوە: { تحَاوِرُكَ}

ئایەتی ٢

الَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِنكُم مِّن نِّسَائِهِم مَّا هُنَّ أُمَّهَاتِهِمْ إِنْ أُمَّهَاتُهُمْ إِلاَّ اللَّائِي وَلَدْنَهُمْ وَإِنَّهُمْ لَيَقُولُونَ مُنكَرًا مِّنَ الْقَوْلِ وَزُورًا وَإِنَّ اللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ

دەڵێت:

ئەو پیاوانەتان کە ژنەکانیان لە جێگای دایکیان دادەنێن لە کاتێکدا دایکانیان نین، وە دایکانیان تەنها ئەوانەن کە ئەوانیان لێ بووە، وە بە دڵنیاییەوە قسەیەکی ناپەسەند و نالەبار دەکەن، لە ڕاستیدا اللّٰه دەبوورێت و خۆش دەبێت.

واتە:

ئەو پیاوە ئیماندارانەی ژنەکانیان لە جێگای دایکیان دادەنێن و پێیان دەڵێن تۆ بۆ من وەك دایکمیت لە کاتێکدا ژنەکانیان دایکیان نین، وە دایکانیان تەنها ئەو ژنانەن کە لێیانەوە لە دایك بوون، وە ئەو پیاوانە بەم قسەیەیان (تۆ بۆ من وەك دایکمیت)، قسەیەکی ناپەسەند و ناڕاست و نالەبار دەکەن، بەڵام اللّٰه دەبوورێت و لێیان خۆش دەبێت.

القرطبي لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

نَافِعٌ وَابْنُ كَثِيرٍ وَأَبُو عَمْرٍو وَيَعْقُوبُ، لە جیاتی {يُظَاهِرُونَ}، دەیانخوێندەوە: {يَظَّهَّرُونَ}، وە ابْنُ عَامِرٍ وَحَمْزَةُ وَالْكِسَائِيُّ وَخَلَفٌ، دەیانخوێندەوە: {يَظَّاهَرُونَ}، وە أُبَيّ بن كعب، دەیخوێندەوە: {يَتَظَاهَرُونَ}.

وە سەبارەت بە ماناکەی دەڵێت:

وَمَعْنَى أَنْتِ عَلَيَّ كَظَهْرِ أُمِّي : أَيْ : أَنْتِ عَلَيَّ مُحَرَّمَةٌ لَا يَحِلُّ لِي رُكُوبُكِ

واتە: تۆ بۆ من وەك پشتی دایکمیت، واتە: تۆ لە من حەرامیت و حەڵاڵ نیت سوارت بم.

وە دەڵێت هەر پیاوێك بە ژنەکەی بڵێت:

أَنْتِ عَلَيَّ كَظَهْرِ أُمِّي أَنَّهُ مُظَاهِرٌ

تۆ بۆ من وەك پشتی دایکمیت، ئەوە پیاوەکە پێی دەگوترێت مظاهر.

تێبینیەك سەبارەت بەم ئایەتە:

ئەم ئایەتە دەڵێت: {إِنْ أُمَّهَاتُهُمْ إِلاَّ اللَّائِي وَلَدْنَهُمْ} دایکانتان تەنها ئەوانەن کە ئێوەیان لێ بووە.

ئەی چۆن ژنێك کە دایکی نییە و تەنها شیری پێی داوە کراوە بە دایك؟ بە گوێرەی ئایەتی ٢٣ النساء:

وَأُمَّهَاتُكُمُ اللَّاتِي أَرْضَعْنَكُمْ

دایکانتان کە شیریان پێتان داوە.

وە ئەی چۆن ژنەکانی محمد صلعم کراون بە دایکی ئیمانداران؟ وەك ئایەتی ٦ الاحزاب دەڵێت:

وَأَزْوَاجُهُ أُمَّهَاتُهُمْ

وە ژنەکانی محمد صلعم، دایکیانن.

ئایەتی ٣

وَالَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِن نِّسَائِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِّن قَبْلِ أَن يَتَمَاسَّا ذَلِكُمْ تُوعَظُونَ بِهِ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ

دەڵێت:

وە ئەو پیاوانەی بە ژنەکانیان دەڵێن ئێوە وەك پشتی دایکانمانن، ئینجا لەوەی گوتوویانە پاشگەز دەبنەوە، ئەوە دەبێت کۆیلەیەك ئازاد بکەن بەر لەوەی لەگەڵیاندا جووت بن، بەوە ئامۆژگاری دەکرێن، وە الله ئاگادارە بەوەی دەیکەن.

واتە:

ئەگەر پیاوێك بە ژنەکەی گوت تۆ بۆ من وەك پشتی دایکمیت، ئینجا لەم قسەیەی پەشیمان بۆوە، ئەوە بۆی نییە لەگەڵ ژنەکەی سەرجێی بکات تاوەکو کۆیلەیەك ئازاد نەکات، ئەوە ڕاسپاردەی اللەیە، وە الله ئاگادارە بە کارەکانتان، جا ئاگاداری خۆتان بکەن و فێڵ لە الله مەکەن.

{فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ}، واتە کەفارەتەکەی ئازادکردنی کۆیلەیەکە.

ابن كثیر له تفسیر القران العظیم دەڵێت:

{فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ}، واتە ئازادکردنی کۆیلەیەك بەر لەوەی پیاوەکە بتوانێت لەگەڵ ژنەکە جووت بێت. وە دەڵێت ئەو کۆیلەی ئازادی دەکات مەرج نییە ئیماندار بێت، بەڵام لە کەفارەی کوشتن دەبێت کۆیلەکە ئیماندار بێت.

ئایەتی ٤

فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ مِن قَبْلِ أَن يَتَمَاسَّا فَمَن لَّمْ يَسْتَطِعْ فَإِطْعَامُ سِتِّينَ مِسْكِينًا ذَلِكَ لِتُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ

دەڵێت:

جا ئەگەر کەسێك نەیبوو ئەوە دوو مانگ لەسەر یەك بەڕۆژووبوون بەر لەوەی بتوانێت لەگەڵ ژنەکەی جووت بێت، جا ئەگەر کەسێك نەیتوانی، ئەوە دەبێت خواردن بە شەشت هەژار بدات، ئەوە بۆ ئەوەیە کە ئیمان بە الله و پێغەمبەرەکەی بهێنن، وە ئەوە سنوورەکانی اللهیە، وە بۆ کافرەکان سزایەکی ئازاربەخش هەیە.

واتە:

بۆ پیاوێك کە بە ژنەکەی دەڵێت: تۆ بۆ من وەك پشتی دایکمیت، ئینجا پەشیمان دەبێتەوە، ئەوە بەر لەوەی بتوانێت لەگەڵ ژنەکەی سەرجێی بکات دەبێت کەفارەت بدات، بە یەکێك لە سێ ڕێگا:

یەکەم: ئازادکردنی کۆیلەیەك.

دووەم: دوو مانگ لەسەر یەك بەڕۆژووبوون.

سێهەم: خواردندان بە شەشت هەژار.

کامەیان هەڵدەبژێریت هەڵبژێرە. هەڵبەتە یەك ژەم خواردن بە شەشت هەژار لە هەمووی هەرزانتر دەکەوێت.

الطبری لە جامع البیان، سەبارەت بە {ذَلِكَ لِتُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ- ئەوە بۆ ئەوەیە کە ئیمان بە الله و پێغەمبەرەکەی

بێنن، وە ئەوە سنوورەکانی الله، وە بۆ کافرەکان سزایەکی ئازاربەخش هەیە}.
دەڵێت واتە:

وە ئەم بڕیارەم داوە بۆ ئەوەی خەڵك باوەڕ بە الله و پێغەمبەرەکەی، محمد صلعم بێنن و کار بە فەرمانەکانیان بکەن و دەستبەرداری قسەی ناپەسەند بن، وە ئەوە سنوورێکە لە سنوورەکانی الله و نەکەن پێشێلی بکەن، وە بۆ کافرەکان سزایەکی ئازاربەخشم داناوە.

من پێم وایە لە نووسیندا لەم بڕگەیە هەڵە کراوە، چونکە:

ئایەتی ٢ دەڵێت:

الَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِنكُم مِّن نِّسَائِهِم

ئەو پیاوانەتان کە بە ژنەکانیان دەڵێن، ئێوە بۆ ئێمە وەك پشتی دایکانمان وان.

{منکم}، واتە پیاوانی ئێوەی ئیماندار.

کەواتە ئیماندارن، وە ئیمانیان بە الله و محمد هێناوە.

کەواتە {ذَٰلِكَ لِتُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ}، ئەوە تاوەکو ئیمان بە الله و پێغەمبەرەکەی بهێنن.

ئیماندارن و ئیمان بە الله و پێغەمبەرەکەی بهێنن!

وە هەڵبەتە کافرەکان کار بە دەقەکانی قورئان ناکەن، وە مظاهرة لەسەر دەمی جاهیلی بوونی هەبووە و کاریان پێی کردووە.

کەواتە دەبێت ئەم بڕگەیە هەڵە بێت، وە دەبێت بڵێت:

ذَلِكَ لِّمَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ

ئەوە بۆ کەسانێکە کە ئیمانیان بە الله و پێغەمبەرەکەی هێناوە.

ئایەتی ٥

إِنَّ الَّذِينَ يُحَادُّونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ كُبِتُوا كَمَا كُبِتَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَقَدْ أَنزَلْنَا آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ مُّهِينٌ

دەڵێت:

ئەوانەی دژایەتی الله و پێغەمبەرەکەی دەکەن، ڕیسوا بوون وەك چۆن ئەوانەی بەر لەوان ڕیسوا بوون، وە بێگومان چەندەها ئایەتی ڕوونمان دابەزاند، وە بۆ کافرەکان سزایەکی ڕیسواکەر هەیە.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت، مەبەست لەم ئایەتە دووڕووەکانە. وە دەڵێت لە ڕیوایەتێك هاتووە، کە محمد صلعم گوتوویەتی الله گوتی:

مَنْ أَهَانَ لِي وَلِيًّا فَقَدْ بَارَزَنِي بِالْمُحَارَبَةِ

هەر کەسێك سووکایەتی بە بەندەیەکم بکات ئەوە دەبێت لە جەنگدا شەڕەشمشێرم لەگەڵدا بکات.

الطبری لە جامع البیان، دەڵێت واتە:

ئەوانەی بەرهەڵستی الله دەکەن لە سنوور و فەریزەکانی، وە سنوورەکانی جێبەجێ ناکەن، ئەوە ئەوانە دژایەتی الله و پێغەمبەرەکەی دەکەن.

ئایەتی ٦

يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ اللَّهُ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوا أَحْصَاهُ اللَّهُ وَنَسُوهُ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ

دەڵێت:

ڕۆژێ الله گشتیان زیندوودەکاتەوە و ئەو کارانەیان پێ ڕادەگەیەنێت کە کردوویانە، الله کارەکانیانی تۆمارکردووە و ژماردووە، بەڵام ئەوان لەبیریان کردووە، وە الله بەسەر هەموو شتێکدا شایەتە.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

الله گشت پیاوان و ژنان لە گۆڕەکانیان زیندوو دەکاتەوە، جا پێیان ڕادەگەیەنێت لە دونیا چ کاروکردەوەیەکیان کردووە، لە کاتێکدا ئەوان لە بیریان کردووە، بەڵام الله لە پەرتووکی کارەکانیان تۆماری کردووە.

هەر زۆر سەیرە الله دەبێت کاروکردەوەکانی مرۆڤ تۆمار بکات نەکا لە بیر بکات!!

ئایەتی ٧

أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ مَا يَكُونُ مِن نَّجْوَى ثَلاثَةٍ إِلاَّ هُوَ رَابِعُهُمْ وَلا خَمْسَةٍ إِلاَّ هُوَ سَادِسُهُمْ وَلا أَدْنَى مِن ذَلِكَ وَلا أَكْثَرَ إِلاَّ هُوَ مَعَهُمْ أَيْنَ مَا كَانُوا ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

ئایا نەتبینیوە کە الله بە هەرچیەك لە ئاسمانەکان و هەرچیەك لە زەویدایە دەزانێت؟ سێ کەس بەیەکەوە چپەچپ ناکەن مەگەر ئەو چوارەمیان نەبێت، وە نە پێنج کەس مەگەر ئەو شەشەمیان نەبێت، وە نە کەمتر، وە نە زیاتر لەو ژمارەیە مەگەر ئەویان لەگەڵدا بێت، لە هەر کوێیەك بن، ئینجا ئەو کارانەیان پێ ڕادەگەیەنێت کە کردوویانە لە ڕۆژی قیامەت، لە ڕاستیدا الله بە هەموو شتێك دەزانێت.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

الله بە پێغەمبەرەکەی دەڵێت: ئەی محمد، ئایا بە چاوی دڵت نەتبینیوە، الله بە هەموو شتێك دەزانێت کە لە ئاسمانەکان و زەویدایە؟ وە هیچ شتێکی لە بچووك و گەورە لێ ناشاردرێتەوە، دە کەواتە چۆن کاروکردەوە و سەرپێچی کافرەکانی لێ دەشاردرێتەوە. ئینجا الله ئاماژە دەکات کە لە بەندەکانی نزیکە و گوێی لە چپەیان و ئەو ئاخاوتنانەیان دەبێت کە لە خەڵکی دەشارنەوە و کاتێك بە نهێنی لە نێوان خۆیان قسە دەکەن، جا دەڵێت: هیچ سێ کەسێك نییە کە چپەچپ دەکەن مەگەر الله چوارەمیان نەبێت، وە پێنج کەس بەیەکەوە چپە ناکەن، مەگەر الله شەشەمیان نەبێت، وە تەنانەت ئەگەر ژمارەیان لەوە کەمتر بێت، یان زیاتر بێت، الله لەوێیە و گوێبیستیان دەبێت، جا لە هەر کوێیەك بن.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

اللە سەیریان دەکات و گوێی لە ئاخاوتن و چرپە و نهێنیەکانیان دەبێت، وە هەروەها فریشتەکانی چرپەکانیان دەنووسن، وەك لە ئایەتی ٧٨ سوورەتی التوبة هاتووە دەڵێت:

أَلَمْ يَعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ سِرَّهُمْ وَنَجْوَاهُمْ وَأَنَّ اللَّهَ عَلَّامُ الْغُيُوبِ

ئایا نەیانزانیووە کە اللە بە نهێنیەکان و چپەکانیان دەزانێت، وە لە ڕاستیدا اللە لە نادیارەکان شارەزایە.

وە لە ئایەتی ٨٠ سوورەتی الزخرف دەڵێت:

أَمْ يَحْسَبُونَ أَنَّا لَا نَسْمَعُ سِرَّهُمْ وَنَجْوَاهُمْ بَلَى وَرُسُلُنَا لَدَيْهِمْ يَكْتُبُونَ

یان پێیان وایە کە ئێمە گوێمان لە نهێنی و چپەکانیان نابێت؟ بەڵێ گوێمان لێ دەبێت، خۆمان و فریشتەکانمان لە لایانن و دەنووسن.

تێبینی و سەرەنج:

یەکەم:

ئەم ئایەتە دەڵێت:

مَا يَكُونُ مِن نَّجْوَى ثَلاثَةٍ إِلاَّ هُوَ رَابِعُهُمْ وَلا خَمْسَةٍ إِلاَّ هُوَ سَادِسُهُمْ

ئەگەر سێ کەس بن، ئەوە اللە چوارەمیانە و ئەگەر پێنج کەس بن، ئەوە اللە شەشەمیانە.

وە ئایەتی ٢٢ سوورەتی الکهف، سەبارەت بە یاوەرانی ئەشکەوت دەڵێت:

سَيَقُولُونَ ثَلاثَةٌ رَّابِعُهُمْ كَلْبُهُمْ وَيَقُولُونَ خَمْسَةٌ سَادِسُهُمْ كَلْبُهُمْ

دەڵێن سێ کەس بوون و سەگەکەیان چوارەمیان بوو، وە دەڵێن پێنج کەس بوون و سەگەکەیان شەشەمیان بوو.

ڕێکەوتێکی سەیرە!

بەڵام ئەم ئایەتە تەنها هەوڵێکی محمدە بۆ ترساندنی خەڵك کە ئەگەر بیانەوێت پیلانێك لە دژیدا دابڕێژن، ئەوە اللە پێی دەزانێت و محمد ئاگادار دەکاتەوە.

دووەم:

ئەم برگەیە لە پەرتووکی پیرۆز، پەیمانی نوێ (ئینجیل مەتا) وەرگیراوە کە دەڵێت:

لە هەر کوێیەك دوو یان سێ کەس بە ناوی من کۆببنەوە، من لەوێ لە نێوانیاندا دەبم.

سێهەم:

لە صحیح البخاری و صحیح مسلم، ڕیوایەتێك هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی:

إن الشَّيْطَانَ يَجْرِي من ابن آدم مَجْرَى الدَّمِ

شەیتان وەك خوێن لە ناوی لەشی مرۆڤ هاتوچۆ دەكات.

کەواتە شەیتان و الله بە بەردەوام لای مرۆڤەکان بوونیان هەیە، بەڵام شەیتان نزیکترە لە مرۆڤ وەك لە الله، چونکە لە ئایەتی ١٦ سوورەتی ق هاتووە دەڵێت:

وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ الْوَرِيدِ

وە ئێمە لە مرۆڤەکە نزیکترین لە خودی خوێنبەری مل.

ئەگەر الله لە مرۆڤ نزیکتر بێت لە خودی خوێنبەری مل، ئەوە شەیتان لە ناو خوێنەکەیە.

وە لە مسند احمد و جامع الترمذی و جامع الصحیح و المستدرك للحاكم ڕیوایەتێك هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی:

لاَ يَخْلُوَنَّ رَجُلٌ بِامْرَأَةٍ إِلاَّ كَانَ ثَالِثَهُمَا الشَّيْطَانُ

ژن و پیاوێك بەتەنها نابن مەگەر سێهەمیان شەیتان نەبێت.

ئایەتی ٨

أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ نُهُوا عَنِ النَّجْوَى ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا نُهُوا عَنْهُ وَيَتَنَاجَوْنَ بِالإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَمَعْصِيَتِ الرَّسُولِ وَإِذَا جَاؤُوكَ حَيَّوْكَ بِمَا لَمْ يُحَيِّكَ بِهِ اللَّهُ وَيَقُولُونَ فِي أَنفُسِهِمْ لَوْلا يُعَذِّبُنَا اللَّهُ بِمَا نَقُولُ حَسْبُهُمْ جَهَنَّمُ يَصْلَوْنَهَا فَبِئْسَ الْمَصِيرُ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

ئایا سەرنجی ئەوانەت نەداوە لەگەڵ ئەوەش چپەیان لێ قەدەغە کراوە، بەڵام دواتر گەڕاونەتەوە سەر چپەکردن؟ لە چپەکانیان گوناە و دوژمنایەتی و سەرپێچیکردنی پێغەمبەرە، وە کاتێك دێن بۆ لات، سڵاوێکت لێ دەکەن کە جیایە لەو سڵاوەی اللە لە تۆی کردووە، وە لە ناخیاندا دەڵێن: چۆنە اللە بە هۆی ئەوەی دەیڵێین سزامان نادات؟ بۆ ئەوانە چوونە ناو دۆزەخ بەسە کە جێگایەکی گەلەك خراپە.

واتە:

{أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ نُهُوا عَنِ النَّجْوَى}، ئەی محمد، ئەوانەت نەبینیوە کە چپەیان لێ قەدەغە کراوە، {ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا نُهُوا عَنْهُ}، ئینجا بۆی دەگەڕێنەوە لەگەڵ ئەوەش لێیان قەدەغە کراوە، {وَيَتَنَاجَوْنَ بِالإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَمَعْصِيَتِ الرَّسُولِ}، وە بە گوناە و دوژمنایەتی و سەرپێچیکردنی پێغەمبەر چپە دەکەن، {وَإِذَا جَاؤُوكَ حَيَّوْكَ بِمَا لَمْ يُحَيِّكَ بِهِ اللَّهُ}، وە کاتێك دێن بۆ لات بە شێوەیەك سڵاوت لێ دەکەن کە جیایە لە سڵاوکردنی اللە، {وَيَقُولُونَ فِي أَنفُسِهِمْ لَوْلا يُعَذِّبُنَا اللَّهُ بِمَا نَقُولُ}، وە لە ناخیاندا دەڵێن: چۆنە اللە بە هۆی ئەوەی دەیڵێین سزامان نادات؟ {حَسْبُهُمْ جَهَنَّمُ يَصْلَوْنَهَا فَبِئْسَ الْمَصِيرُ}، ئەوانە دۆزەخ کە دەچنە ناویەوە بەسیانە کە جێگایەکی گەلەك خراپە.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

حمْزَةُ وَخَلَفٌ وَرُوَيْسٌ، لە جیاتی {يَتَنَاجَوْنَ}، دەیانخوێندەوە: {يَتَنجُونَ}.

وە دەڵێت لە ڕیوایەتێك هاتووە، ابو سعید الخدری گوتوویەتی:

كُنَّا ذَاتَ لَيْلَةٍ نَتَحَدَّثُ إِذْ خَرَجَ عَلَيْنَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ: مَا هَذِهِ النَّجْوَى أَلَمْ تُنْهَوْا عَنِ النَّجْوَى فَقُلْنَا : تُبْنَا إِلَى اللَّهِ يَا رَسُولَ اللّهَ

شەوێکیان ئاخاوتنمان دەکرد، لە کتوپڕێکدا پێغەمبەر بەسەرمانەوە هات و گوتی: ئەم چپەچپە چییە دەیکەن؟ ئەی نەهیتان لێ نەکراوە چپە نەکەن؟ گوتمان تۆبەمان کرد ئەی پێغەمبەری اللە.

وه سەبارەت بە: {وَإِذَا جَاءُوكَ حَيَّوْكَ بِمَا لَمْ يُحَيِّكَ بِهِ اللَّهُ- وە کاتیك دێن بۆ لات بە شێوەیەك سڵاوت لێ دەکەن کە جیایە لەو سڵاوەی الله لێت دەکات}، دەڵێت:

ناکۆکی نییە کە مەبەست لە جووەکانە، دەهاتن بۆ لای پێغەمبەر و دەیانگوت {السَّامُّ عَلَيْكَ}، واتە لە ڕووکەشدا مەبەستیان سڵاو بوو، بەڵام لە ناخەوە مەبەستیان مەرگ بوو، پێغەمبەر وەڵامی دەدانەوە و دەیگوت: {عَلَيْكُمْ}، لە ئێوەش.

وە لە صحیح البخاری و صحیح مسلم، ڕیوایەتێك هاتووە، انس بن مالك دەڵێت، پێغەمبەر گوتوویەتی:

إِذَا سَلَّمَ عَلَيْكُمْ أَهْلُ الْكِتَابِ فَقُولُوا وَعَلَيْكُمْ

کاتێك یەکێك لە خەڵکی خاوەن پەرتووك (مەسیحی و یەهوودی)، سڵاوی لێتان کرد بڵێن: لە ئێوەش.

وە سەبارەت بە: {وَيَقُولُونَ فِي أَنْفُسِهِمْ لَوْلَا يُعَذِّبُنَا اللَّهُ بِمَا نَقُولُ}، دەڵێت واتە: دەیانگوت ئەگەر محمد پێغەمبەر بووایە، ئەوە الله سزای دەداین بە هۆی ئەوەی دەیڵێین.

جا الله لە وەڵامدا دەڵێت لە قیامەت، لە دۆزەخ سزایان دەدەم:

حَسْبُهُمْ جَهَنَّمُ يَصْلَوْنَهَا فَبِئْسَ الْمَصِيرُ

ئایەتی ٩

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا تَنَاجَيْتُمْ فَلا تَتَنَاجَوْا بِالإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَمَعْصِيَتِ الرَّسُولِ وَتَنَاجَوْا بِالْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ

دەڵێت:

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە کاتێك ئێوە چرپەتان لە نێوان خۆتاندا کرد، نەکەن بە گوناه و دوژمنایەتی و سەرپێچیکردنی پێغەمبەر چپە بکەن، وە بە چاکە و خوداپەرستی چپە بکەن و لەو اللهیە بترسن کە بۆ لای کۆدەکرێننەوە.

واتە:

ئەی ئیمانداران ئەگەر کۆبوونەوە و چپەتان کرد، بە گوناه و دوژمنایەتی و سەرپێچیکردنی پێغەمبەر چپە بکەن، وە با چپەکانتان سەبارەت بە چاکە و خوداپەرستی بێت، وە لە اللە بترسن.

هەر زۆر سەیرە، ئایەتی ٨، نەهی دەکات لە چپەکردن: {نُهُوا عَنِ النَّجْوَى}، چپەیان لێ قەدەغە کراوە، کەچی ئەم ئایەتە دەڵێت: {إِذَا تَنَاجَيْتُمْ}، ئەگەر لە نیوان خۆتاندا چپەتان کرد، وە ئایەتی ١٠ دەڵێت: {إِنَّمَا النَّجْوَى مِنَ الشَّيْطَانِ}، لە ڕاستیدا چپەکردن لە شەیتانەوەیە، وە ئایەتی ١٢ دەڵێت: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نَاجَيْتُمُ الرَّسُولَ فَقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيْ نَجْوَاكُمْ صَدَقَةً}، ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر ویستتان لەگەڵ پێغەمبەر چپە بکەن، ئەوە دیاریەك لەگەڵ دەستەکانی خۆتان بۆ پێغەمبەر بێنن.

پرسیار: ئەمە چۆنە:

کۆبوونەوەی نهێنی و چپە کردن قەدەغەیە، یان ئاساییە؟

لە کارەکانی شەیتانە؟

وە ئەگەر ویستتان چپەیەك لەگەڵ پێغەمبەر بکەن دیاریەك ببەن؟

ئایەتی ١٠

إِنَّمَا النَّجْوَى مِنَ الشَّيْطَانِ لِيَحْزُنَ الَّذِينَ آمَنُوا وَلَيْسَ بِضَارِّهِمْ شَيْئًا إِلاَّ بِإِذْنِ اللَّهِ وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ

دەڵێت:

لە ڕاستیدا چپەکردن لە شەیتانەوەیە تاوەکو ئەوانە خەمۆك بکات کە باوەڕیان هێناوە، وە ناتوانێت زیانیان بە هیچ شتێك پێ بگەیەنێت مەگەر بە مۆڵەتی اللە نەبێت، وە با ئیمانداران پشت بە اللە ببەستن.

واتە

{إِنَّمَا النَّجْوَى مِنَ الشَّيْطَانِ}، لە ڕاستیدا چپەکردن لە کارەکانی شەیتانە، {لِيَحْزُنَ الَّذِينَ آمَنُوا}، بۆ ئەوەی ئەوانە غەمبار بکات کە باوەڕیان بە اللە و محمد هێناوە، {وَلَيْسَ بِضَارِّهِمْ شَيْئًا إِلاَّ بِإِذْنِ اللَّهِ}، وە شەیتان ناتوانێت بە هیچ شتێك

زیان بە ئیمانداران بگەیەنێت مەگەر بە مۆڵەتی الله بێت، {وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ}، وە با ئیمانداران پشت بە الله ببەستن.

ئەم بڕگەیە: {وَلَيْسَ بِضَارِّهِمْ شَيْئًا إِلاَّ بِإِذْنِ اللَّهِ}، دەڵێت:

وە شەیتان ناتوانێت هیچ زیانێك بە ئیمانداران بگەیەنێت مەگەر بە مۆڵەتی الله بێت، واتە کاتیك شەیتان زیان بە ئیمانداران دەگەیەنێت، ئەوە بە مۆڵەتی اللّٰەیە. کەواتە دەبێت پەیوەندی الله و شەیتان خۆش بێت.

ئایەتی ١١

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا قِيلَ لَكُمْ تَفَسَّحُوا فِي الْمَجَالِسِ فَافْسَحُوا يَفْسَحِ اللَّهُ لَكُمْ وَإِذَا قِيلَ انشُزُوا فَانشُزُوا يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ

دەڵێت:

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە کاتێك لە دانیشتەکانتان پێتان دەگوترێت جێگە بکەنەوە، ئەوە جێگە بکەنەوە، اللّٰەش بۆ ئێوە فراوان دەکات، وە کاتێك پێتان دەگوترێت بڵاوەی لێ بکەن، ئەوە بڵاوەی لێ بکەن، الله ئەوانەتان کە ئیمانی هێناوە و زانیاری بۆ هاتووە چەندەها پلە بەرزدەکاتەوە، وە الله بەو کارانەی دەیکەن ئاگادارە.

ئەم ئایەتە قسەوباس دەکات سەبارەت بە ئادابی مەجلس و دانیشتن وە دەڵێت:

ئەی ئیمانداران کاتێك لە دانیشتنێك پێتان دەگوترێت جێگەی کەسێك بکەنەوە ئەوە جێگە بکەنەوە، جا ئەگەر واتان کرد، ئەوە الله فروانتان دەکات، وە کاتیك پێتان گوترا دانیشتنەکە جێبهێلن و بڵاوەی لێ بکەن، ئەوە بڵاوەی لێ بکەن، وە الله لە پلە و پایەتان بەرز دەکاتەوە.

سەبارەت بە هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە، القرطبی لە الجامع لاحکام القران و ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم و ابن الجوزی لە زاد المسیر و الواحدی لە اسباب النزول دەڵێن، مقاتل بن سلیمان گوتوویەتی:

ئەم ئایەتە دابەزی لە ڕۆژی هەینی، وە پێغەمبەر لەم ڕۆژەدا لە {الصُّفَّةِ} بوو، وە شوێنەکە تەسك بوو، وە ڕێزی دەدا بەو کۆچبەر و ئەنسارانەی لە بەدر بەشداریان کردبوو، لە سەرەتا خەڵکی بەشداربوو لە بەدر هاتن و دانیشتن، ئینجا دوای ئەوان خەڵکانێکی دیکە هاتن و لە سەر قاچەکانیان وەستان و چاوەڕێیان کرد کە شوێنیان بکەنەوە، بەڵام شوێنی دانشتنیان نەکردنەوە، پێغەمبەر نیگەران بوو و سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد و بەو کەسانەی گوت کە لە بەدر بەشدار نەببوون: فولان و فولان و فولان هەڵسن، ئەوانەی لە دانیشتنەکە هەڵسێنرانەوە نیگەران بوون، وە پێغەمبەر زانی کە نیگەرانن. دووڕووێك گوتی: ئەی ئێوە ناڵێن کە محمد کەسێکی دادپەروەرە؟ سوێند بە الله نابینین کە دادپەروەر بێت، کەسانێك دانیشتبوون و جێگای خۆیان گرتبوو، وە ئارەزوویان دەکرد لای پێغەمبەرەکەیان دابنیشن کەچی هەڵیستاندنەوە، وە خەڵکانێکی دیکەی لە شوێنیان دانیشتاند. ئەوەبوو ئەم ئایەتە دابەزی. وە پێغەمبەر دەیگوت:

رَحِمَ اللَّهُ رَجُلًا فَسَّحَ لِأَخِيهِ

واتە: ڕەحمەتی الله لەو پیاوە بێت کە جێگا بۆ براکەی دەکاتەوە.

القرطبی سەبارەت بە: {يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ- الله چەندەها پلە ئەوانە بەرزدەکاتەوە کە ئیمانیان هێناوە و زانیاریان پێدراوە}، دەڵێت واتە:

الله پاداشتیان پێ دەدات لە دونیا و قیامەت.

ئایەتی ١٢

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نَاجَيْتُمُ الرَّسُولَ فَقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيْ نَجْوَاكُمْ صَدَقَةً ذَٰلِكَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَأَطْهَرُ فَإِن لَّمْ تَجِدُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ

دەڵێت:

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە کاتێك ویستتان چپەچپ لەگەڵ پێغەمبەر بکەن ئەوە کاتێك دەچن بۆ چپەکە دیاریەك لەگەڵ دەستەکانتان ببەن، ئەوە چاکتر و پاکترە بۆ ئێوە، جا ئەگەر نەتانبوو ئەوە الله لێبووردە و بە بەزەییە.

واتە:

ئەی ئەوانەی باوەڕتان بە الله و محمد هێناوە، ئەگەر کارێکی تایبەتتان بە پێغەمبەر بوو، وە ویستتان بە تەنها بیبینن و چپەی لەگەڵدا بکەن، ئەوە لەگەڵ دەستەکانتان دیاریەك بۆ پێغەمبەر ببەن، بردنی دیاری لەگەڵ خۆتان چاکتر و پاکترە بۆ ئێوە، بەڵام ئەگەر نەتانبوو ئەوە الله لێبووردە و بە بەزەییە.

ئایەتی ١٠ دەڵێت: {إِنَّمَا النَّجْوَى مِنَ الشَّيْطَانِ}، لە ڕاستیدا چپە لە شەیتانەوەیە، بەڵام لەم ئایەتە، خوداوەندی عەرەب و ئیسلام بە ئیمانداران دەڵێت، کە ئەم کارەی شەیتان بکەن لەگەڵ پێغەمبەرەکەیان:

إِذَا نَاجَيْتُمُ الرَّسُولَ فَقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيْ نَجْوَاكُمْ صَدَقَةً

کاتێك ویستتان چپەچپ لەگەڵ پێغەمبەر بکەن، ئەوە لەگەڵ دەستەکانتان دیاریەك ببەن.

هەر زۆر سەیرە پێغەمبەرێك نێردراوە بۆ ئەوەی ئاگادارکەرەوە و مژدەبەخش بێت، بەڵام ئەگەر کەسێك ویستی ببینێت، ئەوە دەبێت دیاریەك لەگەڵ دەستەکانی خۆیدا ببات. ئەوە پادشایە یان پێغەمبەر؟!

القرطبی لە الجامع لاحكام القران دەڵێت:

ابن عباس گوتوویەتی، ئەم ئایەتە دابەزی کاتێك موسڵمانان زۆر پرسیاریان لە پێغەمبەر دەکرد تاوەکو فشاریان خستە سەری، جا الله ویستی بارەکە سووك بکات لەسەر پێغەمبەرەکەی و ئەم ئایەتەی دابەزاند، جا خەڵك زۆر نەهاتن بۆ لای پێغەمبەر و پرسیار بکەن.

سەیرە پێغەمبەر بە پارە وەڵامی پرسیار دەداتەوە!

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

مُجَاهِد سەبارەت بە: {فَقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيْ نَجْوَاكُمْ صَدَقَةً- لەگەڵ دەستەکانتان کاتێك بۆ چپەچرپ دێن بۆ لای پێغەمبەر دیاریەك بێنن} گوتوویەتی: ئیمانداران نەهییان لێکرا چرپەچرپ لەگەڵ پێغەمبەردا بکەن تاوەکو دیاری نەهێنن، وە هیچ کەسێك چرپەی لەگەڵدا نەکرد تەنها عەلی کوڕی ابي طالب نەبێت، کە دینارێکی دا بە پێغەمبەر بۆ ئەوەی چرپەچرپی لەگەڵدا بکات.

وە دەڵێت: عەلی کوڕی ابي طالب گوتوویەتی: جگە لە من هیچ کەسێك بەر لە من و لە دوای من کاری بەم ئایەتە نەکردووە، درهەمێکم دا بە پێغەمبەر و بینیم دواتر ئەم ئایەتە نەسخ بوو.

وە قتادة گوتوویەتی: إِنَّهَا مَنْسُوخَةٌ مَا كَانَتْ إِلَّا سَاعَةً مِنْ نَهَارٍ

واتە: یەك کاتژمێری نەخایاند کە ئەم ئایەتە نەسخ بوو.

وە القرطبی ئاماژە بە ڕیوایەتێك دەکات، کە الترمذی ئاماژەی پێ کردووە، علی کوری ابي طالب گوتوویەتی:

لَمَّا نَزَلَتْ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نَاجَيْتُمُ الرَّسُولَ فَقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيْ نَجْوَاكُمْ صَدَقَةً سَأَلْتُهُ قَالَ لِيَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : " مَا تَرَى دِينَارًا " قُلْتُ : لَا يُطِيقُونَهُ . قَالَ : " فَنِصْفُ دِينَارٍ " قُلْتُ : لَا يُطِيقُونَهُ . قَالَ : " فَكَمْ " ؟ قُلْتُ : شَعِيرَةٌ . قَالَ: " إِنَّكَ لَزَهِيدٌ " قَالَ : فَنَزَلَتْ : أَأَشْفَقْتُمْ أَنْ تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيْ نَجْوَاكُمْ صَدَقَاتٍ الْآيَةَ . قَالَ : فَبِي خَفَّفَ اللَّهُ عَنْ هَذِهِ الْأُمَّةِ

کاتێك ئەم ئایەتە دابەزی: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نَاجَيْتُمُ الرَّسُولَ فَقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيْ نَجْوَاكُمْ صَدَقَةً}، پێغەمبەر لێی پرسیم: چۆنە دینارێك وەربگرم؟ گوتم خەڵك ناتوانێت دینارێك بدات. گوتی: نیو دینار چۆنە؟ گوتم خەڵك ناتوانن. گوتی چەند باشە؟ گوتم دەنکە گەنمێك، گوتی: تۆ ڕەزیلیت. دواتر ئایەتی ١٣ دابەزی و ئەم ئایەتەی نەسخ کرد.

ئایەتی ١٣

أَأَشْفَقْتُمْ أَن تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيْ نَجْوَاكُمْ صَدَقَاتٍ فَإِذْ لَمْ تَفْعَلُوا وَتَابَ اللَّهُ عَلَيْكُمْ فَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَاللَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ

دەڵێت:

ئایا لە دڵتان گران بوو کە دیاری لەگەڵ دەستەکانتان بێنن بۆ چپەچپ؟ جا ئەگەر ئەم کارە نەکەن و الله تۆبەتان وەربگرێت، ئەوە نوێژ بکەن و زەکات بدەن و ملکەچی الله و پێغەمبەرەکەی بن، وە الله بەو کارانەی دەیکەن ئاگادارە.

ئەم ئایەتە پێمان دەڵێت کە خەڵك دیاریان بۆ محمد نەبردووە، وەك دەڵێت:

أَأَشْفَقْتُمْ أَن تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيْ نَجْوَاكُمْ صَدَقَاتٍ ف

ئایا نیگەران بوون بەوەی دیاری لەگەڵ دەستەکانتان ببەن بۆ چپەچپ لەگەڵ پێغەمبەر؟

جا ئایەتەکە دەڵێت:

فَإِذْ لَمْ تَفْعَلُوا وَتَابَ اللَّهُ عَلَيْكُمْ فَأَقِيمُوا الصَّلاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَاللَّهُ

جا ئەگەر ئەم کارەتان نەکرد، واتە دیاریتان نەبرد، وە الله تۆبەی لێتان وەرگرت و قبووڵ کرد، ئەوە نوێژ بکەن و زەکات بدەن و ملکەچی الله و پێغەمبەرەکەی بن.

القرطبی لە الجامع لاحكام القران دەڵێت، ابن عباس گوتوویەتی:

{أَأَشْفَقْتُمْ}، واتە ئایا ڕەزیلیتان کرد کە دیاری نەبەن؟

وە ابن عباس گوتوویەتی: تەنها یەك کاتژمێر لە ڕۆژ مابوو کاتێك ئایەتی ١٢ نەسخ بوو.

ئایەتی ١٤ تا ٢١

لە سەر مونافیقەکانە.

ئایەتی ١٤

أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ تَوَلَّوْا قَوْمًا غَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِم مَّا هُم مِّنكُمْ وَلا مِنْهُمْ وَيَحْلِفُونَ عَلَى الْكَذِبِ وَهُمْ يَعْلَمُونَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

ئایا سەرنجی ئەوانەت نەداوە کە شوێن خەڵکانێك کەوتوون کە الله لێیان تووڕە بووە؟ جا ئەوانە نە لە ئێوەن، وە نە لەوانن، وە سوێند بە درۆوە دەخۆن، وە خۆیان دەزانن.

القرطبی لە الجامع لاحكام القران و الطبری لە جامع البيان دەڵێن:

واتە: دووڕووەکان شوێن یەهوودیەکان کەوتوون.

کەواتە ئەم ئایەتە دەڵێت:

{أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ}، ئەی محمد، دووڕووەکانت نەبینیوە، {تَوَلَّوْا قَوْمًا}، شوێن جووەکان کەوتوون، {غَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِم}، کە الله لە جووەکان تورە بووە، {مَّا هُم مِّنكُمْ وَلا مِنْهُمْ}، جا ئەو دووڕووانە نە لە ئێوەی ئیماندارن، وە نە لە جووەکانن، {وَيَحْلِفُونَ عَلَى الْكَذِبِ وَهُمْ يَعْلَمُونَ}، وە ئەو دووڕووانە سوێند بە درۆ دەخۆن، وەك خۆیان دەزانن.

الطبری دەڵێت:

{وَيَحْلِفُونَ عَلَى الْكَذِبِ وَهُمْ يَعْلَمُونَ- سوێند بە درۆوە دەخۆن، وە خۆیان دەزانن}، واتە بە درۆ سوێند دەخۆن و دەڵێن شایەتی دەدەین کە محمد پێغەمبەری اللهیە لە کاتێکدا درۆ دەکەن، وەك لە سوورەتی المنافقون هاتووە دەڵێت:

وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَكَاذِبُونَ

وە الله شایەتی دەدات کە ئەو مونافیقانە درۆزنن.

ئایەتی ١٥

أَعَدَّ اللَّهُ لَهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا إِنَّهُمْ سَاء مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ

دەڵێت:

الله سزایەکی دژواری بۆیان ئامادە کردووە، چونکە ئەو کارانەی دەیانکرد گەلەك خراپ بوو.

واتە: الله سزای دۆزەخی بۆ ئەو دووڕووانە ئامادە کردووە، وەك ئایەتی ١٤٥ سوورەتی النساء دەڵێت:

إِنَّ الْمُنَافِقِينَ فِي الدَّرْكِ الْأَسْفَلِ مِنَ النَّارِ

دووڕووەکان لە چینی ژێرەوەی ئاگر و دۆزەخ دەبن.

ئایەتی ١٦

اتَّخَذُوا أَيْمَانَهُمْ جُنَّةً فَصَدُّوا عَن سَبِيلِ اللَّهِ فَلَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ

دەڵێت:

سوێندەکانیان بە قەڵغان وەرگرتووە، جا بەرپەرچی ڕێبازی اللهیان داوەتەوە، جا بۆ ئەوانە سزایەکی ڕیسواکەر دەبێت.

ئەم برِگەیە: {اتَّخَذُوا أَيْمَانَهُمْ جُنَّةً فَصَدُّوا عَن سَبِيلِ اللَّهِ}، دووبارەی ئایەتی ٢ سوورەتی المنافقونە.

ئایەتی ١٧

لَن تُغْنِيَ عَنْهُمْ أَمْوَالُهُمْ وَلا أَوْلادُهُم مِّنَ اللَّهِ شَيْئًا أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ

دەڵێت:

نە سامانیان، وە نە منداڵەکانیان هەرگیز لای الله هیچ سوودێکی بۆیان نابێت، ئەوانە یاوەرانی ئاگرن، وە تیایدا بۆ هەمیشە دەمێننەوە.

واتە:

لە قیامەت سامان و منداڵەکانیان، لای الله بە هیچ شتێك سوود بەو دووڕووانە ناگەیەنن، وە ئەو دووڕووانە دۆزەخین و هەمیشە تیادا دەمێننەوە.

ئایەتی ١٨

يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ اللَّهُ جَمِيعًا فَيَحْلِفُونَ لَهُ كَمَا يَحْلِفُونَ لَكُمْ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ عَلَى شَيْءٍ أَلا إِنَّهُمْ هُمُ الْكَاذِبُونَ

دەڵێت:

ڕۆژێ کە الله گشتیان زیندوودەکاتەوە، جا سوێند بۆ الله دەخۆن هەروەك چۆن سوێند بۆ ئێوە دەخۆن، وە پێیان وایە کە لەسەر شتێکن، لە ڕاستیدا ئەی ئەوانە درۆزن نین؟

واتە:

کاتێك الله لە ڕۆژی قیامەت گشت ئەو دووڕووانە زیندوو دەکاتەوە، ئەوە سوێند بۆ الله دەخۆن هەروەك چۆن لە دونیا سوێند بۆ ئێوەی ئیماندار دەخۆن، وە

پێیان وادەبێت کە لەسەر ڕێبازێك و ئاینێکن، کە ئیسلامە، بەڵام لە ڕاستیدا لەسەر هیچ نین و درۆزنن.

ئایەتی ١٩

اسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ الشَّيْطَانُ فَأَنسَاهُمْ ذِكْرَ اللَّهِ أُوْلَئِكَ حِزْبُ الشَّيْطَانِ أَلا إِنَّ حِزْبَ الشَّيْطَانِ هُمُ الْخَاسِرُونَ

دەڵێت:

شەیتان بەسەریاندا زاڵ بووە، جا یادی اللّٰەی لە بیربردوونەتەوە، ئەوانە هاودەستەی شەیتانن ئەی هاودەستەی شەیتان دۆڕاو نین؟

واتە:

شەیتان زاڵ بووە بە سەریاندا و هانیان دەدات، وە شەیتان وایکردووە کە یادی اللّٰەیان بیرچێتەوە، ئەوانە هاودەستەی شەیتانن، ئەی هاودەستەی شەیتان دۆڕاو نین؟

{اسْتَحْوَذَ}، لە {حوذ} هاتووە، بە مانای زاڵبوون و ڕاپێچکردنی خێرا و هاندان. وەك الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

{اسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ الشَّيْطَانُ}، واتە شەیتان بەسەریاندا زاڵ بووە.

ئایەتی ٢٠

إِنَّ الَّذِينَ يُحَادُّونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُوْلَئِكَ فِي الأَذَلِّينَ

دەڵێت:

ئەوانەی دژایەتی اللّٰە و پێغەمبەرەکەی دەکەن، ئەوانە لە ڕیسواترینن.

واتە: ئەو دووڕووانە کە دژایەتی اللّٰە و پێغەمبەرەکەی دەکەن لە هەموو کەس ڕیسواترن.

ئایەتی ٢١

كَتَبَ اللَّهُ لَأَغْلِبَنَّ أَنَا وَرُسُلِي إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ

دەڵێت:

الله نووسیویەتی: سوێند بێت من و پێغەمبەرەکانم سەردەکەوین، لە ڕاستیدا الله بەهێز و باڵادەستە.

واتە:

الله لە تابلۆی پارێزراو نووسیویەتی: من و پێغەمبەرەکانم سەردەکەوین.

الطبری لە جامع البيان دەڵێت: {كَتَبَ اللَّهُ- الله نووسیویەتی}، واتە:

الله بڕیاری داوە و لە دایکی پەرتووکەکان نووسیویەتی.

ئایەتی ٢٢

لا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ أُوْلَئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الإِيمَانَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ أُوْلَئِكَ حِزْبُ اللَّهِ أَلا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ

دەڵێت:

تۆ خەڵکانێك نابینیت کە باوەڕیان بە الله و ڕۆژی دوایی هەبێت، هاوسۆزیان هەبێت بۆ کەسانێك کە دژایەتی الله و پێغەمبەرەکەی دەکەن، وە تەنانەت ئەگەر باوکانیان، یان منداڵەکانیان، یان براکانیان، یان هۆزەکانیان بێت، ئەوانەن کە ئیمان لە دڵەکانیان نووسراوە، وە بە ڕۆحێك لە خۆیەوە پشتوانی کردوون، وە دەیانخاتە باخاتێکەوە کە ڕووبارەکان لە ژێریەوە دەڕۆن کە هەمیشە تیایدا دەمێننەوە، الله لێیان ڕازیە و ئەوانیش لە الله ڕازین، ئەوانە هاودەستەی اللهن، ئەی هاودەستەی الله سەرکەوتوو نین؟

ئەم ئایەتە یەکێکە لە ئایەتەکانی عەقیدەی الولاء و البراء، وە ئاماژە بە چەند خاڵێك دەکات:

یەکەم: دەبێت هەموو پەیوەندیەك ببڕیت لەگەڵ کەسانێك کە موسڵمان نین، تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە باوکت، یان منداڵت، یان براکانت، یان خوشکەکانت، یان کەسوکاری نزیکت و هۆزەکەت بێت، وەك دەڵێت:

لا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ

خەڵكانێك نابينيت كە ئيمانيان بە الله و ئاخيرەت هەيە پەيوەندى و هاوسۆزيان بۆ كەسانێك هەبێت كە دژى الله و پێغەمبەرەكەين، تەنانەت ئەگەر ئەو كەسە باوكانتان و منداڵەكانتان و براكانتان و هۆزەكانتان بێت.

دووەم: ئيماندارى ڕاستەقينە و بەهەشتى ئەوانەن كە پابەند دەبن بە دژايەتيكردنى كەسانێك كە دژ بە الله و محمدن.

أُوْلَئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الإِيمَانَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ

ئەوانەن كە ئيمان لە دڵەكانيان نووسراوە، وە الله بە ڕۆحێك لە خۆيەوە پشتيوانيان دەكات و دەيانخاتە باخاتێكەوە لە بەهەشت كە ڕووبارەكان لە ژێريانەوە دەڕۆن و بۆ هەميشە تيايدا دەمێننەوە، الله لەوانە ڕازيە و ئەوانيش لە الله ڕازين.

سێهەم: ئەوانە لە هاوكۆمەڵە و دەستەى اللهن:

أُوْلَئِكَ حِزْبُ اللَّهِ أَلا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ

ئەوانەن كە هاودەستەى اللهن، ئەى هاودەستەى الله سەركەوتوو نين لە قيامەت؟

الواحدى لە اسباب النزول و القرطبى لە الجامع لاحكام القران و ابن كثير لە تفسير القران العظيم، سەبارەت بە هۆكارى دابەزينى ئەم ئايەتە دەڵێن:

ابن جريج گوتوويەتى:

حُدِّثْتُ أَنَّ أَبَا قُحَافَةَ سَبَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَصَكَّهُ أَبُو بَكْرٍ ابْنُهُ صَكَّةً فَسَقَطَ مِنْهَا عَلَى وَجْهِهِ ، ثُمَّ أَتَى النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَذَكَرَ ذَلِكَ لَهُ ، فَقَالَ : أَوَ فَعَلْتَهُ ، لَا تَعُدْ إِلَيْهِ فَقَالَ : وَالَّذِي بَعَثَكَ بِالْحَقِّ نَبِيًّا لَوْ كَانَ السَّيْفُ مِنِّي قَرِيبًا لِقِتْلَتُهُ

باوكی ابو بكر (أبا قحافة) جوێنی به پێغەمبەردا، ابوبكر یەك لێدان لێیدا تاوەكو كەوتە سەر زەوی، ئینجا لای پێغەمبەر باسی كرد، پێغەمبەر گوتی: ئەو كارەت كرد؟ گوتی بەڵێ، پێغەمبەر گوتی ئەم كارە نەكەیتەوە، ابوبكر گوتی: سوێند بە الله ئەگەر شمشێرم لێ نزیك بووایە دەمكوشت، ئەوەبوو الله ئەم ئایەتەی دابەزاند.

واتە: الله گوتی دەستت خۆش ابوبكر كە لە باوكت داوە لەسەر محمد.

ابن مسعود گوتوویەتی، ئەم ئایەتە دابەزیوە لەسەر:

ابو عبیدة الجراح، كاتێك باوكی خۆی كوشت لە شەڕی ئوحد (باوكی موشریك بوو).

وە ابوبكر كاتێك لە شەڕی بەدر، بانگی عبدالرحمانی كوڕی كرد كە بێتە پێشەوە شمشێربازی لەگەڵدا بكات، (عبدالرحمن ئەوكات مشریك بوو).

وە مُصْعَب كوڕی عُمَیر، كە عبید كوڕی عمیری برای كوشت لە شەڕی ئوحد.

وە عومەری كوڕی خەتاب كە خاڵی خۆی، العاص كوڕی هشام كوڕی المغیرەی كوشت لە شەڕی بەدر.

وە علی و حەمزە و عوبەید، كە هەردووك كوڕەكەی ربیعەیان كوشت كە ناویان عُتْبَة وشَیْبَة بوو، وە الولید كوڕی عتبەیان كوشت لە شەڕی بەدر

كۆتایی سوورەتەكە.

ژماره (١٠٦)

سوورەتی الحجرات (حوجرەکان)

١-يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيِ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە نەکەن پێش الله و پێغەمبەر بکەون، وە لە الله بترسن لە ڕاستیدا الله بیستەر و بینادیدەیە.

٢-يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تَرْفَعُوا أَصْوَاتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ النَّبِيِّ وَلا تَجْهَرُوا لَهُ بِالْقَوْلِ كَجَهْرِ بَعْضِكُمْ لِبَعْضٍ أَن تَحْبَطَ أَعْمَالُكُمْ وَأَنتُمْ لا تَشْعُرُونَ

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە نەکەن دەنگتان بەرزکەنەوە بەسەر دەنگی پێغەمبەر، وە نەکەن بە دەنگی بەرز لەگەڵیدا ئاخاوتن بکەن هەروەك چۆن لەگەڵ یەکتر بە دەنگی بەرز ئاخاوتن دەکەن، ئەگینا کارەکانتان پووچەڵ دەبێت لە کاتێکدا ئێوە هەست ناکەن.

٣-إِنَّ الَّذِينَ يَغُضُّونَ أَصْوَاتَهُمْ عِندَ رَسُولِ اللَّهِ أُوْلَئِكَ الَّذِينَ امْتَحَنَ اللَّهُ قُلُوبَهُمْ لِلتَّقْوَى لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ عَظِيمٌ

ئەوانەی دەنگی خۆیان نزم دەکەنەوە لای پێغەمبەری الله، ئەوانەن الله دڵەکانیانی بۆ پەرستن تاقی کردۆتەوە، لێبووردەیی و پاداشتێکی مەزنیان بۆ هەیە.

٤-إِنَّ الَّذِينَ يُنَادُونَكَ مِن وَرَاءِ الْحُجُرَاتِ أَكْثَرُهُمْ لا يَعْقِلُونَ

ئەوانەی لە پشت ژوورەکان بانگت دەکەن زۆربەیان بێ ئەقڵن

٥-وَلَوْ أَنَّهُمْ صَبَرُوا حَتَّى تَخْرُجَ إِلَيْهِمْ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ

خۆ ئەگەر دانیان بە خۆیاندا بگرتایە تاوەکو تۆ بۆیان دەهاتیتە دەرەوە، بۆ ئەوان چاکتر بوو، وە الله لێبووردە و بە بەزەییە.

٦-يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا أَن تُصِيبُوا قَوْمًا بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَى مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر خراپەکارێك بە هەواڵێکەوە هات بۆ لاتان، ئەوە هەڵسەنگێنن ، نەکا بە هۆی نەزانینەوە زیان بە خەڵکانێك بگەیەنن، جا سەبارەت بەو کارەی کردووتانە پەشیمان بن.

٧-وَاعْلَمُوا أَنَّ فِيكُمْ رَسُولَ اللَّهِ لَوْ يُطِيعُكُمْ فِي كَثِيرٍ مِّنَ الأَمْرِ لَعَنِتُّمْ وَلَكِنَّ اللَّهَ حَبَّبَ إِلَيْكُمُ الإِيمَانَ وَزَيَّنَهُ فِي قُلُوبِكُمْ وَكَرَّهَ إِلَيْكُمُ الْكُفْرَ وَالْفُسُوقَ وَالْعِصْيَانَ أُوْلَئِكَ هُمُ الرَّاشِدُونَ

وە بزانن کە ئێوە پێغەمبەری اللهتان تێدایە، جا ئەگەر لە زۆرێك کاروباردا بە گوێتان بکات، ئەوە تووشی پەشێوی دەبن، بەڵام الله ئیمان و جوانیەکی لە دڵەکانتان لاتان خۆشەویست کردووە، وە کوفر و خراپەکاری و سەرپێچی لاتانەوە ناپەسەند کردووە، ئەوانەن مەندەکان.

٨-فَضْلا مِّنَ اللَّهِ وَنِعْمَةً وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ

وەك چاکە و نیعمەتیك لە اللهوە، وە الله دانا و زانایە.

٩-وَإِن طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا فَإِن بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الأُخْرَى فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّى تَفِيءَ إِلَى أَمْرِ اللَّهِ فَإِن فَاءَتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ

وە ئەگەر دوو کۆمەڵ لە موسڵمانان شەڕیان لەگەڵ یەکدا کرد، ئەوە ئاشتیان بکەنەوە، جا ئەگەر یەکێکیان دەستدرێژی کردە سەر ئەوەی تریان، ئەوە شەڕی ئەوەیان بکەن کە دەستدرێژی دەکات تاوەکو پابەندی فەرمانی الله دەبێت، جا ئەگەر پابەند بوو، ئەوە بە ڕەوایی نێوانیان ڕێك بخەن و دادپەروەر بن، لە ڕاستیدا الله دادپەروەرانی خۆش دەوێت.

١٠-إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ

لە ڕاستیدا ئیمانداران بران جا نێوان براکانتان ڕێك بخەن، وە لە الله بترسن بەڵکو ڕەحمتان پێ دەکرێت.

١١-يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا يَسْخَرْ قَوْمٌ مِّن قَوْمٍ عَسَى أَن يَكُونُوا خَيْرًا مِّنْهُمْ وَلا نِسَاء مِّن نِّسَاء عَسَى أَن يَكُنَّ خَيْرًا مِّنْهُنَّ وَلا تَلْمِزُوا أَنفُسَكُمْ وَلا تَنَابَزُوا بِالأَلْقَابِ بِئْسَ الاِسْمُ الْفُسُوقُ بَعْدَ الإِيمَانِ وَمَن لَّمْ يَتُبْ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، هۆزێك گاڵتە بە هۆزێك ناكات، چونكە ڕەنگ بێت لە خۆیان چاكتر بن، وە هەروەها ژنگەل گاڵتە بە ژنگەل ناكەن، چونكە ڕەنگ بێت لە خۆیان چاكتر بن، وە نەكەن خۆتان لەكەداربكەن و ناوناتۆرە بۆ یەكتر بتاشن، ناوناتۆرە زۆر خراپە لە دوای ئیمانهێنان، وە هەر كەسێك تۆبە نەكات، ئەوە ئەوانە ستەمكارن.

١٢-يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيرًا مِّنَ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ وَلا تَجَسَّسُوا وَلا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضًا أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَن يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ رَّحِيمٌ

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە خۆتان بە دووربگرن لە زۆرێك لە گومان، لە ڕاستیدا هەندێك گومان گوناهە، وە نەكەن سیخوڕی بەسەریەكدا بكەن، وە نە لە پاشەملە باسی یەكتر بكەن، ئایا كەسێكتان ئارەزوو دەكات گۆشتی براكەی بە مردوویی بخوات، جا ئەوەتان پێ ناخۆشە، وە لە الله بترسن، لە ڕاستیدا الله تۆبە وەردەگرێت و بە ڕەحمە.

١٣-يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئێمە ئێوەمان لە نێرینە و مێینە دروستكردووە، وە ئێوەمان كردووە بە تیرە و هۆز بۆ ئەوەی یەكتر بناسن، ڕێزدارترینتان لای الله خوداپەرستترینتانە، لە ڕاستیدا الله زانا و شارەزایە.

١٤-قَالَتِ الأَعْرَابُ آمَنَّا قُل لَّمْ تُؤْمِنُوا وَلَكِن قُولُوا أَسْلَمْنَا وَلَمَّا يَدْخُلِ الإِيمَانُ فِي قُلُوبِكُمْ وَإِن تُطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ لا يَلِتْكُم مِّنْ أَعْمَالِكُمْ شَيْئًا إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ

عەرەبە بیاباننشینەكان گوتیان: ئیمانمان هێنا، بڵێ ئیمانتان نەهێناوە بەڵكو بڵێن تەسلیم بووین، وە كاتێك كە ئیمان دەچێتە دڵەكانتانەوە و ملكەچی الله و پێغەمبەرەكەی دەبن، ئەوە هیچ شتێك لە پاداشتی كاروكردەوەكانتان كەم ناكاتەوە، لە ڕاستیدا الله لێبووردە و بە ڕەحمە.

١٥-إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُوا وَجَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أُوْلَئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ

له ڕاستیدا ئیمانداران ئەوانەن كە ئیمانیان بە الله و پێغەمبەرەكەی هێناوە، ئینجا دوودڵ نین و جیهادیان كردووە بە سامان و گیانیان لە پێناو الله، ئەوانەن كە ڕاستگۆن.

١٦-قُلْ أَتُعَلِّمُونَ اللَّهَ بِدِينِكُمْ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ

بڵێ ئایا ئێوە الله فێرە ئاینەكەتان دەكەن؟ لە كاتێكدا الله بە هەرچیەك لە ئاسمانەكان و هەرچییەك لە زەویدایە دەزانێت، وە الله بە هەموو شتێك دەزانێت.

١٧-يَمُنُّونَ عَلَيْكَ أَنْ أَسْلَمُوا قُل لَّا تَمُنُّوا عَلَيَّ إِسْلَامَكُم بَلِ اللَّهُ يَمُنُّ عَلَيْكُمْ أَنْ هَدَاكُمْ لِلْإِيمَانِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ

منەتت بەسەردا دەكەم كە ئیسلام بوون، بڵێ بە ئیسلام بوونتان منەتم بەسەردا مەكەن، بەڵكو الله منەتی هەیە بەسەرتانەوە كە هیدایەتی داون بۆ ئیمان ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن.

١٨-إِنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ غَيْبَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ

له ڕاستیدا الله بە نادیارەكانی ئاسمانەكان و زەوی دەزانێت، وە الله بەو كارانەتان بینادیدەیە كە دەیكەن.

شرۆڤە و تێبینی

ئەم سوورەتە ناو نراوە {الحجرات}، واتە {ژوورەكان}، چونكە لە ئایەتی ٤ هاتووە دەڵێت:

إِنَّ الَّذِينَ يُنَادُونَكَ مِن وَرَاء الْحُجُرَاتِ أَكْثَرُهُمْ لا يَعْقِلُونَ

له ڕاستیدا ئەوانەی لە پشت ژوورەكان بانگت دەكەن ئەی محمد، زۆربەیان بێ ئاقڵن.

سوورەتێكە لە مەدینە دابەزیوە.

وە ئەم سوورەتە ڕاسپاردەی بۆ ئیمانداران تێدایە كە دەبێت وەك پادشایەك هەڵسوكەوت لەگەڵ محمد صلعم بكەن.

ئایەتی ١

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيِ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ

دەڵێت:

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە نەکەن پێش الله و پێغەمبەر بکەون، وە لە الله بترسن لە ڕاستیدا الله بیستەر و بینادیدەیە.

واتە:

نابێت لە هیچ شتێك، وە بە تایبەت لە ڕۆیشتن و چوونە ژوورەوە و قسەکردن پێش پێغەمبەر بکەون.

وەك ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

ئەوە ئادابێکە کە الله فەرمان بە بەندەکانی دەکات چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ پێغەمبەر بکەن و ڕێزی بگرن و شکۆمەند و مەزنی بکەن. وە فەرمان دەکات کە لە هیچ شتێکدا پێش پێغەمبەر نەکەون، بەڵکو لە هەموو شتێکدا شوێنکەوتەی بن و بە دوایەوە بن.

وە دەڵێت، ابن عباس سەبارەت بە: {لا تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيِ اللَّهِ وَرَسُولِهِ- نەکەن پێش الله و پێغەمبەر بکەون}، گوتوویەتی: واتە شتێك مەکەن پێچەوانەی قورئان و سونە بێت.

وە سفیان الثوری، گوتوویەتی واتە: نەکەن پێش الله و پێغەمبەر بکەون، نە بە کردار، وە نە بە وتە.

وە القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

سوورەتێکە فەرمان دەکات بە ئەخلاقی بەرز و ڕەچاوکردنی ئەدەب.

وە سەبارەت بە مانای ئەم ئایەتە دەڵێت:

نە بە وتە، وە نە بە کردار، نەکەن پێش الله و پێغەمبەر بکەون لە کاروباری ئاین و دونیاتان.

ئایەتی ٢

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَرْفَعُوا أَصْوَاتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ النَّبِيِّ وَلَا تَجْهَرُوا لَهُ بِالْقَوْلِ كَجَهْرِ بَعْضِكُمْ لِبَعْضٍ أَن تَحْبَطَ أَعْمَالُكُمْ وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ

دەڵێت:

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە نەکەن دەنگتان بەرزکەنەوە بەسەر دەنگی پێغەمبەر، وە نەکەن بە دەنگی بەرز لەگەڵیدا ئاخاوتن بکەن هەروەك چۆن لەگەڵ یەکتر بە دەنگی بەرز ئاخاوتن دەکەن، ئەگینا کارەکانتان پووچەڵ دەبێت لە کاتێکدا ئێوە هەست ناکەن.

واتە:

لە کاتی ئاخاوتن لەگەڵ پێغەمبەر نابێت دەنگتان بە شێوەیەك بەرزکەنەوە کە لە دەنگی پێغەمبەر بەرزتر بێت، هەروەك چۆن دەنگتان بەرزدەکەنەوە کاتێك لەگەڵ یەکدا قسە دەکەن، ئەگەر پابەند نەبن بەم ئامۆژگاریە، ئەوە کاروکردەوە چاکەکەتان لای الله پووچەڵ دەبێتەوە لە کاتێکدا هەست ناکەن.

واتە:

ئاساییە لەگەڵ یەك بە دەنگی بەرز قسە بکەن، بەڵام کاتێك قسە لەگەڵ پێغەمبەر دەکەن دەنگتان نزم بکەن و نابێت دەنگتان لە دەنگی پێغەمبەر بەرزتر بێت. ئەگینا هەرچی کاروکردەوەی چاکتان هەیە الله پووچەڵی دەکاتەوە.

وە ئایەتی ٦٣ سوورەتی النور دەڵێت:

لَّا تَجْعَلُوا دُعَاءَ الرَّسُولِ بَيْنَكُمْ كَدُعَاءِ بَعْضِكُم بَعْضًا

نەکەن بە شێوەیەك بانگی پێغەمبەر بکەن هەروەك چۆن یەکتر بانگ دەکەن.

واتە مەڵێن، ئەی محمد، بەڵکو بڵێن، ئەی پێغەمبەری الله.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران، ئاماژە بە ڕیوایەتێك دەکات، کە لە صحیح البخاری هاتووە، کە انس بن مالك گوتوویەتی:

أَنَّ النَّبِيَّ افْتَقَدَ ثَابِتَ بْنَ قَيْسٍ فَقَالَ رَجُلٌ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَنَا أَعْلَمُ لَكَ عِلْمَهُ ، فَأَتَاهُ فَوَجَدَهُ جَالِسًا فِي بَيْتِهِ مُنَكِّسًا رَأْسَهُ ، فَقَالَ لَهُ: مَا شَأْنُكَ ؟ فَقَالَ : شَرٌّ! كَانَ يَرْفَعُ صَوْتَهُ فَوْقَ صَوْتِ النَّبِيِّ فَقَدْ حَبِطَ عَمَلُهُ وَهُوَ مِنْ أَهْلِ النَّارِ . فَأَتَى الرَّجُلُ النَّبِيَّ فَأَخْبَرَهُ أَنَّهُ قَالَ كَذَا وَكَذَا . فَقَالَ مُوسَى : فَرَجَعَ إِلَيْهِ الْمَرَّةَ الْآخِرَةَ بِبِشَارَةٍ عَظِيمَةٍ ، فَقَالَ : اذْهَبْ إِلَيْهِ فَقُلْ لَهُ إِنَّكَ لَسْتَ مِنْ أَهْلِ النَّارِ وَلَكِنَّكَ مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ

پێغەمبەر بە دوای ثابت بن قیس دەگەڕا، پیاوێك گوتی: ئەی پێغەمبەری الله من باشتر لە تۆ دەزانم لە کوێیە، ئەوەبوو هات بۆ لای و بینی دانیشتووە و سەری شۆڕ کردووە، پێی گوت: ئەوە چیتە؟ گوتی خراپ. چونکە دەنگی خۆی بەسەر پێغەمبەردا بەرزدەکردەوە، ئەوە کارەکانی پووچەڵ ببۆوە و لە یاوەرانی دۆزەخ بووە. پیاوەکە هات بۆ لای پێغەمبەر و پێی گوت. پێغەمبەر پێی گوت برۆ پێی بڵێ لە دۆزەخیەکان نییە بەڵکو لە یاوەرانی بەهەشتە.

وە القرطبی دەڵێت:

ئەم ئایەتە فەرمان دەکات کە ئیمانداران لای پێغەمبەر دەنگیان نزم بکەنەوە.

وە هەندێك لە زاناکان بەلایانەوە ناپەسندە کە لای گۆڕی پێغەمبەر دەنگ بەرزبکرێتەوە.

وە دەڵێت ابن مسعود، لە جیاتی {لَا تَرْفَعُوا أَصْوَاتَكُمْ}، دەیخوێندەوە: {لَا تَرْفَعُوا بِأَصْوَاتِكُمْ}.

سوپاس بۆ الله لە سەردەمی محمد صلعم نەبووین، ئەگینا زۆربەی کورد بە هۆی دەنگ بەرزیەوە نەدەچوو بۆ بەهەشت.

ئایەتی ٣

إِنَّ الَّذِينَ يَغُضُّونَ أَصْوَاتَهُمْ عِندَ رَسُولِ اللَّهِ أُولَـٰئِكَ الَّذِينَ امْتَحَنَ اللَّهُ قُلُوبَهُمْ لِلتَّقْوَىٰ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ عَظِيمٌ

دەڵێت:

ئەوانەی دەنگی خۆیان نزم دەکەنەوە لای پێغەمبەری الله، ئەوانەن الله دڵەکانیانی بۆ پەرستن تاقی کردۆتەوە، لێبووردەیی و پاداشتێکی مەزنیان بۆ هەیە.

واتە:

ئەو ئیماندارانەی دەنگیان نزم دەکەنەوە لای پێغەمبەر، ئەوانە ئیمانداری ڕاستەقینەن و الله دڵەکانیانی بۆ پەرستن هەڵسەنگاندووە و تاقی کردۆتەوە، وە ئەوانە لێبووردەیی و پاداشتێکی مەزنیان بۆ دەبێت کە بەهەشتە.

ئایەتی ٤-٥

إِنَّ الَّذِينَ يُنَادُونَكَ مِن وَرَاءِ الْحُجُرَاتِ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ

وَلَوْ أَنَّهُمْ صَبَرُوا حَتَّىٰ تَخْرُجَ إِلَيْهِمْ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

ئەوانەی لە پشت ژوورەکان بانگت دەکەن زۆربەیان بێ ئەقڵن.

خۆ ئەگەر دانیان بە خۆیاندا بگرتایە تاوەکو تۆ بۆیان دەهاتیتە دەرەوە، بۆ ئەوان چاکتر بوو، وە الله لێبووردە و بە بەزەییە.

واتە:

ئەی محمد ئەوانەی لە دەرەوەی ژوورەکان بانگت دەکەن زۆربەیان بێ ئەقڵ و دەبەنگن، جا خۆ لە جیاتی ئەوەی لە دەرەوەی ژوورەکەت بانگت بکەن، چاوەڕێیان بکردایە تاوەکو تۆ دەهاتیتە دەرەوە چاکتر بوو.

واتە: نابێت لە دوورەوە بانگی پێغەمبەر بکەیت.

الواحدی لە اسباب النزول و القرطبی لە الجامع لاحكام القران، سەبارەت بە هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە دەڵێن:

نَزَلَتْ فِي أَعْرَابِ بَنِي تَمِيمٍ ، قَدِمَ الْوَفْدُ مِنْهُمْ عَلَى النَّبِيِّ ، فَدَخَلُوا الْمَسْجِدَ وَنَادَوُا النَّبِيَّ مِنْ وَرَاءِ حُجْرَتِهِ أَنِ اخْرُجْ إِلَيْنَا ، فَإِنَّ مَدْحَنَا زَيْنٌ وَذَمَّنَا شَيْنٌ . وَكَانُوا سَبْعِينَ رَجُلًا قَدَّمُوا الْفِدَاءَ ذَرَارِيَ لَهُمْ ، وَكَانَ النَّبِيُّ نَامَ لِلْقَائِلَةِ . وَرُوِيَ أَنَّ الَّذِي نَادَى الْأَقْرَعُ بْنُ حَابِسٍ ، وَأَنَّهُ الْقَائِلُ : إِنَّ مَدْحِي زَيْنٌ وَإِنْ ذَمِّي شَيْنٌ ، فَقَالَ النَّبِيُّ : (ذَاكَ اللَّهُ).

ئەم ئایەتە لەسەر ئەعرابەکانی بنی تەمیم دابەزیوە، وەفدێکیان هات بۆ لای پێغەمبەر و چوونە مزگەوتەوە، و لە دەرەوەی ژوورەکەی پێغەمبەر هاواریان کرد: ئەی محمد وەرە دەرەوە، ئەگەر ئێمە مەدحی کەسێك بکەین، ئەوە مەدحکراو دەبێت، خۆ ئەگەر زەمی کەسێك بکەین ئەوە زەمکراو دەبێت. وە ژمارەیان ٧٠ پیاو بوو هاتبوون پارە بدەن بۆ ئازادکردنی ژن و منداڵەکانیان، وە پێغەمبەر خەوتبوو، وە دەگێڕنەوە کە ئەوەی بانگی پێغەمبەری کرد، الاقرع کوڕی حابس بوو، وە ئەو بوو گوتی: ئەگەر کەسێك مەدح بکەم، ئەوە مەدحکراو دەبێت، وە ئەگەر زەمی بکەم، ئەوە زەمکراو دەبێت، پێغەمبەر گوتی ئەوەم قبووڵە.

ئەم ڕیوایەتە لە جامع الترمذی و مسند احمد و السیرة النبوية لابن اسحاق هاتووە.

السیوطی لە الدر المنثور دەڵێت، ابن مردوية و ابن اسحاق لە السيرة النبوية، ئاماژەیان بە ڕیوایەتێك کردووە، کە ابن عباس گوتوویەتی:

يَا مُحَمَّدُ اخْرُجْ إِلَيْنَا يَا مُحَمَّدُ اخْرُجْ إِلَيْنَا يَا مُحَمَّدُ اخْرُجْ إِلَيْنَا فَخَرَجَ إِلَيْهِمْ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالُوا : يَا مُحَمَّدُ إِنَّ مَدْحَنَا زَيْنٌ وَإِنَّ شَتْمَنَا شَيْنٌ نَحْنُ أَكْرَمُ الْعَرَبِ

هاواریان دەکرد ئەی محمد وەرە دەرەوە، ئەی محمد وەرە دەرەوە، ئەی محمد وەرە دەرەوە، ئەوەبوو پێغەمبەر هاتە دەرەوە و گوتیان: ئەی محمد ئەگەر مەدحی کەسێك بکەین، ئەوە مەدحکراو دەبێت، وە ئەگەر زەمی کەسێك بکەین ئەوە زەمکراو دەبێت.

گرنگ محمد هێرشی کردۆتە سەر کۆمەڵێك خەڵکی کۆچەر و ژن و منداڵەکانیانی بە کۆیلە کردووە و ڕاپێچی کردوون بۆ مەدینە، پیاوەکانیان بە تورەیی هاتوون بۆ لای محمد، بۆ ئەوەی ژن و منداڵەکانیان بە پارە ئازاد بکەن.

جا خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بەم پیاوانە دەڵێت ئەوانە بێ ئەقڵ و دەبەنگن.

بۆ؟ چونکە لە دەرەوەی ژووری محمد بانگی محمدیان کردووە. لە کاتێکدا بە فەرمانی محمد ژن و منداڵەکانیان بە کۆیلە کراون.

ئایەتی ٦

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا أَن تُصِيبُوا قَوْمًا بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَىٰ مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ

دەڵێت:

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر خراپەکارێك بە هەواڵێکەوە هات بۆ لاتان، ئەوە هەڵسەنگێنن ، نەکا بە هۆی نەزانینەوە زیان بە خەڵکانێك بگەیەنن، جا سەبارەت بەو کارەی کردووتانە پەشیمان بن.

واتە:

ئەی ئیمانداران ئەگەرکەسێکی خراپەکار بە هەواڵێکەوە هات بۆ لاتان ئەوە لێی بکۆڵنەوە نەکا هەواڵەکە ناڕاست بێت، وە ئێوە بە هۆی ئەوەی نەتانزانیوە هەواڵەکە ڕاست نییە خەڵکانێکی تووشی زیان بکەن، جا ئەوکات پەشیمان ببنەوە.

الطبری لە جامع البیان و القرطبی لە الجامع لاحکام القران و الواحدی لە اسباب النزول دەڵێن:

سەبارەت بە الوليد بن عُقْبَة بن أبي مُعَيْط دابەزیوە، پێغەمبەر ناردی بۆ بنی موستەلیق بۆ کۆکردنەوەی سەدەقە و زەکات، وە لە سەردەمی جاهیلی لە نێوان الولید و بنی موستەلیق ناکۆکی هەبوو، کاتێك بنی موستەلیق گوێیان لێ بوو الولید گەیشتووە، وەك ڕێزێك بۆ پێغەمبەر ڕێزیان لێی گرت، شەیتان چرپەی لەگەڵدا کرد کە دەیانەوێت بیکوژن، ئەوەبوو لێیان ترسا و گەڕایەوە بۆ لای پێغەمبەر و گوتی: بنی موستەلیق زەکاتیان نەدا و ویستیان بمکوژن. پێغەمبەر توڕەبوو و ویستی بچێت غەزوویان بکات، کاتێك خەڵکی بەنی موستەلیق گوێیان لە هەواڵەکە بوو هاتن بۆ لای پێغەمبەر و گوتیان: کاتێك گوێمان لێ بوو نێردراوەکەت (الولید) گەیشتووە چووین ڕێزی لێ بگرین و زەکات بدەین، بەڵام بینیمان گەڕاوەتەوە، وە ئێمە خۆمان دەپارێزین لەوەی الله و پێغەمبەرەکەی لێمان تووڕە بن. ئەوەبوو ئەم ئایەتە دابەزی: {يٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ آمَنُوٓاْ إِن جَآءَكُمْ فَاسِقٌ

بِنَبَإٍ- ئەی ئیمانداران ئەگەر خراپەکارێك بە هەواڵێکەوە هات بۆ لاتان، هتد}، واتە الولید کوڕی عقبة.

هەر زۆر سەیرە: محمد خراپەکارێکی کردووە بە نوێنەری خۆی و ناردوویەتی بۆ کۆکردنەوەی زەکات! وە القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

الولید بە الْفَاسِقُ الْكَذَّابُ ناسراوبوو. واتە بەڕەڵای درۆزن.

وە دەڵێت: حَمْزَةُ وَالْكِسَائِيُّ، لە جیاتی {فَتَبَيَّنُوا}، دەیانخوێندەوە: {فَتَثَبَّتُوا}، واتە هەواڵەکە بسەلمێنن کە ڕاستە.

وە ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

زۆرێك لە شرۆڤەکەران ئاماژەیان کردووە، کە ئەم ئایەتە لەسەر الولید بن عقبة بن أبي معیط دابەزیووە.

ئایەتی ٧-٨

وَاعْلَمُوا أَنَّ فِيكُمْ رَسُولَ اللَّهِ لَوْ يُطِيعُكُمْ فِي كَثِيرٍ مِّنَ الْأَمْرِ لَعَنِتُّمْ وَلَـٰكِنَّ اللَّهَ حَبَّبَ إِلَيْكُمُ الْإِيمَانَ وَزَيَّنَهُ فِي قُلُوبِكُمْ وَكَرَّهَ إِلَيْكُمُ الْكُفْرَ وَالْفُسُوقَ وَالْعِصْيَانَ أُولَـٰئِكَ هُمُ الرَّاشِدُونَ

فَضْلًا مِّنَ اللَّهِ وَنِعْمَةً وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ

دەڵێت:

وە بزانن کە ئێوە پێغەمبەری اللهتان تێدایە، جا ئەگەر لە زۆرێك کاروباردا بە گوێتان بکات، ئەوە تووشی پەشێوی دەبن، بەڵام الله ئیمان و جوانیەکی لە دڵەکانتان لاتان خۆشەویست کردووە، وە کوفر و خراپەکاری و سەرپێچی لاتانەوە ناپەسەند کردووە، ئەوانەن مەندەکان.

وەك چاکە و نیعمەتیك لە اللهوە، وە الله دانا و زانایە.

واتە: ئەی ئیمانداران؛

بزانن کە لە ناوتاندا پێغەمبەری الله هەیە، جا ئەگەر لە زۆرێك کاروبارەکان بە گوێتان بکات ئەوە تووشی پەشێوی و نالەباری دەبن، بەڵام الله لە فەزڵ و

نیعمەتی خۆیەوە، ئیمانی لە دڵەکانتان جوان و خۆشەویست کردووە، وە کوفر و خراپە و سەرپێچی لاتان ناپەسەند کردووە، جا ئەوانەی بەم جۆرەن خەڵکانێکی مەندن.

الطبری لە جامع البیان سەبارەت بە: {لَوْ يُطِيعُكُمْ فِي كَثِيرٍ مِّنَ الْأَمْرِ لَعَنِتُّمْ- ئەگەر پێغەمبەر لە زۆرێك كاروبار گوێرایەڵتان بێت، ئەوە تووشی پەشێوی دەبن}، دەڵێت واتە:

ئەگەر پێغەمبەر لە کاروبارەکان بە بیروبۆچوونی ئێوە بکات، وە ئەوەتان لێ وەربگرێت کە ئێوە دەیڵێن و گوێڕایەڵتان بێت، ئەوە بە دڵنیاییەوە تووشی ناخۆشی و پەشێوی و نالەباری دەبن لە زۆرێك لە کاروبارەکان، چونکە هەتانە هەڵە دەکات هەروەك چۆن الولید بن عقبة هەڵەی کرد سەبارەت بە بنی موستەلیق و گوتی: هەڵگەڕاونەتەوە لە ئیسلام و زەکاتیان نەدا و سوپایان کۆکردۆتەوە بۆ هێرشکردنە سەر موسڵمانان، وە پێغەمبەر خەریك بوو سوپا کۆبکاتەوە و هێرشیان بکاتە سەر و بیانکوژێت و منداڵ و ژنەکانیان بکات بە کۆیلە و دەست بەسەر سامانەکانیاندا بگرێت {وَلَكِنَّ اللَّهَ حَبَّبَ إِلَيْكُمُ الإيمَانَ}، بەڵام اللە ئیمانی بەلاوە خۆشەویست کردوون، واتە: ئێوە ملکەچی اللە و پێغەمبەرەکەی بن.

ئایەتی ٩

وَإِن طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا فَإِن بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الْأُخْرَىٰ فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّىٰ تَفِيءَ إِلَىٰ أَمْرِ اللَّهِ فَإِن فَاءَتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ

دەڵێت:

وە ئەگەر دوو کۆمەڵ لە موسڵمانان شەڕیان لەگەڵ یەکدا کرد، ئەوە ئاشتیان بکەنەوە، جا ئەگەر یەکێکیان دەستدرێژی کردە سەر ئەوەی تریان، ئەوە شەڕی ئەوەیان بکەن کە دەستدرێژی دەکات تاوەکو پابەندی فەرمانی اللە دەبێت، جا ئەگەر پابەند بوو، ئەوە بە ڕەوایی نێوانیان ڕێك بخەن و دادپەروەر بن، لە ڕاستیدا اللە دادپەروەرانی خۆش دەوێت.

القرطبی له الجامع لاحكام القران و الواحدی له اسباب النزول و ابن كثير له تفسير القران العظيم و الطبری له جامع البيان، ئاماژه به ڕیوایەتێك دەكەن، كه له صحيح البخاری و صحيح مسلم و مسند احمد هاتووه، كه انس بن مالك گوتوویەتی گوتم:

يَا نَبِيَّ اللَّهِ ، لَوْ أَتَيْتَ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ أُبَيٍّ ؟ فَانْطَلَقَ إِلَيْهِ النَّبِيُّ ، فَرَكِبَ حِمَارًا وَانْطَلَقَ الْمُسْلِمُونَ يَمْشُونَ ، وَهِيَ أَرْضٌ سَبِخَةٌ ، فَلَمَّا أَتَاهُ النَّبِيُّ قَالَ : إِلَيْكَ عَنِّي! فَوَاللَّهِ لَقَدْ آذَانِي نَتْنُ حِمَارِكَ . فَقَالَ رَجُلٌ مِنَ الْأَنْصَارِ : وَاللَّهِ لَحِمَارُ رَسُولِ اللَّهِ أَطْيَبُ رِيحًا مِنْكَ . فَغَضِبَ لِعَبْدِ اللَّهِ رَجُلٌ مِنْ قَوْمِهِ ، وَغَضِبَ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا أَصْحَابُهُ ، فَكَانَ بَيْنَهُمْ حَرْبٌ بِالْجَرِيدِ وَالْأَيْدِي وَالنِّعَالِ ، فَبَلَغَنَا أَنَّهُ أُنْزِلَ فِيهِمْ هَذِهِ الْآيَةُ

ئەی پێغەمبەری الله، چۆنه ناچیت بۆ لای عبدالله بن ابي بن سلول؟ ئەوەبوو پێغەمبەر به سواری كەرەوه چوو و موسڵمانان به پیادەوه لەگەڵیدا ڕۆیشتن، كاتێك پێغەمبەر گەیشت، عبدالله به پێغەمبەری گوت: لێم دووركەوه، سوێند به الله بۆنی كەرەكەت ئازاری دام. پیاوێكی ئەنسار گوتی: سوێند به الله بۆنی كەری پێغەمبەر له بۆنی تۆ خۆشتره. پیاوێك له پیاوەكانی عبدالله تووڕه بوو، وه پیاوێك له یاوەرەكانی پێغەمبەر توڕەبوو و بوو به شەڕ، به گەڵای دارخورما و نەعل و دەست بەناویەك كەوتن و لێیان دا، ئەوەبوو ئەم ئایەته دابەزی.

القرطبی له الجامع لاحكام القران دەڵێت:

عبدالله بن مسعود، له جیاتی {حَتَّى تَفِيءَ إِلَى أَمْرِ اللَّهِ فَإِن فَاءَتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ}، دەیخوێندەوه: {حَتَّى يَفِيئُوا إِلَى أَمْرِ اللَّهِ فَإِنْ فَاءُوا فَخُذُوا بَيْنَهُمْ بِالْقِسْطِ}، وه ابْنُ أَبِي عَبْلَةَ، له جیاتی {اقْتَتَلُوا}، دەیخوێندەوه: {اقْتَتَلَتَا}.

ئەم ئایەته له ڕووی زمانەوانیەوه گشتی هەڵەیه، چونكه ئەم ئایەته باس له دوو دەسته و كۆمەڵ دەكات لەبەر ئەوه دەبێت شێوازی {مثنى- دووانه}
بەكاربهێنرێت، بەڵام ئەم ئایەته تێكەڵی كردووه، كۆ و دووانه و تاكی بەكارهێناوه:

وَإِن طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا

دەبێت بڵێت: وَإِن طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلا

ئایەتی ١٠

إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ

دەڵێت:

لە ڕاستیدا ئیمانداران بران جا نێوان براکانتان ڕێك بخەن، وە لە الله بترسن بەڵکو ڕەحمتان پێ دەکرێت.

واتە:

تەنها ئیمانداران، ئەوانەی باوەڕیان بە محمد هێناوە برای یەکن. وەك دەڵێت:

إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ

جا ئەگەر ناکۆکیەك لە نێوان دوو ئیماندار، یان دوو دەستە لە ئیماندار هاتە ئاراوە، ئەوە نێوانیان ڕێک بخەن.

شتێك لە ئیسلامدا بوونی نییە بە ناوی برای مرۆڤایەتی، وە ئەوە درۆیەکی شاخدارە، کە هەندێك دەبەنگ و جاهیل دەیکەن.

وە لە صحیح البخاری و مسند احمد، ڕیوایەتێك هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی:

انْصُرْ أَخَاكَ ظَالِمًا أَوْ مَظْلُومًا

براکەت سەربخە، جا ستەمکار بێت، یان ستەم لێکراو.

وە لە صحیح مسلم و صحیح البخاری و صحیح الجامع، ڕیوایەتێك هاتووە محمد صلعم گوتوویەتی:

المسلِمُ أخُو المسلِمِ ، لا يَظلِمُهُ ولا يَخذُلُهُ ، ولا يَحقِرُهُ ، التَّقْوى ههُنا – وأشارَ إلى صدْرِهِ – بِحسْبِ امْرِئٍ من الشَّرِّ أنْ يَحقِرَ أخاهُ المسلِمَ ، كلُّ المسلِمِ على المسلِمِ حرامٌ دمُهُ ، ومالُهُ ، وعِرضُهُ

واتە: موسڵمان برای موسڵمانە، نابێت ستەمی لێ بکات و نابێت ڕیسوای بکات و نابێت سووکی بکات، وە خوداپەرستی لێرەیە و ئاماژەی بۆ سینگی کرد، تۆ مرۆڤێکی

خراپیت ئەگەر ڕقت لە برا موسڵمانەکەت بێتەوە، خوێن و سامان و نامووسی موسڵمان لە موسڵمان حەرامە.

واتە نامووس و خوێن و سامانی ناموسڵمان بۆ موسڵمان ئاساییە و حەرام نییە. وە ئاساییە ڕقت لە ناموسڵمان بێتەوە و دەستدرێژی بکەیتە سەر نامووسی.

ئایەتی ١١

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا يَسْخَرْ قَوْمٌ مِّن قَوْمٍ عَسَىٰ أَن يَكُونُوا خَيْرًا مِّنْهُمْ وَلَا نِسَاءٌ مِّن نِّسَاءٍ عَسَىٰ أَن يَكُنَّ خَيْرًا مِّنْهُنَّ وَلَا تَلْمِزُوا أَنفُسَكُمْ وَلَا تَنَابَزُوا بِالْأَلْقَابِ بِئْسَ الِاسْمُ الْفُسُوقُ بَعْدَ الْإِيمَانِ وَمَن لَّمْ يَتُبْ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ

دەڵێت:

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، هۆزێك گاڵتە بە هۆزێك ناکات، چونکە ڕەنگ بێت لە خۆیان چاکتر بن، وە هەروەها ژنگەل گاڵتە بە ژنگەل ناکەن، چونکە ڕەنگ بێت لە خۆیان چاکتر بن، وە نەکەن خۆتان لەکەداربکەن و ناوناتۆرە بۆ یەکتر بتاشن، ناوناتۆرە زۆر خراپە لە دوای ئیمانهێنان، وە هەر کەسێك تۆبە نەکات، ئەوە ئەوانە ستەمکارن.

واتە: ئەم ئایەتە ئاڕاستەی ئیمانداران کراوە، وەك دەڵێت: { يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا}، ئەی ئەوانەی باوەڕتان بە الله و محمد هێناوە:

یەکەم: لَا يَسْخَرْ قَوْمٌ مِّن قَوْمٍ عَسَىٰ أَن يَكُونُوا خَيْرًا مِّنْهُمْ

نابێت هۆزێکتان گاڵتە بە هۆزێکی دیکەتان بکات، چونکە ڕەنگ بێت لە خۆتان چاکتر بن.

دووەم: وَلَا نِسَاءٌ مِّن نِّسَاءٍ عَسَىٰ أَن يَكُنَّ خَيْرًا مِّنْهُنَّ

وە نابێت ژنگەل گاڵتە بە ژنگەل بکەن، ڕەنگ بێت لە خۆیان چاکتر بێت.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران و ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم و الطبری لە جامع البیان و الواحدی لە اسباب النزول، سەبارەت بە هۆکاری دابەزینی ئەم بڕگەیە، ئاماژە بە چەند ڕیوایەتێك دەکەن کە گشتیان ئاماژە بەوە دەکەن،

ژنەکانی محمد صلعم، گاڵتەیان بە یەکتر کردووە. القرطبی دەڵێت، شرۆڤەکەران گوتوویانە:

نَزَلَتْ فِي امْرَأَتَيْنِ مِنْ أَزْوَاجِ النَّبِيِّ سَخِرَتَا مِنْ أُمِّ سَلَمَةَ ، وَذَلِكَ أَنَّهَا رَبَطَتْ خَصْرَيْهَا بِسَبِيبَةٍ - وَهُوَ ثَوْبٌ أَبْيَضُ ، وَمِثْلُهَا السِّبُّ - وَسَدَلَتْ طَرَفَيْهَا خَلْفَهَا فَكَانَتْ تَجُرُّهَا ، فَقَالَتْ عَائِشَةُ لِحَفْصَةَ: انْظُرِي! مَا تَجُرُّ خَلْفَهَا كَأَنَّهُ لِسَانُ كَلْبٍ

لەسەر دوو لە ژنەکانی پێغەمبەر دابەزی کە گاڵتەیان بە أم سلمة دەکرد، چونکە أم سلمة قوماشێکی سپی لە نێوقەدی خۆی ئاڵاند و لەچکەکانی خستە دواوە و لە دوای خۆی ڕایدەکێشا، عائیشة بە حەفسەی گوت: سەیرکە چی لە دوای خۆی ڕادەکێشێت دەڵێی زمانی سەگە.

أَنَسٌ و ابْنُ زَيْدٍ گوتوویانە:

نَزَلَتْ فِي نِسَاءِ النَّبِيِّ ، عَيَّرْنَ أُمَّ سَلَمَةَ بِالْقِصَرِ. وَقِيلَ : نَزَلَتْ فِي عَائِشَةَ ، أَشَارَتْ بِيَدِهَا إِلَى أُمِّ سَلَمَةَ ، يَا نَبِيَّ اللَّهِ إِنَّهَا لَقَصِيرَةٌ.

لەسەر عائیشە دابەزیووە کە أم سلمةی عەیبدار دەکرد، چونکە کورتە باڵا بوو، وە بە دەست ئیشارەتی بۆ پێغەمبەر کرد و گوتی، ئەی پێغەمبەری الله أم سلمة کورتە باڵایە.

ابْنِ عَبَّاسٍ گوتوویەتی:

إِنَّ صَفِيَّةَ بِنْتَ حُيَيِّ بْنِ أَخْطَبَ أَتَتْ رَسُولَ اللَّهِ فَقَالَتْ : يَا رَسُولَ اللَّهِ ، إِنَّ النِّسَاءَ يُعَيِّرْنَنِي ، وَيَقُلْنَ لِي يَا يَهُودِيَّةُ بِنْتَ يَهُودِيَّيْنِ! فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ: هَلَّا قُلْتِ إِنَّ أَبِي هَارُونُ وَإِنَّ عَمِّي مُوسَى وَإِنَّ زَوْجِي مُحَمَّدٌ .

سەفیە کچی حویەی کچی ئەختەب، هات بۆ لای پێغەمبەر و گوتی: ئەی پێغەمبەری الله ژنەکانت تانەم لێ دەدەن و پێم دەڵێن ئەی یەهوودی و کچی یەهوودیەکان، پێغەمبەر گوتی: بۆچی پێت نەگوتن باوکم هاروونە و مامم موسایە، مێردم محمدە.

سێهەم: پلار و ناتۆرە.

وَلَا تَلْمِزُوا أَنفُسَكُمْ وَلَا تَنَابَزُوا بِالْأَلْقَابِ بِئْسَ الِاسْمُ الْفُسُوقُ بَعْدَ الْإِيمَانِ

وە نەکەن پلار لە یەك بدەن و یەکتر لەکەدار بکەن و ناوناتۆرە لە یەك بنێن، چونکە ئەوانە ناوی زۆر خراپن لە دوای ئیمانهێنانتان.

واتە: نابێت موسڵمان پلار لە موسڵمان بدات و ناوناتۆرە لە موسڵمان بنێت، وەك دەڵێت: {أَنفُسَكُمْ}، لە ناوخۆتان، واتە ئێوەی موسڵمان لەگەڵ یەکتر.

واتە ئاساییە موسڵمان ناوناتۆرە لە ناموسڵمان بنێت و لە هیچ و خۆڕایی پلاری لێبدات و لەکەداری بکات و بوختانی پێ بکات.

وە ئەوەی ئەم ڕاستیە دەسەلمێنێت، خودای عەرەب و ئیسلام لە قورئان، دەیەها ناوناتۆرەی لە ناموسڵمانان ناوە، بۆ نموونە:

بە عبدالعزی (مامی محمد} دەڵێت، ابو لهب، واتە باوکی ئاگر.

وە لە سوورەتی القلم، هەرچی سووکایەتی هەیە بە الولید بن المغیرة دەکات، وە پێی دەڵێت: عُتُلٍّ بَعْدَ ذَٰلِكَ زَنِيمٍ، (ناپیاوی ئێسکگرانی زۆڵ).

وە محمد ناوی لە ابوحکم ناوە ابو جهل.

ئایەتی ١٢

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيرًا مِّنَ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ وَلَا تَجَسَّسُوا وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضًا أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَن يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ رَّحِيمٌ

دەڵێت:

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە خۆتان بە دووربگرن لە زۆرێك لە گومان، لە ڕاستیدا هەندێك گومان گوناهە، وە نەکەن سیخوڕی بەسەریەکدا بکەن، وە نە لە پاشملە باسی یەکتر بکەن، ئایا کەسێکتان ئارەزوو دەکات گۆشتی براکەی بە مردوویی بخوات، جا ئەوەتان پێ ناخۆشە، وە لە الله بترسن، لە ڕاستیدا الله تۆبە وەردەگرێت و بە ڕەحمە.

ئەم ئایەتە ئاماژە بە دوو خاڵ دەکات:

یەکەم: اجْتَنِبُوا كَثِيرًا مِّنَ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ

خۆتان له زۆرێك له گومان به دوور بگرن، چونكه هەندێك گومان گوناهه.

دووەم: وَلَا تَجَسَّسُوا وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضًا

سیخوری بەسەر یەكتردا مەكەن و له پاشمله باسی یەكتر مەكەن.

الطبری له جامع البیان دەڵێت:

{وَلا تَجَسَّسُوا}، دەڵێت: به دوای كەموكوڕی و نهێنی یەكتردا مەگەڕێن.

وه له صحیح البخاری و صحیح مسلم، ڕیوایەتێك هاتووه، محمد صلعم گوتوویەتی:

إِيَّاكُمْ وَالظَّنَّ فَإِنَّ الظَّنَّ أَكْذَبُ الْحَدِيثِ وَلَا تَحَسَّسُوا وَلَا تَجَسَّسُوا

خۆتان له گومان به دوور بگرن، چونكه گومان درۆزنترین فەرموودەیه، وه هەست لەیەكتر ڕامەگرن و بەسەریدا سیخوڕی مەكەن.

له صحیح ابن ماجة (للالبانی)، ریوایەتێك هاتووه، محمد صلعم گوتوویەتی:

مَنْ سَتَرَ عَوْرَةَ أَخِيهِ الْمُسْلِمِ سَتَرَ اللَّهُ عَوْرَتَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَمَنْ كَشَفَ عَوْرَةَ أَخِيهِ الْمُسْلِمِ كَشَفَ اللَّهُ عَوْرَتَهُ حَتَّى يَفْضَحَهُ بِهَا فِي بَيْتِهِ

هەر كەسێك كەموكوڕی برا موسڵمانەكەی دابپۆشێت، ئەوه الله له ڕۆژی قیامەت كەموكوڕی دادەپۆشێت، وه هەر كەسێك كەموكوڕی برا موسڵمانەكەی بەدیار بخات، ئەوه الله له ناو ماڵەكەی خۆی كەموكوڕی بەدیار دەخات تاوەكو ڕیسوای دەكات.

وه بەشێك لەم ڕیوایەته له صحیح البخاری و مسلم هاتووه، كه دەڵێت:

هەر كەسێك كەموكوڕی برا موسڵمانەكەی دابپۆشێت، ئەوه الله له ڕۆژی قیامەت كەموكوڕی دادەپۆشێت.

ئایەتی ١٣

يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ

دەڵێت:

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئێمە ئێوەمان لە نێرینە و مینە دروستکردووە، وە ئێوەمان کردووە بە تیرە و هۆز بۆ ئەوەی یەکتر بناسن، ڕێزدارترینتان لای اللە خوداپەرستترینتانە، لە ڕاستیدا اللە زانا و شارەزایە.

{شُعُوبًا وَقَبَائِلَ}، واتە تیرەکان و هۆزەکان. ابن منظور لە لسان العرب، سەبارەت بە وشەی (شعب) دەڵێت:

{شُعُوب}، لە { شعب: الشَّعْبُ} هاتووە. {وَالشَّعْبُ}، درزبردن و جیابوونەوە لە شتێك كە كۆیەكەی پێی دەگوترێت {شُعُوبٌ}، وە وەك دەگوترێت {وَشُعَبُ الْغُصْنِ}، لقوپۆپی درەخت. وە دەڵێت ابن عباس گوتوویەتی:

وَالشَّعْبُ مَا تَشَعَّبَ مِنْ قَبَائِلِ الْعَرَبِ وَالْعَجَمِ

{الشَّعْبُ}، پەلی كێشاوە لە هۆزەكانی عەرەب و عەجەم.

کەواتە {شُعُوبًا وَقَبَائِلَ}، دەکاتە: تیرەکان و هۆزەکان.

ئەم ئایەتە دەڵێت: ئەی خەڵکی عەرەب ئێوەمان لە نێرینە و مێینە دروستکردووە، وە ئێوەمان کردووە بە تیرە و هۆز بۆ ئەوەی یەکتر بناسن، جا ئەوەتان ڕێزدارترینە لای اللە كە خوداپەرستترینە.

ئایەتی ١٤

قَالَتِ الْأَعْرَابُ آمَنَّا قُل لَّمْ تُؤْمِنُوا وَلَـٰكِن قُولُوا أَسْلَمْنَا وَلَمَّا يَدْخُلِ الْإِيمَانُ فِي قُلُوبِكُمْ وَإِن تُطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ لَا يَلِتْكُم مِّنْ أَعْمَالِكُمْ شَيْئًا إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

عەرەبە بیاباننشینەکان گوتیان: ئیمانمان هێنا، بڵێ ئیمانتان نەهێناوە بەڵکو بڵێن تەسلیم بووین، وە كاتێك كە ئیمان دەچێتە دڵەكانتانەوە و ملكەچی اللە و پێغەمبەرەكەی دەبن، ئەوە هیچ شتێك لە پاداشتی كاروكردەوەكانتان كەم ناكاتەوە، لە ڕاستیدا اللە لێبووردە و بە ڕەحمە.

واتە:

عەرەبە كۆچبەر و بیاباننشینەكان گوتیان، ئەی محمد ئیمانمان هێنا، ئەی محمد پێیان بڵێ ئێوە ئیمانتان نەهێناوە، بەڵكو لە ترسی كوشتن و بە كۆیلەكردنی

ژن و منداڵەکانتان تەسلیم بوون، هەر کاتێك ئیمان کەوتە دڵەکانتانەوە و ملکەچی الله و پێغەمبەرەکەی بوون، ئەوە الله هیچ پاداشتێکی کاروکردەوەکانتان لێ کەم ناکاتەوە.

وەك لە صحیح البخاری و صحیح مسلم، ڕیوایەتێك هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی:

أُمِرْتُ أنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حتَّى يَشْهَدُوا أنْ لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ، وأنَّ مُحَمَّدًا رَسولُ اللَّهِ، ويُقِيمُوا الصَّلَاةَ، ويُؤْتُوا الزَّكَاةَ، فَإِذَا فَعَلُوا ذلكَ عَصَمُوا مِنِّي دِمَاءَهُمْ وأَمْوَالَهُمْ إلَّا بحَقِّ الإسْلَامِ، وحِسَابُهُمْ علَى اللَّهِ

فەرمانم پێکراوە کە شەڕی خەڵك بکەم تاوەکو دەڵێن هیچ خودایەك نییە تەنها الله نەبێت، وە محمد پێغەمبەری اللهیە و نوێژ بکەن و زەکات بدەن، جا گەر وایان کرد، ئەوە خوێن و سامانیان لێم حەرام دەبێت مەگەر بە هەق بێت، وە لێپرسینەوەیان لە سەر الله دەبێت.

جا لەبەر ئەوە عەرەبە کۆچەرە بیابانشینەکان لە ترسان شایەتیان هێناوە، وەك ئەم ئایەتە دەڵێت:

لَّمْ تُؤْمِنُوا وَلَـٰكِن قُولُوا أَسْلَمْنَا

ئێوە ئیمانتان نەهێناوە بەڵکو تەسلیم بوون.

وەك القرطبی لە الجامع لاحكام القران دەڵێت:

وَمَعْنَى وَلَكِنْ قُولُوا أَسْلَمْنَا أَيِ: اسْتَسْلَمْنَا خَوْفَ الْقَتْلِ وَالسَّبْيِ

وە مانای {بەڵکو بڵێن تەسلیم بووین}، واتە: تەسلیم بووین لە ترسی کوشتن و بە کۆیلەکردن.

وە ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ و مُجَاهِدٍ و ابْنِ زَيْدٍ، سەبارەت بە {وَلَكِنْ قُولُوا أَسْلَمْنَا}، گوتوویانە، واتە: (اسْتَسْلَمْنَا خَوْفَ الْقَتْلِ وَالسِّبَاءِ)، تەسلیم بووین لە ترسی کوشتن و بە کۆیلەکردن.

ئایەتی ١٥

إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُوا وَجَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أُولَـٰئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ

دەڵێت:

لە ڕاستیدا ئیمانداران ئەوانەن کە ئیمانیان بە اللە و پێغەمبەرەکەی هێناوە، ئینجا دوودڵ نین و جیهادیان کردووە بە سامان و گیانیان لە پێناو اللە، ئەوانەن کە ڕاستگۆن.

واتە:

ئەی عەرەبە کۆچبەرە بیابانشینەکان، ئەوانە ئیماندارى ڕاستەقینەن کە باوەڕیان بە اللە و پێغەمبەرەکەی هێناوە و دوودڵ نین و شکوگومانیان نییە، وە بە سامان و گیانیان جیهادیان لە پێناو اللە کردووە، وە ئەوانەن کە ڕاستگۆن لە ئیماندا.

ئایەتی ١٦

قُلْ أَتُعَلِّمُونَ اللَّهَ بِدِينِكُمْ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

بڵێ ئایا ئێوە اللە فێرە ئاینەکەتان دەکەن؟ لە کاتێکدا اللە بە هەرچیەك لە ئاسمانەکان و هەرچییەك لە زەویدایە دەزانێت، وە اللە بە هەموو شتێك دەزانێت.

واتە: ئەی محمد پێیان بڵێ:

ئەی عەرەبە کۆچبەرە بیابانشینەکان، ئێوە دەتانەوێت اللە فێرە ئاینەکەتان بکەن؟ لە کاتێکدا اللە بە گشت ئەو شتانە دەزانێت کە لە ئاسمانەکان و زەویدایە.

وەك لەم سەردەمە هەندێك لە موسڵمانان هەوڵ دەدەن فرتوفێڵ لەگەڵ دەقەکانی قورئان بکەن و بەلارێیدا ببەن، وەك ئەوەی بیانەوێت الله اکبر فێربکەن کە دەبێت ئاین چۆن بێت و چۆن بووایە.

ئایەتی ١٧

يَمُنُّونَ عَلَيْكَ أَنْ أَسْلَمُوا قُل لَّا تَمُنُّوا عَلَيَّ إِسْلَامَكُم بَلِ اللَّهُ يَمُنُّ عَلَيْكُمْ أَنْ هَدَاكُمْ لِلْإِيمَانِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

منەتت بەسەردا دەکەم کە ئیسلام بوون، بڵێ بە ئیسلام بوونتان منەتم بەسەردا مەکەن، بەڵکو الله منەتی هەیە بەسەرتانەوە کە هیدایەتی داون بۆ ئیمان ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن.

واتە:

ئەی محمد ئەو عەرەبە کۆچبەرە ڕەوەندە بیابانشینە، منەتت بەسەردا دەکەن کە شایەتومانیان هێناوە و ئیسلام بوون، پێیان بڵێ بە هۆی ئیسلامبوونتان منەتم بەسەردا مەکەن، بەڵکو الله چاکە و منەتی بە سەرتانەوە هەیە کە هیدایەتی داون بۆ ئیمان، ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن ئەوە ڕاستیەکەیەتی.

ئایەتی ١٨

إِنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ غَيْبَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ

دەڵێت:

لە ڕاستیدا الله بە نادیارەکانی ئاسمانەکان و زەوی دەزانێت، وە الله بەو کارانەتان بینادیدەیە کە دەیکەن.

واتە: الله لە غەیب دەزانێت، وە ئاگاداری ئەو کارانەتانە کە دەیکەن

کۆتایی سوورەتەکە.

ژماره (١٠٧)

سوورەتی التحريم (قەدەغەکردن)

١-يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ تَبْتَغِي مَرْضَاتَ أَزْوَاجِكَ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ

ئەی پێغەمبەر بۆچی ئەوەی الله بۆی حەلاڵ کردووە لە خۆت حەرام دەکەیت، تۆ دەتەوێت ڕەزامەندی هاوسەرەکانت بەدەست بهێنیت، وە الله لێبووردە و بە ڕەحمە.

٢-قَدْ فَرَضَ اللَّهُ لَكُمْ تَحِلَّةَ أَيْمَانِكُمْ وَاللَّهُ مَوْلاكُمْ وَهُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ

بێگومان الله هەڵوەشاندنەوەی سوێندەکانتانی بۆ بڕیار داوە، وە الله پشتیوانتانە، وە هەر ئەو زانا و ژیرمەندە.

٣-وَإِذْ أَسَرَّ النَّبِيُّ إِلَى بَعْضِ أَزْوَاجِهِ حَدِيثًا فَلَمَّا نَبَّأَتْ بِهِ وَأَظْهَرَهُ اللَّهُ عَلَيْهِ عَرَّفَ بَعْضَهُ وَأَعْرَضَ عَن بَعْضٍ فَلَمَّا نَبَّأَهَا بِهِ قَالَتْ مَنْ أَنبَأَكَ هَذَا قَالَ نَبَّأَنِيَ الْعَلِيمُ الْخَبِيرُ

وە کە پێغەمبەر نهێنیەکی لای یەکێك لە ژنەکانی درکاند، جا کاتێك ژنەکەی باسەکەی بە ژنێکی دیکەی ڕاگەیاند، وە الله لەوە پێغەمبەری ئاگادار کردەوە، هەندێکی پێی ناساند و هەندێکی پێی نەناساند، جا کاتێك پێغەمبەر بە ژنەکەی ڕاگەیاند، ژنەکەی گوتی کێ ئەمەی پێت ڕاگەیاندووە، گوتی: دانا ئاگادارەکە پێی ڕاگەیاندم.

٤-إِن تَتُوبَا إِلَى اللَّهِ فَقَدْ صَغَتْ قُلُوبُكُمَا وَإِن تَظَاهَرَا عَلَيْهِ فَإِنَّ اللَّهَ هُوَ مَوْلاهُ وَجِبْرِيلُ وَصَالِحُ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمَلائِكَةُ بَعْدَ ذَلِكَ ظَهِيرٌ

ئەگەر تۆبە بکەن بۆ الله، بێگومان چونکە دڵەکانتان بەلاریدا ڕۆیشتووە، وە ئەگەر لە دژی بوەستن، ئەوە الله خۆی پشتیوانیەتی، وە جبرایل و ئیماندارە چاکەکان و فریشتەکانیش لەوەدواوە پشتیوانن.

٥-عَسَى رَبُّهُ إِن طَلَّقَكُنَّ أَن يُبْدِلَهُ أَزْوَاجًا خَيْرًا مِّنكُنَّ مُسْلِمَاتٍ مُّؤْمِنَاتٍ قَانِتَاتٍ تَائِبَاتٍ عَابِدَاتٍ سَائِحَاتٍ ثَيِّبَاتٍ وَأَبْكَارًا

ئەگەر تەڵاقتان بدات ڕەنگ بێت خوداکەی بە ژنانێکی چاکتر کە موسڵمان و ئیماندار و گوێڕایەڵ و تۆبەکار و خوداپەرست و گەشتیاری بێوەژن و پاکیزە بتانگۆڕێتەوە.

٦-يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ عَلَيْهَا مَلائِكَةٌ غِلاظٌ شِدَادٌ لا يَعْصُونَ اللَّهَ مَا أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ

ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە خۆتان و خانەوادەکانتان لە ئاگرێك بپارێزن کە سووتەمەنیەکەی خەڵك و بەردن، وە فریشتەی ڕووگرژ و توندوتیژی لەسەرە، وە سەرپیچی فەرمانی الله ناکەن، وە ئەوە دەکەن کە فەرمانیان پێکراوە.

٧-يَا أَيُّهَا الَّذِينَ كَفَرُوا لا تَعْتَذِرُوا الْيَوْمَ إِنَّمَا تُجْزَوْنَ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ

ئەی ئەوانەی باوەڕتان نەهێناوە، لە ئیمڕۆدا پاساو مەهێننەوە، لە ڕاستیدا پاداشتی ئەو کارانە دەدرێنەوە کە دەتانکرد.

٨-يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا تُوبُوا إِلَى اللَّهِ تَوْبَةً نَّصُوحًا عَسَى رَبُّكُمْ أَن يُكَفِّرَ عَنكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ وَيُدْخِلَكُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ يَوْمَ لا يُخْزِي اللَّهُ النَّبِيَّ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ نُورُهُمْ يَسْعَى بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَبِأَيْمَانِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا أَتْمِمْ لَنَا نُورَنَا وَاغْفِرْ لَنَا إِنَّكَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، تۆبەیەك بۆ الله بکەن تۆبەیەکی ڕاست و دروست، بەڵکو خوداکەتان لە خراپەکانتان خۆش بێت و بتانخاتە باخاتێکەوە لە ژێریانەوە ڕووبارەکان دەڕۆن، ڕۆژێ کە الله پێغەمبەر و ئەوانەی لەگەڵیدا ئیمانیان هێناوە سەرشۆڕ و ڕیسوا ناکات، ڕووناکیەکانیان لە پێشیان و دەستە ڕاستیان هاتوچۆ دەکات و دەڵێن: خوداکەمان ڕووناکیەکەمان بۆ تەواو بکە و لێمان ببوورە، هەر تۆیت کە توانایت بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێت.

٩-يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ جَاهِدِ الْكُفَّارَ وَالْمُنَافِقِينَ وَاغْلُظْ عَلَيْهِمْ وَمَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ

ئەی پێغەمبەر جیهاد بکە دژ بە کافر و دووڕووەکان و لەگەڵیاندا توندوتیژ بە، ئەوانە جێگایان دۆزەخە کە شوێنێکی گەلەك خراپە.

١٠-ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلا لِّلَّذِينَ كَفَرُوا امْرَأَةَ نُوحٍ وَامْرَأَةَ لُوطٍ كَانَتَا تَحْتَ عَبْدَيْنِ مِنْ عِبَادِنَا صَالِحَيْنِ فَخَانَتَاهُمَا فَلَمْ يُغْنِيَا عَنْهُمَا مِنَ اللَّهِ شَيْئًا وَقِيلَ ادْخُلا النَّارَ مَعَ الدَّاخِلِينَ

الله نموونەیەکی سەبارەت بە کافرەکان هێناوەتەوە: ژنی نوح و ژنی لوط کە لە ژێر دوو بەندە بوون لە بەندە چاکەکانمان، جا خیانەتیان لێیان کرد و مێردەکانیان نەیانتوانی لای الله بە هیچ شتێك سوودیان پێ بگەیەنن، وە بەو دوو ژنە گوترا لەگەڵ ئەوانەی دەچنە ناو ئاگرەوە، بڕۆنە ناو ئاگر.

١١-وَضَرَبَ اللَّهُ مَثَلا لِّلَّذِينَ آمَنُوا امْرَأَةَ فِرْعَوْنَ إِذْ قَالَتْ رَبِّ ابْنِ لِي عِندَكَ بَيْتًا فِي الْجَنَّةِ وَنَجِّنِي مِن فِرْعَوْنَ وَعَمَلِهِ وَنَجِّنِي مِنَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ

وە الله نموونەیەکی هێناوەتەوە لەسەر ئەوانەی ئیمانیان هێنابوو، ژنی فیرعەون کە گوتی: خوداکەم ماڵێکم لای خۆت لە بەهەشت بۆ دروست بکە و لە فیرعەون و کارەکانی ڕزگارم بکە، وە ڕزگارم بکە لە قەومی ستەمکار.

١٢-وَمَرْيَمَ ابْنَتَ عِمْرَانَ الَّتِي أَحْصَنَتْ فَرْجَهَا فَنَفَخْنَا فِيهِ مِن رُّوحِنَا وَصَدَّقَتْ بِكَلِمَاتِ رَبِّهَا وَكُتُبِهِ وَكَانَتْ مِنَ الْقَانِتِينَ

وە مریەمی کچی عیمران کە پارێزگاری لە قوزی خۆی کرد، جا ئێمەش لە ڕۆحی خۆمان فوو کردە قوزیەوە، وە بڕوای هەبوو بە وتەکانی خوداکەی، وە لە گوێڕایەڵەکان بوو.

شرۆڤە و تێبینی

ئەم سوورەتە ناو نراوە {التحريم}، واتە (حەرامکردن)، چونکە محمد شتێك لە خۆی حەرام دەکات کە الله بۆی حەڵاڵ کردووە. واتە محمد سەرپێچی فەرمانی اللەی کردووە. وە سوێند دەخوات کە لێی حەرامە.

وە ئەم سوورەتە لە مەدینە دابەزیوە.

دەبێت ئەم سوورەتە لە دوای ساڵی حەوتی کۆچی دابەزیبێت، چونکە ئەم سوورەتە پەیوەندی بە ماریای قیبتییەوە هەیە، الذهبی لە سیر اعلام النبلاء دەڵێت:

وَفِي سَنَةِ سَبْعٍ : قَدِمَ حَاطِبُ بْنُ أَبِي بَلْتَعَةَ مِنَ الرُّسُلِيَّةِ إِلَى الْمُقَوْقِسِ مَلِكِ دِيَارِ مِصْرَ ، وَمَعَهُ مِنْهُ هَدِيَّةٌ لِلنَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ، وَهِيَ مَارِيَةُ الْقِبْطِيَّةُ ، أَمُّ إِبْرَاهِيمَ ابْنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ، وَأُخْتُهَا شِيرِينُ الَّتِي وَهَبَهَا لِحَسَّانَ بْنِ ثَابِتٍ ، وَبَغْلَةُ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دُلْدُلُ ، وَحِمَارُهُ يَعْفُورُ

لە ساڵی حەوتی کۆچی، حاطب کوڕی أبي بلتعة، کە بە نوێنەرایەتی پێغەمبەر بۆ لای مقەوقەس پادشای میسر نێردرابوو، گەڕایەوە بۆ مەدینە، وە دیاری لەگەڵ خۆی لە مقەوقەس هێنابوو بۆ پێغەمبەر، دیاریەکە: ماریای قیبتی و شیرینی خوشکی کە پێغەمبەر پێشکەشی کرد بە حەسان کوڕی ثابت، هێسترێك بە ناوی دولدول و کەرێك بە ناوی یەعفوور.

وە ابن حجر لە الاصابة في تمييز الصحابة دەڵێت:

بعث المقوقسُ إلى رسول الله صَلَّى الله عليه وسلم بمارية وأُختها سيرين وبألف مثقالٍ ذهبًا وعشرين ثوبًا لينًا، وبغلته الدلدل، وحماره عفير ويقال يعفور، ومعهم خصيّ يقال له مأبور

مقەوقەس پادشای میسر، ماریە و سیرینی خوشکی و هەزار مسقاڵ زێڕ و بیست دەست جلکی نەرم و هێسترێك بە ناوی دولدول و کەرێك بە ناوی عەفیر، یان یەعفوور و پیاوێکی خەسێندراوی بە ناوی مەئبوور بە دیاری نارد بۆ پێغەمبەر.

دوو ئایەتی یەکەمی سوورەتە پێمان دەڵێت، کە محمد سوێندی بۆ ژنێکی خواردووە حەڵاڵێك لە خۆی حەرام بکات بۆ ڕازیکردنی دڵی ژنەکەی، وە بە ژنەکەی دەڵێت، نەکەیت ئەم ڕووداوە باس بکەیت بۆ هیچ کەس، دواتر دیارە محمد لە سوێندەکەی پەشیمان بۆتەوە، خودای عەرەب بە محمد دەڵێت، کەفارەت بکە و سوێندەکەت هەڵوەشێنەوە. ئینجا سێهەم پێمان دەڵێت ئەو ژنەی محمد دەچێت بۆ ژنێکی دیکەی محمد ڕووداوەکە باس دەکات. ئینجا ٩ ئایەتی دواتر سەرتاپای هەڕەشەیە لەو دوو ژنە.

ئاخۆ دەبێت ئەم شتە چی بێت کە الله حەڵاڵی کردووە، بەڵام محمد لە خۆی حەرام دەکات؟

سەرچاوە ئیسلامیەکان بۆ شێواندنی چیرۆکە ڕاستەقینەکە چیرۆکێکی دیکەیان داهێناوە کە ئەویش خواردنی هەنگوینە. پرسیار: ئایا بابەتەکە {عسل- هەنگوین} یان {عُسَيْلَة- نێوگەڵ وگان} بووە؟

هەڵبەتە نێوگەڵ وگان بووە، هەروەك بە چەندەها بەڵگە دەیسەلمێنن.

یەکەم: هەنگوین {عسل}.

هەندێك لە ژنەکانی محمد بە سەرکردایەتی عائیشة گەلەکۆمە لە محمد دەکەن دژ بە ژنێکی دیکەی، گوایە، محمد دەچێت بۆ لای ژنەکەی دیکەی و هەنگوین دەخوات. عائیشە بە هەندێك لە ژنەکانی محمد دەڵێت، ئەگەر محمد هات پێی بڵێن بۆن مغافیرت لێ دێت (شیرینچەق)، وە ئەگەر محمدی گوتی هەنگوینم خواردیە، ئەوە بڵێن: دیارە هەنگەکە لەسەر مغافیر، (ڕوەکێکە) پەروەردەکراوە.

ئینجا ڕیوایەتەکان دەڵێن، محمد سوێند دەخوات و دەڵێت هەنگوین ناخۆم.

تێبینی و پرسیار:

ئەو ژنە کێیە کە محمد هەنگوینەکەی لە لا خواردووە؟ القرطبی ئاماژە بە چەندەها ڕیوایەت دەکات، وە هەر ڕیوایەتێك ئاماژە بە ژنێك دەکات:

لە صحیح مسلم و صحیح البخاری هاتووە:

کە محمد لای زَيْنَبَ بِنْتِ جَحْشٍ هەنگوینی خواردووە.

وە ئەو ژنانەی محمد کە پێی دەڵێن بۆن مغافیرت لێ دێت، عائیشە و حەفصەن.

لە صحیح مسلم و صحیح البخاری هاتووە:

کە محمد لای حَفْصَةَ بنت عمر هەنگوینی خواردووە.

وە ئەو ژنەنانەی محمد کە پێی دەڵێن بۆن مغافیرت لێ دێت، عائیشە و سودة و صفیەن.

السیوطی لە الدر المنثور دەڵێت، ڕیوایەتیك بە اسنادێکی صحیح هاتووە، کە ابْنُ الْمُنْذِرِ و ابْنُ أَبِي حَاتِمٍ و الطَّبَرَانِيُّ و ابْنُ مَرْدُويَهْ، ئاماژەیان پێ کردووە، ابن عباس گوتوویەتی:

محمد لای سَوْدَةَ بنت زمعة هەنگوینی خواردووە.

وە ئەو ژنانەی محمد کە پێی دەڵێن، بۆن مغافیرت لێ دێت، عائیشة و حەفصەن.

وە السیوطی دەڵێت، ابن سعد لە الطبقات، ئاماژەی بە ڕیوایەتێك کردووە کە دەڵێت:

محمد لای أم سلمة هەنگوینی خواردووە.

پرسیاری یەکەم: ئایا محمد لای زینب، یان حفصة، یان سودة، یان أم سلمة هەنگوینەکەی خواردبوو؟!

کەواتە دەبێت ئەم ڕیوایەتانە دروست کرابن بۆ شاردنەوەی چیرۆکە ڕاستیەکە.

پرسیاری دووەم: ئایا لۆجیکە محمد جیاوازی نەکربێت لە تام و بۆن لە نێوان هەنگوینێکی چاك و هەنگوینێك کە بۆن مغافیری لێ دێت و تام مغافیر دەدات؟

پرسیاری سێهەم: ئایا لۆجیکیە کۆمەڵێك ژن تا ئەم ئاستە بە پێغەمبەرێك ڕابوێرن؟

پرسیاری چوارەم: ئەگەر هەنگوینی لە خۆی حەرام کردبێت، ئەوە دەبێت لە سوێندەکەی گوتبێتی: سوێند بێت لای زەینەب، یان حەفصە، یان أم سلمة، یان سودة، لەمەودوا هەنگوین ناخۆم. وە ئەوە سوێندێکی ڕاست و ڕەوانن و ئاساییە، وە پێویست بە دابەزینی دەقی قورئان ناکات.

پێنجەم: محمد بە ڕادەیەك هەستیار بووە بۆ بۆن، کە ڕێگری کردووە لە هەر کەسێك کە پیاز و سیر دەخوات، نەیەت بۆ مزگەوت بۆ نوێژکردن، وەك لە صحیح مسلم و صحیح البخاری، ڕیوایەتێك هاتووە، گوتوویەتی:

مَنْ أَكَلَ مِنْ هَذِهِ الشَّجَرَةِ الْخَبِيثَةِ شَيْئًا فَلَا يَقْرَبَنَّا فِي الْمَسْجِدِ

هەر کەسێك لەم درەختە (ڕوەکە) پیسە بخوات، نابێت لە مزگەوت لێمان نزیك بێتەوە. (واتە سیر و پیاز).

جا محمد لە دوورەوە هەستی بە بۆنی سیر و پیاز کردبێت، مەعقوولە هەستی بە بۆن و تامی مغافیر نەکردبێت؟!

دووەم: نێوگەڵ و گان، {عسيلة}.

ئەمەیان چیرۆکە ڕاستیەکەیە.

لە سنن النسائی و فتح الباری لابن حجر و المستدرك للحاكم و سنن الكبرى للبيهقی، ڕیوایەتێك بە اسنادێکی صحیح هاتووە، انس بن مالك گوتوویەتی:

أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَتْ لَهُ أَمَةٌ يَطَؤُهَا فَلَمْ تَزَلْ بِهِ عَائِشَةُ وَحَفْصَةُ حَتَّى حَرَّمَهَا عَلَى نَفْسِهِ فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ إِلَى آخِرِ الْآيَةِ

پێغەمبەر کەنیزەیەکی هەبوو و دەیگا، عائیشە و حەفصە وازیان لە پێغەمبەر نەهێنا تاوەکو لە خۆی حەرامی کرد، ئەوەبوو ئایەتی ١ دابەزی کە دەڵێت: {ئەی پێغەمبەر بۆچی ئەوە لە خۆت حەرام دەکەیت کە الله بۆی حەڵاڵ کردوویت؟ هتد.}

وە السیوطی لە الدر المنثور دەڵێت:

الْبَزَّارُ و الطَّبَرَانِيُّ، بە سەنەدێکی چاکی صحیح، ڕیوایەتێکیان ئاماژە پێ کردووە کە ابن عباس گوتوویەتی، ئەم ئایەتە: {يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ}، سەبارەت بە کەنیزەیەکی پێغەمبەر دابەزیوە.

ابْنُ جَرِيرٍ و ابْنُ الْمُنْذِرِ، ئاماژەیان بە ڕیوایەتێك کردوووە، کە ابن عباس گوتوویەتی لە عومەری کوڕی خەتابم پرسی:

مَنِ الْمَرْأَتَانِ اللَّتَانِ تَظَاهَرَتَا؟ قَالَ : عَائِشَةُ وَحَفْصَةُ، وَكَانَ بَدْءُ الْحَدِيثِ فِي شَأْنِ مَارِيَةَ أُمِّ إِبْرَاهِيمَ الْقِبْطِيَّةِ، أَصَابَهَا النَّبِيُّ فِي بَيْتِ حَفْصَةَ فِي يَوْمِهَا، فَوَجَدَتْ حَفْصَةُ، فَقَالَتْ : يَا نَبِيَّ اللَّهِ، لَقَدْ جِئْتَ إِلَيَّ شَيْئًا مَا جِئْتَهُ إِلَى أَحَدٍ مِنْ أَزْوَاجِكَ؛ فِي يَوْمِي وَفِي دَوْرِي وَعَلَى فِرَاشِي، فَقَالَ : «أَلَا تَرْضَيْنَ أَنْ أُحَرِّمَهَا فَلَا أَقْرَبَهَا»؟ قَالَتْ : بَلَى، فَحَرَّمَهَا، وَقَالَ : «لَا تَذْكُرِي ذَلِكَ لِأَحَدٍ» فَذَكَرَتْهُ لِعَائِشَةَ ، فَأَظْهَرَهُ

اللَّهُ عَلَيْهِ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ : يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ الْآيَاتِ كُلَّهَا . فَبَلَغَنَا أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ كَفَّرَ عَنْ يَمِينِهِ، وَأَصَابَ جَارِيَتَهُ

ئەو دووژنە کێ بوون کە دژ بە پێغەمبەر وەستان؟ گوتی عائیشة و حەفصة، وە سەرەتای ڕووداوەکە پەیوەندی بە ماریەی قیبتیەوە هەبوو، کە پێغەمبەر لە ماڵ و ڕۆژی حەفصە، ماریەی گا، جا حەفصە بینی و گوتی: ئەی پێغەمبەری الله شتێکت بە من کردووە بە هیچ کامێك لە ژنەکانت نەکردووە، لە ڕۆژی من و لە ماڵی من و لەسەر جێگای من ماریە دەگێیت؟ پێغەمبەر گوتی: ڕازی دەبیت ئەگەر ماریە لە خۆم حەرام بکەم؟ گوتم بەڵێ. ئەوەبوو لە خۆی حەرام کرد، وە گوتی نەکەیت لای هیچ کەسێك باس بکەیت، ئەوەبوو حەفصە بۆ عائیشەی باس کرد، وە الله ئەم ئایەتەی دابەزاند کە دەڵێت: {ئەی پێغەمبەر بۆچی ئەوە لە خۆت حەرام دەکەیت کە الله بۆی حەڵاڵ کردوویت؟ هتد.} وە پێغەمبەر کەفارەتی کرد لە سوێندەکەی و جارێکی دیکە کەنیزەکەی خۆی گا.

کەواتە چیرۆکەکە ڕوونە کە محمد لە ماڵ و ڕۆژ و سەرجێگای حەفصة، ماریەی قیبتی گاوە، وە حەفصە بەسەردا دێتەوە و تووڕە دەبێت، وە محمد سوێند بۆ حەفصە دەخوات کە ماریەی لە خۆی حەرام کرد، وە بە حەفصە دەڵێت لای هیچ کەسێك باسی ئەم رووداوە نەکەیت. بەڵام حەفصە لای عائیشە باس دەکات.

وەك السیوطی لە الدر المنثور دەڵێت:

سَعِيدُ بْنُ مَنْصُورٍ و ابْنُ الْمُنْذِرِ، ئاماژەیان بە ڕیوایەتێك کردووە، کە الضَّحَّاكِ گوتوویەتی:

أَنَّ حَفْصَةَ زَارَتْ أَبَاهَا ذَاتَ يَوْمٍ، وَكَانَ يَوْمَهَا، فَجَاءَ النَّبِيُّ فَلَمْ يَجِدْهَا فِي الْمَنْزِلِ، فَأَرْسَلَ إِلَى أَمَتِهِ مَارِيَةَ فَأَصَابَ مِنْهَا فِي بَيْتِ حَفْصَةَ، وَجَاءَتْ حَفْصَةُ عَلَى تِلْكَ الْحَالِ فَقَالَتْ : يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَتَفْعَلُ هَذَا فِي بَيْتِي وَفِي يَوْمِي؟ قَالَ : «فَإِنَّهَا عَلَيَّ حَرَامٌ وَلَا تُخْبِرِي بِذَلِكَ أَحَدًا» فَانْطَلَقَتْ حَفْصَةُ إِلَى عَائِشَةَ فَأَخْبَرَتْهَا بِذَلِكَ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ : يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ إِلَى قَوْلِهِ : وَصَالِحُ الْمُؤْمِنِينَ فَأُمِرَ أَنْ يُكَفِّرَ عَنْ يَمِينِهِ وَيُرَاجِعَ أَمَتَهُ

حەفصە ڕۆژێکیان سەردانی ماڵی باوکی کرد، وە ئەو ڕۆژە نۆرەی حەفصە بوو پێغەمبەر لای بێت، پێغەمبەر هات و حەفصە لەوێ نەبوو، ناردی بە دوای ماریە و لە ماڵی حەفصە ماریەی گا، حەفصە گەڕایەوە کاتێك پێغەمبەر لەم حاڵەتەدا بوو، گوتی: ئەی پێغەمبەری الله، ئەم کارە لە ماڵەکەی من و لە ڕۆژی مندا دەکەیت؟ پێغەمبەر گوتی: ئەوە لە خۆمم حەرام کرد، بەڵام نەکەیت بە هیچ کەسێك بڵێیت. ئەوەبوو حەفصە ڕۆیشت و چوو بە عائیشەی گوت و الله ئەم ئایەتەی دابەزند: {ئەی پێغەمبەر بۆچی ئەوە لە خۆت حەرام دەکەیت کە الله بۆی حەڵاڵ کردوویت؟ هتد.}

هەر لەبەر ئەوە، وەك لە سنن ابو داود و سنن النسائی و السلسلة الصحیحة و المستدرك علی الصحیحن هاتووە، محمد حەفصة تەڵاق دەدات و دواتر دەیگێڕێتەوە:

أنَّ النَّبيَّ صلَّى اللَّهُ عليْهِ وسلَّم، كانَ طلَّقَ حفصَةَ، ثمَّ راجعَها

پێغەمبەر حەفصەی تەڵاق دا، ئینجا گێڕایەوە.

پوختە: ئەم سوورەتە دابەزیوە بە هۆی ئەوەی محمد کەنیزەیەکی کە (ماریە)یە دەگێت لە ماڵ و سەرجێگای حەفصە، وە حەفصە نیگەران دەبێت، وە محمد سوێندی بۆ دەخوات کە ماریەی لە خۆی حەرام کرد، وە بەڵێن لە حەفصە وەدەگرێت کە نابێت لای هیچ کەسێك باسی ئەم ڕووداوە بکات، بەڵام حەفصە لای عائیشە باس دەکات و دەنگۆی ڕووداوەکە بڵاودەبێتەوە.

ئایەتی ١

يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ تَبْتَغِي مَرْضَاتَ أَزْوَاجِكَ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

ئەی پێغەمبەر بۆچی ئەوەی الله بۆی حەڵاڵ کردووە لە خۆت حەرام دەکەیت، تۆ دەتەوێت ڕەزامەندی هاوسەرەکانت بەدەست بهێنیت، وە الله لێبووردە و بە ڕەحمە.

واتە:

ئەی محمد بۆچی ماریە لە خۆت حەرام دەکەیت کە کەنیزەتە، لە کاتێکدا اللە کەنیزەی حەڵاڵ کردووە، ئەو کارە دەکەیت بۆ ئەوەی ڕەزامەندی ژنەکانت (حەفصة) بەدەست بهێنیت، وە اللە لێبووردە و بە بەزەییە.

واتە: گوێ بە ژنەکانت مەدە، کەی ڕەزامەندی ژن گرنگە.

وە چۆن دەکرێت تۆ حەڵاڵێکی اللە حەرام بکەیت؟

وە ابن كثير لە تفسير القران العظيم و اسباب النزول للواحدى ئاماژە بە چیرۆکی محمد و ماریە و حەفصة دەکەن.

ئایەتی ٢

قَدْ فَرَضَ اللَّهُ لَكُمْ تَحِلَّةَ أَيْمَانِكُمْ وَاللَّهُ مَوْلَاكُمْ وَهُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ

دەڵێت:

بێگومان اللە هەڵوەشاندنەوەی سوێندەکانتانی بۆ بڕیار داوە، وە اللە پشتیوانتانە، وە هەر ئەو زانا و ژیرمەندە.

واتە:

اللە بۆ ئێوەی ڕوونکردۆتەوە کە چۆن سوێندەکانتان هەڵدەوەشێننەوە و کەفارەت دەکەن.

واتە: ئەی محمد سوێندەکەت هەڵوەشێنەوە و لەگەڵ ماریە گان بکە، بەڵام کەفارەت بکە.

ئایەتی ٨٩ سوورەتی المائدة باس لە کەفارەتی پەشیمان بوونەوە لە سوێند دەکات و دەڵێت:

فَكَفَّارَتُهُ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَاكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ ذَٰلِكَ كَفَّارَةُ أَيْمَانِكُمْ إِذَا حَلَفْتُمْ

کەفارەتەکەی خۆراکدانی دە هەژار لەو خواردنەی دەرخواردی خانەوادەکەتان دەدەن، یان پۆشاککردنیان، یان ئازادکردنی کۆیلەیەك، جا ئەگەر کەسێك نەیبوو

ئەوە سێ ڕۆژ بەڕۆژووبوون، ئەوە کەفارەتە ئەگە لەو سوێندەی خواردووتانە پەشیمان بوونەوە.

ئایەتی ٣

وَإِذْ أَسَرَّ النَّبِيُّ إِلَىٰ بَعْضِ أَزْوَاجِهِ حَدِيثًا فَلَمَّا نَبَّأَتْ بِهِ وَأَظْهَرَهُ اللَّهُ عَلَيْهِ عَرَّفَ بَعْضَهُ وَأَعْرَضَ عَن بَعْضٍ فَلَمَّا نَبَّأَهَا بِهِ قَالَتْ مَنْ أَنبَأَكَ هَـٰذَا قَالَ نَبَّأَنِيَ الْعَلِيمُ الْخَبِيرُ

دەڵێت:

وە کە پێغەمبەر نهێنیەکی لای یەکێك لە ژنەکانی درکاند، جا کاتێك ژنەکەی باسەکەی بە ژنێکی دیکەی ڕاگەیاند، وە الله لەوە پێغەمبەری ئاگادار کردەوە، هەندێکی پێی ناساند و هەندێکی پێی نەناساند، جا کاتێك پێغەمبەر بە ژنەکەی ڕاگەیاند، ژنەکەی گوتی کێ ئەمەی پێت ڕاگەیاندووە، گوتی: دانا ئاگادارەکە پێی ڕاگەیاندم.

واتە:

{وَإِذْ أَسَرَّ النَّبِيُّ إِلَىٰ بَعْضِ أَزْوَاجِهِ حَدِيثًا}، وە کە پێغەمبەر نهێنیەکی لای یەکێك لە ژنەکانی کە حەفصە بوو درکاند، کاتێك پێی گوت سوێند بە الله ماریەم لە خۆم حەرام کرد، بەڵام نەکەیت لای هیچ کەسێك باس بکەیت، {فَلَمَّا نَبَّأَتْ بِهِ}، جا کاتێك ژنەکە کە حەفصەیە نهێنیەکەی بە ژنێکی دیکەی پێغەمبەری گوت، کە عائیشەیە، {وَأَظْهَرَهُ اللَّهُ عَلَيْهِ عَرَّفَ بَعْضَهُ وَأَعْرَضَ عَن بَعْضٍ}، الله بە پێغەمبەری ڕاگەیاند کە حەفصە بە عائیشەی گوتووە، الله هەندێك لە قسەوباسەکانی نێوان حەفصە و عائیشەی بە پێغەمبەر گوت و هەندێکی پێی نەگوت، {فَلَمَّا نَبَّأَهَا بِهِ}، جا کاتێك پێغەمبەر هەواڵەکەی بە ژنەکەی گوت، واتە بە حەفصەی گوت کە نهێنیەکەی درکاندووە، {قَالَتْ مَنْ أَنبَأَكَ هَـٰذَا} ژنەکە، کە حەفصەیە، گوتی ئەمە کێ پێی گوتیت، {قَالَ نَبَّأَنِيَ الْعَلِيمُ الْخَبِيرُ}، پێغەمبەر بە حەفصەی گوت، الله کە دانا و ئاگادارە.

هەواڵەکە بڵاوبۆتەوە و محمد لە یەکێك لە ژنەکانی دیکە گوێبیست بووە کە هەواڵەکە بڵاوبۆتەوە، جا محمد ئەم دەقەی دارشتووە و بە حەفصەی گوتووە

الله پێی گوتم، بەڵام هەمووی پێ نەگوتم بەشێك لە قسەكانی نێوان و تۆ و عائیشەی پێ ڕاگەیاندم.

پرسیار: بۆ الله گشت قسەكانی نێوان عایشە و حەفصەی بە محمد نەگوتووە؟ چونكە محمد زانیویەتی كە كاتێك قسەیەك لە نێوان دوو كەس دەردەچێت زیادەی دەخرێتە سەر، لەبەر ئەوە نەیویستووە بڵێت گشت قسەوباسەكە، بەڵكو گوتوویەتی تەنها بەشێك لە قسەوباسەكە.

وە القرطبی لە الجامع لاحكام القران دەڵێت، پێغەمبەر ویستی حەفصە بە تەواوی تەڵاق بدات، ئەوە بوو جبرایل هات و بە پێغەمبەری گوت:

لَا تُطَلِّقْهَا فَإِنَّهَا صَوَّامَةٌ قَوَّامَةٌ ، وَإِنَّهَا مِنْ نِسَائِكَ فِي الْجَنَّةِ

تەڵاقی مەدە، چونكە ژنێكە بەڕۆژوو دەبێت و لە شەودا نوێژ دەكات، وە یەكێك دەبێت لە ژنەكانت لە بەهەشت.

ئایەتی ٤

إِن تَتُوبَا إِلَى اللَّهِ فَقَدْ صَغَتْ قُلُوبُكُمَا وَإِن تَظَاهَرَا عَلَيْهِ فَإِنَّ اللَّهَ هُوَ مَوْلَاهُ وَجِبْرِيلُ وَصَالِحُ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمَلَائِكَةُ بَعْدَ ذَٰلِكَ ظَهِيرٌ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە حەفصە و عائیشە دەڵێت:

ئەگەر تۆبە بكەن بۆ الله، بێگومان چونكە دڵەكانتان بەلاڕیدا ڕۆیشتووە، وە ئەگەر لە دژی بوەستن، ئەوە الله خۆی پشتیوانیەتی، وە جبرایل و ئیمانداره چاكەكان و فریشتەكانیش لەوەدواوە پشتیوانن.

واتە:

ئەی حەفصە و عائیشە دڵەكانتان بە لاڕێدا ڕۆشتووە، جا چاكترە تۆبە بكەن بۆ الله، وە ئەگەر سەنگەر لە پێغەمبەر بگرن، ئەوە الله و جبرایل و ئیمانداره چاكەكان پشتیوانی پێغەمبەرن، وە فریشتەكانیش لەوەدواوە پشتیوانی پێغەمبەرن.

واتە: الله هاپەیمانی پێك دێنێت دژ بە دوو ناقص العقل، هاوپەیمانیەكەی الله بریتی دەبێت لە الله و محمد و ئیمانداران و جبرایل و فریشتەكان.

ئەو هاوپەیمانە دژ بە دوو ژن، کە لە ئیسلامدا ژن ناقص العقلە.

ئەم بڕگەیە: {وَالْمَلَائِكَةُ بَعْدَ ذَٰلِكَ ظَهِيرٌ}، دەڵێت:

وە فریشتەکان لەوەودواوە پشتیوانی پێغەمبەر دەبن.

پرسیار: بۆ بەر لەم ڕووداوە فریشتەکان پشتیوانی کێ بوون؟

وە هەروەها جبرایل فریشتەیە جا نازانم چ پێویستی دەکرد ئاماژە بە جبرایل بکرێت لە کاتێکدا ئاماژە بە فریشتە کراوە؟!

ئایەتی ٥

عَسَىٰ رَبُّهُ إِن طَلَّقَكُنَّ أَن يُبْدِلَهُ أَزْوَاجًا خَيْرًا مِّنكُنَّ مُسْلِمَاتٍ مُّؤْمِنَاتٍ قَانِتَاتٍ تَائِبَاتٍ عَابِدَاتٍ سَائِحَاتٍ ثَيِّبَاتٍ وَأَبْكَارًا

دەڵێت:

ئەگەر تەڵاقتان بدات ڕەنگ بێت خوداکەی بە ژنانێکی چاکتر کە موسڵمان و ئیماندار و گوێڕایەڵ و تۆبەکار و خوداپەرست و گەشتیاری بێوەژن و پاکیزە بتانگۆڕێتەوە.

واتە:

ئەی حەفصە و عائیشە ئەگەر محمد ئێوە تەڵاق بدات، ئەوە ڕەنگ بێت الله بە ژنانێکی چاکتر بتانگۆڕێتەوە، وە ئەو ژنانەی کە الله بۆ پێغەمبەریان دەدۆزێتەوە و دەهێنێت موسڵمان و ئیماندار و تۆبەکار و ملکەچ و خوداپەرست و گەشتیار، جا بێوەژن و پاکیزە و پەردەدار بن.

الطبری لە الجامع لاحکام القران دەڵێت، ناکۆکی هەیە سەبارەت بە {سَائِحَاتٍ}، بە سەر دوو وتەوت:

یەکەم: واتە ژنانێك کە بەڕۆژوو دەبن.

دووەم: کۆچکردوو لە مەککە بۆ مەدینە.

بەڵام من پێم وایە، واتە گەڕۆك و گەشتیار، واتە کاتێك محمد دەچێت بۆ غەزوو لەگەڵیدا بچن. چونکە کاتیك محمد دەچوو بۆ غەزو تیروپشکی دەکرد بۆ ئەوەی

لایەنی کەم ژنێك لەگەڵ خۆیدا ببات، وەك لە صحیح البخاری (باب حدیث الافك) هاتووە، عائیشە گوتوویەتی:

إِذَا أَرَادَ سَفَرًا أَقْرَعَ بَيْنَ أَزْوَاجِهِ فَأَيُّهُنَّ خَرَجَ سَهْمُهَا خَرَجَ بِهَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَعَهُ

کاتێك پێغەمبەر دەیویست گەشتیك بکات، ئەوە تیروپشکی لە نێوان ژنەکانیدا دەکرد، جا هەر کەسێك ناوی دەرچووبووایە لەگەڵ خۆیدا دەیبرد.

خودای عەرەب و ئیسلام بە شێوەیەکی زۆر سەیر ئارەزووی لە کچانێکی پەردەدار و پاکیزەیە، وەك دەڵێت {وَأَبْكَارًا}، وە پەردەدار.

وە لە ئایەتی ٣٦ سوورەتی الواقعة، سەبارەت بە حۆریەکانی بەهەشت دەڵێت:

فَجَعَلْنَـٰهُنَّ أَبْكَارًا

حۆریەکانمان کردوون بە پاکیزە و پەردەدار.

وە لە ئایەتی ٥٦ سوورەتی الرحمان دەڵێت:

لَمْ يَطْمِثْهُنَّ إِنسٌ قَبْلَهُمْ وَلَا جَانٌّ

حۆریەکان لە پێشوودا نە لە لایەن مرۆڤ، وە نە لە لایەن جنۆکەوە کون نەکراون.

ئایەتی ٦

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ عَلَيْهَا مَلَائِكَةٌ غِلَاظٌ شِدَادٌ لَّا يَعْصُونَ اللَّهَ مَا أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، ئینجا حەفصە و عائیشە بە ئاگری دۆزەخ دەترسێنێت و دەڵێت:

ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە خۆتان و خانەوادەکانتان لە ئاگرێك بپارێزن کە سووتەمەنیەکەی خەڵك و بەردن، وە فریشتەی ڕووگرژ و توندوتیژی لەسەرە، وە سەرپێچی فەرمانی الله ناکەن، وە ئەوە دەکەن کە فەرمانیان پێکراوە.

واتە: ئەم ئایەتە دەڵێت: بووکێ لەگەڵ تۆمە خەسووگوێبگرە، واتە ئەم ئایەتە بۆ ئیماندارانە، بەڵام مەبەست ترساندنی حەفصە و عائیشەیە و دەڵێت:

ئەی ئیماندارینە خۆتان و ژنەکانتان بپارێزن لە ئاگرێك کە سووتەمەنیەکەی خەڵك و بەردە، وە ئەو ئاگرە کە دۆزەخە فریشتەی ڕووگرژ و توندوتیژی لەسەرە، وە سەرپێچی فەرمانی الله ناکەن، ئەوە دەکەن کە فەرمانیان پێکراوە، واتە واستە نایخوات، کەسێك لە دۆزەخ بڵێت ئەی فریشتەکە ڕەحمێکم پێ بکە و ئازارەکەم لەسەر کەم بکە، ئەو شتانە نییە.

جا ئەی حەفصە و عائیشە ئێوەش کەیفی خۆتانە.

بە گوێرەی ئایەتی ١٨ سوورەتی العلق ئەو فریشتانە پێیان دەگوترێت الزبانیة،

سَنَدْعُ الزَّبَانِيَةَ (ئێمەش زەبانیەکانمان بانگ دەکەین)،

ئایەتی ٧

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ كَفَرُوا لَا تَعْتَذِرُوا الْيَوْمَ إِنَّمَا تُجْزَوْنَ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە حەفصە و عائیشە دەڵێت، لە قیامەت پاساو نییە و قبووڵ ناکرێت:

ئەی ئەوانەی باوەڕتان نەهێناوە، لە ئیمڕۆدا پاساو مەهێننەوە، لە ڕاستیدا پاداشتی ئەوکارانە دەدرێنەوە کە دەتانکرد.

واتە: ئەم ئایەتەش دەڵێت: بووکێ لەگەڵ تۆمە خەسووگوێت لێ بێت:

لە قیامەت پاساو هێنانەوە نییە، بڵێیت توڕە بووم، چونکە محمد صلعم ماریەی دەگا لە ماڵم و لەسەر جێگاکەم، منیش توڕە بووم، ئەوە نایخوات، لە قیامەت پاداشتی ئەوکارانەت دەدرێتەوە کە لە دونیا دەتکرد.

وە لە ڕاستیدا بە حوکمی ئەوەی حەفصە و عائیشە سەرپێچی فەرمانێکی پێغەمبەریان کردووە و ئازاریان داوە، ئەوە لە قیامەت سزا دەدرێن:

وە ئایەتی ١٣ سوورەتی الانفال دەڵێت:

وَمَن يُشَاقِقِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَإِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ

وە هەر کەسێك دژایەتی الله و پێغەمبەرەکەی بکات، ئەوە الله توندوتیژە لە سزاکەی

وە ئایەتی ٥٧ سوورەتی الاحزاب دەڵێت:

إِنَّ ٱلَّذِينَ يُؤْذُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ لَعَنَهُمُ ٱللَّهُ فِي ٱلدُّنْيَا وَٱلْـَٔاخِرَةِ وَأَعَدَّ لَهُمْ عَذَابًا مُّهِينًا

لە ڕاستیدا ئەوانەی ئازاری الله و پێغەمبەرەکەی دەدەن، ئەوە الله لە دونیا و ئاخیرەت نەفرەتی لێیان کردووە، وە سزایەکی ڕیسواکەری بۆیان ئامادە کردووە.

وە ئایەتی ١٤ سوورەتی النساء دەڵێت:

وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُ يُدْخِلْهُ نَارًا خَالِدًا فِيهَا وَلَهُ عَذَابٌ مُّهِينٌ

وە هەر کەسێك سەرپێچی الله و پێغەمبەرەکەی بکات و سنوورەکانی پێشێل بکات، ئەوە دەیخاتە ئاگرەوە بۆ هەمیشە تیایدا دەبێت، وە سزایەکی ڕیسواکەری بۆ دەبێت.

ئایەتی ٨

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا تُوبُوا إِلَى اللَّهِ تَوْبَةً نَصُوحًا عَسَى رَبُّكُمْ أَنْ يُكَفِّرَ عَنْكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ وَيُدْخِلَكُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ يَوْمَ لَا يُخْزِي اللَّهُ النَّبِيَّ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ نُورُهُمْ يَسْعَى بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَبِأَيْمَانِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا أَتْمِمْ لَنَا نُورَنَا وَاغْفِرْ لَنَا إِنَّكَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ

دەڵێت:

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، تۆبەیەك بۆ الله بکەن تۆبەیەکی ڕاست و دروست، بەڵکو خوداکەتان لە خراپەکانتان خۆش بێت و بتانخاتە باخاتێکەوە لە ژێریانەوە ڕووبارەکان دەڕۆن، ڕۆژێ کە الله پێغەمبەر و ئەوانەی لەگەڵیدا ئیمانیان هێناوە سەرشۆڕ و ڕیسوا ناکات، ڕووناکیەکانیان لە پێشیان و دەستە ڕاستیان هاتوچۆ دەکات و دەڵێن: خوداکەمان ڕووناکیەکەمان بۆ تەواو بکە و لێمان ببوورە، هەر تۆیت کە توانایت بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێت.

واتە: لێرەش مەسەلەی بووک و خەسووەکەیە، دەڵێت {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا}، ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، واتە ئەی عائیشە و حەفصە:

تُوبُوا إِلَى اللَّهِ تَوْبَةً نَّصُوحًا عَسَى رَبُّكُمْ أَن يُكَفِّرَ عَنكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ وَيُدْخِلَكُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ

تۆبەیەکی ڕاست و دروست و دڵسۆزانە بکەن، بەڵکو الله لە خراپەکانتان چاوپۆشی دەکات و دەبوورێت و دەتانخاتە باخاتێکەوە کە لە ژێریەوە ڕووبارەکان دەڕۆن.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

{تَوْبَةً نَصُوحًا}، واتە تۆبەیەکی ڕاستگۆیانە و شێلگیرانە کە هەموو گوناهێکی پێشوو دەسڕێتەوە و نایهێڵێت.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

{تَوْبَةً نَصُوحًا}، واتە تۆبە لە گوناهێك بکەیت کە هەرگیز هەمان گوناه نەکەیتەوە.

وە القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

الْحَسَنُ وَ خَارِجَةُ وَ أَبُو بَكْرٍ وعَاصِم، لە جیاتی {نَصُوحًا}، دەیانخوێندەوە: {نُصُوحًا}.

ئینجا دەڵێت، ئەوە لە ڕۆژی قیامەت دەبێت، { يَوْمَ}، واتە ڕۆژی قیامەت کە

يَوْمَ لا يُخْزِي اللَّهُ النَّبِيَّ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ

الله پێغەمبەر و ئەوانەی لەگەڵیدان ئیمانیان هێناوە ڕیسوا ناکات.

واتە: ئەگەر ئیمانت هێنابێت، بەڵام سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەرەکە بکەیت، ئەوە الله لە قیامەت ڕیسوات دەکات.

ئینجا دەڵێت:

نُورُهُمْ يَسْعَى بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَبِأَيْمَانِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا أَتْمِمْ لَنَا نُورَنَا وَاغْفِرْ لَنَا إِنَّكَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ

لە ڕۆژی قیامەت ڕووناکی ئەو ئیماندارانە لە پێشیان و دەستە ڕاستیان دێت و دەچێت، وە دەڵێن: خوداکەمان ڕووناکیەکەمان بۆ تەواو و زیاد بکە و لێمان ببوورە، وە هەر خۆت توانایيت بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێت.

واتە: عائیشە و حەفصە ئەگەر لەگەڵ پێغەمبەر نەبن و ملکەچی نەبن، ئەوە لە قیامەت ڕووناکیتان نابێت.

ئایەتی ٩

يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ جَاهِدِ الْكُفَّارَ وَالْمُنَافِقِينَ وَاغْلُظْ عَلَيْهِمْ وَمَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

ئەی پێغەمبەر جیهاد بکە دژ بە کافر و دووڕووەکان و لەگەڵیاندا توندوتیژ بە، ئەوانە جێگایان دۆزەخە کە شوێنێکی گەلەك خراپە.

ابن كثير لە تفسير القران العظيم دەڵێت:

الله فەرمان بە پێغەمبەرەکەی دەکات کە جیهاد دژ بە کافرەکان بکات بە چەك و کوشتار، وە دژ بە مونافیقەکان بە سەپاندنی سنوور و سزا بەسەریاندا، وە لە دونیا لەگەڵیاندا توندوتیژ بێت، وە لە ئاخیرەت لە دۆزەخ سزا دەدرێن.

الطبرى لە جامع البيان دەڵێت:

{يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ جَاهِدِ}، ئەی پێغەمبەر جیهاد بکە دژ بە {الْكُفَّارَ}، کافرەکان بە شمشێر ،{وَالْمُنَافِقِينَ }، مونافیقەکان، لە ڕێگای ترساندنیان بە قیامەت و دۆزەخ، وە ئامۆژگاریکردنیان بە زمان.

ئایەتی ١٠

ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا لِّلَّذِينَ كَفَرُوا امْرَأَتَ نُوحٍ وَامْرَأَتَ لُوطٍ كَانَتَا تَحْتَ عَبْدَيْنِ مِنْ عِبَادِنَا صَالِحَيْنِ فَخَانَتَاهُمَا فَلَمْ يُغْنِيَا عَنْهُمَا مِنَ اللَّهِ شَيْئًا وَقِيلَ ادْخُلَا النَّارَ مَعَ الدَّاخِلِينَ

دەڵێت:

الله نموونەیەکی سەبارەت بە کافرەکان هێناوەتەوە: ژنی نوح و ژنی لوط کە لە ژێر دوو بەندە بوون لە بەندە چاکەکانمان، جا خیانەتیان لێیان کرد و مێردەکانیان نەیانتوانی لای الله بە هیچ شتێك سوودیان پێ بگەیەنن، وە بەو دوو ژنە گوترا لەگەڵ ئەوانەی دەچنە ناو ئاگرەوە، بڕۆنە ناو ئاگر.

واتە: حەفصە و عائیشە گوێ بگرن.

{ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا لِّلَّذِينَ كَفَرُوا}، الله نموونەیەکی هێناوەتەوە لەسەر کافرەکان، {امْرَأَتَ نُوحٍ وَامْرَأَتَ لُوطٍ كَانَتَا تَحْتَ عَبْدَيْنِ مِنْ عِبَادِنَا صَالِحَيْنِ}، ژنی نوح و ژنی لوط لە ژێر دوو بەندە لە بەندە چاکەکانی ئێمە بوون، واتە ژنیان بوون، {فَخَانَتَاهُمَا}، جا خیانەتیان لە نوح و لوط کرد، {فَلَمْ يُغْنِيَا عَنْهُمَا مِنَ اللَّهِ شَيْئًا}، لە قیامەت نوح و لوط نەیانتوانی هیچ سوودێك لای الله بە ژنەکانیان بگەیەنن، {وَقِيلَ ادْخُلَا النَّارَ مَعَ الدَّاخِلِينَ}، وە بە ژنی نوح و ژنی لوط گوترا لەگەڵ کافرەکان بڕۆنە ناو ئاگرەوە.

ئەم ئایەتە پێمان دەڵێت کە حەفصە و عائیشە خیانەتیان لە محمد کردووە، وە ئەوەی سەیرە ئەم ئایەتە نموونەی دوو ژن دەهێنێتەوە، چونکە حەفصە و عائیشە دووژن بوون لە ژنەکانی محمد، وە خودای عەرەب و ئیسلام بە حەفصە و عائیشە دەڵێت:

هەروەك چۆن نوح و لوط نەیانتوانی تکایەك بۆ ژنەکانیان بکەن لای الله لە ڕۆژی قیامەت، ئەوە محمد ناتوانێت هیچ تکایەتکان بۆ بکات لای الله لە ڕۆژی قیامەت.

ئینجا دەڵێت: بە ژنەکەی نوح و بە ژنەکەی لوطمان گوت لەگەڵ ئەوانە بڕۆنە ناو دۆزەخەوە کە دەچنە دۆزەخەوە، واتە ئەی عائیشە و حەفصة بە ئێوەش دەڵێین، بڕۆنە دۆزەخەوە.

هەڵبەتە مانای خیانەت ڕوونە، کاتێك دەگوترێت ژنێك خیانەتی لە مێردەکەی کرد، واتە لەگەڵ پیاوێك پەیوەندی سەرجێی هەبووە. وە ئەم دەقە دەڵێت: {فَخَانَتَاهُمَا}، واتە ژنی نوح و ژنی لوط خیانەتیان لە نوح و لوط کرد.

بەڵام شرۆڤەکەران هەوڵیان داوە ماناکە بەلادابەرن و لە توندی و سەختی ناوەڕۆکی ئەم وشەیە کەم بکەنەوە، وەك القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

عکرمة والضحاك و سليمان بن رقية گوتوویانە، واتە بە کوفر خیانەتیان لە نوح و لوط کرد.

ابن عباس گوتوویەتی: ژنی نوح بە خەڵکی دەگوت نوح شێتە، وە ژنی لوط خەڵکی لە میوانەکانی لوط ئاگادار دەکردەوە.

ئایا بە کوفر دەگوترێت خیانەت؟ نەخێر چونکە کوفر و خیانەت لێك جیان و بۆ دوو شتی جیا بەکاردەهێنرێن، وە لە قورئانیشدا کوفر و خیانەت بۆ دوو هەڵسوکەوتی جیا بەکارهاتوون. وە ئەگەر ئەم ئایەتە مەبەستی کوفر بووایە ئەوە دەیگوت کوفریان کرد و نەیدەگوت خیانەتیان کرد.

وە بە هەمان شێوە ئەگەر ژنێك بە مێردەکەی بڵێت شێت، وە مێردەکەی شێت نەبێت، ئەوە پێی دەگوترێت بوختان و تۆمەت هەڵبەستن نەك کوفر. وە قورئان زۆر بە ڕوونی جیاوازی لە نیوان ئەو چەمکانە کردووە لە سوورەتی النور.

پوختە: کاتێك ئەم ئایەتە دەڵێت ژنەکەی نوح و ژنەکەی لوط خیانەتیان لە نوح و لوط کرد، واتە: خیانەتیان کرد، واتە زینایان کرد.

کەواتە ئەم ئایەتە عائیشە و حەفصەی بە خیانەت، واتە بە زینا تۆمەتبار کردووە.

بەتایبەت ئایەتی ٣٠ سوورەتی الاحزاب، پێمان دەڵێت کە محمد شکوگومانی خیانەتکردنی لە ژنەکانی کردووە، وە ئەم ئایەتە هەڕەشەیان لێ دەکات و دەڵێت:

يَا نِسَاء النَّبِيِّ مَن يَأْتِ مِنكُنَّ بِفَاحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ يُضَاعَفْ لَهَا الْعَذَابُ ضِعْفَيْنِ

ئەی ژنەکانی پێغەمبەر هەر یەکێکتان زینایەکی ڕوون ئەنجام بدات، ئەوە سزایەکی دووبەرابەری دەبێت.

واتە سزاکەی دوو ئەندازەی ژنانێکی دیکە دەبێت.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت، ڕیوایەتێك هاتووە، کە دەڵێت جبرایل هات بۆ لای پێغەمبەر و پێی گوت:

أَنَّ اسْمَ امْرَأَةِ نُوحٍ وَاغِلَةُ وَاسْمَ امْرَأَةِ لُوطٍ وَالِهَةُ

ناوی ژنی نوح واغیلە بوو، وە ناوی ژنی لوط واهیلە بوو.

ئایەتی ١١-١٢

خودای عەرەب و ئیسلام، نموونەی دوو ژنی ئیماندار دەهێنێتەوە.

ئایەتی ١١

وَضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا لِّلَّذِينَ آمَنُوا امْرَأَتَ فِرْعَوْنَ إِذْ قَالَتْ رَبِّ ابْنِ لِي عِندَكَ بَيْتًا فِي الْجَنَّةِ وَنَجِّنِي مِن فِرْعَوْنَ وَعَمَلِهِ وَنَجِّنِي مِنَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ

دەڵێت:

وە الله نموونەیەکی هێناوەتەوە لەسەر ئەوانەی ئیمانیان هێنابوو، ژنی فیرعەون کە گوتی: خوداکەمماڵێکم لای خۆت لە بەهەشت بۆ دروست بکە و لە فیرعەون و کارەکانی ڕزگارم بکە، وە ڕزگارم بکە لە قەومی ستەمکار.

نموونەی ژنی ئیمانداری یەکەم: ژنی فیرعەونە، کە بە خوداکەی دەڵێت: خوداکەم ماڵێکم لە تەك خۆت لە بەهەشت بۆ دروست بکە و ڕزگارم بکە لە فیرعەون و کارە خراپەکانی و ڕزگارم بکە لە قەومی فیرعەونی ستەمکار.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

ژنی فیرعەون ناوی آسِيَةَ کچی مُزَاحِمٍ

{آسية} و { مُزَاحِمٍ} دوو ناوی عەرەبین، وەك ئەوەی فیرعەون و ژنەکەی عەرەب بوون.

وە دەڵێت آسية ئیمانی هێنا بە موسا.

وە دەڵێت ابو العالية گوتوویەتی:

اطَّلَعَ فِرْعَوْنُ عَلَى إِيمَانِ امْرَأَتِهِ فَخَرَجَ عَلَى الْمَلَأِ فَقَالَ لَهُمْ: مَا تَعْلَمُونَ مِنْ آسِيَةَ بِنْتِ مُزَاحِمٍ ؟ فَأَثْنَوْا عَلَيْهَا. فَقَالَ لَهُمْ : إِنَّهَا تَعْبُدُ رَبًّا غَيْرِي. فَقَالُوا لَهُ : اقْتُلْهَا. فَأَوْتَدَ لَهَا أَوْتَادًا وَشَدَّ يَدَيْهَا وَرِجْلَيْهَا فَقَالَتْ: رَبِّ ابْنِ لِي عِنْدَكَ بَيْتًا فِي الْجَنَّةِ وَوَافَقَ ذَلِكَ حُضُورَ فِرْعَوْنَ، فَضَحِكَتْ حِينَ رَأَتْ بَيْتَهَا فِي الْجَنَّةِ. فَقَالَ فِرْعَوْنُ: أَلَا تَعْجَبُونَ مِنْ جُنُونِهَا ! إِنَّا نُعَذِّبُهَا وَهِيَ تَضْحَكُ; فَقُبِضَ رُوحُهَا.

فیرعەون بە ئیمانی ژنەکەی زانی و دەرچوو بۆ ناو دارودەستەکەی و پێیانی گوت: چی دەزانن سەبارەت بە ئاسیە کچی موزاحم؟ ئەوەبوو مەدحیان کرد. فیرعەون پێیانی گوت: جگە لە من خودایەکی تر دەپەرستێت. پێیان گوت: بیکوژە.
ئەوەبوو فیرعەون دەست و پێکانی لە دینگە بەستەوە، ئاسیە گوتی: خوداکەم ماڵێکم لە تەك خۆت لە بەهەشت بۆ دروست بکە، وە وارێکەوت کە فیرعەون ئامادە بوو، جا ئاسیە پێکەنی کاتێك ماڵەکەی خۆی لە بەهەشت بینی، فیرعەون گوتی: سەیرتان بە شێتاتی ئەم ژنە نایەت، ئێمە ئازاری دەدەین ئەویش پێدەکەنێت. ئەوەبوو ڕۆحی دەرچوو و مرد.

سَلْمَانُ الْفَارِسِيُّ گوتوویەتی:

كَانَتْ تُعَذَّبُ بِالشَّمْسِ ، فَإِذَا أَذَاهَا حَرُّ الشَّمْسِ أَظَلَّتْهَا الْمَلَائِكَةُ بِأَجْنِحَتِهَا.

لەبەر خۆر ئازار دەدرا، جا کاتێك خۆرەکە ئازاری دەدا، ئەوە فریشتە دەهاتن و بە باڵەکانیان سێبەریان بۆی دەکرد.

وە القرطبی سەبارەت بە {وَنَجِّنِي مِن فِرْعَوْنَ وَعَمَلِهِ- وە ڕزگارم کە لە فیرعەون و کارەکەی} دەڵێت، ابن عباس گوتوویەتی، واتە جماع (جووتبوون).

ئایەتی ١٢

وَمَرْيَمَ ابْنَتَ عِمْرَانَ الَّتِي أَحْصَنَتْ فَرْجَهَا فَنَفَخْنَا فِيهِ مِن رُّوحِنَا وَصَدَّقَتْ بِكَلِمَاتِ رَبِّهَا وَكُتُبِهِ وَكَانَتْ مِنَ الْقَانِتِينَ

دەڵێت:

وە مریەمی کچی عیمران کە پارێزگاری لە قوزی خۆی کرد، جا ئێمەش لە ڕۆحی خۆمان فوو کردە قوزیەوە، وە بڕوای هەبوو بە وتەکانی خوداکەی، وە لە گوێڕایەڵەکان بوو.

ژنی ئیمانداری دووەم، مریەم کچی عیمران، دایکی عیسا یە کە:

أَحْصَنَتْ فَرْجَهَا فَنَفَخْنَا فِيهِ مِن رُّوحِنَا

قوزی خۆی پاراست، جا ئێمەش لە ڕۆحی خۆمان فوو کردە ناو قوزیەوە.

{فِيهِ}، واتە ناو قوزیەوە، چونکە {هـ} بۆ فرج (قوز) دەگەڕێتەوە.

وە ئایەتی ٩١ سوورەتی الانبیاء دەڵێت:

أَحْصَنَتْ فَرْجَهَا فَنَفَخْنَا فِيهَا مِن رُّوحِنَا

قوزی خۆی پاراست، جا ئێمەش لە ڕۆحی خۆمان فووکردە ناو مریەمەوە.

{فِيهَا}، واتە ناو مریەمەوە، چونکە { ها} بۆ مریەم دەگەڕێتەوە.

کۆتایی سوورەتەکە.

ژماره (١٠٨)

سوورەتی التغابن (سەرکۆنەکردن)

١-يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ

هەرچییەك لە ئاسمانەکان و هەرچییەك لە زەوییە بە الله هەڵدەدەن، هەر بۆ ئەوە خاوەنداریێتی و هەر بۆ ئەوە ستایش، وە ئەو توانایی بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێت.

٢-هُوَ الَّذِي خَلَقَكُمْ فَمِنكُمْ كَافِرٌ وَمِنكُم مُّؤْمِنٌ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ

ئەوە کە دروستیکردوون، جا هەتانە کافرە و هەتانە ئیماندار، وە الله بینادیدەیە بەو کارانەی دەیکەن.

٣-خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ وَصَوَّرَكُمْ فَأَحْسَنَ صُوَرَكُمْ وَإِلَيْهِ الْمَصِيرُ

ئاسمانەکان و زەوی بە هەق دروستکردووە، وە وێنای کردوون بە جوانترین شێوە، وە گەڕانەوە بۆ لای ئەوە.

٤-يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَيَعْلَمُ مَا تُسِرُّونَ وَمَا تُعْلِنُونَ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ

بەوە دەزانێت کە لە ئاسمانەکان و زەویدایە و دەزانێت کە چی دەشارنەوە و چی ئاشکرا دەکەن، وە الله دەزانێت بەوەی لە سینەکانە.

٥-أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَبَأُ الَّذِينَ كَفَرُوا مِن قَبْلُ فَذَاقُوا وَبَالَ أَمْرِهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ

ئایا هەواڵی ئەوانەی لە پێشتان بۆ نەهاتووە کە کافر بوون؟ سزای کارەکانیان چێژت، وە سزایەکی ئازاربەخشیان بۆ دەبێت.

٦-ذَلِكَ بِأَنَّهُ كَانَت تَّأْتِيهِمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ فَقَالُوا أَبَشَرٌ يَهْدُونَنَا فَكَفَرُوا وَتَوَلَّوْا وَّاسْتَغْنَى اللَّهُ وَاللَّهُ غَنِيٌّ حَمِيدٌ

ئەوە بە هۆی ئەوەوە بوو چونکە پێغەمبەرانیان بە بەڵگەکەکانەوە بۆ دەهات و دەیانگوت: ئایا مرۆڤانێك هیدایەتمان دەدەن؟ جا کوفریان کرد و پشتیان کرد، و الله دەستی لێیان بەردا و الله دەوڵەمەند و شیاستە بە سوپاسە.

٧-زَعَمَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَن لَّن يُبْعَثُوا قُلْ بَلَى وَرَبِّي لَتُبْعَثُنَّ ثُمَّ لَتُنَبَّؤُنَّ بِمَا عَمِلْتُمْ وَذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ

کافرەکان دەیانگوت: هەرگیز زیندووناکرێنەوە، بڵێ بەڵێ سوێند بێت زیندوودەکرێنەوە، ئینجا سوێند بێت ئەو کارانەتان پێ ڕادەگەیەنرێت کە دەتانکرد، وە ئەم کارە بۆ الله ئاسانە.

٨-فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَالنُّورِ الَّذِي أَنزَلْنَا وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ

جا ئیمان بێنن بە الله و پێغەمبەرەکەی، وە ئەو ڕووناکیەی دامانبەزاندووە، وە الله ئاگادارە بەو کارانەی دەیکەن.

٩-يَوْمَ يَجْمَعُكُمْ لِيَوْمِ الْجَمْعِ ذَلِكَ يَوْمُ التَّغَابُنِ وَمَن يُؤْمِن بِاللَّهِ وَيَعْمَلْ صَالِحًا يُكَفِّرْ عَنْهُ سَيِّئَاتِهِ وَيُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ

ڕۆژێ کۆتاندەکاتەوە بۆ ڕۆژی کۆبونەوەکە ئەوە ڕۆژی لۆمەکردنە، وە هەر کەسێك ئیمان بە الله بهێنێت و کاری چاك بکات، لە گوناهەکانی دەبوورێت و دەیخاتە باخاتێکەوە ڕووبارەکان لە ژێریەوە دەڕۆن، هەمیشە تیایدا دەمێننەوە، ئەوەیە سەرکەوتنی مەزن.

١٠-وَالَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ خَالِدِينَ فِيهَا وَبِئْسَ الْمَصِيرُ

وە ئەوانەی باوەڕیان نەهێنا و نکۆڵیان لە ئایەتەکانمان کرد، ئەوانە یاوەرانی دۆزەخن، هەمیشە تیایدا دەمێننەوە کە شوێنێکی گەلەك خراپە.

١١-مَا أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ إِلاَّ بِإِذْنِ اللَّهِ وَمَن يُؤْمِن بِاللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُ وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ

هیچ کارەساتێك ڕوونادات مەگەر بە مۆڵەتی الله نەبێت، وە هەر کەسێك ئیمان بە الله بهێنێت، ئەوە هیدایەتی دڵی دەدات، وە الله بە هەموو شتیك دەزانێت.

١٢-وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ فَإِن تَوَلَّيْتُمْ فَإِنَّمَا عَلَى رَسُولِنَا الْبَلاغُ الْمُبِينُ

وە گوێڕایەڵی الله و گوێڕایەڵی پێغەمبەر بن، جا ئەگەر پشتتان کرد، ئەوە هیچ شتێك لەسەر پێغەمبەرەکەمان نییە تەنها گەیاندنێکی ڕوون نەبێت.

١٣-اللَّهُ لا إِلَهَ إِلاَّ هُوَ وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ

الله هیچ خودایەك نییە تەنها ئەو نەبێت، وە دەبا ئیمانداران پشت بە الله ببەستن.

١٤-يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ مِنْ أَزْوَاجِكُمْ وَأَوْلادِكُمْ عَدُوًّا لَّكُمْ فَاحْذَرُوهُمْ وَإِن تَعْفُوا وَتَصْفَحُوا وَتَغْفِرُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، لە ژنەکانتان و منداڵەکانتان دوژمنتانن، جا خۆتان بپارێزن و ئاگادار بن، وە ئەگەر چاوپۆشی بکەن و ببوورن و ببەخشن، ئەوە الله لێبووردە و میهرەبانە.

١٥-إِنَّمَا أَمْوَالُكُمْ وَأَوْلادُكُمْ فِتْنَةٌ وَاللَّهُ عِندَهُ أَجْرٌ عَظِيمٌ

لە ڕاستیدا سامان و منداڵەکانتان بەڵان، وە لای الله پاداشتێکی مەزن هەیە.

١٦-فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ وَاسْمَعُوا وَأَطِيعُوا وَأَنفِقُوا خَيْرًا لِّأَنفُسِكُمْ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ

هەرچەندێك لە تواناتاندایە الله بپەرستن، وە گوێڕایەڵ بن و ملکەچ بن، وە ببەخشن چاکترە بۆ خودی خۆتان، جا ئەوەی خۆی لە ئارەزووەکانی بپارێزێت ئەوە ئەوانە سەرکەوتووەکانن.

١٧-إِن تُقْرِضُوا اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا يُضَاعِفْهُ لَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ وَاللَّهُ شَكُورٌ حَلِيمٌ

خۆ ئەگەر قەرزێکی چاك بدەن بە الله، ئەوە بۆ ئێوە چەند بەرابەری دەکاتەوە و لێتان دەبوورێت، وە الله سوپاسگوزار و نیانە.

١٨-عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ

زانای نادیارەکان و دیارەکانە باڵادەستە ژیرمەندەکە.

شرۆڤە و تێبینی

ئەم سوورەتە ناو نراوە {التغابن}، چونکە لە ئایەتی ٩ هاتووە دەڵێت:

يَوْمَ يَجْمَعُكُمْ لِيَوْمِ الْجَمْعِ ذَٰلِكَ يَوْمُ التَّغَابُنِ

القرطبی لە الجامع لاحكام القران دەڵێت، بە وتەی زۆرینە ئەم سوورەتە لە مەدینە دابەزیوە.

ئایەتی ١

يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ

دەڵێت:

هەرچییەك لە ئاسمانەکان و هەرچییەك لە زەوییە بە الله هەڵدەدەن، هەر بۆ ئەوە خاوەندارێتی و هەر بۆ ئەوە ستایش، وە ئەو توانایی بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێت.

ماناکە ڕوونە و لە زۆر سوورەتی پێشوودا ئەم دەقە دووبارە بۆتەوە.

ئایەتی ٢

هُوَ الَّذِي خَلَقَكُمْ فَمِنكُمْ كَافِرٌ وَمِنكُم مُّؤْمِنٌ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ

دەڵێت:

ئەوە کە دروستیکردوون، جا هەتانە کافرە و هەتانە ئیماندار، وە الله بینادیدەیە بەو کارانەی دەیکەن.

القرطبی لە الجامع لاحكام القران دەڵێت، ابن عباس لە شرۆڤەی ئەم ئایەتە گوتووەتی:

الله نەوەکانی ئادەمی بە ئیماندار و کافر دروستکردووە.

وە ابن مسعود گوتوویەتی، پێغەمبەری الله گوتی:

خَلَقَ اللَّهُ فِرْعَوْنَ فِي بَطْنِ أُمِّهِ كَافِرًا ، وَخَلَقَ يَحْيَى بْنَ زَكَرِيَّا فِي بَطْنِ أُمِّهِ مُؤْمِنًا

الله فیرعەونی لە سکی دایکی بە کافری دروستکرد ،وە یەحیا کوڕی زەکەریای بە ئیمانداری دروستکرد.

وە لە صحیح البخاری و جامع الترمذی، ڕیوایەتێك هاتووە، محمد صلعم گوتووەتی:

وَإِنَّ أَحَدَكُمْ لَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ الْجَنَّةِ حَتَّى مَا يَكُونُ بَيْنَهُ وَبَيْنَهَا إِلَّا ذِرَاعٌ أَوْ بَاعٌ فَيَسْبِقُ عَلَيْهِ الْكِتَابُ فَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ النَّارِ فَيَدْخُلُهَا . وَإِنَّ أَحَدَكُمْ لَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ النَّارِ حَتَّى مَا يَكُونُ بَيْنَهُ وَبَيْنَهَا إِلَّا ذِرَاعٌ أَوْ بَاعٌ فَيَسْبِقُ عَلَيْهِ الْكِتَابُ فَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ الْجَنَّةِ فَيَدْخُلُهَا

یەکێکتان کار دەکات بە کاری خەڵکی بەهەشت تاوەکو باسکێك نێوانی و نێوان بەهەشت دەمێنێت. ئینجا ئەوەی لەسەری نووسراوە پێشی دەکەوێت و ناچار دەبێت کار بکات بە کاری ئەهلی دۆزەخ و دەچێتە دۆزەخەوە، وە یەکێکتان کار دەکات بە کاری ئەهلی دۆزەخ تاوەکو گەزێك لە نێوانی و نێوان دۆزەخ دەمێنێت، ئینجا ئەوەی لەسەر نووسراوە پێشی دەکەوێت و ناچار دەبێت کار بکات بە کاری خەڵکی بەهەشت و دەچێتە بەهەشتەوە.

ئایەتی ٣

خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ وَصَوَّرَكُمْ فَأَحْسَنَ صُوَرَكُمْ وَإِلَيْهِ الْمَصِيرُ

دەڵێت:

ئاسمانەکان و زەوی بە هەق دروستکردووە، وە وێنای کردوون بە جوانترین شێوە، وە گەڕانەوە بۆ لای ئەوە.

وەك ئایەتی ٤ سوورەتی التین دەڵێت:

لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ فِىٓ أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ

سوێند بێت مرۆڤمان به‌ چاکترین شێوه‌ دروستکردووه‌.

ئایەتی ٤

يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَيَعْلَمُ مَا تُسِرُّونَ وَمَا تُعْلِنُونَ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ

دەڵێت:

بەوە دەزانێت کە لە ئاسمانەکان و زەویدایە و دەزانێت کە چی دەشارنەوە و چی ئاشکرا دەکەن، وە الله دەزانێت بەوەی لە سینەکانە.

واتە: الله لە غەیب و نادیارەکان دەزانێت.

ئایەتی ٥

أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَبَأُ الَّذِينَ كَفَرُوا مِن قَبْلُ فَذَاقُوا وَبَالَ أَمْرِهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ

دەڵێت:

ئایا هەواڵی ئەوانەی لە پێشتان بۆ نەهاتووە کە کافر بوون؟ سزای کارەکانیان چێژت، وە سزایەکی ئازاربەخشیان بۆ دەبێت.

واتە:

ئایا هەواڵی میللەتانی پێشووتان بۆ نەهاتووە کە ئیمانیان نەهێنا، وە ئێمەش بە هۆی کارەکانیانەوە سزامان دان، وە لە قیامەت سزای دۆزەخیان بۆ دەبێت.

وەك قەومی نوح و لوط و عاد و ثەمود و مەدیەن و فیرعەون، هتد.

ئایەتی ٦

ذَٰلِكَ بِأَنَّهُ كَانَت تَّأْتِيهِمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ فَقَالُوا أَبَشَرٌ يَهْدُونَنَا فَكَفَرُوا وَتَوَلَّوا وَّاسْتَغْنَى اللَّهُ وَاللَّهُ غَنِيٌّ حَمِيدٌ

دەڵێت:

ئەوە بە هۆی ئەوەوە بوو چونکە پێغەمبەرانیان بە بەڵگەکەکانەوە بۆ دەهات و دەیانگوت: ئایا مرۆڤانێك هیدایەتمان دەدەن؟ جا کوفریان کرد و پشتیان کرد، و الله دەستی لێیان بەردا و الله دەوڵەمەند و شیاستە بە سوپاسە.

واتە: ئەو میللەتانەی پێشوومان سزا دا، چونکە ئیمانیان بە پێغەمبەرانمان و بەڵگەکانمان نەهێنا، وە دەیانگوت: مرۆڤ نێردراوە بۆ ئەوەی هیدایەتمان بدات؟ ئەوەبوو ئیمانیان نەهێنا و پشتیان کرد، وە الله دەستی لێیان بەردا، الله دەوڵەمەندە و پێویستی بە کەس نییە، وە شایستەیە بە سوپاس.

ئایەتی ٧

زَعَمَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَن لَّن يُبْعَثُوا قُلْ بَلَىٰ وَرَبِّي لَتُبْعَثُنَّ ثُمَّ لَتُنَبَّؤُنَّ بِمَا عَمِلْتُمْ وَذَٰلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام بە محمد دەڵێت:

کافرەکان دەیانگوت: هەرگیز زیندووناکرێنەوە، بڵێ بەڵێ سوێند بێت زیندوودەکرێنەوە، ئینجا سوێند بێت ئەوکارانەتان پێ ڕادەگەیەنرێت کە دەتانکرد، وە ئەم کارە بۆ الله ئاسانە.

واتە:

کافرەکانی قورەیش (دەهریەکان) دەیانگوت: هەرگیز زیندووناکرێینەوە، ئەی محمد بڵێ، سوێند بە الله زیندوو دەکرێنەوە، ئینجا ئەوکارانەتان پێ ڕادەگەیەنرێت کە لە دونیا دەتانکرد، وە زیندووبوونەوە کارێکی ئاسانە لای الله.

ئایەتی ٨

فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَالنُّورِ الَّذِي أَنزَلْنَا وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ

دەڵێت:

جا ئیمان بێنن بە الله و پێغەمبەرەکەی، وە ئەو ڕووناکیەی دامانبەزاندووە، وە الله ئاگادارە بەوکارانەی دەیکەن.

ابن كثیر له تفسیر القران العظیم و الطبری له جامع البیان و القرطبی له الجامع لاحكام القران دەڵێن { وَالنُّورِ الَّذِي أَنزَلْنَا- وە ئەو ڕوناكیەی دامانبەزاندووە} واتە قورئان

واتە ئەم ئایەتە دەڵێت: ئەی موشریك و كافرەكانی مەككە كە باوەڕتان بە زیندووبوونەوە نییە، ئیمان بێنن بە اللە و محمد و قورئان.

ئایەتی ٩

يَوْمَ يَجْمَعُكُمْ لِيَوْمِ الْجَمْعِ ذَٰلِكَ يَوْمُ التَّغَابُنِ وَمَن يُؤْمِن بِاللَّهِ وَيَعْمَلْ صَالِحًا يُكَفِّرْ عَنْهُ سَيِّئَاتِهِ وَيُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ذَٰلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ

دەڵێت:

ڕۆژێ كۆتاندەكاتەوە بۆ ڕۆژی كۆبونەوەكە ئەوە ڕۆژی لۆمەكردنە، وە هەر كەسێك ئیمان بە اللە بهێنێت و كاری چاك بكات، لە گوناهەكانی دەبوورێت و دەیخاتە باخاتێكەوە ڕووبارەكان لە ژێریەوە دەڕۆن، هەمیشە تیایدا دەمێننەوە، ئەوەیە سەركەوتنی مەزن.

واتە:

لە ڕۆژی قیامەت (التغابن)، كۆتان دەكاتەوە بۆ لێپرسینەوە، جا ئەم ڕۆژە پێی دەگوترێت ڕۆژی {التغابن}، جا ئەوەی ئیمانی هێنابێت و كاری چاكی كردبێت ئەوە اللە لە گوناهەكانی دەبوورێت و دەیخاتە بەهەشتەوە.

{التغابن}، واتە یەكتر لۆمەكردن، و زیان و سوودگەیاندن.

القرطبی لە الجامع لاحكام القران دەڵێت:

{الْغَبْنُ}، واتە كەمكردن، ئەگەر كەسێك شتیك لە كەسێك ببات.

الجلالین لە تفسیر الجلالین دەڵێن:

{ذَٰلِكَ يَوۡمُ ٱلتَّغَابُنِ }، بە هۆی ئەوەی ئیمانداران لە بەهەشت دەست دەگرن بە سەر خانوو و ژنی كافرەكان، ئەوە لۆمەیان دەكەن و دەڵێن ئەگەر ئیمانیان بهێنایە وایان لێ نەدەهات.

ئایەتی ١٠

وَالَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا أُولَـٰئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ خَالِدِينَ فِيهَا وَبِئْسَ الْمَصِيرُ

دەڵێت:

وە ئەوانەی باوەڕیان نەهێنا و نکوڵیان لە ئایەتەکانمان کرد، ئەوانە یاوەرانی دۆزەخن، هەمیشە تیایدا دەمێننەوە کە شوێنێکی گەلەك خراپە.

واتە: کافرەکان کە باوەڕیان بە محمد نەهێناوە دەچنە دۆزەخەوە.

ئایەتی ١١

مَا أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ وَمَن يُؤْمِن بِاللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُ وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ

دەڵێت:

هیچ کارەساتێك ڕوونادات مەگەر بە مۆڵەتی الله نەبێت، وە هەر کەسێك ئیمان بە الله بهێنێت، ئەوە هیدایەتی دڵی دەدات، وە الله بە هەموو شتیك دەزانێت.

واتە:

{مَا أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ}، هیچ کارەساتیك ڕوونادات مەگەر بە مۆڵەتی الله نەبێت، واتە هەموو شتیك کە ڕوودەدات، بە ویست و بڕیاری اللەیە، وەك القرطبی دەڵێت:

تەنها بە ویست و بڕیاری الله ڕوودەدەن. وە ئەگەر کەسێك بیەوێت ئیمان بهێنێت، بەڵام الله نەیەوێت ئیمان بهێنێت، ئەوە ناتوانێت ئیمان بهێنێت.

ئایەتی ١٢

وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ فَإِن تَوَلَّيْتُمْ فَإِنَّمَا عَلَىٰ رَسُولِنَا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ

دەڵێت:

وە گوێڕایەڵی الله و گوێڕایەڵی پێغەمبەر بن، جا ئەگەر پشتتان کرد، ئەوە هیچ شتێك لەسەر پێغەمبەرەکەمان نییە تەنها گەیاندنێکی ڕوون نەبێت.

واتە:

ئەی ئیمانداران گوێڕایەڵ و ملکەچی الله و محمد بن، جا ئەگەر گوێڕایەڵ نەبوون و ملیان کەچ نەکرد، ئەوە هیچ شتیك لەسەر تۆ نییە ئەی محمد تەنها گەیاندنی پەیامەکە نەبێت.

ئایەتی ١٣

اللَّهُ لَا إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ

دەڵێت:

الله هیچ خودایەك نییە تەنها ئەو نەبێت، وە دەبا ئیمانداران پشت بە الله ببەستن.

ئایەتی ١٤

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ مِنْ أَزْوَاجِكُمْ وَأَوْلَادِكُمْ عَدُوًّا لَّكُمْ فَاحْذَرُوهُمْ وَإِن تَعْفُوا وَتَصْفَحُوا وَتَغْفِرُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ

دەڵێت:

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، لە ژنەکانتان و منداڵەکانتان دوژمنتانن، جا خۆتان بپارێزن و ئاگادار بن، وە ئەگەر چاوپۆشی بکەن و ببوورن و ببەخشن، ئەوە الله لێبووردە و میهرەبانە.

لەم ئایەتەدا نووسەری قورئان هەوڵی داوە پیاو بکات بە دوژمنی ژن و منداڵ.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

ابن اسحاق گوتوویەتی، هەموو ئایەتەکانی سوورەتی التغابن لە مەککە دابەزیوون، تەنها ئەم ئایەتە نەبێت لە مەدینە دابەزیووە.

وە دەڵێت، ابن عباس گوتوویەتی:

ئەم ئایەتە لە مەدینە سەبارەت بە عوف بن مالك الأشجعی دابەزیووە، کە هات بۆ لای پێغەمبەر و سکاڵای هەبوو لە ژن و منداڵەکانی.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

گوتوویانە، ئەم ئایەتە دابەزیووە سەبارەت بە هەندێك پیاو كە ویستیان لە مەككە كۆچ بكەن بۆ مەدینە، بەڵام خانەوادە و منداڵەكانیان ڕێگر بوون.

ئایەتی ١٥

إِنَّمَا أَمْوَالُكُمْ وَأَوْلَادُكُمْ فِتْنَةٌ وَاللَّهُ عِندَهُ أَجْرٌ عَظِيمٌ

دەڵێت:

لە ڕاستیدا سامان و منداڵەكانتان بەڵان، وە لای الله پاداشتێكی مەزن هەیە.

واتە: منداڵەكانتان فەرامۆش بكەن، چونكە ئەوەی لای اللهیە پاداشتێكی مەزنە، واتە بەهەشت كە پڕیەتی لە حۆریە و غلمان و ولدان.

ئایەتی ١٦

فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ وَاسْمَعُوا وَأَطِيعُوا وَأَنفِقُوا خَيْرًا لِّأَنفُسِكُمْ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُولَـٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ

دەڵێت:

هەرچەندێك لە تواناتاندایە الله بپەرستن، وە گوێڕایەڵ بن و ملكەچ بن، وە ببەخشن چاكترە بۆ خودی خۆتان، جا ئەوەی خۆی لە ئارەزووەكانی بپارێزێت ئەوە ئەوانە سەركەوتووەكانن.

واتە:

{فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ}، هەر چەندێك بۆتان كرا و لە تواناتان بوو الله بپەرستن،وە ئەم دەقە نەسخی ئایەتی ١٠٢ سوورەتی ال عمرانی كردووە كە دەڵێت:

اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ

الله بپەرستن كە شایستە بێت بە پەرستنەكەی.

وتەوتێكی زۆر هەیە كە ئایا نەسخ بووە، یان نەسخ نەبووە؟ بەڵام ئەگەر سەیری ئەم دوو دەقە بكەیت دەبینیت دانەیەكیان دەڵێت: الله بپەرستە بە شێوەیەك

که شایستەیە بە پەرستنی، وە دانەیەك دەڵێت الله بپەرستە بە شێوەیەك کە لە توانایيتدايە.

ئينجا دەڵێت: ئەوانە لە قيامەت سەرکەوتوو دەبن کە گوێڕايەڵ و ملکەچن بۆ الله و پێغەمبەرەکەی، وە دەبەخشن بۆ زەکات و سەدەقە، وە خۆيان دەپارێزن لەو ئارەزووانەی کە نەهی لێکراوە.

ئايەتی ١٧

إِن تُقْرِضُوا اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا يُضَاعِفْهُ لَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ وَاللَّهُ شَكُورٌ حَلِيمٌ

دەڵێت:

خۆ ئەگەر قەرزێکی چاك بدەن بە الله، ئەوە بۆ ئێوە چەند بەرابەری دەکاتەوە و لێتان دەبوورێت، وە الله سوپاسگوزار و نيانە.

واتە:

الله داوای قەرز لە بەندەکانی دەکات و دەڵێت ئەگەر قەرزێکی چاکم پێ بدەن، ئەوە لە قيامەت بۆتان چەند بەرابەر دەکەمەوە و لە گوناهەکانتان دەبوورم، وە هەروەها سوپاستان دەکەم!

ئايەتی ١٨

عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ

دەڵێت:

زانای ناديارەکان و ديارەکانە باڵادەستە ژيرمەندەکە.

واتە:

الله بە شتە ناديار و ديارەکان دەزانێت، وە الله {الْعَزِيزُ}، يەکێکە لە ناوە جوانەکانی الله، وە ماناکەی: بە زەبروزەنگ و تۆڵەسێنەر دێت، {الْحَكِيمُ}، يەکێکە لە ناوە جوانەکانی الله، واتە: ژيرمەند و دانا.

کۆتايی سوورەتەکە.

ژماره (١٠٩)

سوورەتی الصف (ڕیز)

١-سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ

هەرچیەك لە ئاسمانەکان و هەرچییەك لە زەویدایە بە الله هەڵدەدەن، وە هەر ئەو باڵادەستە زاناکەیە.

٢-يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لا تَفْعَلُونَ

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، بۆچی قسەیەك دەكەن كە جێبەجێی ناكەن؟

٣-كَبُرَ مَقْتًا عِندَ اللَّهِ أَن تَقُولُوا مَا لا تَفْعَلُونَ

تورەییەکی گەورەیە لای الله ئەگەر شتێك بڵێن، بەڵام جێبەجێی نەکەن.

٤-إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِهِ صَفًّا كَأَنَّهُم بُنْيَانٌ مَّرْصُوصٌ

لە ڕاستیدا الله ئەوانەی خۆش دەوێت کە بەڕیز وەك دیوارێکی قورقوشم لە پێناویدا شەڕ دەکەن.

٥-وَإِذْ قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ يَا قَوْمِ لِمَ تُؤْذُونَنِي وَقَد تَّعْلَمُونَ أَنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ فَلَمَّا زَاغُوا أَزَاغَ اللَّهُ قُلُوبَهُمْ وَاللَّهُ لا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ

وە کە موسا بە قەومەکەی گوت: ئەی قەومەکەم بۆ ئازارم دەدەن لە کاتێکدا دەزانن کە من پێغەمبەری اللهم بۆ ئێوە نێردراوم؟ جا کاتیك بەلاڕێدا چوون، الله دڵەکانیانی بەلاڕێدا برد، وە الله هیدایەتی خەڵکانێکی خراپەکار نادات.

٦-وَإِذْ قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُم مُّصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ وَمُبَشِّرًا بِرَسُولٍ يَأْتِي مِن بَعْدِي اسْمُهُ أَحْمَدُ فَلَمَّا جَاءَهُم بِالْبَيِّنَاتِ قَالُوا هَذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ

وە کە عیسا کوڕی مریەم گوتی: ئەی نەوەکانی ئیسرائیل من پێغەمبەری اللهم بۆ ئێوە نێردراوم دروستیی ئەو تەوراتە دەسەلمێنم کە لەبەر دەستەکانمە، وە

مژدەتان پێ دەدەم بە پێغەمبەرێك لە دوای من دێت کە ناوی ئەحمەدە، جا کاتێك بەڵگەکانیان بۆ هات گوتیان ئەمە جادوویەکی ڕوونە.

٧-وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ وَهُوَ يُدْعَى إِلَى الإِسْلامِ وَاللَّهُ لا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ

وە کێ لەو کەسە ستەمکارترە کە درۆ بەسەر اللەوە هەڵدەبەستێت، وە ئەو بانگ دەکرێت بۆ ئیسلام، وە الله هیدایەتی خەڵکانێکی ستەمکار نادات.

٨-يُرِيدُونَ لِيُطْفِؤُوا نُورَ اللَّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ وَاللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ

دەیانەوێت ڕووناکی الله بە دەمەکانیانەوە بکوژێننەوە، بەڵام الله ڕووناکیەکەی تەواو دەکات تەنانەت ئەگەر کافرەکان پێیان ناخۆش بێت.

٩-هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ

ئەوە کە پێغەمبەرەکەی بە هیدایەت و ئاینی هەق ناردووە بۆ ئەوەی سەربیخات بە سەر گشت ئاینەکان، وە تەنانەت ئەگەر موشریکەکان پێیان ناخۆش بێت.

١٠-يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَى تِجَارَةٍ تُنجِيكُم مِّنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ

ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە بازرگانیەکتان نیشان بدەم کە لە سزایەکی ئازاربەخش ڕزگارتان دەکات؟

١١-تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ

باوەڕ بێنن بە الله و پێغەمبەرەکەی و جیهاد بکەن لە پێناو الله بە سامانتان و گیانتان، ئەوە چاکترە بۆ ئێوە ئەگەر بزانن.

١٢-يَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَيُدْخِلْكُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ

لە گوناهەکانتان خۆش دەبێت و دەتانخاتە باخاتێک ڕووبارەکان لە ژێریەوە دەڕۆن، وە هەروەها شوێنی ژیانی خۆش لە باخەکانی عەدن، ئەوەیە سەرکەوتنی مەزن.

١٣-وَأُخْرَى تُحِبُّونَهَا نَصْرٌ مِّنَ اللَّهِ وَفَتْحٌ قَرِيبٌ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ

وە شتگەلێكی دیكە كە بەدڵتان دەبێت، سەركەوتنێك لە اللهوە و دەستبەسەرداگرتنێكی نزیك، وە مژدە بدە بە ئیمانداران.

١٤-يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا أَنصَارَ اللَّهِ كَمَا قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ لِلْحَوَارِيِّينَ مَنْ أَنصَارِي إِلَى اللَّهِ قَالَ الْحَوَارِيُّونَ نَحْنُ أَنصَارُ اللَّهِ فَآمَنَت طَّائِفَةٌ مِّن بَنِي إِسْرَائِيلَ وَكَفَرَت طَّائِفَةٌ فَأَيَّدْنَا الَّذِينَ آمَنُوا عَلَى عَدُوِّهِمْ فَأَصْبَحُوا ظَاهِرِينَ

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، ببن بە پشتتیوانی الله هەروەك عیسای كوڕی مەریەم بە خوێندكارەكانی گوت: كێ پشتیوانم دەبێت بۆ لای الله ، خوێندكارەكانی گوتیان: ئێمە پشتیوانی اللهین، جا دەستەیەك لە نەوەكانی ئیسرائیل باوەڕیان هێنا و دەستەیەك باوەڕیان نەهێنا، جا پشتیوانیمان لەوانە كرد كە باوەڕیان هێنا بەسەر دوژمنەكانیان، جا زاڵ بوون.

شرۆڤە و تێبینی

ئەم سوورەتە ناو نراوە {الصف}، چونكە لە ئایەتی ٤ ئاماژە بەم وشەیە كراوە كە دەڵێت:

إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِهِ صَفًّا

لە ڕاستیدا الله ئەوانەی خۆش دەوێت كە بە ڕیز شەڕ دەكەن لە پێناویدا.

القرطبی لە الجامع لاحكام القران و ابن كثير لە تفسير القران العظيم دەڵێن، ئەم سوورەتە بە كۆدەنگی سوورەتێكە لە مەدینە دابەزیوە.

ئایەتی ١

سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ

دەڵێت:

هەرچیەك لە ئاسمانەكان و هەرچییەك لە زەویدایە بە الله هەڵدەدەن، وە هەر ئەو باڵادەستە زاناكەیە.

ئایەتی ٢

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ

دەڵێت:

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، بۆچی قسەیەك دەكەن كە جێبەجێی ناكەن؟

القرطبی لە جامع البیان و ابن كثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێن، مەبەست لە دووڕووەكانە. وە القرطبی دەڵێت، ابن زید گوتوویەتی:

ئەم ئایەتە لەسەر دووڕووەكان دابەزی، بە پێغەمبەریان دەگوت ئەگەر دەرچوویت، ئەوە لەگەڵت دەردەچێن و شەڕ دەكەین، بەڵام كاتێك پێغەمبەر و یاوەرەكانی دەرچوون، ئەو دووڕووانە دەرچوون و گەڕانەوە.

ئەم ئایەتە دەڵێت، بۆچی قسە و كردارتان وەك یەك نییە؟ قسەیەك دەكەن و بەڵێنێك دەدەن، بەڵام جێبەجێی ناكەن. وەك الطبری لە جامع البیان، دەڵێت واتە:

كردارەكانتان پێچەوانەی قسەكانتانە.

القرطبی و ابن كثیر دەڵێن، لە صحیح مسلم، ڕیوایەتێك هاتووە كە:

أَبِي مُوسَى أَنَّهُ بَعَثَ إِلَى قُرَّاءِ أَهْلِ الْبَصْرَةِ فَدَخَلَ عَلَيْهِ ثَلَاثُمِائَةِ رَجُلٍ قَدْ قَرَءُوا الْقُرْآنَ ، فَقَالَ : أَنْتُمْ خِيَارُ أَهْلِ الْبَصْرَةِ وَقُرَّاؤُهُمْ ، فَاتْلُوهُ وَلَا يَطُولَنَّ عَلَيْكُمُ الْأَمَدُ فَتَقْسُوَ قُلُوبُكُمْ كَمَا قَسَتْ قُلُوبُ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ . وَإِنَّا كُنَّا نَقْرَأُ سُورَةً كُنَّا نُشَبِّهُهَا فِي الطُّولِ وَالشِّدَّةِ بِ " بَرَاءَةٍ " فَأُنْسِيتُهَا ; غَيْرَ أَنِّي قَدْ حَفِظْتُ مِنْهَا " لَوْ كَانَ لِابْنِ آدَمَ وَادِيَانِ مِنْ مَالٍ لَابْتَغَى وَادِيًا ثَالِثًا وَلَا يَمْلَأُ جَوْفَ ابْنِ آدَمَ إِلَّا التُّرَابُ " . وَكُنَّا نَقْرَأُ سُورَةً كُنَّا نُشَبِّهُهَا بِإِحْدَى الْمُسَبِّحَاتِ فَأُنْسِيتُهَا ; غَيْرَ أَنِّي حَفِظْتُ مِنْهَا : يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ فَتُكْتَبُ شَهَادَةٌ فِي أَعْنَاقِكُمْ فَتُسْأَلُونَ عَنْهَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ

ابو موسا الأشعری ناردی بە دوای قورئانخوێنانی بەسرە، سێ سەد قورئانخوێن هاتن بۆ لای، پێیانی گوت: ئێوە چاكترین خەڵكی بەسرەن و قورئانخوێنەكانین، بەردەوام بخوێننەوە، وە نەكەن بۆ ماوەیەكی درێژ وازی لێ بێنن، ئەگینا

دڵەکانتان ڕەق دەبێت، هەروەك چۆن دڵی خەڵکانێکی بەر لە ئێوە ڕەق بوو. وە ئێمە سوورەتێکمان دەخوێندەوە کە بە ئەندازەی سوورەتی التوبة درێژ بوو، بەڵام لە بیرم کردووە، بەڵام شتێکیم لە بیر ماوە کە دەیگوت: {ئەگەر کوڕی ئادەم دوو دۆڵ لە سامانی هەبێت، ئەوە بە دوای سێهەمەوە دەبێت بە دەست بهێنێت لە کاتێکدا ناخی کوڕی ئادەم هیچ شتێك پڕی ناکات تەنها خۆڵ نەبێت}، وە سوورەتێکمان دەخوێندەوە کە لە یەکێك لە سوورەتە {المسبحات}ەکان دەچوو، بەڵام لە بیرم کردووە، بەڵام شتێکم لە بیر ماوە کە دەیگوت: {ئەی ئیمانداران بۆچی قسەیەك دەکەن کە جێبەجێی ناکەن، شایەتی بە گەردەنتانەوە هەڵدەواسرێت، جا لە ڕۆژی قیامەت پرسیارتان لێ دەکرێت}.

واتە: چەندەها ئایەت لەم سوورەتە ون بووە.

ئایەتی ٣

كَبُرَ مَقْتًا عِندَ اللَّهِ أَن تَقُولُوا مَا لَا تَفْعَلُونَ

دەڵێت:

تورەییەکی گەورەیە لای الله ئەگەر شتێك بڵێن، بەڵام جێبەجێی نەکەن.

واتە:

الله زۆر تورە دەبێت ئەگەر شتێك بڵێن، بەڵام جێبەجێی نەکەن.

ئایەتی ٤

إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِهِ صَفًّا كَأَنَّهُم بُنْيَانٌ مَّرْصُوصٌ

دەڵێت:

لە ڕاستیدا الله ئەوانەی خۆش دەوێت کە بەڕیز وەك دیوارێکی قورقوشم لە پێناویدا شەڕ دەکەن.

الطبری لە جامع البیان، سەبارەت بە: {بُنْيَانٌ مَّرْصُوصٌ} دەڵێت، واتە دیوارێك کە لە قورقوشم دروستکراوە.

جا الله ئەوانەی خۆش دەوێت کە بە ڕیز لە تەك یەك وەستاون و شەڕ و جیهاد دەکەن. بەڵام ئەم ئایەتە لە ئیمڕۆدا لە کار کەوتووە، چونکە خەڵك بە شمشێر شەڕ ناکات.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت، لە مسند احمد هاتووە پێغەمبەر صلعم گوتوویەتی:

ثَلَاثٌ يَضْحَكُ اللَّهُ إِلَيْهِمُ : الرَّجُلُ يَقُومُ مِنَ اللَّيْلِ ، وَالْقَوْمُ إِذَا صَفُّوا لِلصَّلَاةِ ، وَالْقَوْمُ إِذَا صَفُّوا لِلْقِتَالِ

سێ کەس الله پێیان پێدەکەنێت: پیاوێك بە شەو هەڵدەستێتەوە نوێژ دەکات، وە کاتێك موسڵمانان بۆ نوێژکردن ڕیز دەبەستن، وە کاتێك موسڵمانان ڕیز دەبەستن بۆ شەڕ و کوشتار.

ئایەتی ٥

وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِ يَا قَوْمِ لِمَ تُؤْذُونَنِي وَقَد تَّعْلَمُونَ أَنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ فَلَمَّا زَاغُوا أَزَاغَ اللَّهُ قُلُوبَهُمْ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ

دەڵێت:

وە کە موسا بە قەومەکەی گوت: ئەی قەومەکەم بۆ ئازارم دەدەن لە کاتێکدا دەزانن کە من پێغەمبەری اللهم بۆ ئێوە نێردراوم؟ جا کاتیك بەلاڕێدا چوون، الله دڵەکانیانی بەلاڕیدا برد، وە الله هیدایەتی خەڵکانێکی خراپەکار نادات.

واتە:

موسا بە نەوەکانی ئیسرائیلی گوت: ئێ بۆ ئازارم دەدەن لە کاتێکدا چاک دەزانن کە من نێردراوم لە لایەن اللهوە بۆ ئێوە؟ جا کاتیك نەوەکانی ئیسرائیل بەلارێدا چوون، ئەوە الله دڵەکانیانی لە ئیمان بەلاڕیدا برد، چونکە الله هیدایەتی خەڵکانێکی خراپەکار نادات.

ئایەتی ٦

وَإِذْ قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُم مُّصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ وَمُبَشِّرًا بِرَسُولٍ يَأْتِي مِن بَعْدِي اسْمُهُ أَحْمَدُ فَلَمَّا جَاءَهُم بِالْبَيِّنَاتِ قَالُوا هَٰذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ

دەڵێت:

وە کە عیسا کوڕی مریەم گوتی: ئەی نەوەکانی ئیسرائیل من پێغەمبەری اللهم بۆ ئێوە نێردراوم دروستیی ئەو تەوراتە دەسەلمێنم کە لەبەر دەستەکانمە، وە مژدەتان پێ دەدەم بە پێغەمبەرێك لە دوای من دێت کە ناوی ئەحمەدە، جا کاتێك بەڵگەکانیان بۆ هات گوتیان ئەمە جادوویەکی ڕوونە.

ئەم ئایەتە دەڵێت المسیح عیسا کوڕی مەریەم گوتوویەتی:

یەکەم: إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُم مُّصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ

ئەی نەوەکانی ئیسرائیل من پێغەمبەری اللهم بۆ ئێوە نێردراوم، وە ئەو تەوراتە بە ڕاست و دروست دەزانم و دەیسەلمێنم کە لەبەر دەستەکانمە.

واتە: تەورات ڕاست و دروست بووە و دەستکاریکراو نەبووە لە سەردەمی المسیح. وە تەوراتی سەردەمی محمد هەمان تەوراتی سەردەمی المسیح بووە.

دووەم: وَمُبَشِّرًا بِرَسُولٍ يَأْتِي مِن بَعْدِي اسْمُهُ أَحْمَدُ

وە مژدەتان پێ دەدەم لە دوای من پێغەمبەرێك دێت کە ناوی احمدە.

جا نازانم پێغەمبەری ئیسلام ناوی محمدە یان ناوی احمدە؟ لە ڕاستیدا نە محمدە و نە احمد، بەڵکو ناوی {قثم}ە، وەك لە بەشێك لە بەشەکانی پێشوو ئاماژەمان پێکرد.

پرسیار: لە کوێی ئینجیلەکان هاتووە کە المسیح عیسا گوتوویەتی: پێغەمبەرێك لە دوای من دێت بە ناوی احمد؟ شتی وا بوونی نییە. وە المسیح خۆی ئیدعای خوداوەندێتی کردووە، و زۆر بە ڕۆشنی لە ئنجیلەکان ئاماژەی کردووە کە تاکە ڕێگا بۆ فریادی ئیمانهێنانە بە خۆی. وە هەروەها بابەتی پێغەمبەرایەتی قوفل

داوە، وە گوتوویەتی هەر پێغەمبەرێك لە دوای من بێت، ئەوە پێغەمبەرێكی درۆزنە.

وە بەر لە محمد، المانی پێغەمبەری مانەویەكان ئیدعای دەكرد، كە {المعزی-الباراقلیطە}، المانی لە سەدەی سێهەم ژیاوە، واتە نزیك بە ٣ سەدە و نیو پێش محمد.

ئەم بابەتە بابەتێكی درێژە و بە پێویستی نازانم لەم پەرتووكە ئاماژەی پێ بكەم.

لە ڕاستیدا نازناوی محمد كوفرە بۆ مرۆڤ، چونكە بە مانای ئەوپەڕ حەمدكردن دێت، وەك القرطبی لە الجامع لاحكام القران دەڵێت:

فَالْمُحَمَّدُ هُوَ الَّذِي حُمِدَ مَرَّةً بَعْدَ مَرَّةٍ

{محمد}، كەسێكە كە جار لە دوای جار حەمد و ستایش دەكرێت.

لە كاتێكدا كە حمد و ستایش تەنها بۆ اللهیە.

وە هەروەها {احمد}، لە سەر وەزنی {افعل}ە كە مانای كەسێك دێت كە بێ سنوور حەمد دەكرێت، وە هیچ كەسێك بە ئەندازەی ئەو كەسە حەمد و ستایش ناكرێت. وە ئەم ناوە تەنها شایستەیە بە خودا.

لەبەر ئەوە، محمد و احمد، دوو ناون تەنها شایستەن بە خودا.

ئایەتی ٧

وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَىٰ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ وَهُوَ يُدْعَىٰ إِلَى الْإِسْلَامِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ

دەڵێت:

وە كێ لەو كەسە ستەمكارترە كە درۆ بەسەر اللهوە هەڵدەبەستێت، وە ئەو بانگ دەكرێت بۆ ئیسلام، وە الله هیدایەتی خەڵكانێكی ستەمكار نادات.

واتە:

کێ لەو کەسە ستەمکارترە کە درۆ بە ناوی اللهوە دەکات، وە بانگ دەکرێت بۆ ئەوەی ببێت بە ئیسلام و نابێت بە ئیسلام، وە الله هیدایەتی خەڵکانێکی ستەمکار نادات.

پرسیار: خۆت دەڵێیت درۆزنە، کەواتە بۆ بانگت کردووە ببێت بە ئیسلام؟!

ئایەتی ٨

يُرِيدُونَ لِيُطْفِئُوا نُورَ اللَّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ وَاللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ

دەڵێت:

دەیانەوێت ڕووناکی الله بە دەمەکانیانەوە بکوژێننەوە، بەڵام الله ڕووناکیەکەی تەواو دەکات تەنانەت ئەگەر کافرەکان پێیان ناخۆش بێت.

واتە:

کافرەکان دەیانەوێت ڕووناکی الله بە فووەکانیان بکوژێننەوە، بەڵام الله ڕووناکیەکەی خۆی تەواو دەکات، تەنانەت ئەگەر کافرەکان پێیان ناخۆش بێت.

وەك الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

ڕووناکی الله، واتە ئیسلام و پەیامەکەی محمد.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت، سەبارەت: {نُورَ اللَّهِ- ڕووناکی الله}، پێنج وتەوت هەیە:

یەکەم: قورئان

دووەم: ئیسلام

سێهەم: محمد

چوارەم: بەڵگە و نیشانەکانی الله

پێنجەم: نموونەیەکە هێنراوەتەوە

وە دەڵێت، سەبارەت بە هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە، ابن عباس گوتوویەتی:

چل ڕۆژ وەحی بۆ پێغەمبەر نەهات، کعب بن اشرف گوتی: ئەی پیاوانی یەهوود، الله ڕووناکی محمدی کوژاندەوە، چونکە هیچیتر وەحی بۆ دانابەزێت، ئەوەبوو پێغەمبەر خەمۆك و نیگەران بوو، تاوەکو الله ئەم ئایەتەی دابەزاند.

ئایەتی ٩

هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَىٰ وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ

دەڵێت:

ئەوە کە پێغەمبەرەکەی بە هیدایەت و ئاینی هەق ناردووە بۆ ئەوەی سەریبخات بە سەر گشت ئاینەکان، وە تەنانەت ئەگەر موشریکەکان پێیان ناخۆش بێت.

واتە: اللهیە کە محمدی ناردووە بە هیدایەت و ئاینی هەق بۆ ئەوەی بەسەر هەموو ئاینەکانی سەربخات.

ئەگەر الله خودا بێت، یان خودای ئاینە ئیبراهیمیەکان بێت، یان تەنها خودای عەرەب نەبێت، بۆ دەبێت ئاینەکەی محمد سەربخات بەسەر گشت ئاینەکان؟ وەك دەڵێت:

لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ

بۆ ئەوەی بەسەر گشت ئاینەکان سەریبخات.

دەکرێت مرۆڤ بەلایەکدا لاببدات و لایەنگری کەسێك، یان ئایدۆلۆژیایەك بکات، بەڵام خودا لایەنگری جۆرێك لە ئیماندار، یان ئاینێکی دیاریکراو بکات دژ بە ئیماندارانێك و ئاینانێکی دیکە! بە ڕاستی جێگای سەرسوڕمانە!

ئایەتی ١٠

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَىٰ تِجَارَةٍ تُنجِيكُم مِّنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ

دەڵێت:

ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە بازرگانیەکتان نیشان بدەم کە لە سزایەکی ئازاربەخش ڕزگارتان دەکات؟

واتە:

ئەی ئەوانەی ئیمانتان بە الله و محمد هێناوە، بازرگانیەکتان نیشان بدەم کە بە مسۆگەری لە سزای دۆزەخ ڕزگارتان دەکات؟

ئاخۆ دەبێت چی بێت؟

ئایەتی ١١

تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ

دەڵێت:

باوەڕ بێنن بە الله و پێغەمبەرەکەی و جیهاد بکەن لە پێناو الله بە سامانتان و گیانتان، ئەوە چاکترە بۆ ئێوە ئەگەر بزانن.

سەیرە: ئایەتی ١٠ دەڵێت: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا}، ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، واتە باوەڕیان بە الله و محمد هێناوە، ئینجا دەڵێت: {هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَىٰ تِجَارَةٍ تُنجِيكُم مِّنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ}، بازرگانیەکتان نیشان بدەم بە مسۆگەری لە سزای دۆزەخ ڕزگارتان بکات؟ ئینجا دەڵێت: {تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ}، ئیمان بێنن بە الله و محمد.

ئینجا دەڵێت:

وَتُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ

جیهاد بکەن لە پێناو ڕێبازی الله بە سامانتان و گیانتان.

ئینجا دەڵێت:

ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ

ئەوە چاکترین شتە، ئەگەر ئێوە لێی بزانن.

ئایەتی ١٢

يَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَيُدْخِلْكُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ ذَٰلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ

دەڵێت:

لە گوناهەکانتان خۆش دەبێت و دەتانخاتە باخاتێک ڕووبارەکان لە ژێریەوە دەڕۆن، وە هەروەها شوێنی ژیانی خۆش لە باخەکانی عەدن، ئەوەیە سەرکەوتنی مەزن.

واتە: ئەگەر ئیمان بە الله و محمد بێنن و جیهاد بکەن بە سامان و گیانتان ئەوە:

یەکەم: لە گوناهەکانتان خۆش دەبێت.

دووەم: دەتانخاتە باخاتێک کە ڕووبار لە ژێریەوە دەڕۆن.

سێهەم: خانووبەرەی نایابتان پێ دەدات لە باخەکانی عەدن.

وە ئەوەیە سەرکەوتنی مەزن.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت، عِمْرَانَ بْنَ الْحُصَيْنِ وَأَبَا هُرَيْرَةَ سەبارەت بە: {وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً- خانووبەرەی نایاب}، گوتوویانە، لە پێغەمبەرمان پرسی، لە وەڵامدا گوتی:

قَصْرٌ مِنْ لُؤْلُؤَةٍ فِي الْجَنَّةِ فِيهِ سَبْعُونَ دَارًا مِنْ يَاقُوتَةٍ حَمْرَاءَ ، فِي كُلِّ دَارٍ سَبْعُونَ بَيْتًا مِنْ زَبَرْجَدَةٍ خَضْرَاءَ ، فِي كُلِّ بَيْتٍ سَبْعُونَ سَرِيرًا ، عَلَى كُلِّ سَرِيرٍ سَبْعُونَ فِرَاشًا مِنْ كُلِّ لَوْنٍ ، عَلَى كُلِّ فِرَاشٍ سَبْعُونَ امْرَأَةً مِنَ الْحُورِ الْعِينِ ، فِي كُلِّ بَيْتٍ سَبْعُونَ مَائِدَةً ، عَلَى كُلِّ مَائِدَةٍ سَبْعُونَ لَوْنًا مِنَ الطَّعَامِ ، فِي كُلِّ بَيْتٍ سَبْعُونَ وَصِيفًا وَوَصِيفَةً ، فَيُعْطِي اللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى الْمُؤْمِنَ مِنَ الْقُوَّةِ فِي غَدَاةٍ وَاحِدَةٍ مَا يَأْتِي عَلَى ذَلِكَ كُلِّهِ

کۆشکوتەلارێکە کە لە مرواریە و لەبەهەشتە کە حەفتا خانوو لە خۆ دەگرێت، وە هەر خانوویەك لە یاقووتێکی سوورە، وە لە ناو هەر خانوویەك حەفتا ژوور هەیە لە خشڵی سەوز، وە لە هەر ژوورێك حەفتا قەرەوێڵە هەیە، وە لەسەر هەر قەرەوێڵەیەك حەفتا پێخەف هەیە و هەر یەکی لە ڕەنگێکە، وە لە سەر هەر

پێخەفێك حەفتا حۆریە هەیە، وە لە هەر ژوورێك حەفتا مێزی خواردن هەیە، وە لە سەر هەر مێزێك حەفتا جۆر خواردنی ڕەنگاوڕەنگ هەیە، وە لە ناو هەر ماڵێك حەفتا خزمەتکار هەیە، وە الله هێزێك بە ئیماندار دەدات کە بە یەك بەیانی هەموو ئەمانە تەواو دەکات.

ئایەتی ١٣

وَأُخْرَىٰ تُحِبُّونَهَا نَصْرٌ مِّنَ اللَّهِ وَفَتْحٌ قَرِيبٌ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ

دەڵێت:

وە شتگەلێکی دیکە کە بەدڵتان دەبێت، سەرکەوتنێك لە اللهوە و دەستبەسەرداگرتنێکی نزیك، وە مژدە بدە بە ئیمانداران.

واتە:

{وَأُخْرَىٰ تُحِبُّونَهَا- شتگەلێکی دیکە کە بە دڵتان دەبێت و ئارەزووتان لێ دەبێت}، واتە لە بەهەشت، جگە لەوانەی ئاماژەیان پێکراوە. وەك ابن كثير لە تفسير القران العظيم، دەڵێت واتە:

وە لەوانە زیاتریشتان پێ دەدەم.

{نَصْرٌ مِّنَ اللَّهِ وَفَتْحٌ قَرِيبٌ}، سەرکەوتن لە اللهوە، وە کرانەوە و دەستبەسەرداگرتنی مەککە.

ئایەتی ١٤

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا أَنصَارَ اللَّهِ كَمَا قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ لِلْحَوَارِيِّينَ مَنْ أَنصَارِي إِلَى اللَّهِ قَالَ الْحَوَارِيُّونَ نَحْنُ أَنصَارُ اللَّهِ فَآمَنَت طَّائِفَةٌ مِّن بَنِي إِسْرَائِيلَ وَكَفَرَت طَّائِفَةٌ فَأَيَّدْنَا الَّذِينَ آمَنُوا عَلَىٰ عَدُوِّهِمْ فَأَصْبَحُوا ظَاهِرِينَ

دەڵێت:

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، ببن بە پشتتیوانی الله هەروەك عیسای کوڕی مەریەم بە خوێندکارەکانی گوت: کێ پشتیوانم دەبێت بۆ لای الله ، خوێندکارەکانی گوتیان: ئێمە پشتیوانی اللهین، جا دەستەیەك لە نەوەکانی ئیسرائیل باوەڕیان

هێنا و دەستەیەك باوەڕیان نەهێنا، جا پشتیوانیمان لەوانە کرد کە باوەڕیان هێنا بەسەر دوژمنەکانیان، جا زاڵ بوون.

واتە: عیسا کوڕی مەریەم بە خوێندکارەکانی گوت:

کێ پشتیوانم دەبێت بۆ الله؟ خوێندکارەکانی گوتیان: ئێمە پشتیوانی اللهین.

جا دەستیەکەك لە یەهوودیەکان باوەڕیان هێناو دەستەیەك باوەڕیان نەهێنا.

جا ئەوانەمان بەسەر دوژمنەکانیان سەرخست کە باوەڕیان هێنا و زاڵمان کردن.

کۆتایی سوورەتەکە.

ژماره (١١٠)

سوورەتی الجمعة (گردبوونەوە)

١-يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ الْمَلِكِ الْقُدُّوسِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ

هەرچییەك لە ئاسمانەكان و هەرچییەك لە زەوییە بۆ الله، پادشاكە پیرۆزەكە باڵادەستەكە ژیرمەندەكە ستایش دەكات.

٢-هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولا مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا مِن قَبْلُ لَفِي ضَلالٍ مُّبِينٍ

ئەوە، كە لە گەلەكان پێغەمبەرێكی لە خۆیان بۆ ناردن، ئایەتەكانی ئەوی بەسەریاندا دەخوێنێتەوە و پاكیان دەكاتەوە و فێرە نووسین و ژیرمەندییان دەكات، لەگەڵ ئەوەش كە لە پێشوو لە گومڕاییەكی ڕووندا بوون.

٣-وَآخَرِينَ مِنْهُمْ لَمَّا يَلْحَقُوا بِهِمْ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ

وە ئەوانیتر لە خۆیان كاتێك پەیوەست دەبن پێیانەوە، وە هەر ئەو باڵادەستە ژیرمەندەكەیە.

٤-ذَلِكَ فَضْلُ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَاءُ وَاللَّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ

ئەوە چاكەی اللەیە دەیدات بە كەسێك كە خۆی بیەوێت، وە الله خاوەن چاكەی مەزنە.

٥-مَثَلُ الَّذِينَ حُمِّلُوا التَّوْرَاةَ ثُمَّ لَمْ يَحْمِلُوهَا كَمَثَلِ الْحِمَارِ يَحْمِلُ أَسْفَارًا بِئْسَ مَثَلُ الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِ اللَّهِ وَاللَّهُ لا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ

نموونەی ئەوانەی تەوراتیان هەڵگرت، ئینجا هەڵیان نەگرت، وەك نموونەی كەرێكە كە پەرتووك هەڵدەگرێت، ئەوە خراپترین نموونەیەی خەڵكانێكە كە نكۆڵیان لە ئایەتەكانی الله كرد، وە الله هیدایەتی خەڵكانێكی ستەمكار نادات.

٦-قُلْ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ هَادُوا إِن زَعَمْتُمْ أَنَّكُمْ أَوْلِيَاء لِلَّهِ مِن دُونِ النَّاسِ فَتَمَنَّوُا الْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ

بڵێ ئەی ئەوانەی یەهوودین ئەگەر وەك خۆتان دەڵێن تەنها ئێوە دۆستی اللەن، جگە لە خەڵکانی دیکە، ئەوە خۆزگەی مەرگ بکەن ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن.

٧-وَلا يَتَمَنَّوْنَهُ أَبَدًا بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمِينَ

وە هەرگیز خۆزگەی ناکەن بە هۆی ئەوەی بەدەستیان هێناوە، وە اللە بە ستەمکاران دەزانێت.

٨-قُلْ إِنَّ الْمَوْتَ الَّذِي تَفِرُّونَ مِنْهُ فَإِنَّهُ مُلاقِيكُمْ ثُمَّ تُرَدُّونَ إِلَى عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ

بڵێ ئەو مەرگەی ئێوە لێی ڕادەکەن، هەر تووشتان دەبێت، ئینجا دەگێڕدرێنەوە بۆ لای زانای نادیار و دیار و پێتان ڕادەگەیەنێت بەو کارانەی دەتانکرد.

٩-يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نُودِي لِلصَّلاةِ مِن يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْا إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ وَذَرُوا الْبَيْعَ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ

ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە کاتێك بانگ دەکرێت بۆ نوێژکردن لە ڕۆژی هەینی ئەوە بڕۆن بۆ یادکردنەوەی اللە و دەستبەرداری کڕین و فرۆشتن بن، ئەوەیان چاکترە بۆ ئێوە ئەگەر بزانن.

١٠-فَإِذَا قُضِيَتِ الصَّلاةُ فَانتَشِرُوا فِي الأَرْضِ وَابْتَغُوا مِن فَضْلِ اللَّهِ وَاذْكُرُوا اللَّهَ كَثِيرًا لَّعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ

جا کاتێك نوێژ تەواو بوو، ئەوە بڵاوببنەوە لە خاکەکە، و لە چاکەی اللە بەدەست بێنن، وە زۆر یادی اللە بکەنەوە بەڵکو ڕزگارتان دەبێت.

١١-وَإِذَا رَأَوْا تِجَارَةً أَوْ لَهْوًا انفَضُّوا إِلَيْهَا وَتَرَكُوكَ قَائِمًا قُلْ مَا عِندَ اللَّهِ خَيْرٌ مِّنَ اللَّهْوِ وَمِنَ التِّجَارَةِ وَاللَّهُ خَيْرُ الرَّازِقِين

وە کاتێك بازرگانیەك یان ڕابواردنێك دەبینن دەچن بۆ لای و تۆ بە وەستاوی جێدەهێڵن، بڵێ ئەوەی لای اللەیە چاکترە لە ڕابواردن و بازرگانی، وە اللە چاکترینی ڕزقدەرەکانە.

شرۆڤە و تێبینی

ئەم سوورەتە ناونراوە {الجمعة}، چونكە لە ئایەتی ٩ ئەم سوورەتە ئاماژە بە وشەی {الجمعة} كراوە، وەك دەڵێت:

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نُودِي لِلصَّلاةِ مِن يَوْمِ الْجُمُعَةِ

القرطبی لە الجامع لاحكام القران و ابن كثير لە تفسير القران العظيم دەڵێن، ئەم سوورەتە لە مەدینە دابەزیووە.

لە صحیح مسلم ڕیوایەتێك هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی:

خَيْرُ يَوْمٍ طَلَعَتْ عَلَيْهِ الشَّمْسُ يَوْمُ الْجُمُعَةِ ، فِيهِ خُلِقَ آدَمُ ، وَفِيهِ أُدْخِلَ الْجَنَّةَ ، وَفِيهِ أُخْرِجَ مِنْهَا ، وَلَا تَقُومُ السَّاعَةُ إِلَّا فِي يَوْمِ الْجُمُعَةِ

چاكترین ڕۆژ كە خۆر بە سەریدا هەڵاتووە ڕۆژی هەینییە، وە تیایدا ئادەم دروستكراوە و تیایدا چۆتە بەهەشتەوە و تیایدا لە بەهەشت دەركراوە، وە قیامەت هەڵناستێت تەنها لە ڕۆژی هەینی نەبێت.

ئایەتی ١

يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ الْمَلِكِ الْقُدُّوسِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ

دەڵێت:

هەرچییەك لە ئاسمانەكان و هەرچییەك لە زەوییە بۆ الله، پادشاكە پیرۆزەكە باڵادەستەكە ژیرمەندەكە ستایش دەكات.

{الْمَلِكِ}، پادشاكە، {الْقُدُّوسِ}، پیرۆزەكە، {الْعَزِيزِ}، باڵادەستەكە، {الْحَكِيمِ}، داناكە، چوار ناون لە ناوە جوانەكانی الله.

الطبری لە جامع البيان دەڵێت: {الْقُدُّوسِ}، واتە پاك لە هەموو ئەو شتانەی موشریكەكان دەیدەنە پاڵ.

وە ابن كثير لە تفسير القران العظيم دەڵێت، پاك و بە دەر لە هەموو كەموكوڕییەك.

ئایەتی ٢

هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا مِن قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ

دەڵێت:

ئەوە، کە لە گەلەکان پێغەمبەرێکی لە خۆیان بۆ ناردن، ئایەتەکانی ئەوی بەسەریاندا دەخوێنێتەوە و پاکیان دەکاتەوە و فێرە نووسین و ژیرمەندییان دەکات، لەگەڵ ئەوەش کە لە پێشوو لە گومڕاییەکی ڕووندا بوون.

لە چەند بەشێکی ئەم پەرتووکە بە بەڵگەوە سەلماندمان کە بە گوێرەی قورئان و سەرچاوە ئیسلامیەکان، محمد خوێندەوار بووە.

وەك ئایەتی ٤٨ سوورەتی العنکبوت.

وە هەروەها سەلماندمان کە وشەی {الْأُمِّيِّينَ}، بە مانای (نەخوێنەوارەکان) نایەت، بەڵکو بە مانای (گەلان) دێت، وە {النَّبِيَّ الْأُمِّيَّ}، کە لە ئایەتی ١٥٧ الاعراف هاتووە، بە مانای (پێغەمبەری نەخوێنەوار) نایەت، بەڵکو بەمانای پێغەمبەری گەلێك دێت کە پێشووتر پەرتووکی ئاسمانیان بۆ دانەبەزیوە.

وە بۆ زیاتر سەلماندنی ئەم ڕاستیە چەند بەڵگەیەك دەخەینە ڕوو:

یەکەم:

{الْأُمِّيِّينَ}، ئەگەر شەدەکەی سەر پیتی {م} لابەرین ئەوە وشەکە دەبێت بە {الامميين}، واتە {الأمم}، واتە گەلان. وە بەهەمان شێوە {النَّبِيَّ الْأُمِّيَّ} ئەگەر شەدەکە لابەرین دەبینین کە {الأممي}یە ، واتە پێغەمبەری گەلان.

دووەم:

{الأممين} و {الأممي}، چەمکێکن کە جووەکان بەرامبەر بە میللەتانی نایەهوودی بەکاریان هێناوە، هەروەك چۆن عەرەب بە هەموو میللەتێکی ناعەرەب دەڵێت {الأعجم} و {الأعجمي}، واتە عەجەم.

سێهەم:

{الْأُمِّيِّينَ، واتە الأممين} بە میەتێك دەگوترێت کە ئاشنایەتیان نەبێت بە پەرتووکە ئاسمانەکانیان، هەروەك کۆتایی ئەم ئایەتە دەڵێت:

وَإِن كَانُوا مِن قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ

لەگەڵ ئەوەش (عەرەب) لە پێشوودا لە گومڕاییەکی ڕووندا بوون.

واتە پێشوو پەرتووکی ئاسمانیان بۆ دانەبەزیبوو، وە ئاشنایەتیان نەبوو بە پەرتووکە ئاسمانیەکان.

وەك ئایەتی ١٥٥-١٥٧ سوورەتی الانعام دەڵێت:

وَهَذَا كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ مُبَارَكٌ فَاتَّبِعُوهُ وَاتَّقُواْ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ

أَن تَقُولُواْ إِنَّمَا أُنزِلَ الْكِتَابُ عَلَى طَائِفَتَيْنِ مِن قَبْلِنَا وَإِن كُنَّا عَن دِرَاسَتِهِمْ لَغَافِلِينَ

أَوْ تَقُولُواْ لَوْ أَنَّا أُنزِلَ عَلَيْنَا الْكِتَابُ لَكُنَّا أَهْدَى مِنْهُمْ

واتە:

وە ئەم پەرتووکەی دامانابەزاندووە پیرۆزە، جا شوێنکەوتەی بن و خۆپارێزن، بەڵکو ڕەحمتان پێ دەکرێت.

نەکەن بڵێن بەر لە ئێمە پەرتووك بۆ سەر دوو کۆمەڵدا دابەزیوە، وە ئێمە لە خوێندنەوەیان غافل بووین.

یان بڵێن ئەگەر پەرتووکێك بۆ سەر ئێمە دابەزیایە، ئەوە بە دڵنیاییەوە ئێمە لەوان چاکتر ڕاستەڕێ دەبووین.

ئەم ٣ ئایەتە دەڵێن: ئەوە قورئانمان بۆ ئێوەی عەرەب دابەزاند، جا پیادەی بکەن و خۆپارێزبن، جا نەکەن بڵێن ئینجیل و تەورات بۆ سەر مەسیحی و یەهوودی دابەزی، بەڵام ئێمە لە خوێندنەوەیان و دیراسەکردنیان بێ ئاگا بووین، یان بڵێن ئەگەر پەرتووکێك بۆ ئێمە دابەزیایە، ئەوە لەوان چاکتر هیدایەت دەدراین.

ئەم ٣ ئایەتە پێمان دەڵێت: کە {الْأُمِّيِّينَ} بە مانای نەخوێنەوار نایەت، بەڵکو بەمانای میللەتێك دێت کە ئاشنا نییە بە پەرتووکی ئاسمانی و پەرتووکی ئاسمانی بۆ دانەبەزیوە. وە بەشێك لەم ٣ ئایەتە دەڵێت:

وَإِن كُنَّا عَن دِرَاسَتِهِمْ لَغَافِلِينَ

وە ئێمە لە خوێندنەوە و دیراسەکردنی تەورات و ئینجیل بێئاگاین.

چۆن میللەتێکی نەخوێنەوار دەتوانێت دیراسەی پەرتووك بکات و بخوێنێتەوە!

چوارەم:

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

ابن عباس گوتوویەتی:

الْأُمِّيُّونَ الْعَرَبُ كُلُّهُمْ ، مَنْ كَتَبَ مِنْهُمْ وَمَنْ لَمْ يَكْتُبْ ، لِأَنَّهُمْ لَمْ يَكُونُوا أَهْلَ كِتَابٍ

{الْأُمِّيُّونَ}، گشت عەرەب دەگرێتەوە، ئەوەی دەزانێت بنووسێت، وە ئەوەی نازانێت بنووسێت، چونکە عەرەب ئەهلی پەرتووك (پەرتووکی ئاسمانی) نەبوون.

وە سەبارەت بە {وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ- فێرە نووسینیان بکات}:

ابن عباس گوتوویەتی {الْكِتَابُ}: الْخَطُّ بِالْقَلَمِ، واتە (نووسین بە پێنووس)

واتە، وە محمدمان ناردووە بۆ ئەوەی فێرە نووسینتان بکات.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

{وَالْأُمِّيُّونَ}: هُمُ الْعَرَبُ. واتە (عەرەبن). بۆ عەرەبن؟ وەك قتادة گوتوویەتی:

لَيْسَ فِيهَا كِتَابٌ يَقْرَءُونَهُ ، فَبَعَثَ اللَّهُ نَبِيَّهُ مُحَمَّدًا رَحْمَةً وَهُدًى يَهْدِيهِمْ بِهِ

چونکە پەرتووکی ئاسمانیان نەبوو بخوێننەوە، جا الله محمدی وەك ڕەحمەت و هیدایەت بۆ ناردن، بۆ هیدایەتکردن.

وە ابن زید گوتوویەتی:

إِنَّمَا سُمِّيَتْ أُمَّةُ مُحَمَّدٍ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ الْأُمِّيِّينَ ، لِأَنَّهُ لَمْ يُنَزِّلْ عَلَيْهِمْ كِتَابًا

ناو لە میللەتی محمد صلعم نراوە {الْأُمِّيِّينَ}، چونکە پێشوو پەرتووکیان بۆ دانەبەزیبوو.

وە چەندەها بەڵگەی سونە هەیە دەیسەلمێنن کە محمد خوێنەوار بووە.

کەواتە ئەم ئایەتە دەڵێت:

الله بوو کە لە عەرەب پێغەمبەرێکی لە خۆیان بۆ ناردن، بۆ ئەوەی قورئانیان بۆ بخوێنێتەوە و لە گوناهی شرك و بتپەرستی پاکیان بکاتەوە و فێرە نووسین و حیکمەتیان بکات، لەگەڵ ئەوەش لە ڕابردوو لە گومڕاییەکی ڕووندا بوون.

وە ئەم ئایەتە وەك زۆرێك لە ئایەتەکانی دیکە دەیسەلمێنێت کە محمد تەنها بۆ عەرەب نێردراوە، وەك دەڵێت: {رَسُولا مِّنْهُمْ}، پێغەمبەرێك لە خۆیان. واتە لە عەرەب.

ئایەتی ٣

وَآخَرِينَ مِنْهُمْ لَمَّا يَلْحَقُوا بِهِمْ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ

وە ئەوانیتر لە خۆیان کاتێك پەیوەست دەبن پێیانەوە، وە هەر ئەو باڵادەستە ژیرمەندەکەیە.

واتە:

{وَآخَرِينَ مِنْهُمْ}، وە ئەوانی دواتر کە لە خۆیانن، واتە عەرەبن، {لَمَّا يَلْحَقُوا بِهِمْ}، کاتێك پەیوەست دەبن پێیانەوە.

واتە نەوەکانی داهاتوو لە عەرەب کاتێك پەیوەست دەبن بە ئیسلامەوە.

ابن الجوزی لە زاد المسیر، سەبارەت بە: {وَآخَرِينَ مِنْهُمْ} دەڵێت، چوار وتەوت هەیە:

یەکەم: عەجەمن (ابن عمر و سعید بن جبیر و مجاهد).

دووەم: تابعین: ئەو ئیماندارانەی لە دوای محمد لە دایك بوون و چاویان بە یاوەرەکان کەوتووە، (عکرمة و مقاتل).

سێهەم: گشت ئەوانەن دێنە ناو ئیسلامەوە تاوەکو ڕۆژی قیامەت، (مجاهد).

چوارەم: منداڵەکانن (الماوردی).

تێڕوانینی الماوردی ڕاستە، چونکە عەجەم عەرەب نین، وە ئایەتەی پێشوو دەڵێت، محمد عەرەبە و بۆ عەرەب نێردراوە. وە ئەم ئایەتە دەڵێت:

لَمَّا يَلْحَقُوا بِهِمْ

کاتێك پەیوەست دەبن پێیانەوە، واتە کاتیك وەك دایك و باوکیان و باقی عەرەب دەبن بە موسڵمان.وەك القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

لە سەردەمیان نەژیاون و دواتر دێن.

ئایەتی ٤

ذَٰلِكَ فَضْلُ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَاءُ وَاللَّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ

دەڵێت:

ئەوە چاکەی اللّٰەیە دەیدات بە کەسێك کە خۆی بیەوێت، وە اللّٰە خاوەن چاکەی مەزنە.

واتە:

ئەو پێغەمبەرایەتیەی بە محمدمان دا، چاکەیەکە لە لایەن اللّٰەوە، وە اللّٰە بە کەیفی خۆی دەکات و هەر کەسێك خۆی بیەوێت، ئەوە چاکەی پێی دەدات، وە اللّٰە خاوەن چاکەی مەزنە.

ئایەتی ٥

مَثَلُ الَّذِينَ حُمِّلُوا التَّوْرَاةَ ثُمَّ لَمْ يَحْمِلُوهَا كَمَثَلِ الْحِمَارِ يَحْمِلُ أَسْفَارًا بِئْسَ مَثَلُ الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِ اللَّهِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، سووکایەتی بە جووەکان دەکات و دەڵێت:

نموونەی ئەوانەی تەوراتیان هەڵگرت، ئینجا هەڵیان نەگرت، وەك نموونەی کەرێکە کە پەرتووك هەڵدەگرێت، ئەوە خراپترین نموونەیەی خەڵکانێکە کە نکۆڵیان لە ئایەتەکانی اللّٰە کرد، وە اللّٰە هیدایەتی خەڵکانێکی ستەمکار نادات.

واتە:

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام بە پیاوانی ئاینی یەهوودی دەڵێت، ئێوە وەك کەرێکن کە چەندەها پەرتووکی هەڵگرتووە، وەك چۆن کەرەکە نازانێت چی هەڵگرتووە، وە ئێوەش تەوراتتان هەڵگرتووە، بەڵام پابەندی ئەحکام و فەریزەکانی نابن.

وەك القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

{ثمَّ لَمْ يَحْمِلُوهَا- ئینجا هەڵیان نەگرت}، واتە کاریان بە تەورات نەکرد.

ئینجا هەر خۆی دەڵێت:

بِئْسَ مَثَلُ الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِ اللَّهِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ

ئەوە خراپترین نموونەی خەڵکانێکە کە نکۆڵیان لە ئایەتەکانی الله کردووە، واتە بڕوایان بە محمد و قورئان نەهێناوە، وە الله هیدایەتی خەڵکانێکی ستەمکار نادات.

لە ڕاستیدا ئەم نموونەیە لە سەر موسڵمانان جێبەجێ دەبێت، چونکە موسڵمان بڕوای بە قورئانێك هەیە، بەڵام نازانێت ناوەڕۆكی ئەم قورئانە چییە، واتە وەك کەرێك وایە کە بارێکی هەڵگرتووە بەڵام نازانێت بارەکە چییە. واتە دەکرێت ئەم ئایەتە بەم شێوەیەی لێ بکرێت:

مَثَلُ الَّذِينَ حُمِّلُوا الْقُرْآنَ ثُمَّ لَمْ يَحْمِلُوهَا كَمَثَلِ الْحِمَارِ يَحْمِلُ أَسْفَارًا

واتە: نموونەی ئەوانەی قورئانیان هەڵگرت، ئینجا هەڵیان نەگرت، وەك کەرێکە کە پەرتووك هەڵدەگرێت.

ئایەتی ٦

قُلْ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ هَادُوا إِن زَعَمْتُمْ أَنَّكُمْ أَوْلِيَاءُ لِلَّهِ مِن دُونِ النَّاسِ فَتَمَنَّوُا الْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

بڵێ ئەی ئەوانەی یەهوودین ئەگەر وەك خۆتان دەڵێن تەنها ئێوە دۆستی اللەن، جگە لە خەڵکانی دیکە، ئەوە خۆزگەی مەرگ بکەن ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن.

واتە:

ئەی محمد بە جووەکانی مەدینە بڵێ ئەگەر ڕاست دەکەن ئێوە دۆستی اللەن، ئەوە خۆزگەی مەرگ بکەن.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

یەهوودیەکان دەیانگوت ئێمە ڕۆڵە و خۆشەویستی خوداین.

وە ئەم ئایەتە بە شێوەیەکی دیکە لە ئایەتی ٩٤ سوورەتی البقرة هاتووە کە دەڵێت:

قُلْ إِن كَانَتْ لَكُمُ الدَّارُ الْآخِرَةُ عِندَ اللَّهِ خَالِصَةً مِّن دُونِ النَّاسِ فَتَمَنَّوُا الْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ

ئەی محمد بڵێ ئەی جووەکان، ئەگەر لای الله ماڵی ئاخیرەت (بەهەشت) تەنها بۆ ئێوەیە جگە لە خەڵك، ئەوە خۆزگەی مەرگ بکەن ئەگەر ڕاستگۆن.

لە ڕاستیدا {احباء و ابناء الله} چەمکێکی لاهووتیە و لە پەرتووکی پیرۆز بە هەردووك پەیمانەکەی هاتووە. ئیسلام دەڵێت {عبد}الله، بەڵام پەرتووکی پیرۆز دەڵێت {ابن}الله. جا نازانم بۆ دەبێت کێشەیەك لەوەدا هەبێت، {ابن- ڕۆڵە} بەو مانایە نییە کە موسڵمان تێیگەیشتووە، بە مانای ئەوەی الله لەگەڵ ژنێك جوت بووبێت و کوڕی بووبێت.

ئەوە چەمکێکی لاهووتی پەرتوکی پیرۆزە لە بەشێکی پێشووی ئەم پەرتووکە ئاماژەم پێکردووە، وە بە پێویستی نازانم دووبارەی بکەمەوە.

ئایەتی ٧

وَلَا يَتَمَنَّوْنَهُ أَبَدًا بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمِينَ

دەڵێت:

وە هەرگیز خۆزگەی ناکەن بە هۆی ئەوەی بەدەستیان هێناوە، وە الله بە ستەمکاران دەزانێت.

واتە:

جووەکان هەرگیز خۆزگەی مەرگ ناکەن، چونکە کاروکردەوەکانیان باش و چاك نییە.

کەواتە: کاتێك جووەکان خۆزگەی مەرگ ناکەن، لەبەر ئەوە نییە کە ڕۆڵە و خۆشەویستی الله نین، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کاری چاکیان نەکردووە.

القرطبی لە الجامع لاحكام القران دەڵێت، کاتێك ئەم ئایەتە دابەزی پێغەمبەر گوتی:

وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ لَوْ تَمَنَّوُا الْمَوْتَ مَا بَقِيَ عَلَى ظَهْرِهَا يَهُودِيٌّ إِلَّا مَاتَ

سوێند بەوەی گیانی محمدی بەدەستە، ئەگەر خۆزگەی مەرگیان بکردایە، ئەوە لەسەر پشتی زەوی یەهوودیەك نەدەما و هەموویان دەمردن.

ئەم فەرموودەیە زۆر گاڵتەجاریە: ئەگەر کەسێك خۆزگەی مەرگ بکات بۆ دەبێت کەسانی تر بە خۆزگەی ئەو بمرن؟!

وە ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت، لە مسند احمد و صحیح البخاری و سنن النسائی ڕیوایەتێك هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی:

وَلَوْ أَنَّ الْيَهُودَ تَمَنَّوُا الْمَوْتَ لَمَاتُوا وَرَأَوْا مَقَاعِدَهُمْ مِنَ النَّارِ

ئەگەر جووەکان خۆزگەی مەرگیان بکردایە، ئەوە دەمردن و جێگای خۆیان لە ئاگر دەبینی.

ئایەتی ٨

قُلْ إِنَّ الْمَوْتَ الَّذِي تَفِرُّونَ مِنْهُ فَإِنَّهُ مُلَاقِيكُمْ ثُمَّ تُرَدُّونَ إِلَىٰ عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

بڵێ ئەو مەرگەی ئێوە لێی ڕادەکەن، هەر تووشتان دەبێت، ئینجا دەگێڕدرێنەوە بۆ لای زانای نادیار و دیار و پێتان ڕادەگەیەنێت بەو کارانەی دەتانکرد.

واتە:

ئەی محمد بەو یەهوودیانە بڵێ ئەو مەرگەی لێیەوە ڕادەکەن هەر یەخەتان دەگرێت، ئینجا لە دوای مەرگ دەگێڕدرێنەوە بۆ الله کە بە نادیار و دیار دەزانێت، ئینجا پێتان ڕادەگەیەنرێت لە دونیا چ کارێکتان دەکرد.

ئایەتی ٩

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَاةِ مِن يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْا إِلَىٰ ذِكْرِ اللَّهِ وَذَرُوا الْبَيْعَ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ

دەڵێت:

ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە کاتێك بانگ دەکرێت بۆ نوێژکردن لە ڕۆژی هەینی ئەوە بڕۆن بۆ یادکردنەوەی الله و دەستبەرداری کڕین و فرۆشتن بن، ئەوەیان چاکترە بۆ ئێوە ئەگەر بزانن.

واتە:

ئەی موسڵمانان کاتێك لە ڕۆژانی هەینی بانگ دەدرێت بۆ نوێژکردن، ئەوە بڕۆن بۆ یادکردنەوەی الله و دەستبەرداری کڕین و فرۆشتن بن.

الطبری لە جامع البيان دەڵێت:

عمر بن الخطاب و ابن مسعود و أبي العالية، دەیانخوێندەوە: {إِذَا نُودِيَ لِلْصَّلاةِ مِنْ يَوْمِ الجُمْعَةِ فَامْضُوْا إِلَى ذِكْرِ اللهِ}، نەك {فَاسْعَوْا}، وە لە جیاتی {الْجُمُعَةِ}، دەیاخوێندەوە: { الجُمْعَةِ}.

وە دەڵێت عبدالله بن مسعود، دەیخوێندەوە: {فَامْضُوا إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ} وَيَقُولُ : لَوْ قَرَأْتُهَا : فَاسْعَوْا ، لَسَعَيْتُ حَتَّى يَسْقُطَ رِدَائِي

وە دەیگوت ئەگەر خوێندمەوە {فَاسْعَوْا}، ئەوە دەڕۆم و دەڕۆم تاوەکو کەواکەم دەکەوێت.

القرطبی له الجامع لاحكام القران دەڵێت:

عَبْدُ اللَّهِ بْنُ الزُّبَيْرِ وَالْأَعْمَشُ، وە هەندێکی دیکە، لە جیاتی {الْجُمُعَةِ}، دەیانخوێنەوە: {الْجُمْعَةِ}.

وە دەڵێت الفراء دەیگوت:

دەگوترێت: {الْجُمْعَةُ} و {الْجُمُعَةُ} و {الْجَمْعَةُ}، واتە خەڵك كۆدەبنەوە.

وە دەڵێت:

كَعْبُ بْنُ لُؤَيٍّ ، وَكَانَ أَوَّلَ مَنْ سَمَّى الْجُمُعَةَ جُمُعَةً . وَكَانَ يُقَالُ لِيَوْمِ الْجُمُعَةِ : الْعَرُوبَةُ

کەعب کوڕی لوئەی (باپیرەی دووەمی عبدالمطلب)، ناوی لەو ڕۆژە ناوە {جُمُعَةً}، وە پێی دەگوترا {الْعَرُوبَةُ}، ڕۆژی عەرەبایەتی.

بەڵام ابن سيرين گوتوویەتی، خەڵکی مەدینە ناوی {العروبة}یان گۆڕی بۆ ڕۆژی {الجمعة}، چونکە گوتیان یەهوودیەکان ڕۆژێکیان هەیە تیایدا كۆدەبنەوە کە ڕۆژی شەمەیە، وە مەسیحیەکان ڕۆژێکیان هەیە تیایدا كۆدەبنەوە کە ڕۆژی یەکشەممەیە، ئەوە بوو ڕۆژی هەینیان ناونا {الجمعة}. وەك دەڵێت:

فَاجْعَلُوهُ يَوْمَ الْعَرُوبَةِ . فَاجْتَمَعُوا إِلَى أَسْعَدَ بْنِ زُرَارَةَ فَصَلَّى بِهِمْ يَوْمَئِذٍ رَكْعَتَيْنِ وَذَكَّرَهُمْ ، فَسَمَّوْهُ يَوْمَ الْجُمُعَةِ حِينَ اجْتَمَعُوا. فَهَذِهِ أَوَّلُ جُمُعَةٍ فِي الْإِسْلَامِ

ئەوە بوو ڕۆژی {العربة}یان کرد بە ڕۆژی {الجمعة}، وە لای أسعد بن زرارة کۆبوونەوە و دوو رکعەت نوێژی پێیان کرد و ناویان لەو ڕۆژە نا ڕۆژی {الجمعة}، وە ئەمە یەکەم جمعة بوو لە ئیسلام.

ئەی بانگدان و شێوازی بانگدان لە وەحی اللهیە؟ نەخێر. لە سنن ابوداود و سنن ابن ماجة و جامع الترمذی و مسند احمد هاتووە، عبد الله بن زید بن عبد ربە گوتوویەتی:

لَمَّا أَمَرَ رَسُولُ اللَّهِ بِالنَّاقُوسِ يُعْمَلُ ; لِيُضْرَبَ بِهِ لِلنَّاسِ لِجَمْعِ الصَّلَاةِ ، طَافَ بِي وَأَنَا نَائِمٌ رَجُلٌ يَحْمِلُ نَاقُوسًا فِي يَدِهِ ، فَقُلْتُ : يَا عَبْدَ اللَّهِ ! أَتَبِيعُ النَّاقُوسَ ؟ قَالَ : وَمَا تَصْنَعُ بِهِ ؟ قُلْتُ : نَدْعُو بِهِ إِلَى الصَّلَاةِ . قَالَ: أَفَلَا أَدُلُّكَ عَلَى مَا هُوَ خَيْرٌ مِنْ

ذَلِكَ ؟ فَقُلْتُ لَهُ: بَلَى. قَالَ: فَقَالَ: تَقُولَ : اللَّهُ أَكْبَرُ ، إِلَى آخِرِهِ ، وَكَذَا الْإِقَامَةُ فَلَمَّا أَصْبَحْتُ ، أَتَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ، فَأَخْبَرْتُهُ بِمَا رَأَيْتُ . فَقَالَ : (إِنَّهَا لَرُؤْيَا حَقٌّ إِنْ شَاءَ اللَّهُ ، فَقُمْ مَعَ بِلَالٍ ، فَأَلْقِ عَلَيْهِ مَا رَأَيْتَ فَلْيُؤَذِّنْ بِهِ ، فَإِنَّهُ أَنْدَى صَوْتًا مِنْكَ) . فَقُمْتُ مَعَ بِلَالٍ ، فَجَعَلْتُ أُسَمِّعُهُ عَلَيْهِ وَيُؤَذِّنُ بِهِ . قَالَ فَسَمِعَ بِذَلِكَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ ، وَهُوَ فِي بَيْتِهِ ، فَخَرَجَ يَجُرُّ رِدَاءَهُ يَقُولُ : يَا رَسُولَ اللَّهِ ! وَالَّذِي بَعَثَكَ بِالْحَقِّ لَقَدْ رَأَيْتُ مِثْلَ مَا أَرَى . فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : (فَلِلَّهِ الْحَمْدُ)

کاتێك پێغەمبەری الله فەرمانی کردن کە زەنگوڵ بۆ کۆکردنەوەی خەڵك بۆ نوێژکردن لێ بدرێت، شەوێك خەوتبوون و خەونێکم بینی، کەسێك لە خەونمدا زەنگوڵی بەدەستەوە بوو، پێم گوت: ئەو زەنگوڵە دەفرۆشیت؟ گوتی جا چی پێدەکەیت؟ گوتم بۆ بانگکردنی خەڵك بۆ نوێژکردن، گوتی شتێکی چاکترت پێ بڵێم؟ گوتم بەڵێ، گوتی: بڵێ الله اکبر الله اکبر، هتد، کاتێك بەیانی بۆوە هاتم بۆ لای پێغەمبەر و پێم گوت، گوتی ئەو خەونەت هەقە، هەڵسە بڕۆ لەگەڵ بیلال بوەستە، وە پێی بڵێ کە چی بڵێت، دەڵێت: هەڵسام لەگەڵ بیلال و پێم گوت چی بڵێت. عومەری کوڕی خەتاب لە ماڵەوە گوێی لێ بوو بە خێرایی هات و کەواکەی لە دوای خۆیەوە ڕادەکێشا و گوتی: ئەی پێغەمبەری الله، سوێند بەوەی تۆی بە هەق ناردووە، منیش هەمان خەونم بینی، پێغەمبەر گوتی ستایش و سوپاس بۆ الله.

واتە: کەسێك خەونی بینیوە لە خەونەکەی پیاوێکی بینیوە زەنگوڵی شەیتانی پێ بووە، یان دەکرێت شەیتان بووبێت، بە عبد الله بن زیدی گوتووە کە لە کاتی بانگدان چی بڵێت، وە ئەوە ١٤ سەدەیە دەگوترێت و دەگوترێتەوە.

بۆ گوتم شەیتان بووە؟ چونکە لە صحیح مسلم ڕیوایەتێك هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی:

الْجَرَسُ مَزَامِيرُ الشَّيْطَانِ

زەنگوڵ ئامێری شەیتانە.

وە ئەو کەسەی کە هاتۆتە خەونی عبداللە بن زید زەنگوڵی پێبووە، وە ئەو بە عبداللەی گوتووە: بەم شێوازە بانگ بدرێت کە ئێستا لە مزگەوتەکان بانگ دەدرێت.

ئایەتی ١٠

فَإِذَا قُضِيَتِ الصَّلَاةُ فَانتَشِرُوا فِي الْأَرْضِ وَابْتَغُوا مِن فَضْلِ اللَّهِ وَاذْكُرُوا اللَّهَ كَثِيرًا لَّعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ

دەڵێت:

جا کاتێك نوێژ تەواو بوو، ئەوە بڵاوببنەوە لە خاکەکە، و لە چاکەی الله بەدەست بێنن، وە زۆر یادی الله بکەنەوە بەڵکو ڕزگارتان دەبێت.

واتە:

کاتێك نوێژی هەینی تەواو بوو، ئەوە پەرشوبڵاوەی لێ بکەن و بڕۆن بە کەسابەتی خۆتان و زۆر یادی الله بکەنەوە.

ئایەتی ١١

وَإِذَا رَأَوْا تِجَارَةً أَوْ لَهْوًا انفَضُّوا إِلَيْهَا وَتَرَكُوكَ قَائِمًا قُلْ مَا عِندَ اللَّهِ خَيْرٌ مِّنَ اللَّهْوِ وَمِنَ التِّجَارَةِ وَاللَّهُ خَيْرُ الرَّازِقِينَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

وە کاتێك بازرگانیەك یان ڕابواردنێك دەبینن دەچن بۆ لای و تۆ بە وەستاوی جێدەهێڵن، بڵێ ئەوەی لای اللەیە چاکترە لە ڕابواردن و بازرگانی، وە الله چاکترینی ڕزقدەرەکانە.

واتە:

ئەی محمد کاتێك تۆ لەسەر مینبەر وەستاویت و وتار پێشکەش دەکەیت، ئەگەر بازرگانیەك و کڕین و فرۆشتنێك ببینن، یان ڕابواردن و بەزم و ڕەزمێك ببینن، ئەوە تۆ جێدەهڵێن و دەچن بۆ لای بازرگانەکە، یان ڕابواردنەکە.

هۆکاری دابەزین:

الواحدی له اسباب النزول و القرطبی له الجامع لاحكام القران و الطبری له جامع البيان و ابن كثير له تفسير القران العظيم، ئاماژه به ڕیوایەتێك دەكەن كه له صحيح مسلم و صحيح البخاری هاتووه، جابر بن عبدالله گوتوویەتی:

أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ يَخْطُبُ قَائِمًا يَوْمَ الْجُمُعَةِ ، فَجَاءَتْ عِيرٌ مِنَ الشَّامِ فَانْفَتَلَ النَّاسُ إِلَيْهَا حَتَّى لَمْ يَبْقَ إِلَّا اثْنَا عَشَرَ رَجُلًا، فَأُنْزِلَتْ هَذِهِ الْآيَةُ الَّتِي فِي الْجُمُعَةِ : وَإِذَا رَأَوْا تِجَارَةً أَوْ لَهْوًا انْفَضُّوا إِلَيْهَا وَتَرَكُوكَ قَائِمًا.

پێغەمبەر لەسەر مینبەر وەستابوو و له ڕۆژی هەینی وتاری پێشكەش دەكرد، كاروانێكی بازرگانی له شامەوه هات، هەرچی له مزگەوت بوو ڕۆیشت و پێغەمبەریان جێهێشت، تەنها ١٢ پیاو نەبێت، ئەوەبوو ئەم ئایەته دابەزی.

وه دەڵێت:

دحية الكلبی له شامەوه بۆ مەدینه به كاروانێكەوه گەڕایەوه، وه خەڵك به تەپڵلێدان پێشوازیان لێی كرد.

وه ڕیوایەتی جیا هاتووه كه له نێوان هەشت بۆ دوانزده پیاو له مزگەوت مانەوه لەگەڵ پێغەمبەر.

وه دەڵێت دەگێڕنەوه پێغەمبەر گوتی:

وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَوْ خَرَجُوا جَمِيعًا لَأَضْرَمَ اللَّهُ عَلَيْهِمُ الْوَادِي نَارًا

سوێند بەوەی گیانی منی بەدەسته، ئەگەر هەمووتان له مزگەوت بچوونایه دەرەوه، ئەوه الله ئەم دۆڵەی لێتان پڕ دەكرد له ئاگر.

ئەم ڕیواته چیمان پێ دەڵێت: كه كاتێك خۆشی و بەزموڕەزم له ئارادا بووه، كەس محمد و اللهی له بیر نەماوه.

كۆتایی سوورەتەكه.

ژماره (١١١)

سوورەتی الفتح (دەستبەسەراگرتن)

١-إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحًا مُّبِينًا

ئێمە سەرکەوتنێکمان بە تۆدا سەرکەوتنێکی ڕوون.

٢-لِيَغْفِرَ لَكَ اللَّهُ مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ وَيُتِمَّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكَ وَيَهْدِيَكَ صِرَاطًا مُّسْتَقِيمًا

بۆ ئەوەی الله لەو گوناهانەت خۆش بێت کە کردووتەوە و دەیانکەیت، وە چاکەکەی بەسەرتدا تەواو بکات و هیدایەتت بدات بۆ ڕێگای ڕاست.

٣-وَيَنصُرَكَ اللَّهُ نَصْرًا عَزِيزًا

وە الله سەرکەوتنێك سەرتبخات کە ببیت بە خاوەن دەسەڵات.

٤-هُوَ الَّذِي أَنزَلَ السَّكِينَةَ فِي قُلُوبِ الْمُؤْمِنِينَ لِيَزْدَادُوا إِيمَانًا مَّعَ إِيمَانِهِمْ وَلِلَّهِ جُنُودُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا

ئەو بوو ئارامی دابەزاندە ناو دڵی ئیمانداراناەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو ئیمانەی هەیانە ئیمانیان زیاد بێت، وە هەر الله خاوەنی سەربازەکانی ئاسمانەکان و زەوییە، وە الله دانا و زانا بووە.

٥-لِيُدْخِلَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَيُكَفِّرَ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ وَكَانَ ذَٰلِكَ عِندَ اللَّهِ فَوْزًا عَظِيمًا

بۆ ئەوەی پیاوان و ژنانی ئیماندار بخاتە باخاتێکەوە کە ڕووبارەکان لە ژێریەوە دەڕۆن کە هەمیشە تیایدا دەمێننەوە و گوناهەکانیان دابپۆشێت، وە ئەوە لای الله سەرکەوتنێکی مەزنە.

٦-وَيُعَذِّبَ الْمُنَافِقِينَ وَالْمُنَافِقَاتِ وَالْمُشْرِكِينَ وَالْمُشْرِكَاتِ الظَّانِّينَ بِاللَّهِ ظَنَّ السَّوْءِ عَلَيْهِمْ دَائِرَةُ السَّوْءِ وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ وَلَعَنَهُمْ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَهَنَّمَ وَسَاءَتْ مَصِيرًا

وە پیاو و ژنە دووڕووەکان و پیاو و ژنە موشریکەکان ئەشکەنجە بدات کە تێڕوانینیان بۆ اللە تێڕوانینێکی خراپە، قەوارەی خراپە دەورەیانی داوە و اللە لێیان تورە بووە و نەفرەتی لێیان کردووە، وە دۆزەخی بۆیان ئامادە کردووە کە شوێنێکی گەلەك خراپە.

٧-وَلِلَّهِ جُنُودُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا

وە اللە خاوەنی سەربازەکانی ئاسمانەکان و زەوییە، وە اللە باڵادەست و دانایە.

٨-إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ شَاهِدًا وَمُبَشِّرًا وَنَذِيرًا

لە ڕاستیدا ئێمە تۆمان ناردووە وەك شایەتێك و مژدەبەخشێك و ئاگادارکەرەوەیەك.

٩-لِتُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُ وَتُسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلًا

بۆ ئەوەی باوەڕ بە اللە و پێغەمبەرەکەی بێنن و پشتیوانی بکەن و مەزنی بکەن و بەیانیان و ئێوان پیایدا هەڵبدەن.

١٠-إِنَّ الَّذِينَ يُبَايِعُونَكَ إِنَّمَا يُبَايِعُونَ اللَّهَ يَدُ اللَّهِ فَوْقَ أَيْدِيهِمْ فَمَن نَّكَثَ فَإِنَّمَا يَنكُثُ عَلَى نَفْسِهِ وَمَنْ أَوْفَى بِمَا عَاهَدَ عَلَيْهُ اللَّهَ فَسَيُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا

ئەوانەی پەیمان بە تۆ دەدەن لە ڕاستیدا پەیمان بە اللە دەدەن، دەستی اللە لەسەر دەستەکانیانە، جا هەر کەسێك پابەند نەبێت ئەوە لە ڕاستیدا پابەند بە خۆی نابێت، وە هەر کەسێك پابەند بەوە بێت کە پەیمانی بە اللە داوە، ئەوە اللە پاداشتێکی مەزنی پێ دەدات.

١١-سَيَقُولُ لَكَ الْمُخَلَّفُونَ مِنَ الأَعْرَابِ شَغَلَتْنَا أَمْوَالُنَا وَأَهْلُونَا فَاسْتَغْفِرْ لَنَا يَقُولُونَ بِأَلْسِنَتِهِم مَّا لَيْسَ فِي قُلُوبِهِمْ قُلْ فَمَن يَمْلِكُ لَكُم مِّنَ اللَّهِ شَيْئًا إِنْ أَرَادَ بِكُمْ ضَرًّا أَوْ أَرَادَ بِكُمْ نَفْعًا بَلْ كَانَ اللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا

ئەو عەرەبە کۆچبەرانەی مابوونەوە پێت دەڵێن: سامانەکانمان و خانەوادەکانمان سەرقاڵی کردبووین، جا داوای لێبووردەیمان بۆ بکە، شتێك بە زمانەکانیان دەڵێن کە لە دڵەکانیاندا نییە، بڵێ کێ دەتوانێت بە شتێك رێگا لە الله بگرێت ئەگەر بیەوێت زیانێکتان پێ بگەیەنێت یان بیەوێت سوودێکتان پێ بگەیەنێت، بەڵکو الله ئاگادارە بەو کارانەی دەتانکرد.

١٢-**بَلْ ظَنَنتُمْ أَن لَّن يَنقَلِبَ الرَّسُولُ وَالْمُؤْمِنُونَ إِلَى أَهْلِيهِمْ أَبَدًا وَزُيِّنَ ذَلِكَ فِي قُلُوبِكُمْ وَظَنَنتُمْ ظَنَّ السَّوْءِ وَكُنتُمْ قَوْمًا بُورًا**

بەڵکو پێتان وابوو کە پێغەمبەر و ئیمانداران هەرگیز ناگەڕێنەوە بۆ لای خانەوادەکانیان، وە ئەوە لە دڵەکانتاندا ڕازێندرابۆوە، وە گومانێکی زۆر خراپتان کردبوو، چونکە ئێوە خەڵکانێکی بێکەڵك و خراپن.

١٣-**وَمَن لَّمْ يُؤْمِن بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ فَإِنَّا أَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ سَعِيرًا**

وە هەر کەسێك ئیمان بە الله و پێغەمبەرەکەی نەهێنێت، ئەوە ئێمە بۆ کافرەکان ئاگرمان ئامادە کردووە.

١٤-**وَلِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ يَغْفِرُ لِمَن يَشَاء وَيُعَذِّبُ مَن يَشَاء وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا**

وە بۆ اللەیە خاوەندارێتی ئاسمانەکان و زەوی، لە هەر کەسێك کە بیەوێت خۆش دەبێت، وە لە هەر کەسێك بیەوێت سزای دەدات، وە الله لێبووردە و بە بەزەیی بووە.

١٥-**سَيَقُولُ الْمُخَلَّفُونَ إِذَا انطَلَقْتُمْ إِلَى مَغَانِمَ لِتَأْخُذُوهَا ذَرُونَا نَتَّبِعْكُمْ يُرِيدُونَ أَن يُبَدِّلُوا كَلامَ اللَّهِ قُل لَّن تَتَّبِعُونَا كَذَلِكُمْ قَالَ اللَّهُ مِن قَبْلُ فَسَيَقُولُونَ بَلْ تَحْسُدُونَنَا بَلْ كَانُوا لا يَفْقَهُونَ إِلاَّ قَلِيلا**

ئەوانەی دواکەوتبوون دەڵێن: کاتێك بۆ دەستبەسەراگرتنی تالانیەك دەرچوون لێمان گەڕێن شوێنتان بکەوین، ئەوانە دەیانەوێت وتەی الله بگۆڕن، بڵێ هەرگیز شوێنمان ناکەون، وە اللەش لە پێشوو وایگوتووە، جا دەڵێن: بەڵکو ئێوە حەسوودیتان بە ئێمە دێت، بەڵکو ئەوانە تێناگەن تەنها کەمێك نەبێت.

١٦-قُل لِّلْمُخَلَّفِينَ مِنَ الأَعْرَابِ سَتُدْعَوْنَ إِلَى قَوْمٍ أُولِي بَأْسٍ شَدِيدٍ تُقَاتِلُونَهُمْ أَوْ يُسْلِمُونَ فَإِن تُطِيعُوا يُؤْتِكُمُ اللَّهُ أَجْرًا حَسَنًا وَإِن تَتَوَلَّوْا كَمَا تَوَلَّيْتُم مِّن قَبْلُ يُعَذِّبْكُمْ عَذَابًا أَلِيمًا

بەو عەرەبە بیاباننشینانە بڵێ کە دواکەوتبوون: بانگ دەکرێن بۆ هێرشکردنە سەر هۆزێك کە لە شەڕدا بەزەبروزەنگن، شەڕیان دەکەن یان ئیسلام دەبن، جا ئەگەر گوێڕایەڵ بن، ئەوە الله پاداشتێکی چاکتان پێ دەدات، وە ئەگەر پشت بکەن هەروەك چۆن لە پێشوو پشتتان کرد، سزاتان دەدات سزایەکی ئازاربەخش.

١٧-لَيْسَ عَلَى الأَعْمَى حَرَجٌ وَلا عَلَى الأَعْرَجِ حَرَجٌ وَلا عَلَى الْمَرِيضِ حَرَجٌ وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ يُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ وَمَن يَتَوَلَّ يُعَذِّبْهُ عَذَابًا أَلِيمًا

لەسەر کوێر کێشەیەك نییە، وە نە لەسەر شەل کێشەیەك هەیە، وە نە لەسەر نەخۆش کێشەیەك هەیە، وە هەر کەسێك گوێڕایەڵی الله و پێغەمبەرەکەی بێت دەیخاتە باخاتێکەوە لە ژێریەوە ڕووبارەکان دەڕۆن، وە هەر کەسێك پشت بکات، ئەوە سزای دەدات سزایەکی ئازاربەخش.

١٨-لَقَدْ رَضِيَ اللَّهُ عَنِ الْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ الشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِي قُلُوبِهِمْ فَأَنزَلَ السَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ وَأَثَابَهُمْ فَتْحًا قَرِيبًا

سوێند بێت الله لەو ئیمانداره ڕازی بوو کە پەیمانیان بە تۆدا لە ژێر درەختەکە، وە زانی کە چی لە دڵەکانیانە، جا ئارامی بەسەریاندا دابەزاند، وە بە سەرکەوتنێکی مەزن پاداشتی دان.

١٩-وَمَغَانِمَ كَثِيرَةً يَأْخُذُونَهَا وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا

وە تاڵانیەکی زۆر بەدەست دەهێنن، وە الله باڵادەست و دانا بووە.

٢٠-وَعَدَكُمُ اللَّهُ مَغَانِمَ كَثِيرَةً تَأْخُذُونَهَا فَعَجَّلَ لَكُمْ هَذِهِ وَكَفَّ أَيْدِيَ النَّاسِ عَنكُمْ وَلِتَكُونَ آيَةً لِّلْمُؤْمِنِينَ وَيَهْدِيَكُمْ صِرَاطًا مُّسْتَقِيمًا

الله بەڵێنی پێتان دابوو تاڵانیەکی زۆر بەدەست دەهێنن، جا لە ئێستادا ئەمەی بۆتان هێناوەتە ئاراوە و دەستی خەڵکی بەسەرتاندا وەستاندووە، وە با ئەوە ببێت بە پەندێك بۆ ئیمانداران، وە هیدایەتتان بدات بۆ ڕێگای ڕاست.

٢١-وَأُخْرَى لَمْ تَقْدِرُوا عَلَيْهَا قَدْ أَحَاطَ اللَّهُ بِهَا وَكَانَ اللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرًا

وە هەندێکی دیکە کە نەتانتوانی بەدەست بێنن، بەڵام بێگومان اللە دەورەی داوە، وە اللە توانایی بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێت.

٢٢-وَلَوْ قَاتَلَكُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا لَوَلَّوُا الأَدْبَارَ ثُمَّ لا يَجِدُونَ وَلِيًّا وَلا نَصِيرًا

وە ئەگەر ئەوانەی باوەڕیان نەهێناوە شەڕتان بکەن، بە دڵنیاییەوە قوونیان دەکەن و ڕادەکەن، ئینجا نە دۆستێك و نە پشتیوانێکیان دەبێت.

٢٣-سُنَّةَ اللَّهِ الَّتِي قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلُ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّهِ تَبْدِيلا

ئەوە ڕێچکە و سونەتی اللەیە، کە لە رابردوو هەروا بووە، وە هەرگیز نابینیت بۆ سونەتی اللە گۆڕانکاری هەبێت.

٢٤-وَهُوَ الَّذِي كَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ عَنْهُم بِبَطْنِ مَكَّةَ مِن بَعْدِ أَنْ أَظْفَرَكُمْ عَلَيْهِمْ وَكَانَ اللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرًا

وە ئەوە کە ئێوەی لە دەستی وان پاراست و ئەوانی لە ئێوە پاراست لە ناو مەککە، لە دوای ئەوەی کە ئێوەی بەسەریاندا سەرخست، وە اللە بەوکارانە بینایە کە دەیکەن.

٢٥-هُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا وَصَدُّوكُمْ عَنِ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَالْهَدْيَ مَعْكُوفًا أَن يَبْلُغَ مَحِلَّهُ وَلَوْلا رِجَالٌ مُّؤْمِنُونَ وَنِسَاء مُّؤْمِنَاتٌ لَّمْ تَعْلَمُوهُمْ أَن تَطَؤُوهُمْ فَتُصِيبَكُم مِّنْهُم مَّعَرَّةٌ بِغَيْرِ عِلْمٍ لِيُدْخِلَ اللَّهُ فِي رَحْمَتِهِ مَن يَشَاء لَوْ تَزَيَّلُوا لَعَذَّبْنَا الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا

کافرەکان ویستیان بەرپەرچتان بدەنەوە لە گەیشتن بە مزگەوتی حەرام و قوربانیە وەستێنراوەکانتان نەگات بە شوێنی خۆی، خۆ ئەگەر پیاوانێکی ئیماندار و ژنانێکی ئیماندار نەبوونایە، بە هۆی ئەوەی ئێوە نەتاندەناسین، بە پێکانتان بەسەریاندا دەکەوتن، جا بە هۆی ئەوانەوە تووشی گوناە دەبوون بێ ئەوەی ئاگداربن، بۆ ئەوەی اللە کەسێك بخاتە ژێر ڕەحمەتەکەی کە خۆی دەیەوێت، جا ئەگەر ئەوان لەوێ جیابوونایە ئەوە سوێند بێت سزایەکی ئازاربەخش کافرەکانمان دەدا.

٢٦-إِذْ جَعَلَ الَّذِينَ كَفَرُوا فِي قُلُوبِهِمُ الْحَمِيَّةَ حَمِيَّةَ الْجَاهِلِيَّةِ فَأَنزَلَ اللَّهُ سَكِينَتَهُ عَلَى رَسُولِهِ وَعَلَى الْمُؤْمِنِينَ وَأَلْزَمَهُمْ كَلِمَةَ التَّقْوَى وَكَانُوا أَحَقَّ بِهَا وَأَهْلَهَا وَكَانَ اللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمًا

که ئەوانەی بێباوەڕن دەمارگیریان خستۆتە دڵەکانیانەوە، دەمارگیری جاهیلیەت، جا الله ئارامییەکی دابەزاندە سەر پێغەمبەرەکەی و سەر ئیمانداران، وە پابەندی کردن بە وتەی خۆپارێزی، وە شایستەتر بوون و شایستەی بوون، وە الله بە هەموو شتێك دەزانێت.

٢٧-لَقَدْ صَدَقَ اللَّهُ رَسُولَهُ الرُّؤْيَا بِالْحَقِّ لَتَدْخُلُنَّ الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ إِن شَاء اللَّهُ آمِنِينَ مُحَلِّقِينَ رُؤُوسَكُمْ وَمُقَصِّرِينَ لا تَخَافُونَ فَعَلِمَ مَا لَمْ تَعْلَمُوا فَجَعَلَ مِن دُونِ ذَلِكَ فَتْحًا قَرِيبًا

سوێند بێت الله بە ڕاستی بڕوای بە خەونی پێغەمبەرەکەی کرد، کە بە سەلامەتی دەچنە مزگەوتی حەرام ئەگەر الله ویستی لەسەر بێت، سەرتان دەتاشن و قژتان کورت دەکەنەوە و ناترسن، جا ئەو بەوەی زانی کە ئێوە نەتاندەزانی، جا سەرکەوتنێکی نزیکی هێنایە ئاراوە کە شتێك لەوکەمتر بوو.

٢٨-هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَكَفَى بِاللَّهِ شَهِيدًا

ئەوە، کە پێغەمبەرەکەی بە هیدایەت و ئاینی هەق ناردووە بۆ ئەوەی بە سەر گشت ئاینەکان سەری بخات، وە الله بەسە کە شایەت بێت.

٢٩-مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ اللَّهِ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاء عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاء بَيْنَهُمْ تَرَاهُمْ رُكَّعًا سُجَّدًا يَبْتَغُونَ فَضْلا مِّنَ اللَّهِ وَرِضْوَانًا سِيمَاهُمْ فِي وُجُوهِهِم مِّنْ أَثَرِ السُّجُودِ ذَلِكَ مَثَلُهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَمَثَلُهُمْ فِي الإِنجِيلِ كَزَرْعٍ أَخْرَجَ شَطْأَهُ فَآزَرَهُ فَاسْتَغْلَظَ فَاسْتَوَى عَلَى سُوقِهِ يُعْجِبُ الزُّرَّاعَ لِيَغِيظَ بِهِمُ الْكُفَّارَ وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ مِنْهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا

موحەممەد پێغەمبەری اللەیە، وە ئەوانەی لەگەڵیدان توندوتیژن بەرامبەر بە کافرەکان، و بە بەزەیین لە نێوان خۆیاندا، دەیانبینیت کڕنۆش و سوژدە دەبەن بۆ بەدەستهێنانی فەزڵێك و ڕەزامەندیەك لە لایەن اللەوە، سیماکانیان لە ڕوخساریان دیارە، بە هۆی ئاسەواری کڕنۆش بردنەوە، ئەوە نموونەیانە لە

تەورات، وە نموونەیانە لە ئینجیل، وەك ڕووەكێك وایە كە چەكەرەی كردبێت جا ئەستوور ببێت و لەسەر قەدەكەی وەستابێت، وەرزێرەكانی سەرسام كردبێت بۆ ئەوەی كافرەكانی پێ قەڵس بن، وە اللە بەڵێنی بەوانە داوە كە ئیمانیان هێناوە و كاری چاكیان كردووە كە لێبووردەیی و پاداشتێكی مەزنیان بۆ دەبێت.

شرۆڤە و تێبینی

ئەم سوورەتە ناو نراوە {الفتح}، چونكە ئاماژە بەم وشەیە كراوە لە ئایەتی ١، وەك دەڵێت:

إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحًا مُّبِينًا

القرطبی لە الجامع لاحكام القران دەڵێت:

بە كۆدەنگی سوورەتێكی مەدینەیە، بە شەو دابەزیوە لە نیوان مەككە و مەدینە سەربارەت بە حودەیبیە.

وە لە صحیح مسلم هاتووە، كە أنس بن مالك گوتوویەتی:

ئەم سوورەتە دابەزی كاتێك پێغەمبەر و یاوەرەكانی لە حودەیبیە گەڕانەوە.

وە ابن كثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

ئەم سوورەتە لە كاتی گەڕانەوەی پێغەمبەر لە حودەیبیە لە مانگی ذی القعدةی ساڵی شەشەمی كۆچی دابەزیووە، كاتێك موشریكەكانی مەككە ڕێگایان لە پێغەمبەر و یاوەرەكانی گرت كە بگەنە كەعبە بۆ ئەنجامدانی عومرە.

ئایەتی ١ تا ٣

إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحًا مُّبِينًا

لِيَغْفِرَ لَكَ اللَّهُ مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ وَيُتِمَّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكَ وَيَهْدِيَكَ صِرَاطًا مُّسْتَقِيمًا

وَيَنصُرَكَ اللَّهُ نَصْرًا عَزِيزًا

خودای عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

ئێمە سەرکەوتنێکمان بە تۆدا سەرکەوتنێکی ڕوون.

بۆ ئەوەی الله لەو گوناهانەت خۆش بێت کە کردووتەوە و دەیانکەیت، وە چاکەکەی بەسەرتدا تەواو بکات و هیدایەتت بدات بۆ ڕێگای ڕاست.

وە الله سەرکەوتنێك سەرتبخات کە ببیت بە خاوەن دەسەڵات.

ئەم ٣ ئایەتە ئاماژە بە چەند خاڵێك دەکەن:

یەکەم: الله سەرکەوتنێکی بۆ محمد تۆمار کردووە، وە ئەم ئایەتە دابەزیوە لە دوای بە دەستهێنانی سەرکەوتنەکە، وەك دەڵێت:

إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحًا مُّبِينًا

ئێمە فەتحێکمان بۆت کرد فەتحێکی ئاشکرا.

{فتح} و {الْفَتْحُ}، بە مانای کرانەوە دێت. جا بە مانای کرانەوەی هەموو شتێك دێت وەك:

مانای یەکەم: دەرچوون لە تەنگەژە و کرانەوەی دەرگای ڕەحمەت، وەك لە ئایەتی ٢ سوورەتی فاطر هاتووە دەڵێت:

مَا يَفْتَحِ اللَّهُ لِلنَّاسِ مِنْ رَحْمَةٍ فَلَا مُمْسِكَ لَهَا

هەر دەرگایەکی ڕەحمەت الله لە خەڵکی بکاتەوە، ئەوە کەسێك نابێت کە بتوانێت ئەو دەرگایە بگرێت.

مانای دووەم: سەرکەوتن لە شەڕ و جەنگ و غەزوو.

وەك لە ئایەتی ١٩ سوورەتی الانفال هاتووە دەڵێت:

إِنْ تَسْتَفْتِحُوا فَقَدْ جَاءَكُمُ الْفَتْحُ

ئەگەر سەرکەوتن (لە جیهاد و غەزوو)، ئەوە بێگومان سەرکەوتنتان بۆ هاتووە.

وە ڕیوایەتێك لە مرقاة المفاتيح هاتووە، دەڵێت:

أَنَّهُ كَانَ يَسْتَفْتِحُ بِصَعَالِيكِ الْمُهَاجِرِينَ أَيْ يَسْتَنْصِرُ بِهِمْ

پێغەمبەر کە صعالیکە کۆچکردووەکان سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا.

مانای سێهەم: حوكمی الله.

وەك ئایەتی ٢٨ سوورەتی السجدة دەڵێت:

وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَـٰذَا الْفَتْحُ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ

واتە: كەیە ئەو حوكم و بڕیارە یەكلاكەرەوەی الله ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن؟

ابن منظور لە لسان العرب دەڵێت:

{إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحًا مُبِينًا}، الزَّجَّاج گوتوویەتی: لە شرۆڤەكان هاتووە، واتە: قَضَيْنَا لَكَ قَضَاءً مُبِينًا أَيْ حَكَمْنَا لَكَ بِإِظْهَارِ دِينِ الْإِسْلَامِ وَبِالنَّصْرِ عَلَى عَدُوِّكَ

بڕیارێكمان بۆ تۆدا بڕیارێكی چاك و ڕوون، واتە: بڕیارمان بۆ تۆ دا بە سەركەوتنی ئاینی ئیسلام و بە سەركەوتنت بەسەر دوژمنەكانت.

قَتَادَة گوتوویەتی: الله بڕیارێكی بۆ تۆ هەڵبژاردووە كە ئاگربەست و پەیمانی حودەیبیە لەگەڵ خەڵكی مەككە بكەیت.

ابْنُ سِيدَهْ گوتوویەتی: زۆربەی شرۆڤەكان دەڵێن: (أَنَّهُ فَتْحُ الْحُدَيْبِيَةِ)، ئەوە فتحی حودەیبیەیە.

حودەیبیە:

لە مانگی ذي القعدةی ساڵی شەشی كۆچی بوو، محمد شەوێكیان خەونێك دەبینێت لە خەونەكەیدا خۆی و هاوڕێكانی دەچن بۆ كەعبە و تەواف دەكەن.

وەك السیوطی لە الدر المنثور دەڵێت:

الْفِرْيَابِي و عَبْدُ بْنُ حُمَيْدٍ و ابْنُ جَرِيرٍ و ابْنُ الْمُنْذِرِ و الْبَيْهَقِيُّ لە الدَّلَائِل، ئاماژەیان بە ڕیوایەتێك كردووە كە دەڵێت:

أُرِيَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَهُوَ بِالْحُدَيْبِيَةِ أَنَّهُ يَدْخُلُ مَكَّةَ هُوَ وَأَصْحَابُهُ آمِنِينَ مُحَلِّقِينَ رُءُوسَهُمْ وَمُقَصِّرِينَ

پێغەمبەر لە خەون پێی نیشاندرا كە لە حودەیبیەیە، وە خۆی و هاوڕێكانی سەریان تاشیووە و قژیان كورت كردووە و بە سەلامەتی دەچنە ناو مەككەوە.

واتە: محمد شەوێکیان خەونێك دەبینێت و لە خەونەکەیدا خۆی و یاوەرەکانی دەچنە مەککە بۆ ئەنجامدانی عومرە. ئەوکات مەککە لە ژێر کۆنترۆڵی موشریکەکان بوو.

الواقدی لە المغازی دەڵێت:

پێغەمبەر دووشەمەی هەفتەی یەکەمی مانگی ذي القعدة لە مەدینە دەرچوو، وە حەفتا وشتری لەگەڵ خۆیدا برد بۆ ئەوەی لە کاتی عومرە بیانکات بە قوربانی، وە داوای لە ناجية کوڕی جندب کرد کە تاکە نعلێك بکات بە ملی هەر وشترێکیانەوە. (بۆ ئەوەی خەڵك بزانن کە ئەو وشترانە بۆ قوربانین لە حەجدا)

وە یاوەرەکان دڵیان خۆش دەبێت، چونکە دەڵێن محمد لە خەوندا بینیویەتی کە دەچینە مەککەوە و عومرە دەکەین، وە خەونی پێغەمبەران ڕاستە.

وەك لە صحيح البخاری ڕیوایەتێك هاتووە دەڵێت:

رُؤْيَا الأَنْبِيَاءِ وَحْيٌ، ثُمَّ قَرَأَ {إِنِّي أَرَى فِي الْمَنَامِ أَنِّي أَذْبَحُكَ}

خەونی پێغەمبەران وەحییە، ئینجا ئەم ئایەتەی خوێندەوە کە تیایدا ئیبراهیم بە کوڕەکەی دەڵێت: {لە خەونمدا بینیم کە من سەرت دەبڕم}.

کاتێك محمد دەڵێت خەونم بینیوە، دەچینە ناو مەککە و بە دەورەی کەعبەدا دەسووڕێینەوە، یاوەرەکان بڕوا دەکەن، لەگەڵ محمد دەڕۆن و ئاژەڵ بۆ قوربانی لەگەڵ خۆیاندا دەبەن.

وە بە گوێرەی سەرچاوە ئیسلامیەکان ١٤٠٠ کەس لەگەڵ محمد بە ڕێ دەکەون بۆ مەککە، لە دەرەوەی مەککە لە ناوچەیەك کە بە حودەیبیە ناسراوە، محمد ڕێگای لێ دەگیرێت لە لایەن قورەیشەکان و سوپای خالیدی کوڕی الولید.

وە محمد پێیان دەڵێت کە بۆ شەڕ نەهاتووە تەنها هاتووە بۆ ئەوەی عومرە بکات، بەڵام ڕێگای پێ نادەن.

السیوطی لە الدر المنثور دەڵێت:

کاتێك پێغەمبەر گەیشتە حودەیبیە، قورەیش بۆی دەرچوون و ڕێگایان پێی نەدا بچێتە مەککەوە، تەنانەت لە نێوانیان مشتومڕ هاتە ئاراوە، وە خەریك بوو شەڕ لە نێوانیاندا ڕوودات

خَرَجَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مُعْتَمِرًا فِي ذِي الْقَعْدَةِ مَعَهُ الْمُهَاجِرُونَ وَالْأَنْصَارُ حَتَّى أَتَى الْحُدَيْبِيَةَ فَخَرَجَتْ إِلَيْهِ قُرَيْشٌ فَرَدُّوهُ عَنِ الْبَيْتِ حَتَّى كَانَ بَيْنَهُمْ كَلَامٌ وَتَنَازُعٌ حَتَّى كَادَ يَكُونُ بَيْنَهُمْ قِتَالٌ

محمد دەترسێت و داوا لە یاوەرەکانی دەکات کە بەڵێنی شەڕکردنی پێ بدەن تاوەکو مەرگ، السیوطی بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

فَبَايِعَ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَصْحَابُهُ وَعِدَّتُهُمْ أَلْفٌ وَخَمْسُمِائَةٍ تَحْتِ الشَّجَرَةِ وَذَلِكَ يَوْمَ بَيْعَةِ الرِّضْوَانِ

١٥٠٠ لە یاوەرەکان بەڵێن و پەیمان بە پێغەمبەر دەدەن.

لە صحیح البخاری، ڕیوایەتێکی درێژ هاتووە، لە (باب صلح الحدیبیة) کە دەڵێت محمد لەگەڵ سهیل بن عمرو (وەك نوێنەری قورەیش) پەیمانێك واژۆ دەکات کە بۆ ماوەی دە ساڵ ئاگر بەست بێت لە نیوانیان.

بەشێك لە پەیمانەکە، وەك لە صحیح البخاری هاتووە، عمر بن الخطاب دەڵێت:

أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خَرَجَ مُعْتَمِرًا فَحَالَ كُفَّارُ قُرَيْشٍ بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْبَيْتِ فَنَحَرَ هَدْيَهُ وَحَلَقَ رَأْسَهُ بِالْحُدَيْبِيَةِ وَقَاضَاهُمْ عَلَى أَنْ يَعْتَمِرَ الْعَامَ الْمُقْبِلَ وَلَا يَحْمِلَ سِلَاحًا عَلَيْهِمْ إِلَّا سُيُوفًا وَلَا يُقِيمَ بِهَا إِلَّا مَا أَحَبُّوا فَاعْتَمَرَ مِنْ الْعَامِ الْمُقْبِلِ فَدَخَلَهَا كَمَا كَانَ صَالَحَهُمْ فَلَمَّا أَقَامَ بِهَا ثَلَاثًا أَمَرُوهُ أَنْ يَخْرُجَ فَخَرَجَ

پێغەمبەر لە مەدینە دەرچوو بەرەو مەککە بۆ عومرەکردن، کافرەکان ڕێگایان پێی نەدا بچێتە ناو مەککە، لە حودەیبیە قوربانیەکانی سەربڕی و سەری خۆی تاشی، وە ڕێککەوتن کە ساڵی داهاتوو ڕێگای پێ بدەن بگەڕێتەوە بۆ ئەنجامدانی عومرە، بە مەرجێك نابێت هیچ چەکێك هەڵبگرێت تەنها شمشێر نەبێت، وە بۆی هەبێت تەنها ٣ ڕۆژ لە مەککە بمێنێتەوە، وە کاتێك فەرمانی پێ دەکەن لە مەککە دەربچێت، ئەوە دەبێت دەربچێت.

هەندێك لە یاوەرەکان شکوگومان لە پێغەمبەرایەتی محمد دەکەن، وە یەکێکیان عومەر دەبێت، وەك ابن كثير لە تفسير القران العظيم دەڵێت:

وَقَعَ فِي نُفُوسِ بَعْضِ الصَّحَابَةِ مِنْ ذَلِكَ شَيْءٌ ، حَتَّى سَأَلَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ ، رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ فِي ذَلِكَ ، فَقَالَ لَهُ فِيمَا قَالَ : أَفَلَمْ تَكُنْ تُخْبِرُنَا أَنَّا سَنَأْتِي الْبَيْتَ وَنَطُوفُ بِهِ ؟ قَالَ : " بَلَى ، أَفَأَخْبَرْتُكَ أَنَّكَ تَأْتِيهِ عَامَكَ هَذَا " قَالَ : لَا قَالَ : " فَإِنَّكَ آتِيهِ وَمُطَّوِّفٌ بِهِ

شکوگومانیك کەوتە دڵی هەندێك لە یاوەرەکان، تەنانەت عومەر بە پێغەمبەری گوت: ئەی تۆ بە ئێمەت نەگوت کە دەچینە ناو مەککە و تەواف دەکەین بە دەورەی کەعبە؟ پێغەمبەر گوتی بەڵێ، بەڵام ئایا پێمگوتیت کە ئەمساڵ؟ عومەر گوتی نەخێر.

بەڵام محمد مەبەستی ئەمساڵ بووە، چونکە:

یەکەم: جلی مەحرەم دەپۆشێت.

دووەم: حەفتا وشتر دەبات و نعل دەکاتە ملیانەوە.

سێهەم: زۆر دەپاڕێتەوە و تکا دەکات، بەڵام ڕێگای پێ نادەن، وەك لە صحيح البخاری (باب صلح الحديبية) هاتووە، محمد بە سهل بن عمرو دەڵێت:

فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : عَلَى أَنْ تُخَلُّوا بَيْنَنَا وَبَيْنَ الْبَيْتِ فَنَطُوفَ بِهِ، فَقَالَ سُهَيْلٌ : وَاللَّهِ لَا تَتَحَدَّثُ الْعَرَبُ أَنَّا أُخِذْنَا ضُغْطَةً وَلَكِنْ لَكَ مِنَ الْعَامِ الْمُقْبِلِ فَكَتَبَ

ڕێگامان بۆ چۆل بکەن بچین بۆ کەعبە، سهيل گوتی سوێند بە الله ئێمەی عەرەب قسەیەك بکەین تەواو، ئەمساڵ ناچیت و ساڵی داهاتوو بگەڕێوە، ئەوەبوو ئەوەیان لە پەیمانەکە نووسی.

وە محمد، تەنانەت عوسمان دەنێرێت بۆ مەککە بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ گەورە پیاوانی قورەیش بکات و قەناعەتیان پێ بێنێت و پێیان بڵێت:

ئێمە بۆ شەڕ نەهاتووین بەڵکو بۆ عومرە هاتووین.

هەرچەندە لە سەرەتا محمد داوا لە عومەر دەکات بچێت، بەڵام عومەر دەترسێت و ناچێت، دواتر محمد عوسمان دەنێرێت.

وە لە دەیەها سەرچاوەی ئیسلامی، وەك صحيح البخاری و صحيح مسلم و مسند احمد و الدر المنثور للسيوطی المصنف لعبدالرزاق هاتووە، کە عومەری کوڕی خەتاب گوتوویەتی:

والله ما شككت منذ أسلمت إلاّ يومئذ

سوێند بە الله گومانم نەکردووە لەو ساتەوەی ئیسلام بووم تەنها ئەوێ ڕۆژێ نەبێت، واتە ڕۆژی حودەیبیە.

جا لە ئایەتی ١ ئەم سوورەتە خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحًا مُّبِينًا

ئێمە بڕیارێکمان بۆ تۆ دا ئەی محمد، کە بڕیارێکی چاك و ڕوون بوو.

واتە: ئێمە وامان کرد کە شەڕ ڕوونەدەدات و پەیمانی حودەیبیە واژۆ بکرێت.

دووەم: محمد لە ڕابردوو گوناهی هەبووە، وە لە داهاتووش دەیبێت، وەك ئایەتی ٢ دەڵێت:

لِّيَغْفِرَ لَكَ اللَّهُ مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ وَيُتِمَّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكَ وَيَهْدِيَكَ صِرَاطًا مُّسْتَقِيمًا، وَيَنصُرَكَ اللَّهُ نَصْرًا عَزِيزًا

بۆ تۆ فتحمان کرد بۆ ئەوەی الله لەو گوناهانەت خۆش بێت کە کردووتەوە و دەیانکەیت، وە چاکەکەی بەسەرتدا تەواو بکات و هیدایەتت بدات بۆ ڕێگای ڕاست، وە الله سەرتبخات کە ببیت بە خاوەن دەسەڵات.

ئەم ئایەتە دەڵێت، ئەی محمد ئێمە صلحی حودەیبیەمان کرد بۆ ئەوەی:

خاڵی یەکەم: لە گوناهەکانی ڕابردووت و داهاتووت خۆش بین.

لِّيَغْفِرَ لَكَ اللَّهُ مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ

واتە محمد بەردەوام گوناهی هەبووە تاوەکو مردووە. وە لە صحيح البخاری ڕیوایەتێك هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی:

واللَّهِ إنِّي لَأَسْتَغْفِرُ اللَّهَ وأَتُوبُ إلَيْهِ في اليَومِ أكْثَرَ مِن سَبْعِينَ مَرَّةً

سوێند بە الله من داوای لێبووردەیی بۆ گوناهەکانم لە الله دەکەم و داوای لێ دەکەم تۆبەم قبووڵ بکات، لە ڕۆژێکدا زیاتر لە حەفتا جار.

خاڵی دووەم: هیدایەتت بدات بۆ ڕێگای ڕاست.

وَيَهْدِيَكَ صِرَاطًا مُّسْتَقِيمًا

واتە محمد هێشتا هیدایەت نەدراوە بۆ ڕێگای ڕاست، بەڵام الله ئەم فەتحەی کرد بۆ ئەوەی هیدایەتی بدات بۆ ڕێگای ڕاست.

خاڵی سێهەم: سەرتبخات کە ببیت بە خاوەن دەسەڵات.

وَيَنصُرَكَ اللَّهُ نَصْرًا عَزِيزًا

ئایەتی ٤

هُوَ الَّذِي أَنزَلَ السَّكِينَةَ فِي قُلُوبِ الْمُؤْمِنِينَ لِيَزْدَادُوا إِيمَانًا مَّعَ إِيمَانِهِمْ وَلِلَّهِ جُنُودُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا

دەڵێت:

ئەو بوو ئارامی دابەزاندە ناو دڵی ئیماندارانەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو ئیمانەی هەیانە ئیمانیان زیاد بێت، وە هەر الله خاوەنی سەربازەکانی ئاسمانەکان و زەوییە، وە الله دانا و زانا بووە.

واتە: کاتێك محمد و یاوەرەکانی دەڕۆن بۆ مەککە بۆ عومرە، دەبینن کە سوپای موشریکەکان بە سەرکردایەتی خالیدی کوڕی وەلید بە پێنج سەد جەنگاوەرەوە لە ئامادەباشیە، موسڵمانان دەترسن و دەتۆقن، وە ئەوکات محمد داوای بەڵێن و پەیمانیان لێ دەکات کە تاوەکو مەرگ شەڕبکەن ئەگەر هێرشیان کرایە سەر.

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام لەم ئایەتە دەڵێت:

هُوَ الَّذِي أَنزَلَ السَّكِينَةَ فِي قُلُوبِ الْمُؤْمِنِينَ لِيَزْدَادُوا إِيمَانًا مَّعَ إِيمَانِهِمْ

الله بوو کە ئارامی دابەزاندە ناوی دڵی ئیماندارانەوە، واتە ئەو ١٥٠٠ کەسەی لەگەڵ محمد بوون، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئیمانەکەیان ئیمانیان زیاد بێت.

ئینجا دەڵێت:

وَلِلَّهِ جُنُودُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ

وە اللە خاوەن سەربازەکانی ئاسمانەکان و زەوییە.

ئاسمانەکان، واتە فریشتەکان.

زەوی، واتە مرۆڤ و جنۆکە ئیمانداراەکان.

وەك القرطبی لە الجامع لاحكام القران دەڵێت، ابن عباس گوتوویەتی واتە: فریشتە و مرۆڤ و جنۆکە.

ئایەتی ٥

لِّيُدْخِلَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَيُكَفِّرَ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ وَكَانَ ذَٰلِكَ عِندَ اللَّهِ فَوْزًا عَظِيمًا

دەڵێت:

بۆ ئەوەی پیاوان و ژنانی ئیماندار بخاتە باخاتێکەوە کە ڕووبارەکان لە ژێریەوە دەڕۆن کە هەمیشە تیایدا دەمێننەوە و گوناهەکانیان داپۆشێت، وە ئەوە لای اللە سەرکەوتنێکی مەزنە.

{وَيُكَفِّرَ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ}، واتە گوناهەکانیان داپۆشێت، واتە فەرامۆش بکات.

ئایەتی ٦

وَيُعَذِّبَ الْمُنَافِقِينَ وَالْمُنَافِقَاتِ وَالْمُشْرِكِينَ وَالْمُشْرِكَاتِ الظَّانِّينَ بِاللَّهِ ظَنَّ السَّوْءِ عَلَيْهِمْ دَائِرَةُ السَّوْءِ وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ وَلَعَنَهُمْ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَهَنَّمَ وَسَاءَتْ مَصِيرًا

دەڵێت:

وە پیاو و ژنە دووڕووەکان و پیاو و ژنە موشریکەکان ئەشکەنجە بدات کە تێڕوانینیان بۆ اللە تێڕوانینێکی خراپە، قەوارەی خراپە دەورەیانی داوە و اللە لێیان تورە بووە و نەفرەتی لێیان کردووە، وە دۆزەخی بۆیان ئامادە کردووە کە شوێنێکی گەلەك خراپە.

واتە:

القرطبی لە الجامع لاحكام القران دەڵێت: {وَيُعَذِّبَ الْمُنَافِقِينَ وَالْمُنَافِقَاتِ وَالْمُشْرِكِينَ وَالْمُشْرِكَاتِ- ئەشكەنجەی پیاوان و ژانی مونافیق و موشریك بدات}، واتە:

لە ڕێگای زاڵكردنی پێغەمبەر بەسەریاندا، وە كوشتنیان و بە دیلگرتنیان و بە كۆیلەكردنیان.

وە القرطبی و ابن كثیر دەڵێن: {الظَّانِّينَ بِاللَّهِ ظَنَّ السَّوْءِ- تێڕوانیان بە الله خراپترین تێڕوانە}، واتە پێیان وابوو كە پێغەمبەر و یاوەرەكانی بۆ مەدینە ناگەڕێنەوە كاتێك بۆ حودەیبیە دەرچوون، وە پێیان وابوو كە موشریكەكان لە ڕەگ و ڕیشەیان دەردێنن.

وە القرطبی دەڵێت: {عَلَيْهِمْ دَائِرَةُ السَّوْءِ- بەسەر خۆیاندایە بازنەی خراپە}، واتە لە دونیا بە كوشتن و بە دیلگرتن و بە كۆیلەكردنیان، وە لە قیامەت بە ئەشكەنجەدانیان لە دۆزەخ.

ئایەتی ٧

وَلِلَّهِ جُنُودُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا

دەڵێت:

وە الله خاوەنی سەربازەكانی ئاسمانەكان و زەوییە، وە الله باڵادەست و دانایە.

ئەم ئایەتە دووبارەی بەشی كۆتایی ئایەتی ٤ ئەم سوورەتەیە كە دەڵێت:

وَلِلَّهِ جُنُودُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا

تەنها ئەوە نەبێت كە {عَلِيمًا} كراوە بە {عَزِيزًا}.

ئایەتی ٨-٩

إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ شَاهِدًا وَمُبَشِّرًا وَنَذِيرًا

لِّتُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُ وَتُسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلًا

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

لە ڕاستیدا ئێمە تۆمان ناردووە وەك شایەتێك و مژدەبەخشێك و ئاگادارکەرەوەیەك.

بۆ ئەوەی باوەڕ بە الله و پێغەمبەرەکەی بێنن و پشتیوانی بکەن و مەزنی بکەن و بەیانیان و ئێوان پیایدا هەڵبدەن.

واتە:

ئەی محمد ئێمە تۆمان ناردووە تەنها وەك شایەتێك بەسەر عەرەب، وە مژدەبەخشێك بۆ ئەوانەی باوەڕت پێ دێنن و مژدەی بەهەشتیان پێ بدەیت، وە ئاگادارکەرەوەیەك بۆ کافرەکان و بە دۆزەخ بیانترسێنیت، بۆ ئەوەی خەڵکەکە ئیمان بە الله و پێغەمبەرەکەی، واتە تۆ بێنن، وە پشتیوانی لە تۆ بکەن و مەزنت بکەن و بەیانیان و ئێواران پیاتداهەڵبدەن و ستایشت بکەن.

لە ڕاستیدا {تُعَزِّر} هەڵەیە، چونکە بە مانای (ڕێگاگرتن)دێت، وە دەبێت {تُعَزِّز} بێت، واتە {تُعَزّزُوهُ}، بە مانای (پشتیوانی بکەن) کە لە عیزەتەوە هاتووە، وە ابن الجوزی لە زاد المسير دەڵێت، على کوڕی ابي طالب، دەیخوێندەوە:{ويُعَزِّزوه.}

ئەم بڕگەیە: {وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُ وَتُسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلًا}، کوفرێکی ڕوونە، چونکە دەڵێت:

بۆ ئەوەی پشتیوانی پێغەمبەر بکەن و مەزنی بکەن و بەیانیان و ئێواران تەسبیحاتی بۆ بکەن. چونکە {تەسبیحات}کردن تەنها و تەنها دەکرێت بۆ خودا بێت و ناکرێت بۆ مرۆڤ بێت. بەڵام ئەم ئایەتە دەڵێت:

تُسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلًا

بەیانیان و ئێواران تەسبیحات بۆ محمد بکەن.

شرۆڤەکەران هەوڵیانداوە ئەم دەقە پینەبکەن.

الطبری لە جامع البيان دەڵێت:

أبو جعفر وأبو عمرو بە (ي) نەك بە (ت) دەیانخوێندەوە: {لِيُؤْمِنُوا - وَيُعَزِّرُوهُ - وَيُوَقِّرُوهُ – وَيُسَبِّحُوهُ}.

وە دەڵێت ناکۆکی هەیە سەبارەت بە شرۆڤەی {وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُ}، وە دوو وتەوت هەیە:

یەکەم: محمد شکۆمەند و مەزن بکەن، (ابن عباس و الضحاك).

دووەم: پشتیوانی لە محمد بکەن و مەزنی بکەن، (قتادة و عکرمة)، وە عکرمة گوتوویەتی، واتە لەگەڵیدا بە شمشێر شەڕ بکەن.

سێهەم: ملکەچی الله بن، (ابن زید).

بەڵام دەڵێت: {وَتُسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلا- بەیانیان و ئێواران ستایشی بکەن و پیایدا هەڵبدەن}، بۆ الله دەگەڕێتەوە.

پرسیار: ئەگەر {وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُ}، بۆ محمد بگەڕێتەوە، ئەوە دەبێت {وَتُسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلا}، بۆ محمد بگەڕێتەوە، چونکە بە {و} لکێنەر پەیوەست کراوە بە {وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُ}.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

القشیري گوتوویەتی: {وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُ وَتُسَبِّحُوهُ}، گشتی بۆ الله دەگەڕێتەوە.

ئایەتی ١٠

إِنَّ الَّذِينَ يُبَايِعُونَكَ إِنَّمَا يُبَايِعُونَ اللَّهَ يَدُ اللَّهِ فَوْقَ أَيْدِيهِمْ فَمَن نَّكَثَ فَإِنَّمَا يَنكُثُ عَلَىٰ نَفْسِهِ وَمَنْ أَوْفَىٰ بِمَا عَاهَدَ عَلَيْهُ اللَّهَ فَسَيُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

ئەوانەی پەیمان بە تۆ دەدەن لە ڕاستیدا پەیمان بە الله دەدەن، دەستی الله لەسەر دەستەکانیانە، جا هەر کەسێك پابەند نەبێت ئەوە لە ڕاستیدا پابەند بە خۆی نابێت، وە هەر کەسێك پابەند بەوە بێت کە پەیمانی بە الله داوە، ئەوە الله پاداشتێکی مەزنی پێ دەدات.

واتە: ئەی محمد،

ئەوانەی لە حودەیبیە پەیمانیان بە تۆدا کە شەڕی مان و نەمان دەکەن ئەگەر موشریکەکان هێرش بکەن، ئەوانە لە ڕاستیدا پەیمانیان بە الله داوە، وە دەستی

الله لەسەر دەستەكانیانە، جا هەر كەسێك پێشێلی ئەو پەیمانە بكات و پابەند نەبێت ئەوە بە زیانی خۆی تەواو دەبێت، وە هەر كەسێك پابەند بێت، ئەوە الله پاداشتێكی مەزنی پێ دەدات.

{يَدُ اللَّهِ فَوْقَ أَيْدِيهِمْ}، دەستی الله لەسەر دەستەكانیانە، واتە لە سەر دەستی ئەوانەیە كە پەیمانەكەیان بە محمد صلعم دا. واتە:

كاتێك دوو كەس یان زیاتر پەیمانێك دەدەن ئەوە دەستیان دەخەنە سەر دەستی یەكتر، وە الله دەڵێت دەستی منیش لەسەر دەستی ئێوە. واتە منیش ڕازیم بەو پەیمانە و پشتیوانیتان دەكەم.

القرطبی لە الجامع لاحكام القران دەڵێت:

ئەی محمد، ئەوانەی لە حودەیبیە پەیمانیان بە تۆدا ئەوە پەیمانیان بە اللهدا، چونكە وەك لە ئایەتی ٨٠ سوورەتی النساء هاتووە دەڵێت: {مَّن يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ- هەر كەسێك ملكەچی پێغەمبەر بێت، ئەوە بێگومان ملكەچی الله بووە}. وە بەو پەیماندانە دەگوترێت پەیماندانی ڕەزوان {بیعة الرضوان}.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

{إِنَّ الَّذِينَ يُبَايِعُونَكَ- ئەوانەی پەیمانت پێ دەدەن}، لە حودەیبیە لە یاوەرەكانت، پەیمان دەدەن كە ڕانەكەن لە كاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمن و قوونیان لێ نەكەن، (واتە پشتیان لێ نەكەن).

ابن كثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

هَذِهِ الْبَيْعَةُ هِيَ بَيْعَةُ الرِّضْوَانِ ، وَكَانَتْ تَحْتَ شَجَرَةِ سَمُرٍ بِالْحُدَيْبِيَةِ ، وَكَانَ الصَّحَابَةُ الَّذِينَ بَايَعُوا رَسُولَ اللَّهِ يَوْمَئِذٍ قِيلَ : أَلْفٌ وَثَلَاثُمِائَةٍ . وَقِيلَ : أَرْبَعُمِائَةٍ . وَقِيلَ : وَخَمْسُمِائَةٍ . وَالْأَوْسَطُ أَصَحُّ

ئەوە بەڵێندانی ڕەزوان بوو كە لە ژێر درەختی سەموور بوو لە حودەیبیە، وە یاوەرەكانی پێغەمبەر بەڵێنیان دا بە پێغەمبەر، ژمارەیان ١٣٠٠، وە گوتوویانە ١٤٠٠، وە گوتوویانە ١٥٠٠ كەس بوو، بەڵام ئەوەی ناوەڕاست ڕاسترە.

السیوطی لە الدر المثور دەڵێت، ڕیوایەتێك هاتووە ابن ابي شیبة ئاماژەی پێكردووە كە دەڵێت:

بَلَغَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ أَنَّ نَاسًا يَأْتُونَ الشَّجَرَةَ الَّتِي بُويِعَ تَحْتَهَا فَأَمَرَ بِهَا فَقُطِعَتْ

عومەر ئاگادار کرایەوە کە خەڵکانێك دێن بۆ لای ئەو درەختەی پەیمان لە ژێریدا درا، ئەوەبوو فەرمای کرد درەختەکە ببڕدرێت و بڕیانەوە.

بۆ عومەر ئەم درەختەی بڕیەوە؟ چونکە عومەر:

یەکەم: لە ژێر ئەو درەختە شکوگومانی کردبوو لە پێغەمبەرایەتی محمد، وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد.

دووەم: عومەر لە موشریکەکان و کوژران تۆقیبوو، محمد داوای لێی دەکات بچێت بۆ مەککە قسە لەگەڵ گەورە پیاوانی قورەیش بکات، عومەر دەترسێت و ناچێت، پاشان محمد صلعم عوسمانی کوڕی عەفان دەنێرێت.

ابن اسحاق لە السیرة النبویة دەڵێت ابن عباس گوتویەتی:

أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ دَعَا عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ لِيَبْعَثَهُ إِلَى مَكَّةَ ، فَيُبَلِّغَ عَنْهُ أَشْرَافَ قُرَيْشٍ مَا جَاءَ لَهُ ، فَقَالَ : يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي أَخَافُ قُرَيْشًا عَلَى نَفْسِي

پێغەمبەر بانگی عومەری کوڕی خەتابی کرد بۆ ئەوەی بینێرێت بۆ مەککە، وە بە گەورە پیاوانی مەککە ڕابگەیەنێت کە بۆ عومرة هاتوون نەك بۆ شەڕ، عومەر گوتی: ئەی پێغەمبەر الله من دەترسم بچم بۆ مەککە.

ئینجا دەڵێت ئەوەبوو عوسمانی نارد.

سێهەم: عومەر لە ژێر ئەو درەختە پەیمان نادات کە شەڕ بکات، وەك السیوطی لە الدر المنثور دەڵێت، لە صحیح مسلم و جامع البیان للطبری ڕیوایەتێك هاتووە، جابر بن عبدالله گوتوویەتی:

كُنَّا يَوْمَ الْحُدَيْبِيَةِ أَلْفًا وَأَرْبَعَمِائَةٍ فَبَايَعْنَاهُ وَعُمَرُ آخِذٌ بِيَدِهِ تَحْتَ الشَّجَرَةِ وَهِيَ سَمُرَةٌ وَقَالَ : بَايَعْنَاهُ عَلَى أَلَّا نَفِرَّ وَلَمْ نُبَايِعْهُ عَلَى الْمَوْتِ

لە ڕۆژی حودەیبیە هەزار و چوارسەد کەس بووین و پەیمانمان دا، وە عومەر دەستی منی گرتبوو لە ژێر درەختەکە (درەختی سەمووره) و گوتی: بەڵێنمان بە محمد دا کە ڕانەکەین، بەڵام بەڵێمان پێی نەدا کە بمرین.

بەڵام لە صحیح البخاری ڕیوایەتیك هاتووە، سلمة بن الاكوع گوتوویەتی:

بَايَعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تَحْتَ الشَّجَرَةِ قِيلَ : عَلَى أَيِّ شَيْءٍ كُنْتُمْ تُبَايِعُونَ يَوْمَئِذٍ قَالَ : عَلَى الْمَوْتِ

بەڵێنم بە پێغەمبەر دا لە ژێر درەختەکە، پرسیاری لێکرا: لە سەر چ شتێك ئەو ڕۆژە پەیمانتان پێیدا؟ گوتی: لەسەر مەرگ.

ئایەتی ١١

سَيَقُولُ لَكَ الْمُخَلَّفُونَ مِنَ الْأَعْرَابِ شَغَلَتْنَا أَمْوَالُنَا وَأَهْلُونَا فَاسْتَغْفِرْ لَنَا يَقُولُونَ بِأَلْسِنَتِهِم مَّا لَيْسَ فِي قُلُوبِهِمْ قُلْ فَمَن يَمْلِكُ لَكُم مِّنَ اللَّهِ شَيْئًا إِنْ أَرَادَ بِكُمْ ضَرًّا أَوْ أَرَادَ بِكُمْ نَفْعًا بَلْ كَانَ اللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

ئەو عەرەبە کۆچبەرانەی مابوونەوە پێت دەڵێن: سامانەکانمان و خانەوادەکانمان سەرقاڵی کردبووین، جا داوای لێبووردەیمان بۆ بکە، شتێك بە زمانەکانیان دەڵێن کە لە دڵەکانیاندا نییە، بڵێ کێ دەتوانێت بە شتێك ڕێگا لە الله بگرێت ئەگەر بیەوێت زیانێکتان پێ بگەیەنێت یان بیەوێت سوودێکتان پێ بگەیەنێت، بەڵکو الله ئاگادارە بەو کارانەی دەتانکرد.

واتە:

کاتێك محمد و یاوەرەکانی بەڕێکەوتن بۆ عومرە، لە ڕێگا تووشی هەر تیرە و هۆزێکی عەرەب بووایە داوای لە پیاوەکانیان دەکرد کە لەگەڵیدا بکەون و بڕۆن، بەڵام زۆرێکیان ڕەتیان کردەوە، جا ئەم ئایەتە لۆمەیان دەکات و دەڵێت:

{سَيَقُولُ لَكَ الْمُخَلَّفُونَ مِنَ الْأَعْرَابِ}، ئەی محمد ئەو کۆچبەر و بیاباننشین و دێهاتیانە لە داهاتوو پێت دەڵێن: {شَغَلَتْنَا أَمْوَالُنَا وَأَهْلُونَا}، لەگەڵتدا نەهاتین، چونکە سامانەکانمان و خانەوادەکانمان سەرقاڵی کردبووین، {فَاسْتَغْفِرْ لَنَا} جا ئەی محمد داوای لێبووردەیمان بۆ بکە و لێمان ببوورە، {يَقُولُونَ بِأَلْسِنَتِهِم مَّا لَيْسَ فِي قُلُوبِهِمْ}، جا الله دەڵێت: ئەوانە بە زمانەکانیان قسەیەك دەکەن کە جیاوازە لەگەڵ ئەوەی لە دڵەکانیاندایە، واتە دووڕوون، {قُلْ}، ئەی محمد پێیان بڵێ، {فَمَن يَمْلِكُ لَكُم مِّنَ اللَّهِ شَيْئًا إِنْ أَرَادَ بِكُمْ ضَرًّا أَوْ أَرَادَ بِكُمْ نَفْعًا}، جا کێ دەتوانێت بە شتێك ڕێگری بکات ئەگەر الله بیەوێت زیانێکتان پێ بگەیەنێت،

یان بیەوێت سوودێکتان پێ بگەیەنێت، {بَلْ كَانَ اللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا}، بەڵکو الله ئاگادارە بەو کارانەی دەیکەن.

وەك الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

کاتێك پێغەمبەر ویستی بڕوات بۆ مەککە لە ساڵی حودەیبیە بۆ عومرەکردن، ڕەشبگیری کرد و داوای لە عەرەبەکانی دەوروبەری مەدینە کرد لە خەڵکی بیابان و کۆچبەر لەگەڵیدا بڕۆن، نەوەك قورەیش لەگەڵیاندا شەڕ بکەن، یان ڕێگری لێ بکەن بچێت بۆ کەعبە، وە پێغەمبەر خۆی ئیحرام کردبوو بچێت بۆ عومرە، وە قوربانی لەگەڵ خۆیدا بردبوو بۆ ئەوەی خەڵك بزانێت کە بۆ عومرە دەچێت نەك بۆ شەڕ، بەڵام زۆرێك لە کۆچبەرەکان لەگەڵیدا نەچوون، جا الله ئەم ئایەتەی دابەزاند.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت

ابن عباس و مجاهد گوتوویانە، واتە کۆچبەر و بیاباننشینەکان لە غِفَارٍ وَمُزَيْنَةَ وَجُهَيْنَةَ وَأَسْلَمَ وَأَشْجَعَ وَالدِّيلِ کە لە دەوروبەری مەدینە دەژیان.

وە دەڵێت، حَمْزَةُ وَالْكِسَائِي، لە جیاتی {ضَرًّا}، دەیانخوێندەوە: {ضُرًّا}.

ئایەتی ١٢

بَلْ ظَنَنتُمْ أَن لَّن يَنقَلِبَ الرَّسُولُ وَالْمُؤْمِنُونَ إِلَى أَهْلِيهِمْ أَبَدًا وَزُيِّنَ ذَلِكَ فِي قُلُوبِكُمْ وَظَنَنتُمْ ظَنَّ السَّوْءِ وَكُنتُمْ قَوْمًا بُورًا

دەڵێت:

بەڵکو پێتان وابوو کە پێغەمبەر و ئیمانداران هەرگیز ناگەڕێنەوە بۆ لای خانەوادەکانیان، وە ئەوە لە دڵەکانتاندا ڕازێندرابۆوە، وە گومانێکی زۆر خراپتان کردبوو، چونکە ئێوە خەڵکانێکی بێکەڵك و خراپن.

القرطبی دەڵێت: {بُورًا}، واتە خراپ، بێکەڵك و هیچوپوچ.

واتە:

بەڵکو ئێوەی عەرەبی کۆچبەر و دێهاتی و بیاباننشین پێتان وابوو، کە پێغەمبەر و یاوەرەکانی بە دەست موشریکەکان تیادەچن و ناگەڕێنەوە بۆ ناو خانەوادەکانیان،

وە ئەم بۆچوونەتان لە دڵەکانتان ڕازێندرابۆوە، وە ئەم گومانەتان گومانێکی زۆر خراپ بوو، چونکە ئێوە خەڵکانێکی خراپ و هیچوپووچ و بێکەڵکن.

{وَزُيِّنَ ذَٰلِكَ فِي قُلُوبِكُمْ}، وە ئەم بۆچوونە لە دڵەکانتان ڕازێندرابۆوە، واتە شەیتان ڕایزاندبوویەوە.

ئایەتی ١٣

وَمَن لَّمْ يُؤْمِن بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ فَإِنَّا أَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ سَعِيرًا

دەڵێت:

وە هەر کەسێك ئیمان بە الله و پێغەمبەرەکەی نەهێنێت، ئەوە ئێمە بۆ کافرەکان ئاگرمان ئامادە کردووە.

واتە:

هەر کەسێك باوەڕ بە الله و محمد نەهێنێت ئەوە کافرە، وە ئێمە لە قیامەت سزای دۆزەخمان بۆ کافرەکان ئامادە کردووە.

ئایەتی ١٤

وَلِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ يَغْفِرُ لِمَن يَشَاءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَاءُ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا

دەڵێت:

وە بۆ اللەیە خاوەندارێتی ئاسمانەکان و زەوی، لە هەر کەسێك کە بیەوێت خۆش دەبێت، وە لە هەر کەسێك بیەوێت سزای دەدات، وە الله لێبووردە و بە بەزەیی بووە.

ئەو سوورەتانەی قورئان دەگمەنن کە خودای عەرەب و ئیسلام ئاماژەی نەکردبێت بە: {وَلِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ}، وە بۆ اللەیە خاوەندارێتی ئاسمانەکان و زەوی.

ئایەتی ١٥

سَيَقُولُ الْمُخَلَّفُونَ إِذَا انطَلَقْتُمْ إِلَى مَغَانِمَ لِتَأْخُذُوهَا ذَرُونَا نَتَّبِعْكُمْ يُرِيدُونَ أَن يُبَدِّلُوا كَلامَ اللَّهِ قُل لَّن تَتَّبِعُونَا كَذَلِكُمْ قَالَ اللَّهُ مِن قَبْلُ فَسَيَقُولُونَ بَلْ تَحْسُدُونَنَا بَلْ كَانُوا لا يَفْقَهُونَ إِلاَّ قَلِيلا

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

ئەوانەی دواکەوتبوون دەڵێن: کاتێك بۆ دەستبەسەراگرتنی تاڵانیەك دەرچوون لێمان گەڕێن شوێنتان بکەوین، ئەوانە دەیانەوێت وتەی الله بگۆڕن، بڵێ هەرگیز شوێنمان ناکەون، وە اللەش لە پێشوو وایگوتووە، جا دەڵێن: بەڵکو ئێوە حەسوودیتان بە ئێمە دێت، بەڵکو ئەوانە تێناگەن تەنها کەمێك نەبێت.

واتە: ئەی محمد:

{سَيَقُولُ الْمُخَلَّفُونَ}، ئەو عەرەبە دێهاتی و بیابانشین و کۆچبەرانە پێت دەڵێن: {إِذَا انطَلَقْتُمْ إِلَى مَغَانِمَ لِتَأْخُذُوهَا}، کاتێك ڕۆیشتن بۆ بەدەستهێنان و دەستبەسەراگرتنی تاڵانی، {ذَرُونَا نَتَّبِعْكُمْ}، لێمان گەڕێن شوێنتان بکەوین و لەگەڵتاندا بێین، {يُرِيدُونَ أَن يُبَدِّلُوا كَلامَ اللَّهِ}، ئەوانە دەیانەوێت وتەی الله بگۆڕن، {قُل لَّن تَتَّبِعُونَا كَذَلِكُمْ قَالَ اللَّهُ مِن قَبْلُ}، ئەی محمد پێیان بڵێ هەرگیز ئێوە شوێنمان ناکەون، وە الله لە پێشوو وایگوتووە کە لەگەڵ ئێمە نایەن، {فَسَيَقُولُونَ بَلْ تَحْسُدُونَنَا}، جا ئەوان پێت دەڵێن: وانییە بەڵکو ئێوە حەسوودیتان بە ئێمە دێت، {بَلْ كَانُوا لا يَفْقَهُونَ إِلاَّ قَلِيلا}، الله لە وەڵامدا دەڵێت: بەڵکو ئێوە خەڵکانێکن تێناگەن تەنها تۆزێك نەبێت، واتە دەبەنگن.

تێبینی و سەرنج:

محمد ٣ دوژمنی سەرەکی دەبێت:

یەکەم: جووەکانی مەدینە: کە لە ڕووی لاهووتیەوە و مەعریفە بە تەوراتەوە لێهاتووبوون، وە زانیویانە کە محمد پێغەمبەرێکی درۆزنە.

محمد لە ساڵی دووەمی کۆچی لە دوای شەڕی بەدر، بنی قینقاع و ساڵی سێهەمی کۆچی لە دوای شەڕی ئوحد، بنی النضير لە مەدینە دەردەکات، وە لە دوای الاحزاب کە لە ساڵی پێنجەمی کۆچی بووە، پاکتاوی نەژادی بنی قريظة دەکات.

واتە لە دوای هەر شەڕێك کە محمد کردوویەتی لەگەڵ قورەیشەکان هۆزێکی یەهوودی، لە مەدینە دەرکردووە یان قتل عام کردووە.

وە مسیحیەکانی نەجران پابەند دەبن بە پێدانی جزیە.

دووەم: قورەیش و خەڵکی مەککە، کە لە ڕووی سەربازیەوە، دوژمنێکی سەرسەختی محمد بوون.

محمد واژۆکردنی پەیمانی حودەیبیە لەساڵی شەشی کۆچی بە دەرفەتێك دەزانێت بۆ هیرشکردنە سەر هۆز و تیرە بچووکەکانی ناوچەی حیجاز و نەجد، وە هێرشکردنە سەر دوا وێستگەی جووەکان کە خەیبەرە.

لەبەر ئەوە الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

{إِذَا انطَلَقْتُمْ إِلَىٰ مَغَانِمَ لِتَأْخُذُوهَا- کاتیك چوون بۆ بەدەستهێنانی تاڵانیەك}، واتە ئەگەر چوون بۆ هێرشکردنە سەر خەیبەر، {ذَرُونَا نَتَّبِعْكُمْ- لێمان گەڕێن شوێنتان بکەوین}، واتە ڕێگامان بدەن لەگەڵتان بێین بۆ خەیبەر بۆ ئەوەی شەڕ بکەین و ئێمەش بەشێك لە تاڵانی بەدەست بهێنین.

وە دەڵێت گشت قورئانخوێنانی کوفە، لە جیاتی {كَلَامَ اللَّهِ}، دەیانخوێندەوە: {كَلِمَ اللَّهِ}، وشەی الله.

وە دەڵێت: {كَذَٰلِكُمْ قَالَ اللَّهُ مِن قَبْلُ- الله لە پێشوو وایگوتووە}، واتە: بەر لەوەی لە حودەیبیە بگەڕێینەوە الله پێمانی گوت کە دەستکەوتی تاڵانی خەیبەر تەنها بۆ ئەوانەیە کە لە حودەیبیە بەشدار بوون، وە بۆ ئێوە نابێت، چونکە ئێوە لەگەڵمان نەهاتبوون بۆ حودەیبیە.

ئینجا ئایەتەکە دەڵێت، ئەو عەرەبە دێهاتی و بیاباننشین و کۆچبەرانە.

بَلْ كَانُوا لَا يَفْقَهُونَ إِلَّا قَلِيلًا

بێ ئەقڵن و تێناگەن تەنها کەمێك نەبێت.

ئایەتی ١٦

قُل لِّلْمُخَلَّفِينَ مِنَ الْأَعْرَابِ سَتُدْعَوْنَ إِلَىٰ قَوْمٍ أُولِي بَأْسٍ شَدِيدٍ تُقَاتِلُونَهُمْ أَوْ يُسْلِمُونَ فَإِن تُطِيعُوا يُؤْتِكُمُ اللَّهُ أَجْرًا حَسَنًا وَإِن تَتَوَلَّوْا كَمَا تَوَلَّيْتُم مِّن قَبْلُ يُعَذِّبْكُمْ عَذَابًا أَلِيمًا

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

بەو عەرەبە بیابانشینانە بڵێ کە دواکەوتبوون: بانگ دەکرێن بۆ هێرشکردنە سەر هۆزێك کە لە شەڕدا بەزەبروزەنگن، شەڕیان دەکەن یان ئیسلام دەبن، جا ئەگەر گوێڕایەڵ بن، ئەوە الله پاداشتێکی چاکتان پێ دەدات، وە ئەگەر پشت بکەن هەروەك چۆن لە پێشوو پشتتان کرد، سزاتان دەدات سزایەکی ئازاربەخش.

واتە: ئەی محمد:

{قُل لِّلْمُخَلَّفِينَ مِنَ الْأَعْرَابِ}، بەو عەرەبە بیابانشین و دێهاتی و کۆچبەرانە بڵێ کە بۆ حودەیبیە لەگەڵ ئێوە نەهاتن و مانەوە، {سَتُدْعَوْنَ إِلَىٰ قَوْمٍ أُولِي بَأْسٍ شَدِيدٍ}، بانگ دەکرێن بۆ هێرشکردنە سەر هۆزێك کە لە شەڕ و جەنگدا بەزەبروزەنگ و بەهێزن، {تُقَاتِلُونَهُمْ أَوْ يُسْلِمُونَ}، جا یان شەڕیان دەکەن، یان ئیسلام دەبن، {فَإِن تُطِيعُوا يُؤْتِكُمُ اللَّهُ أَجْرًا حَسَنًا}، جا ئەگەر گوێڕایەڵ بن، ئەوە الله پاداشتێکی چاکتان پێ دەدات، {وَإِن تَتَوَلَّوْا كَمَا تَوَلَّيْتُم مِّن قَبْلُ يُعَذِّبْكُمْ عَذَابًا أَلِيمًا}، وە ئەگەر پشت بکەن و نەیەن، هەروەك چۆن بۆ حودەیبیە پشتتان کرد و نەهاتن، ئەوە الله سزایەکی ئازاربەخشتان دەدات لە قیامەت.

تێبینی و سەرنج:

یەکەم: ئەم ئایەتە پێمان دەڵێت، کە محمد پلانڕێژی کردووە بۆ هێرشکردنە سەر خەڵکانێك کە ئاگاداری هیچ نەبوون، چونکە دەڵێت:

سَتُدْعَوْنَ إِلَىٰ قَوْمٍ أُولِي بَأْسٍ شَدِيدٍ

لە داهاتوو بانگ دەکرێن بۆ هێرشکردنە سەر خەڵکانێك، یان هۆزێك کە لە شەڕکردندا بە زەبروزەنگن.

واتە محمد پلانی دارشتووە کە هێرش بکاتە سەر خەڵکانێك، یان هۆزێك کە ئاگاداری هیچ نەبوون، وە هێرشیان نەکردۆتە سەر محمد.

وە ئەم دەقە وەڵامێکە بۆ ئەوانەی کە دەڵێن جیهادی طلب لە ئیسلامدا بوونی نییە، جیهادی طلب لەم ئایەتە زۆر ڕۆشنە.

دووەم: ئەم خەڵکانە یان هۆزە کێن؟

دەبێت لە موشریك و بتپەرستانی عەرەب بن، چونکە دەڵێت:

تُقَاتِلُونَهُمْ أَوْ يُسْلِمُونَ

شەڕیان دەکەن، یان ئیسلام دەبن.

واتە دوو هەڵبژاردە لە بەردەم ئەو هۆز و خەڵکەیە کە شەڕیان دەکەن: یان شەڕکردن، یان ئیسلامبوون.

ئەگەر ئەم دەقە مەبەستی گەلانی غەیرە عەرەب بووایە کە خاوەنی ئاینی یەهوودی، یان مەسیحی، یان زەردەشتین، ئەوە دەبووایە بڵێت:

تُقَاتِلُونَهُمْ أَوْ يُعْطُوا الْجِزْيَةَ أَوْ يُسْلِمُونَ

واتە: شەڕیان دەکەن، یان جزیە دەدەن، یان ئیسلام دەبن.

وەك لە صحيح البخاری ڕیوایەتێك هاتووە، کە عبدالرحمن بن عوف گوتوویەتی:

أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَخَذَهَا مِنْ مَجُوسِ هَجَرَ

پێغەمبەر جزیەی وەرگرت لە مجووسەکانی هەجەر، واتە لە زەردەشتیەکان.

کەواتە مەبەست لەو قەومە: خەڵکی مەککەیە.

وە ئەوەی سەیرە خودای عەرەب و ئیسلام، نەیزانیوە کە دەبێت شەڕیان لەگەڵدا بکرێت، یان بێ شەڕ ئیسلام دەبن.

ابن كثير لە تفسير القران العظيم دەڵێت، ابو هريرة ڕیوایەتێکی گێڕاوەتەوە کە پێغەمبەر گوتوویەتی:

تُقَاتِلُونَ قَوْمًا نِعَالُهُمُ الشَّعْرُ قَالَ : هُمُ الْبَارِزُونَ ، يَعْنِي الْأَكْرَادَ

شەڕی خەڵکانێك دەکەن کە نەعلەکانیان لە تووکە، گوتی: دیارەکان، واتە کوردەکان.

وە دەڵێت: {تُقَاتِلُونَهُمْ أَوْ يُسْلِمُونَ}، واتە: جیهادکردن لە دژیان و کوشتنیان حەڵاڵە، وە ئەوە بەردەوام دەبێت لەسەریان، وە سەرکەوتن بۆ ئێوە دەبێت، یان ئیسلام دەبن بە بێ کوشتار.

ابن کثیر لە کۆتایی سەدەی سێنزەهەم و سەرەتای چواردەهەم ژیاوە، کەواتە کاتێك ابن کثیر ئەم تەفسیرەی نووسیوە کورد موسڵمان نەبوون و بەردەوام شەڕ لەگەڵیاندا کراوە.

ئایەتی ١٧

لَّيْسَ عَلَى الْأَعْمَىٰ حَرَجٌ وَلَا عَلَى الْأَعْرَجِ حَرَجٌ وَلَا عَلَى الْمَرِيضِ حَرَجٌ وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ يُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ وَمَن يَتَوَلَّ يُعَذِّبْهُ عَذَابًا أَلِيمًا

دەڵێت:

لەسەر کوێر کێشەیەك نییە، وە نە لەسەر شەل کێشەیەك هەیە، وە نە لەسەر نەخۆش کێشەیەك هەیە، وە هەر کەسێك گوێڕایەڵی الله و پێغەمبەرەکەی بێت دەیخاتە باخاتێکەوە لە ژێریەوە ڕووبارەکان دەڕۆن، وە هەر کەسێك پشت بکات، ئەوە سزای دەدات سزایەکی ئازاربەخش.

واتە:

لەسەر کوێر و شەل و نەخۆش کێشە و گوناهیك نییە کە ئەگەر لە هێرش و تالانی و جیهاد بەشدار نەبن، وە هەر کەسێك ملکەچی الله و پێغەمبەرەکەی نەبێت و وەڵام بداتەوە بە بانگێشەیان بۆ جیهاد و جەنگ دژ بە موشریکەکان، ئەوە لە قیامەت دەچێتە بەهەشتەوە کە ڕووبارەکان لە ژێریەوە دەڕۆن، وە ئەگەر گوێڕایەڵ نەبن و پشت بکەن و بەشدار نەبن لە جیهاد و کوشتار ئەوە الله لە دۆزەخ سزایەکی سەختی دەدات.

الطبری لە جامع البیان، سەبارەت بە {وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ يُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ} دەڵێت، واتە: وە هەر کەسێك گوێڕایەڵی الله و محمد صلعم بێت و وەڵام بە بانگێشەکەیان بداتەوە بۆ جەنگ و شەڕکردن دژ بە

دوژمنانی الله له خەڵکی موشریك، ئەوە الله دەیخاتە بەهەشتەوە، {وَمَن يَتَوَلَّ يُعَذِّبْهُ عَذَابًا أَلِيمًا}، دەڵێت: وە هەر کەسێك پشت بکات و بە دەنگ بانگەوازەکەیانەوە نەیەت، ئەوە لە قیامەت سزایەکی سەخت دەدرێت.

لەم برگەیە: {لَّيْسَ عَلَى الْأَعْمَىٰ حَرَجٌ وَلَا عَلَى الْأَعْرَجِ حَرَجٌ وَلَا عَلَى الْمَرِيضِ حَرَجٌ} چ پێویست دەکات کە ٣ جار هەمان ڕستە دووبارە بێتەوە، ئایا نەدەکرا بڵێت:

لَّيْسَ عَلَى الْأَعْمَىٰ وَالْأَعْرَجِ وَ الْمَرِيضِ حَرَجٌ

کێشەیەك لەسەر کوێر و شەل و نەخۆش نییە.

ئایەتی ١٨

لَّقَدْ رَضِيَ اللَّهُ عَنِ الْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ الشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِي قُلُوبِهِمْ فَأَنزَلَ السَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ وَأَثَابَهُمْ فَتْحًا قَرِيبًا

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

سوێند بێت الله لەو ئیمانداره ڕازی بوو کە پەیمانیان بە تۆدا لە ژێر درەختەکە، وە زانی کە چی لە دڵەکانیانە، جا ئارامی بەسەریاندا دابەزاند، وە بە سەرکەوتنێکی مەزن پاداشتی دان.

دەڵێت: ئەی محمد:

الله لەو یاوەرانەت ڕازی بوون کە لە حودەیبیە لە ژێر درەختی سەمورە بەڵێن و پێمانیان پێتدا کە تاوەکو مەرگ شەڕ دەکەن و ڕانەکەن، جا الله زانی کە چی لە دڵەکانیاندایە، وە کاتێك ترسان ئارامی بەسەریاندا دابەزاند، وە پاداشتی دانەوە بە سەرکەوتنێکی نزیك لە حودەیبیە.

تێبینی و سەرەنج:

{إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ الشَّجَرَةِ- کە پەیمانیان پێتدا لە ژێر درەختەکە}، بە پەیمانی ڕەزوان (بیعة الرضوان) ناسراوە.

ئینجا ئەم ئایەتە دەڵێت، الله پاداشی ئەو یاوەرانەی محمدی دایەوە بە دەستکەوتی سەرکەوتنێکی مەزن، وەك دەڵێت: {وَأَثَابَهُمْ فَتْحًا قَرِيبًا}، الله پاداشتیانی دایەوە. الطبری لە جامع البیان، دەڵێت واتە:

الله بە پەلە قەرەبووی کردنەوە لە ڕێگای بە دەستهێنانی تاڵانی سەرکەوتنێکی نزیك بەسەر خەڵکی مەککە. وە هەروەها گوتوویانە، واتە خەیبەر.

وە {أَثَابَهُمْ}، فەرمانەکە ڕابردووە. کەواتە دەبێت ئەم ئایەتە نووسرابێت دوای ئەوەی محمد و یاوەرەکانی تاڵانیان بەدەستهێناوە، جا ئایا تاڵانیەکە لە مەککە بووە، یان هوازن، یان خەیبەر گرنگ نییە.

ئایەتی ١٩

وَمَغَانِمَ كَثِيرَةً يَأْخُذُونَهَا وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا

دەڵێت:

وە تاڵانیەکی زۆر بەدەست دەهێنن، وە الله باڵادەست و دانا بووە.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

{وَمَغَانِمَ كَثِيرَةً يَأْخُذُونَهَا}، واتە تاڵانیەکانی خەیبەر، وە خەیبەر زەوی و زاری زۆر و سامانێکی زۆری هەبوو.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت، واتە تاڵانیەکانی خەیبەر.

تێبنی و سەرەنج:

خەیبەر نزیك بە ١٨٠ کیلۆمەتر لە مەدینەوە دوورە بە ئاراستەی شام، و خەڵکەکەی یەهوودی دەبن، محمد و یاوەرەکانی لە ساڵی ٧ کۆچی هێرش دەکەنە سەر شورا و قەڵاتەکانی خەیبەر، هەندێك دەکوژن و هەندێك لە ژن و منداڵەکانیان دەکەن بە کەنیزە و کۆیلە.

لە صحیح مسلم هاتووە، کە دوای شکانی ابوبکر و عمر لە گرتنی یەکەم قەڵای خەیبەر، محمد بانگی علی کوڕی ابي طالب دەکات و ئاڵای دەداتێ کە هێرش بکات. علی بە محمد صلعم دەڵێت:

يَا رَسُولَ اللَّهِ عَلَى مَاذَا أُقَاتِلُ النَّاسَ قَالَ " قَاتِلْهُمْ حَتَّى يَشْهَدُوا أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ فَإِذَا فَعَلُوا ذَلِكَ فَقَدْ مَنَعُوا مِنْكَ دِمَاءَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ إِلاَّ بِحَقِّهَا وَحِسَابُهُمْ عَلَى اللَّهِ

ئەی پێغەمبەری الله لەسەر چ شتێك شەڕیان لەگەڵدا بکەم؟ گوتی: شەڕیان بکە تاوەکو شایەتی دەدەن کە هیچ خودایەك نییە تەنها الله نەبێت، وە محمد پێغەمبەری اللەیە، ئەگەر وایانکرد ئەوە خوێن و سامانیان لە من حەرام دەبێت تەنها بە هەق نەبێت، وە لێپرسینەوەیان لە سەر الله دەبێت.

واتە نە خیانەتیان لە محمد کردووە، وە نە ویستوویانە هێرش بکەنە سەر مەدینە، بەڵکو گشت بابەتەکە ئەوەبووە کە بروایان بە محمد نەهێناوە.

لە صحیح البخاری (کتاب المغازی باب غَزْوَةُ خَيْبَرَ)، ڕیوایەتێك هاتووە، ابو هریرة دەڵێت:

افْتَتَحْنَا خَيْبَرَ، وَلَمْ نَغْنَمْ ذَهَبًا وَلاَ فِضَّةً، إِنَّمَا غَنِمْنَا الْبَقَرَ وَالإِبِلَ وَالْمَتَاعَ وَالْحَوَائِطَ

خەیبەرمان فەتح کرد، بەڵام نە زێڕ نە زیومان دەست کەوت، بەڵکو ڕەشەوڵاغ و وشتر و کەلوپەل و کێڵگە و بێستانمان بەدەستهێنا.

وە لە هەمان کتاب و باب لە صحیح البخاری هاتووە، جابر بن عبدالله دەڵێت، پێغەمبەر لە خەیبەر خواردنی گۆشتی کەری خۆماڵی حەرام کرد:

مِنْ أَجْلِ أَنَّهُ كَانَ حَمُولَةَ النَّاسِ، فَكَرِهَ أَنْ تَذْهَبَ حَمُولَتُهُمْ

بە هۆی ئەوەی کەر باری هەڵدەگرت، جا ترسا لەوەی کە شتێك نەبێت بارەکانیان هەڵبگرێت.

واتە دەستکەوت بەڕادەیەك زۆر بووە پێویستیان بە وڵاغ بووە بۆیان هەڵبگرێت و بیگەیێنێتەوە مەدینە، لەبەر ئەوە محمد گۆشتی کەری خۆماڵی لە خەیبەر حەرام دەکات.

وە ابن کثیر لە البدایة و النهایة (حدیث حمار) دەڵێت:

پێغەمبەری الله لە فەتحکردنی یەکێك لە شووراکان چوار جووت نەعل و چوار جووت گۆرەوی و دە ئۆقیە لە زێر و زیو و بێڵێك و کەرێکی ڕەشی دەستکەوت، جا پێغەمبەر ئاخاوتنی لەگەڵ کەرەکە کرد و کەرەکەش ئاخاوتنی لەگەڵ پێغەمبەر کرد، پێغەمبەر لێی پرسی: ناوت چییە؟ گوتی ناوم یەزید کوڕی شەهابە. باپیرە گەورەم شەشت نەوەی لێ هاتۆتە ئاراوە، گشتیان پێغەمبەران سواریان بوون، وە هیچ کەرێك لە نەوەکانی باپیر گەورەم نەماوە تەنها من نەبم، وە هیچ

پێغەمبەرێك نەماوە تەنها تۆ نەبیت، جا دەبێت سوارم بیت. وە من کەری پیاوێکی یەهوودی بووم، کاتێك سوارم دەبوو بە مەبەستەوە ساتمەم دەکرد و بەرم دەداوە، جا ئەویش لێی دەدام و برسی دەکردم.

پێغەمبەر بە کەرەکەی گوت ناوی تۆم کرد بە یەعفوور، ئەی یەعفوور، کەرەکە گوتی بەخولامت بم. پێغەمبەر گوتی ئەی یەعفوور ئارەزووت لە ماکەر نییە؟ یەعفوور گوتی نەخێر ئەی پێغەمبەری الله. وە دەڵێت کاتێك پێغەمبەر پێداویستیەکی دەبوو یەعفووری دەنارد بۆ جێبەجێکردنی پێویستیەکە، کاتێك پێغەمبەر مرد، یەعفوور خۆی کوشت، خۆی فڕێدایە ناو بیری ابو هیثم، وە بیرەکە بوو بە گۆڕی یەعفوور.

المبارکفوری لە الرحیق المختوم دەڵێت:

دوای ئەوەی پێغەمبەر هەندێك لە قەڵاکانی خەیبەری فەتح کرد، هات بۆ لای قەڵای خەڵکی کتیبة، وە بۆ ماوەی چواردە ڕۆژ ئابڵووقەی دا، بەڵام بەرگریەکە بەهێز بوو، ئەوەبوو پێغەمبەر مەنجەنیقی بەکارهێنا.

لە الرحیق المختوم هاتووە دەڵێت:

پێغەمبەر کنانة کوڕی الربیع (مێردی سەفیە) ئازار و ئەشکەنجە دەدات بۆ ئەوەی جێگای گەنجینەی بنی نەزیریان نیشان بدات، وە دەڵێت پێغەمبەر کینانەی دا بە الزبیر بن العوام و پێی گوت: ئازاری بدە تاوەکو پێمان دەڵێت گەنجینەکە لە کوێیە. ئەوەبوو الزبیر ئاگری لەسەر سینگی کنانة کردەوە تاوەکو هۆشی لە خۆی دەچوو، ئینجا دواتر دای بە محمد بن مسلمة، وە محمد بە شمشێر لە ملی کینانەی دا و کوشتی.

ئینجا محمد دەستدرێژی دەکاتە سەر سەفیە:

وە لە صحیح مسلم و سنن ابوداود، ڕیوایەتێك هاتووە، دەڵێت:

وَقَعَ فِي سَهْمِ دِحْيَةَ جَارِيَةٌ جَمِيلَةٌ فَاشْتَرَاهَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِسَبْعَةِ أَرْؤُسٍ ثُمَّ دَفَعَهَا إِلَى أُمِّ سُلَيْمٍ تَصْنَعُهَا وَتُهَيِّئُهَا قَالَ حَمَّادٌ وَأَحْسَبُهُ قَالَ وَتَعْتَدُّ فِي بَيْتِهَا صَفِيَّةُ بِنْتُ حُيَيٍّ

سەفیە کچی حویەی بووە بەشە دەستکەوتی دحیە، ئەوەبوو پێغەمبەر لێی کڕیەوە بە حەوت سەر، ئینجا دای بە ام سلمة بۆی ڕێکی بکات و بیڕازێنێتەوە و بیکات بە بووك.

لە صحیح البخاری (کتاب المغازی باب غزوة خیبر)، ڕیوایەتێك هاتووە، انس بن مالك دەڵێت:

قَدِمْنَا خَيْبَرَ، فَلَمَّا فَتَحَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْحِصْنَ ذُكِرَ لَهُ جَمَالُ صَفِيَّةَ بِنْتِ حُيَيِّ بْنِ أَخْطَبَ، وَقَدْ قُتِلَ زَوْجُهَا وَكَانَتْ عَرُوسًا، فَاصْطَفَاهَا النَّبِيُّ صلى الله عليه وسلم لِنَفْسِهِ، فَخَرَجَ بِهَا، حَتَّى بَلَغْنَا سَدَّ الصَّهْبَاءِ حَلَّتْ، فَبَنَى بِهَا رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم

هاتین بۆ خەیبەر، جا کاتیك اللە فەتحی کرد، ئاماژە کرا بە جوانی سەفیە کچی حویەی بۆ پێغەمبەر، وە مێردەکەی کوژرا، وە تازە بووك بوو، پێغەمبەر بۆ خۆی گلی دایەوە و هەڵیبژارد، جا پێغەمبەر لەگەڵ سەفیە دەرچوو تاوەکو گەیشتینە بەنداوی سەهبا، بۆ پێغەمبەر حەڵاڵ بوو و لەگەڵیدا جووت بوو.

بەنداوی سەهبا دە کیلۆمەتر لە خەیبەر دوورە بە ئاراستەی مەدینە.

وە لە تأریخ مدینة دمشق و السیرة النبویة لابن هشام، ڕیوایەتێك هاتووە أنس بن مالك گوتوویەتی:

فَبَاتَ بِهَا رَسُولُ اللَّهِ فِي قُبَّةٍ لَهُ، وَبَاتَ أَبُو أَيُّوبَ خَالِدُ بْنُ زَيْدٍ ، أَخُو بَنِي النَّجَّارِ مُتَوَشِّحًا سَيْفَهُ ، يَحْرَسُ رَسُولَ اللَّهِ وَيُطِيفُ بِالْقُبَّةِ ، حَتَّى أَصْبَحَ رَسُولُ اللَّهِ فَلَمَّا رَأَى مَكَانَهُ قَالَ : مَا لَكَ يَا أَبَا أَيُّوبَ ؟ قَالَ : يَا رَسُولَ اللَّهِ ، خِفْتُ عَلَيْكَ مِنْ هَذِهِ الْمَرْأَةِ ، وَكَانَتْ امْرَأَةً قَدْ قَتَلْتَ أَبَاهَا وَزَوْجَهَا وَقَوْمَهَا ، وَكَانَتْ حَدِيثَةَ عَهْدٍ بِكُفْرٍ ، فَخِفْتُهَا عَلَيْكَ . فَزَعَمُوا أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ، قَالَ : اللَّهُمَّ احْفَظْ أَبَا أَيُّوبَ كَمَا بَاتَ يَحْفَظُنِي

پێغەمبەر شەو لە ژێر چادرێك لە سەفیە بە زاوا بوو، وە ابو ایوب الانساری شەو شمشێرەکەی بەدەستەوە بوو و بە دەورەی چادرەکەی پێغەمبەر دەسووڕایەوە تاوەکو بەیانی بۆوە، کاتێك پێغەمبەر ابو ئەیوبی بینی، گوتی ئەوە چیتە ئەی ابو ئەیوب؟ گوتی ئەی پێغەمبەر ترسام سەفیە شتێکت لێ بکات، تۆ باوك و مێرد و

قەومیت کوشت، وە ئەو ژنە کافرە، وە دەڵێن پێغەمبەر بە ابو ئەیوبی گوت: اللە ابو ایوب بپارێزە هەروەك چۆن شەو مایەوە و منی پاراست.

وە لە سنن ابو داود (باب مَا جَاءَ فِي حُكْمِ أَرْضِ خَيْبَرَ)، ڕیوایەتێك هاتووە دەڵێت:

أَنَّ خَيْبَرَ كَانَ بَعْضُهَا عَنْوَةً وَبَعْضُهَا صُلْحًا وَالْكُتَيْبَةُ أَكْثَرُهَا عَنْوَةً وَفِيهَا صُلْحٌ . قُلْتُ لِمَالِكٍ وَمَا الْكُتَيْبَةُ قَالَ أَرْضُ خَيْبَرَ وَهِيَ أَرْبَعُونَ أَلْفَ عَذْقٍ

خەیبەر هەندێکی بە شەڕ و کوشتار فەتح بوو، وە هەندێکی بە سوڵح، وە زۆربەی کوتەیبە بە کوشتار فەتح بوو، وە هەندێکی تیادابوو بە سوڵح. لە مالکم پرسی کوتەیبە چییە؟ گوتی کێڵگەکانی خەیبەر کە چل هەزار دارخورما بوو.

وە لە صحیح البخاری، ڕیوایەتێك هاتووە عائیشە گوتوویەتی:

لَمَّا فُتِحَتْ خَيْبَرُ قُلْنَا الْآنَ نَشْبَعُ مِنْ التَّمْرِ

کاتێك خەیبەر فەتح بوو گوتمان ئێستا تێر خورما دەبین.

ئەوەی سەرەوە کورتەیەك بوو سەبارەت بە زوڵم و ستەمی محمد لە خەڵکی خەیبەر.

ئایەتی ۲۰

وَعَدَكُمُ اللَّهُ مَغَانِمَ كَثِيرَةً تَأْخُذُونَهَا فَعَجَّلَ لَكُمْ هَٰذِهِ وَكَفَّ أَيْدِيَ النَّاسِ عَنكُمْ وَلِتَكُونَ آيَةً لِّلْمُؤْمِنِينَ وَيَهْدِيَكُمْ صِرَاطًا مُّسْتَقِيمًا

دەڵێت:

اللە بەڵێنی پێتان دابوو تاڵانیەکی زۆر بەدەست دەهێنن، جا لە ئێستادا ئەمەی بۆتان هێناوەتە ئاراوە و دەستی خەڵکی بەسەرتاندا وەستاندووە، وە با ئەوە ببێت بە پەندێك بۆ ئیمانداران، وە هیدایەتتان بدات بۆ ڕێگای ڕاست.

واتە: ئەی ئەوانەی لە حودەیبیە پەیمانتان بە پێغەمبەردا، اللە بەڵێنی تاڵانیەکی زۆری پێتان داوە کە بەدەست بێنن، جا پەلەی کرد و لە ئێستا ئەوەی خەیبەری پێتان بەخشیوە و دەستی خەڵکی، واتە قورەیشەکانی، گرتووە کە شەڕتان بکەن،

چونکە پەیمانی ئاگربەست هەبوو لە نێوانیان، پەیمانی حودەیبیە. وە ئەوە با ببێت بە بەڵگەیەك بۆ ئیمانداران، وە هیدایەتتان دەدات بۆ ڕێگای ڕاست.

الطبری لە جامع البیان، دەڵێت واتە:

ئەی ئەو یاوەرانەی لە پەیمانی ڕەزوان (حودەیبیە) بەشدار بوون، اللە بەڵێنی تاڵانیەکی زۆری پێتان دابوو بەدەست بهێنن.

وە الطبری دەڵێت، مەبەست تاڵانیەکانی خەیبەرە.

چونکە محمد دوای هەڵگرتنی پێنج یەك بۆ خۆی، چوار لە پێنجەکەی تر بەسەر ئەو ١٤٠٠ یاوەرە دابەش دەکات کە لە حودەیبیە بەشدار بوون.

ابن الجوزی لە زاد المسیر سەبارەت بە {وَكَفَّ أَيْدِيَ النَّاسِ عَنكُمْ- وە اللە دەستی خەڵکی بەسەرتاندا گرتووە} دەڵێت، واتە خەڵکی مەککە بە هۆی پەیمانی حودەیبیە.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

{وَلِتَكُونَ آيَةً لِّلْمُؤْمِنِينَ}، واتە ئەوە با ببێت بە وانەیەك و پەندێك بۆ ئیمانداران.

ئایەتی ٢١

وَأُخْرَىٰ لَمْ تَقْدِرُوا عَلَيْهَا قَدْ أَحَاطَ اللَّهُ بِهَا وَكَانَ اللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرًا

دەڵێت:

وە هەندێکی دیکە کە نەتانتوانی بەدەست بێنن، بەڵام بێگومان اللە دەورەی داوە، وە اللە توانایی بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێت.

هەڵبەتە شرۆڤەکەرە دەجالەکان لە شرۆڤەی ئەم دەقە دەیەها وتەوتیان هێناوە. ابن الجوزی لە زاد المسیر، دەڵێت: {وَأُخْرَىٰ لَمْ تَقْدِرُوا عَلَيْهَا- هەندێکی دیکە نەتانتوانی بەدەست بهێنن}، چوار وتەوت هەیە:

یەکەم: ئەو فەتحانەی دواتر کران، (ابن عباس و مجاهد).

دووەم: خەیبەر، (ابن عباس و ابن زید).

سێهەم: خاکی فارس و ڕۆم، (ابن عباس، الحسن و عبدالرحمن بن ابي ليلى).

چوارەم: مەککە، (قتادة و ابن قتيبة).

تێڕوانینی چوارەم ڕاستە و ئەوانیتر قسەی پڕوپووچن. وە ئەگەر دیقەت بدەیت دەبینیت، ابن عباس جارێك گوتوویەتی ئەو فەتحانەی دواتر دەکرێن، جارێکی دیکە گوتوویەتی: خەیبەر، وە جارێك گوتوویەتی: خاکی فارس و ڕۆم.

با سەرنجێکی دیکەی ئەم دەقە بدەینەوە:

وَأُخْرَىٰ لَمْ تَقْدِرُوا عَلَيْهَا قَدْ أَحَاطَ اللَّهُ بِهَا

وە شوێنێکی دیکە کە ئێوە توانایتان بەسەر نەشکاوە، بەڵام اللە دەورەی داوە.

{لَمْ تَقْدِرُوا}، واتە ئێوە نەتانتوانیوە، ئێوە، واتە ئەوانەی لە پەیمانی حودەیبیە بەشدار بوون.

کەواتە دەبێت مەبەستی شوێنێك بێت لە دوورگەی عەرەب کە گشت ئەو یاوەرانەی بەشدار بوون لە حودەیبیە تیایدا بەشدار دەبن.

{قَدْ أَحَاطَ اللَّهُ بِهَا}، واتە بێگومان اللە دەورەی داوە، واتە دەورەی کافر و موشریکەکانی مەککەی داوە.

وە الطبرى لە جامع البيان دەڵێت، اللە بەو یاوەرانە دەڵێت کە لە حودەیبیە بەشدار بوون، کە هێشتا نەتانتوانیوە فەتحی بکەن، وە دەڵێت مەککەیە.

وە بەڵگە ئایەتی دواترە.

ئایەتی ٢٢-٢٣

وَلَوْ قَاتَلَكُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا لَوَلَّوُا الْأَدْبَارَ ثُمَّ لَا يَجِدُونَ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا

سُنَّةَ اللَّهِ الَّتِي قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلُ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّهِ تَبْدِيلًا

دەڵێت:

وە ئەگەر ئەوانەی باوەڕیان نەهێناوە شەڕتان بکەن، بە دڵنیاییەوە قوونیان دەکەن و ڕادەکەن، ئینجا نە دۆستێك و نە پشتیوانێکیان دەبێت.

ئەوە ڕێچکە و سونەتی اللەیە، کە لە رابردوو هەروا بووە، وە هەرگیز نابینیت بۆ سونەتی اللە گۆڕانکاری هەبێت.

{الَّذِينَ كَفَرُوا}، واتە ئەوانەی باوەڕیان نەهێناوە بە محمد.

کەواتە دەبێت مەبەست خەڵکی مەککە بێت.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

هەندێك دەڵێن، واتە کافرەکانی قورەیش لە حودەیبیە، وە هەندێك دەڵێن، واتە غطفان و أسد، کە ویستیان پشتیوانی خەیبەر بکەن.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت، واتە مەککە.

ئینجا ئایەتی ٢٣ دەڵێت:

ئەوە سونەتی اللهیە کە کافرەکان لە شەڕدا ڕادەکەن، وە سونەتی الله لە پێشوو بەم شێوەیە بووە ، وە هەر بەم شێوەیەش دەبێت و گۆڕانکاری بەسەردا نایەت.

ئایەتی ٢٤

وَهُوَ الَّذِي كَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ عَنْهُم بِبَطْنِ مَكَّةَ مِن بَعْدِ أَنْ أَظْفَرَكُمْ عَلَيْهِمْ وَكَانَ اللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرًا

دەڵێت:

وە ئەوە کە ئێوەی لە دەستی وان پاراست و ئەوانی لە ئێوە پاراست لە ناو مەککە، لە دوای ئەوەی کە ئێوەی بەسەریاندا سەرخست، وە الله بەوکارانە بینایە کە دەیکەن.

الطبری لە جامع البیان و القرطبی لە الجامع لاحکام القران و ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم، سەبارەت بە { بِبَطْنِ مَكَّةَ- لە ناو مەککە} دەڵێن، واتە حودەیبیە.

واتە الله ڕێگای نەدا لە حودەیبیە شەڕ ڕووبدات لە نێوان ئێوە و موشریکەکان.

بەڵام حودەیبیە نزیك بە ١٠ کیلۆمەتر لە مەککەوە دوورە، وە ئەم دەقە دەڵێت، {بِبَطْنِ مَكَّةَ} لە ناو جەرگە و سێنتەری مەککە.

ئایا ئەو مەککەیەی لەم ئایەتە ئاماژەی پێکراوە ئەو مەککەیە کە ئیمڕۆ بە مەککە ناسراوە؟

چونکە وەك سەرچاوە ئیسلامیەکان و خودی ئایەتەکانی ئەم سوورەتە ئاماژەی پێ دەکەن، ڕێگا نەدرا بە محمد و یاوەرەکانی لە مەککە نزیك بکەونەوە، بەڵام ئەم ئایەتە دەڵێت: اللە ئێوەی لە دەستی موشریکەکان و موشریکەکانی لە دەستی ئێوە پاراست لە ناو جەرگەی مەککە!

وە ئەم ئایەتە دەڵێت:

مِن بَعْدِ أَنْ أَظْفَرَكُمْ عَلَيْهِمْ

لە دوای ئەوەی اللە ئێوەی بەسەریاندا (بە سەر موشریکەکان) زاڵ کرد و سەرخست، {كَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ عَنْهُم بِبَطْنِ مَكَّةَ}، ئەوە اللە ئێوەی لە دەستی موشریکەکان پاراست و موشریکەکانی لە دەستی ئێوە پاراست لە ناو جەرگەی مەککە.

کام سەرکەوتن و زاڵ بوون؟

ئایا مەبەست الاحزابە؟ کە موشریکەکان دەورەی مەدینەیان دا، بەڵام نەیانتوانی سەرکەوتن بە دەست بێنن و گەڕانەوە؟!

ئایەتی ٢٥

هُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا وَصَدُّوكُمْ عَنِ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَالْهَدْيَ مَعْكُوفًا أَن يَبْلُغَ مَحِلَّهُ وَلَوْلَا رِجَالٌ مُّؤْمِنُونَ وَنِسَاءٌ مُّؤْمِنَاتٌ لَّمْ تَعْلَمُوهُمْ أَن تَطَئُوهُمْ فَتُصِيبَكُم مِّنْهُم مَّعَرَّةٌ بِغَيْرِ عِلْمٍ لِّيُدْخِلَ اللَّهُ فِي رَحْمَتِهِ مَن يَشَاءُ لَوْ تَزَيَّلُوا لَعَذَّبْنَا الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا

دەڵێت:

کافرەکان ویستیان بەرپەرچتان بدەنەوە لە گەیشتن بە مزگەوتی حەرام و قوربانیە وەستێنراوەکانتان نەگات بە شوێنی خۆی، خۆ ئەگەر پیاوانێکی ئیماندار و ژنانێکی ئیماندار نەبوونایە، بە هۆی ئەوەی ئێوە نەتاندەناسین، بە پێکانتان بەسەریاندا دەکەوتن، جا بە هۆی ئەوانەوە تووشی گوناە دەبوون بێ ئەوەی ئاگداربن، بۆ ئەوەی اللە کەسێك بخاتە ژێر ڕەحمەتەکەی کە خۆی دەیەوێت، جا ئەگەر ئەوان لەوێ جیابوونایە ئەوە سوێند بێت سزایەکی ئازاربەخش کافرەکانمان دەدا.

ئەم ئایەتە لە ڕووی دارشتن و زمانەوانیەوە یەکێکە لە گاڵتەجارترین ئایەتەکانی قورئان، زیاتر لە كلمات المتقاطعة دەچێت.

ئەم ئایەتە لەم بڕگانە پێك هاتووە:

یەکەم:

هُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا وَصَدُّوكُمْ عَنِ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَالْهَدْيَ مَعْكُوفًا أَن يَبْلُغَ مَحِلَّهُ

ئەوانە بوون کە کوفریان کرد و بەرپەرچیان دانەوە لە گەیشتنتان بە کەعبە و گەیشتنی ئەو ئاژەڵانەی ڕاتانگرتبوون بە شوێنی خۆی، واتە شوێنی سەربڕینیان لە مەککە.

{هُمُ}، واتە ئەوان، وە هەڵەیە و دەبێت {هَمَّ}، واتە ویستیان. وە لە {وَصَدُّوكُمْ} دەبێت {و}لابرێت:

هَمَّ الَّذِينَ كَفَرُوا أن صَدُّوكُمْ عَنِ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَالْهَدْيَ مَعْكُوفًا أَن يَبْلُغَ مَحِلَّهُ

واتە : کافرەکان ویستیان کە بەرپەرچتان بدەنەوە لە گەیشتنتان بە کەعبە و تەنانەت ڕێگا بگرن لەوەی ئەو ئاژەڵانەی ڕاتانگرتبوون بۆ قوربانی بە شوێنی قوربانیەکە بگات.

دووەم:

وَلَوْلَا رِجَالٌ مُّؤْمِنُونَ وَنِسَاءٌ مُّؤْمِنَاتٌ لَّمْ تَعْلَمُوهُمْ

وە ئەگەر پیاوانێکی ئیماندار و ژنانێکی ئیماندار لە مەککە نەبوونایە کە ئێوە نایاننـاسن.

أَن تَطَئُوهُمْ فَتُصِيبَكُم مِّنْهُم مَّعَرَّةٌ بِغَيْرِ عِلْمٍ

کە ئێوە ئەو ژن و پیاوە ئیماندارانەتان دەخستە ژێر پێکانتانەوە، جا بە هۆی ئەوان، وە بێ ئەوەی ئاگادار بن تووشی گوناە دەبوون.

واتە: ژنانێك و پیاوانێکی ئیماندار لە مەککە دەژین کە ئێوە نایانناسن، ئەگەر شەڕ ڕوویبدایە لە نێوان ئێوە و موشریکەکانی مەککە، ئەوە ئەو پیاو و ژنە ئیماندارانە، لە لایەن ئێوەوە تووشی زیان دەبوون و دەکەوتنە ژێر پێکانتانەوە، بێ ئەوەی ئێوە بزانن کە ئیماندارن، وە بە هۆیانەوە تووشی گوناە دەبوون.

سێهەم:

لِّيُدْخِلَ اللَّهُ فِي رَحْمَتِهِ مَن يَشَاءُ

جا الله ڕێگای لەم شەڕە گرت، بۆ ئەوەی کەسانێك بخاتە ژێر ڕەحمەتی خۆیەوە کە خۆی دەیەوێت

واتە الله لە ڕێگای ڕێگاگرتنی لە ڕوودانی شەڕ، ڕەحمی بە پیاوانێك و ژنانێکی ئیماندار کرد کە لە مەککە دەژیان.

چوارەم:

لَوْ تَزَيَّلُوا لَعَذَّبْنَا الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا

دەڵێت: خۆ ئەگەر ئیماندارانی مەککە لە کافرەکان جیابوونایە، ئەوە بە دڵنیاییەوە سزایەکی ئازاربەخشی کافرەکانی مەککەمان دەدا.

ئەم بڕگەیە زۆر سەیرە: الله دەڵێت من ناتوانم سزای کافرەکان بدەم، چونکە کافر و ئیماندار تێکەڵن، بەڵام ئەگەر کافرەکان لە لایەکی مەککە بژیانایە و کافرەکان لە لایەک، ئەوە دەمتوانی سزایەکی ئازاربەخشیان بدەم.

واتە: الله تواناکەی سنووردارە، ناتوانێت دانە بە دانە کافرەکان سزا بدات، چونکە ناتوانێت کافر و ئیماندار لێك جیابکاتەوە. الله تەکنۆلۆجیای سەردەمی نەبووە، کە موشەکێك لە کیشوەرێکەوە دەهاوێژرێت بۆ کیشوەرێك و لە هەدەفەکە دەدات. کەواتە ئایەتی ٢٠ البقرة ڕاست نییە کە دەڵێت:

إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ

لە ڕاستیدا الله توانایی بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێت.

وەك الجلالین لە تفسیر الجلالین دەڵێن:

{وَلَوْلاَ رِجَالٌ مُّؤْمِنُونَ وَنِسَاء مُّؤْمِنَـٰتٌ }، واتە پیاوانێکی ئیماندار و ژنانێکی ئیماندار کە لە مەککەن لەگەڵ کافرەکان {لَّمْ تَعْلَمُوهُمْ} ئەی محمد خۆت و یاوەرەکانت نایان ناسن کە ئیماندارن، {أن تَطَئُوهم}، واتە: ئەگەر شەڕ ڕوودەدات، ئەوە ئێوە لەگەڵ کافرەکانتان دەتانکوشتن، چونکە نازانن ئیماندارن {فَتُصِيبَكُمْ مّنْهُمْ مَّعَرَّةٌ}، واتە بە هۆیەوە تووشی گوناە دەبوون، {بِغَيْرِ عِلْمٍ}، بێ ئەوەی بزانن.

{لَوْ تَزَيَّلُواْ}، ئەگەر لە کافرەکانیان جیابکەنەوە، {لَعَذَّبْنَا ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْهُمْ}، ئەوە ئەوکات کافرەکانی مەککەمان سزا دەدا، {عَذَاباً أَلِيماً}، سزایەکی ئازاربەخش.

ئایەتی ٢٦

إِذْ جَعَلَ الَّذِينَ كَفَرُوا فِي قُلُوبِهِمُ الْحَمِيَّةَ حَمِيَّةَ الْجَاهِلِيَّةِ فَأَنزَلَ اللَّهُ سَكِينَتَهُ عَلَىٰ رَسُولِهِ وَعَلَى الْمُؤْمِنِينَ وَأَلْزَمَهُمْ كَلِمَةَ التَّقْوَىٰ وَكَانُوا أَحَقَّ بِهَا وَأَهْلَهَا وَكَانَ اللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمًا

دەڵێت:

کە ئەوانەی بێباوەڕن دەمارگیریان خستۆتە دڵەکانیانەوە، دەمارگیری جاهیلیەت، جا اللە ئارامییەکی دابەزاندە سەر پێغەمبەرەکەی و سەر ئیمانداران، وە پابەندی کردن بە وتەی خۆپارێزی، وە شایستەتر بوون و شایستەی بوون، وە اللە بە هەموو شتێك دەزانێت.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

{إِذْ جَعَلَ الَّذِينَ كَفَرُوا فِي قُلُوبِهِمُ الْحَمِيَّةَ حَمِيَّةَ الْجَاهِلِيَّةِ- کە ئەوانەی بێباوەڕن دەمارگیریان خستۆتە دڵەکانیانەوە، دەمارگیری جاهیلیەت}، کاتێك سوهەیل کوڕی عەمر کە دەمارگیری جاهیلەت لە دڵیدا بوو، ڕێگای گرت لە پێغەمبەر کە لە پەیمانەکە بنووسێت: بسم الله الرحمن الرحیم، وە بنووسێت محمد پێغەمبەری اللە، وە خۆی و قەومەکەی ڕێگایان گرت لە پێغەمبەر و یاوەرەکانی بچنە ناو مەککەوە بۆ عومرە.

{وَأَلْزَمَهُمْ كَلِمَةَ التَّقْوَى- پابەندی کردن بە وتەی خوداپەرستی}، واتە:

هەندێك دەڵێن، بسم الله الرحمن الرحیم

وە هەندێك دەڵێن: لا اله الا الله

وەك لە صحیح البخاری و صحیح مسلم و مسند احمد سەبارەت بە نووسینی پەیمانی حودەیبیە هاتووە:

اكْتُبْ: بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ " ، فَقَالَ سَهْلُ بْنُ عَمْرٍو : أَمَّا " الرَّحْمَنُ " فَوَاللَّهِ مَا أَدْرِي مَا هُوَ ، وَلَكِنِ اكْتُبْ : " بِاسْمِكَ اللَّهُمَّ " ، كَمَا كُنْتَ تَكْتُبُ

محمد به علی دەڵێت: بنووسە: بسم الله الرحمن الرحيم، سوهەیل کوڕی عەمر دەڵێت: سوێند بە الله ئێمە نازانین الرحمان چییە بەڵام بنووسە: بە ناوی تۆ اللهم هەروەك چۆن جاران دەتنووسی ئەی محمد.

وە دەڵێت، علی دەڵێت نایسڕمەوە، بەڵام محمد لێی وەردەگرێت و خۆی دەیسڕێتەوە و دەنووسێت: باسمك اللهم، وە دەنووسێت محمد کوڕی عبدالله، چونکە سوهەیل قبووڵی نابێت بنووسرێت محمد پێغەمبەری الله.

ئەم بڕگەیەش پێمان دەڵێت کە محمد خوێنەوار بووە، چونکە سوهەیل بە محمد دەڵێت، بنووسە باسمك اللهم هەروەك چۆن پێش ئەوەی ئیدعای پێغەمبەرایەتی بکەیت دەتنووسی.

ئەم بڕگەیە: {وَأَلْزَمَهُمْ كَلِمَةَ التَّقْوَىٰ وَكَانُوا أَحَقَّ بِهَا وَأَهْلَهَا- وە پابەندی کردن بە وشەی خوداپەرستی و ئەوان شایستەتر بوون و شایستەی ئەو وشەیە بوون}، دەکرێت بە مانای ئەوە بێت کە سوهەیل کوڕی عەمر محمد و یاوەرەکانی پابەند کرد کە بنووسن {اللهم}.

ئایەتی ٢٧

لَّقَدْ صَدَقَ اللَّهُ رَسُولَهُ الرُّؤْيَا بِالْحَقِّ لَتَدْخُلُنَّ الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ إِن شَاءَ اللَّهُ آمِنِينَ مُحَلِّقِينَ رُءُوسَكُمْ وَمُقَصِّرِينَ لَا تَخَافُونَ فَعَلِمَ مَا لَمْ تَعْلَمُوا فَجَعَلَ مِن دُونِ ذَٰلِكَ فَتْحًا قَرِيبًا

دەڵێت:

سوێند بێت، بە ڕاستی الله بڕوای بە خەونی پێغەمبەرەکەی کرد، کە بە سەلامەتی دەچنە مزگەوتی حەرام ئەگەر الله ویستی لەسەر بێت، سەرتان دەتاشن و قژتان کورت دەکەنەوە و ناترسن، جا ئەو بەوەی زانی کە ئێوە نەتاندەزانی، جا سەرکەوتنێکی نزیکی هێنایە ئاراوە کە شتێك لەو کەمتر بوو.

ئەم ئایەتە زۆر سەیرە چونکە دەڵێت:

لَّقَدْ صَدَقَ اللَّهُ رَسُولَهُ الرُّؤْيَا بِالْحَقِّ

سوێند بێت الله بە ڕاستی بڕوای کرد بە خەونی پێغەمبەرەکەی.

ئینجا پێمان دەڵێت خەونەکە چی بووە:

لَتَدْخُلُنَّ الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ إِن شَاءَ اللَّهُ

بە دڵنیاییەوە دەچنە مزگەوتی حەرام (کەعبە)، ئەگەر الله ویستی لەسەر بێت.

جەنابی الله بڕوای کردووە کە پێغەمبەرەکەی خەونی بینیوە کە دەچنە کەعبە و عومرە دەکەن، ئینجا هەر خۆی دەڵێت: {إِن شَاءَ اللَّهُ}، ئەگەر الله ویستی لەسەر بێت.

خۆ ئەگەر بڵێن: {لَّقَدْ صَدَقَ اللَّهُ رَسُولَهُ الرُّؤْيَا بِالْحَقِّ} واتە: سوێند بێت الله خەونی پێغەمبەرەکەی بە ڕاست و دروست هێنایە دی.

ئەوە دەڵێم خەونەکە نەهاتە دی، چونکە ڕێگایان نەدا محمد و یاوەرەکانی بچنە ناو مەککە و عومرە بکەن.

بەڵام من پێم وایە نووسەری قورئان بە محمد ڕادەبوێرێت کاتێك دەڵێت ان شاء الله، چۆن کەسێک بە کەسیکی تر دەڵێت بەڵینم پێ بدە ئەم کارە دەکەیت، ئەویش وەڵام دەداتەوە بە گاڵتەجارییەوە دەڵێ انشاالله.

یان چۆن دەکریت خودا بڵێت انشاالله.

ئینجا دەڵێت:

آمِنِينَ مُحَلِّقِينَ رُءُوسَكُمْ وَمُقَصِّرِينَ لَا تَخَافُونَ

بە سەلامەتی سەرتان تاشیوە و قژتان کورت کردووە و ناترسن.

ئاماژەی بە وردەکاریەکەش کردووە کە چۆن دەچنە ناو مەککە و عومەرە دەکەن!

جا ئەوەی سەیرترە ئەم بڕگەیەیە: {مُحَلِّقِينَ رُءُوسَكُمْ وَمُقَصِّرِينَ}، سەرتان تاشیووە و قژتان کورت کردووە.

سەرێکت بە مووس بتاشرێت، چۆن کورت دەکرێت!

لایەنی کەم بتگوتبایە: آمِنِينَ مُحَلِّقِينَ رُءُوسَكُمْ أوَمُقَصِّرِينَ

واتە: سەرتان تاشیوە، یان قژتان کورت کردووە.

ئینجا دەڵێت:

آمِنِينَ مُحَلِّقِينَ رُءُوسَكُمْ وَمُقَصِّرِينَ لَا تَخَافُونَ

بە سەلامەتی و بێ ترس دەچنە کەعبەوە.

بەڵام لە ئایەتی ٢٦ دەڵێت، محمد و یاوەرەکانی ترسان:

فَأَنزَلَ اللَّهُ سَكِينَتَهُ عَلَىٰ رَسُولِهِ وَعَلَى الْمُؤْمِنِينَ

ئەوەبوو الله ئارامیەکەی دابەزاندە سەر پێغەمبەرەکەی و سەر ئیمانداران.

واتە الله ئارامیەکەی دابەزاندە سەریان بۆ ئەوەی لە ترس ئارام ببنەوە.

ئینجا دەڵێت:

فَعَلِمَ مَا لَمْ تَعْلَمُوا

جا الله زانی بەوەی ئێوە نازانن.

واتە: الله پێشوو نەیدەزانی، بەڵام دواتر زانی.

ئینجا دەڵێت:

فَجَعَلَ مِن دُونِ ذَٰلِكَ فَتْحًا قَرِيبًا

بەڵام الله سەرکەوتنێکی نزیکی کەمتر لەوەی پێتان بەخشی.

واتە لە جیاتی ئەوەی بچنە ناو کەعبەوە ئەوە الله پەیمانی حودەیبیەی هێنایە ئاراوە، کە ئەوەش هەر بە سەرکەوتن دادەنرێت.

الطبری دەڵێت، واتە پەیمانی حودەیبیە و فەتحی خەیبەر.

ئایەتی ٢٨

هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَىٰ وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَكَفَىٰ بِاللَّهِ شَهِيدًا

دەڵێت:

ئەوە، کە پێغەمبەرەکەی بە هیدایەت و ئاینی هەق ناردووە بۆ ئەوەی بە سەر گشت ئاینەکان سەری بخات، وە الله بەسە کە شایەت بێت.

ئەم برگەیە: {هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَىٰ وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ}، دووبارەی ئایەتی ٩ سوورەتی الصفه، وە لە ئایەتی ٣٣ سوورەتی التوبة دووبارە بۆتەوە.

ئایەتی ٢٩

مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ اللَّهِ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ تَرَاهُمْ رُكَّعًا سُجَّدًا يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ اللَّهِ وَرِضْوَانًا سِيمَاهُمْ فِي وُجُوهِهِم مِّنْ أَثَرِ السُّجُودِ ذَٰلِكَ مَثَلُهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَمَثَلُهُمْ فِي الْإِنجِيلِ كَزَرْعٍ أَخْرَجَ شَطْأَهُ فَآزَرَهُ فَاسْتَغْلَظَ فَاسْتَوَىٰ عَلَىٰ سُوقِهِ يُعْجِبُ الزُّرَّاعَ لِيَغِيظَ بِهِمُ الْكُفَّارَ وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ مِنْهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا

دەڵێت:

موحەممەد پێغەمبەری اللهیە، وە ئەوانەی لەگەڵیدان توندوتیژن بەرامبەر بە کافرەکان، و بە بەزەیین لە نێوان خۆیاندا، دەیانبینیت کڕنۆش و سوژدە دەبەن بۆ بەدەستهێنانی فەزڵێك و ڕەزامەندیەك لە لایەن اللهوە، سیماکانیان لە ڕوخساریان دیارە، بە هۆی ئاسەواری کڕنۆش بردنەوە، ئەوە نموونەیانە لە تەورات، وە نموونەیانە لە ئینجیل، وەك ڕوەکێك وایە کە چەکەرەی کردبێت جا ئەستوور ببێت و لەسەر قەدەکەی وەستابێت، وەرزێرەکانی سەرسام کردبێت بۆ ئەوەی کافرەکانی پێ قەڵس بن، وە الله بەڵێنی بەوانە داوە کە ئیمانیان هێناوە و کاری چاکیان کردووە کە لێبووردەیی و پاداشتێکی مەزنیان بۆ دەبێت.

واتە:

یەکەم:

مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ اللَّهِ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ

محمد پێغەمبەری اللهیە، وە ئەوانەی لەگەڵ محمدن (موسڵمانان) توندوتیژن بەرامبەر بە کافرەکان و لە نێوان خۆیاندا لەگەڵ یەکتر بە ڕەحمن.

دووەم:

تَرَاهُمْ رُكَّعًا سُجَّدًا يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ اللَّهِ وَرِضْوَانًا سِيمَاهُمْ فِي وُجُوهِهِم مِّنْ أَثَرِ السُّجُودِ

جا ئەوانە دەبینیت کە لەگەڵ محمدن (ئیمانداران) کە کڕنۆش و سوژدە دەبەن بۆ بەدەستهێنانی فەزڵ و ڕازیبونێك لە لایەن اللەوە.

واتە بۆ بەدەستهێنانی پاداشت و بەهەشت.

{سِيمَاهُمْ فِي وُجُوهِهِم مِّنْ أَثَرِ السُّجُودِ}، سیماکانیان لە ڕوخساریان دیارە بە هۆی ئاسەواری سوژدەبردنەوە. واتە شوێنێك لە نیوچەوانیان بەدیار دەکەوێت و ڕەش هەڵدەگەڕێت.

ئینجا دەڵێت:

ذَٰلِكَ مَثَلُهُمْ فِي التَّوْرَاةِ

ئەوە نموونەی ئەو ئیماندارانەیە لە تەورات.

لە کوێی تەورات؟ وە مەبەست نموونەیانە لە تورات چییە؟ ئایا لە تەورات ئاماژە بەو ئیماندارانەی محمد کراوە لە تەورات؟ ئەگەر وایە لە کوێی تەورات؟ چونکە شتی وا لە تەورات نییە.

سێهەم: ئینجا باسی نموونەیان دەکات لە ئینجیل: {وَمَثَلُهُمْ فِي الْإِنجِيلِ} نموونەیان لە ئینجیل:

كَزَرْعٍ أَخْرَجَ شَطْأَهُ فَآزَرَهُ فَاسْتَغْلَظَ فَاسْتَوَىٰ عَلَىٰ سُوقِهِ يُعْجِبُ الزُّرَّاعَ لِيَغِيظَ بِهِمُ الْكُفَّارَ

وەك ڕوەکێکە کە چەکەرەی کردبێت و قەدەکەی ئەستوور بووبێت و لەسەر قەدەکەی ڕێك وەستابێت، جا وەرزێرەکان سەرسام بن پێیەوە بۆ ئەوەی کافرەکان لێیان قەڵس بن.

پرسیار لە کامە ئینجیل ئاماژە کراوە کە ئەوە نیشانەی ئەو ئیماندارانە دەبێت کە باوەڕیان بە محمد هێناوە؟

شتی وا لە پەرتوکی پیرۆز پەیمانی کۆن و نوێ بوونی نییە.

چوارەم:

وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ مِنْهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا

الله بەڵێنی بەو ئیماندارانە داوە کە کاری چاکیان کردووە، کە لێبووردەیی و پاداشتێکی مەزنیان بۆ دەبێت، واتە بەهەشت.

کۆتایی سوورەتەکە.

کۆتایی بەشی بیست و سێ.